# ئیسـتاتیكا و جیاوازی

# ئیســـتاتیکا و جیاوازی

ئامادەکـردنی

عەبدولڕەحمان مەعرووف

**خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە**

- **ئیستاتیکا و جیاوازی**
- کۆمەڵێك هەڤپەیڤین
- ئامادەکردن: عەبدولڕەحمان مەعرووف
- نەخشەسازی ناوەوە: گۆران رواندزی
- بەرگ: هۆگر سدیق
- نرخ: (٤٠٠٠) دینار
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- چاپخانە: هێڤی (هەولێر)
- لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانـەکان ژمارەی سپاردنی (٨٨٨)ی ساڵی (٢٠٢١)ی پێدراوە

زنجیرەی کتێب (١٠٦٩)

**ماڵپەر:** www.mukiryani.com

**ئیمێل:** info@mukiryani.com

**پێشکەشە بە:**

خەزان رەحیم

# پێرست


بەرایی ........................................ ٩
فەروغی نیعمەت پوور ................................ ١٣
سمکۆ محەمەد ..................................... ٢٣
د. سەروەر عەبدوڵڵا.................................. ٦٥
سامال ئەحمەدی..................................... ٧١
غەیاس نەقشبەندی.................................... ٨٧
هاشم سەراج ....................................... ٩٥
کەریم دەشتی ...................................... ٩٩
فازیل شەوڕۆ ...................................... ١٠٥
تاریق کارێزی ..................................... ١١٣
ئارام محەمەد ..................................... ١٢١
ستاری پیرداودی ................................... ١٢٧
پەری شێخ ساڵح .................................... ١٣٩
خالید کاوێس ...................................... ١٤٩
مەسعوود پەرێشان ................................... ١٥٩
ستار باقی ........................................ ١٦٥
کەمال فاروق ...................................... ١٧١
دیار عەبدولباقی ................................... ١٧٩
زەینەب یووسفی ..................................... ١٨٥

مزەفەر عەزیز ........................................ ١٩١
کارمەند عوسمان ........................................ ١٩٧
ئەسکەندەر جەلال ........................................ ٢٠٣
ئاری سوبحی کۆیی........................................ ٢٠٧
کەژال ئیبراهیم خدر ........................................ ٢١١
د. مەغدید سەپان ........................................ ٢١٩
رەوەند محەمەد جەمیل ........................................ ٢٢٣
سیڤی ئامادەکار ........................................ ٢٣١

## بەرایی:

پرۆژەیەکی لەمجۆرە و بوار و بابەتێك تایبەت بە ئیستاتیکا و جوانی و سیحر و فانتازیای جوانی هەروا لەخۆوە سەرچاوەی نەگرت، بەڵام درەنگ کەوتنی وەڵامەکان و زۆر درێژەکێشانی، دواتر جۆرە کەمتەرخەمییەك لەلای منەوە بۆ درەنگ چاپبوونی هۆکارگەلێکی لە پشتەوەیە، کە باسکردنی بە پێویست نازانم. بەرایی هەر شتێکیش کەسێکی ئازیز و خۆشەویست فاکتەر و داینەمۆی لەدایکبوونی ئەم بەرهەمە بوو، کە دەستی دەگوشم و چاوی ماچدەکەم. لەو سۆنگەیەوە جوانی و دژەکەی و جوانیناسی و ئیستاتیکا و جوانبینین بوونە پرسیارگەلێك، لەو پرسیارانەی لەوەتای مرۆڤ چاوی کردۆتەوە و درکی بە ژیان و دەوروبەری خۆی کردووە، بەلایەوە رەهەندێکی شاراوەیە و پێیەوە سەرقاڵە، وێلە و دڵی بە وەڵامەکان ئاوی نەخواردۆتەوە.

لە بەرەبەیانی مێژووەوە تا ئەم سەدەیەش ئەم پرسیارانە، وەڵام و بۆچوونی لۆژیکی و دروستی بیرمەند و فەیلەسووفانی هێناوەتە پێش، ڕامان و شرۆڤە و قسەی خۆیان کردووە، بەڵام زۆر جار لێکدی جوایەز و بگرە دژ و رەخنە لەوی دیکەیە، دەمەوێ بڵێم ئەم شوێنکاتەش خاڵی کۆتایی و دوا وێستگە نییە و هەروا درێژەی دەبێت و نابڕێتەوە، پرسیاری دیکە و وەڵامی دیکەش دەتروکێن و لەدایك دەبن.

لێرەشدا لەم پرۆژەیە مەبەستم بوو بیرکردنەوەی جیاواز و دنیابینی جیاواز و رۆشنفکری و بوار و بابەتی جوایەز و کەسایەتی و نووسەر و شاعیر و خوێندەواری جیاواز بەم پرسیارانە بێنمە دەنگ و دەلاقە و پەنجەرەی تازە بکەمەوە، خوێنەری کورد وەڵامگەلێکی نوێی دەستکەوێ و متمانە بە هەموو

کەس نەکات و ئاسۆی بیری فراوانتر و پرسیاری دیکەی لەلا دروست بێت، کە دروستیش دەبێت.

شێوازی ئەنجامدانی پرۆسەکە و پرسیار و وەڵامەکان، جۆرێك لە شێواز و فەزایەکی ئازادی داوەتە بەشداربوان، کە چۆن لەم پرۆژەیە بەشداردەبن و بە چ شێوازێك وەڵام دەدەنەوە، بەوەی چەند بەشداربوویێك چۆن رووبەڕوو گفتوگۆ و چاوپێکەوتنی لەگەڵ نەکراوە، جا بە هۆکاری دەرفەت یان کات و شوێن، بۆیە هەموو پرسیارەکانی یاخود تەنیا تێڕوانین و تێگەیشتن و خوێندنەوەی لە لەژێر کەپری چەند پرسیارێکدا، خستۆتە بۆتەیەك و شێوەی وتار و نووسینێك، بەمجۆرە وەڵام و زانیارییەکانی بە بەرامبەر بگات.

ئەوەی ویستووشمە بە گشتی تەوەری سەرەکیم هەندێك لەم پرسیارانە بێت:

*** جوانی یانی چی؟**

*** ئەو پرسیارەی زۆر دووبارە دەبێتەوە: جوانی رێژەییە و موتلەق نییە، چۆنی لێك دەدەیەوە؟**

*** لەبەرامبەر جوانی شتێك هەیە ناوی ناشیرینی بێ؟**

*** ئەرێ رەفتار و هەڵسوکەوت یان سیما و روخسار مرۆڤ جوان دەکەن؟**

*** تێڕوانینی تەمەن بەرامبەر جوانی لە چاوی پیرێك و منداڵێك وەك یەکە یان جیاوازە؟ بۆ؟ چۆن؟**

*** ئایا پێتوایە تێڕوانینی تاکی رۆشنبیر و کەسێکی ئاسایی یان خەڵکی شارنشین و گوندنشین یان رۆژهەڵاتییەك و رۆژئاواییەك یان ئایینی و عیلمانییەك جیاوازە بۆ جوانی؟**

*** ئیستاتیکا و هونەریش بەشێکن لە جوانی، ئەوەی چاوی هونەرمەند و داهێنەرێك لە دووتوێی تابلۆ و کارێکی هونەریدا بە ئێمەی دەگەیەنێ. جوانی و جوانبینینە؟ بە دەربڕینێکی دیکە چاوەکانی ئەو جیاوازن؟**

* ئەی سەبارەت بە هەردوو دیوەکەی مرۆڤ رۆح – چ وەك ناخ و قووڵایی جەستە یان جەستە و روخسار _ مادە و جوانی، دەکرێ بپرسین جوانی لەرۆحەوە دێ یان هەردوکیان؟

* جوان نووسین لەکوێ ئەم تەوەر و بابەتە شوێنی خۆی دەگرێت؟ چ زمان یان دەربڕین و کەرەستەکانی نووسین و جوانکاری و رەوانبێژی و بەلاغە؟

* چیت سەبارەت بە جوانی خوێندۆتەوە یان بیستووە؟

* دوا شت خودی خۆت سەبارەت بە جوانی دەڵێی چی؟ دنیابینی خۆت؟ جوانی لە چیدا دەدۆزیتەوە؟

## فەروغی نیعمەت پوور:

جـوانی رەوتە لەگەڵ گۆڕانی دۆخ و گەشەی مـرۆڤ، گۆڕانی چلۆنـایەتیی بەردەوامی بەسەردا دێت

## * جـوانی یانی چی؟

- جـوانی هەم پرسیارێکی فەلسەفییە و هەم پرسیارێکە خۆی لە چوارچێوەی ئیسـتاتیکادا، واتە فەلسەفەی جـوانناسیدا خۆی دەبینێتەوە، (ئەم دووانە لێك جیادەکەینەوە چـونکــە ئیسـتاتیکا لە سەردەمی باومگارتن لەسەدەی هەژدە هاتەئاراوە). یەکەم فەیلسووف کە بە شێوەی فەلسەفی لە بەرهەمەکانی خۆیدا، ئەم پرسەی خستە بەرباس، ئەفلاتوون بوو لە کتێبەکەیدا بە ناوی: "کۆمار"، کە لە فۆڕمی دیالۆگدا لەسەری دەدوێ.

جـوانی لەراستیدا پەیوەندیی بە هەستەوە هەیە. زۆرجار بیستوومانە، کاتێك مـرۆڤێك چاوی بە دیمەنێکی جـوانی سـرووشـت دەکەوێ یاخود شیعرێك سەرنجی رادەکێشێ، لە وشەی "جـوانی" بۆ وەسفی کەڵك وەردەگرێ. هەر لە نموونەی ئەم جۆرە مـرۆڤانەیش کەم نین کاتێك لێی دەپرسین جـوانی چییە و بۆ ئەو دیمەنە یاخود ئەو شیعرە جـوانە؟ لە وەڵامدانەوە دەمێننەوە، ناتوانن بەشێوەیەکی پێویست وەسفی سەرنج و بۆچوونـەکەی خۆیان بکەن و بە شێوەیەکی شیاو لێکی بدەنەوە. ئەمە ئەو راستییە نیشان دەدات، کە جـوانی پێش ئەوەی رووداو یاخود دیاردەیەك بێت لە دەرەوەی زەینی مـرۆڤ، پەیوەندیی بە خودی دەروون و هەستی مـرۆڤەوە هەیە. واتە چـونکــە جـوانی ئۆبییێکتی نییە و زیاتر ئۆبژێکتیڤییە ئیتر بۆ مـرۆڤ وەسفکـردنـەکەی دژوار دەبێ. لێرەدایە گرینگیی فەیلەسووفەکان دەردەکەوێ. چـونکــە ئەوانن دەتوانن بە شێوەی ئەبستراکت باس لە بابەتێکی کۆنکـرێت بکەن و فەلسەفیانە و بنەڕەتیانە لێکی بدەنەوە.

بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەوەی دەکـرێ جـوانی وەسفی فەلسەفی هەبێ، دەرکەوتەکانی لە کولتوورێکەوە بۆ کولتوورێکی دیکە جیاوازن. دەکـرێ ئەو شێوە خۆڕازاندنەوە و خۆجـوانکـردن لە کولتوورێکدا پەسەندە لە کولتوورێکی

تردا پەسەند نەبیٚ و بە پێچەوانەوە تەواو رەت بکرێتەوە. یاخود دەکریٚ ئەو بەرهەمە ئەدەبییەی لە سەردەمێکدا ترۆپك و نموونە بووە لە سەردەمێکی تر ئاسایی سەیری بکریٚ. ئەمەیش دیسان نیشانەی ئەوەیە کە روانگە و پێناسەی مرۆڤ بۆ جوانی گۆڕانی بەسەردا دێت، واتە چونکە جوانی دیاردەیەکی کولتوورییە بە گوێرەی کولتوور بەرگی جۆراوجۆر لەبەردەکا. هەڵبەت نابیٚ ئەمە بەرەو ئەو شوێنەمان ببات، کە جوانی سەداسەد زەینی واتە ئۆبژێکتیڤییە. چونکە بەهەرحاڵ مەتریالێك هەیە کە لەدەرەوەی ئێمە بوونی هەیە و ئەم مەتریالەیە دەبیٚ بە بابەتی سەرنجی ئێمە بۆ ناولێنانی جوانی. بە واتایەك "جوانی" میکانیزمێکی ئاڵۆزە لەکاتی بەریەککەوتنی ئۆبژە و ئۆبییێکت.

لای ئەفلاتوون جوانی وەك هەموو شتێکی دیکەی دنیا لە بنەڕەتدا ئایدیایەکی کامڵە، کە ئەو جوانییەی ئێمە لە دنیادا دەیبینین یاخود ئەزموونی دەکەین، تەنیا کۆپییێتی. بۆیە لای ئەو هیچ جوانییەکی کۆنکرێت جوانییەکی کامڵ نییە. ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە باسی جوانی هەمیشە باسێکی کراوە و تەمومژاوی بێت و مرۆڤ قەت بە وەڵام و پێناسەی تەواو نەگات. لەراستیدا جوانی رەوتە، کە لەگەڵ گۆڕانی دۆخ و گەشەی مرۆڤ، گۆڕانی چلۆنایەتیی بەردەوامی بەسەردا دێت.

دژواریی پێناسەی جوانی دەبێتە هۆی ئەوەی بۆ پەیبردن بە جوانی دیاردە یاخود شتێك، مرۆڤەکان پەنا بۆ "سەرسوڕمان" بەرن. واتە گەر دیاردەیەك ئەم هەستەی تیا دروستکردین، ئەوا لەبەرامبەر جوانیدا راوەستاوین و ئیتر پێویست ناکا لێی بکۆڵینەوە! ئەمە رای فورمالیستە رووسەکان لە سەردەمی سەرەتای سەدەی پێشوو بوو. لای ئەوان ئەم دەستەواژەیە پەیوەندیمان دەدا بە دەستەواژەیەکی گرینگی تر، کە ناوی "پەرسیونیسم"ە. لە پەرسیونیسمدا هونەرمەند کاریگەرییەکانی دەوروبەر لەسەر خۆی دەنوێنێتەوە، نەوەك کتومت خودی دەوروبەر. جوانی زیاتر لەمە، سەرنجڕاکێشە، مەندمان دەکا، دەبێتە هۆی فریاد و قیژەمان، لەخۆ بێخۆمان دەکا و کتوپڕ دەتوانیٚ رێبازی ژیانمان پیٚ

بگۆڕێ، ڕەنگە لە سەداسەد! جوانی دەبێتە هۆی ونبوونمان لە بوونێکی تردا. تاك لە بێکۆتاییدا بزردەکا. کەواتە جوانی لە دەرکەوتە ئەخلاقییەکانیدا دەتوانێ هەم جێگای مەترسی بێت و هەم دیاردەیەکی پۆزەتیڤ.

زۆر کەس زەرورەتی جوانی بۆ ناشیرینی خودی ژیان دەگێڕنەوە، کە ئەمەیش دیسان پێناسەیەکی ئۆبژێکتیڤییە. جوانی ئەو وێستگەیە کە دەمانحەسێنێتەوە و شێوازی ڕوانینی جیهانمان دەگۆڕێ.

ئەو شتانەی دەتوانن لە خولْقاندنی هەستی جوانیدا دەور بگێڕن بۆ نموونە دەتوانن ئەمانە بن: ڕەنگەکان، بێکۆتایی، خوو و خدەی جوان، هەستی سێکسی و خۆبەخشین لە ئاست ئامانجە گەورەکاندا.

*** لەبەرامبەر جوانی شتێك هەیە ناوی ناشیرینی بێ؟**

- بێگومان گەر بەشێوەی ئۆبییێکتیش ناشیرینی وجودی نەبێ، دیسان وێنا و تەسەوری "جوانی" دەتوانی وێنا و تەسەوری "ناشیرینی"مان تیا پێك بێنێ. دەزانی، یەکێك لە شێواز و میکانیزمەکانی بیرکردنەوەی مرۆڤ، شێواز و میکانیزمی دوالیستییە، واتە دووانەیی. لەم شێوازەدا دوو شت کە لە نێوەڕۆکدا دژی یەکن لەگەلْ یەك ڕێدەکەن. بۆ وێنە تاریکی و ڕووناکی، شەو و ڕۆژ، چاکە و خراپە و ... تاد. بە کورتی دەتوانین بلْێین ئەوەی جوان نییە، ناشیرینە، یان دەکرێ ناشیرین بێت (لەبیرمان نەچێ حالەتی نۆیترالیشمان هەیە، کە نە جوانە و نە ناشیرینە.)

بەلاّم دەکرێ ناشیرینی هەبێ (وەك دیاردەیەکی زەینی). بۆ وێنە کەسێك خەریکە دەخنکێ و تۆ ئاگات لێیە و کەچی هەولْنادەی نەجاتی بدەی. ئەمە عەینی نەفسی خودی ناشیرینییە! هەر لەو کاتەدا کەسێکی تر دەتوانێ بێت و بلْێ کە نا ناشیرین نییە، چونکە ئەو کەسە کە خەریکە دەخنکێ، کەسێکی ڕەگەزپەرستە و لێی گەڕێ با بخنکێ!

کاتی خۆی سوهراب سپێهری شاعیری ئێرانی لە شیعرێکدا بە شێوەی پرسیار باسی ئەم پرسە دەکا. ئەو دەلْێ:

"من نمی دانم
که چرا می گویند اسب حیوان نجیبی است
کبوتر زیباست
و چرا در قفس هیچ کسی کـرکس نیست
گل شبدر چه کم از لاله‌ی قرمز دارد
چشمها را باید شست جور دیگر باید دید"

ئەم شاعیرە دەپرسێ بۆچی دەڵێن کۆتر جـوانە و لە قەفەسی کەسدا داڵ نییە. دواتر داوای گۆڕینی شێوازی تێڕوانینی مـرۆڤ بۆ دنیا دەکا. ئەو ئەم داوایە دەکا، چـونکــە دەزانێ کە پێناسەی جـوانی پێناسەیەکی بگۆڕە.

*** دەڵێن جـوانی رێژەییە و موتلەق نییە، ئەمە یانی چی؟ بە دەربڕینێکی دیکە کۆمێنت و قسەی تۆ لەسەر ئەم دەربڕینە چییە؟**

- پێم وابێ لەسەرەوە ئاماژەم بەمە دا. بەڵام با تەئکید لەسەر ئەوە بکەمەوە کە هەندێ فەیلەسووف، وەك ئەفلاتوون، جـوانی رێژەیی نابینن. ئەمەیش بۆ شێوازی فەلسەفەکەی دەگەڕێتەوە. لای ئەو جـوانی وەك ئایدیا (بە بۆچوونی ئەفلاتوون ئایدیا بوونێکی ئۆبییێکتییە) بوونی هەیە و هەر دیاردەیەکی کۆنکـرێتیی جـوان، لەم دنیایەدا بەهرەیەکی لەو جـوانە سەرەکییە وەرگرتووە (ئایدیا لای ئەم فەیلەسووفە بوونێکی فیزیکی هەیە). جا بۆیە جـوانییەکان لە دنیای بەرهەستدا جۆراوجۆر و رێژەیی دەبنەوە، لەبەرئەوەی هەر شتێك و لە ئاستێکدا و بە گوێرەی توانای خۆی بەهرەیەکی لەو جـوانییە سەرەکییە وەرگرتووە.

*** ئەری رەفتار و هەڵسوکەوت یان سیما و روخسار مـرۆڤ جـوان دەکەن؟**

– سەبارەت بە هەڵسوکەوت تەنیا ئەوەندە زیاتر، کە جـوانی ئەوەندە پانتاییەکی بەرینە، دەتوانێ موڕاڵ واتە ئەخلاقیش بگرێتەوە. جـوانی لە ئەخلاقدا پەیوەندی بە تەواوی ئەو خەسڵەتانەوە هەیە، کە هاوکاری و پەیوەندی و یارمەتیی نێوان مـرۆڤەکان بەرجەستەتر دەکەنەوە. هەڵبەت لەبیرمان نەچێ

فەیلەسووفێکی وەك نیچە ئەم خەسڵەتە مورِاڵییەیان وەك ئەخلاقی مەسیحی پێناسەکرد و لە دژی راوەستا.

کاریگەریی سیما و روخساریش لە سەر جوانی کە بوارێکی ترە و جیاوازە لە بەشی رەفتار و هەڵسوکەوت، بێگومان بەخشێنەری جوانییە. بەڵام پێوەرەکانی ئەم جوانییە دیسان دەتوانن جێگای قسەوباس بن. جاری وایە "دەگمەنی" دەبێتە هۆیەك بۆ جوانی. بۆ وێنە لای مرۆڤی ئەفریقی، مرۆڤی سوور و سپی و زەردی ئەورووپی یەکجار جوانن و لای مرۆڤی سکاندیناڤیایش، ئینسانی رەش پێست سەرنجڕاکێشن.

*** سەبارەت بە رۆح و جەستە و جوانی دەڵێی چی؟**

– رۆح کە لەبنەڕەتدا وشەیەکی دڵخواز و جێگای سەرنجی رۆمانتیستەکانە، رۆڵی سەرەکی لە ئەو جوانییەدا هەیە کە رۆمانتیستەکان مەبەستیانە. فەلسەفەی هیگل فەلسەفەی گەڕان و گۆڕانی رۆحە و لە بنەڕەتدا ئەوە رۆحە کە بە گوێرەی قۆناخی گەشتەکانی، بەرگی جۆراوجۆری وەك زانست و فەلسەفە و هونەر (جوانی) پەیدادەکا. لای رۆمانتیستەکان، ئەوە رۆحە دەرفەتی پەیوەندی لەگەڵ خەیاڵ و ئیلهام و نبوغ (هەڵکەوتەی)دا هەیە. بۆیە رۆح دەروازەی سەرەکیی جوانییە. گەر سەیری نووسەر و بلیمەتە رۆمانتیستەکانی وەك ڤیکتۆر هۆگۆ بکەین، دەبینین کە چۆن قارەمانی سەرەکیی داستان و رۆمانەکانی، مرۆڤێکە خاوەن رۆحێکی گەورە، کە لە هەموو مرۆڤەکانی تر جیای دەکاتەوە (سەیری کەسایەتیی "ژان والژان" بکە لە رۆمانی "بێنەوایان"دا.)

*** ئەی جوان نووسین؟**

– جوان نووسین بە رای من دوو بوار دەگرێتەوە، بواری شێوازی دارِشتن و بواری چۆنێتی نووسین. یەکەمیان پەیوەندی بە زمانەوە هەیە و دووهەمیان پەیوەندی بە نێوەرۆکی نووسینەوە. هەرچەند هەردووکیان لە نووسینێکی باشدا وەها لێك دەئاڵێن کە بە دژواری لێك جیادەکرێنەوە، بە تایبەت لە ئەدەبدا.

*** چیت سەبارەت بە خودی جـوانی خوێندۆتەوە یان بیستووە؟**

– سەبارەت بە جـوانی گەلێك شتم خوێندۆتەوە، بە تایبەت لە فەلسەفەدا کە پێم وابێ لە کاتی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی سەرەوەدا بە جۆرێك دەردەکەون. هەموو ئەم خوێندنەوانەیش منیان بەو ئاکامە گەیاندووە، کە جـوانی هێشتا دیاردەیەکی وەڵام نەدراوە و هێشتا مـرۆڤ عەودالّی ناسینی پتریەتی. ئەمەیش تایبەتمەندیی هەموو ئەو چەمك و مانایانەیە، کە پەیوەندییان بە دەروونی مـرۆڤەوە هەیە. بەڕای من "نەدۆزینەوەی" دوا مانا و دوا پێناسە بۆ ئەم چەمکە، یاریدەدەرە و دیاردەیەکی باشە! چـونکـە رەنگە هەر ئەمە بێت بۆتە هۆکاری ئەوەی کە ئێمە بتوانین خاوەنی ئەو هەموو رەنگاورەنگییە لە بواری ژانرەکانی ئەدەب و هـونـەردا بین، هەر وا لە بوارەکانی تردا.

*** تێڕوانینی تەمەن بەرامبەر جـوانی لە چاوی پیرێك و منداڵێك وەك یەکە یان جیاوازە؟ لەهەر حاڵەتێکی وەڵامەکەتدا: بۆ؟ چۆن؟**

– بێگومان جیاوازە. بۆئەوەی لەم جیاوازییەیش بگەین وا باشە سەیری جیاوازیی چیرۆکی منداڵان و چیرۆکی گەورەساڵان بکەین. ئەمەیش ئاساییە چـونکـە دەرکی مـرۆڤ بۆ جـوانی دەرکێکی تەنیا زگماکی نییە و بگرە زیاتر سەرچاوەی لە کولتوور و لە پێگەیشتن و لە ئەزموونـەکاندا هەیە.

بۆ منداڵێك کە هێشتا لەسەرەتای ئەزموونکـردنی ژیاندایە و یەکجار تامەزرۆ و چاو و رۆح تینووە، زۆربەی ئەزموونە نوێیەکانی بەتووش ئەو سەرسوڕمانەی دەکەن، کە فۆرمالیستە رووسەکان باسی لێدەکەن. بەڵام بۆ مـرۆڤێکی خاوەن تەمەن کە ئیتر رووداوەکانی ژیان لای دەبن بە دووبارە و دووپاتبوونەوە، تا رادەیەکی زۆر لەم هەستی "سەرسوڕمانە" دووردەکەوێتەوە و کەمتر کاردانەوەی دەبێ. بۆیە تەمەن دەکـرێ یەکێك لە هۆکارەکانی جۆراوجۆریی سەرنج بۆ جـوانی بێت. بەڵام با ئەوەیش لەبیرنـەکەین، کە مـرۆڤی بەتەمەن چاوەڕوانییەکانی قووڵتر دەبێتەوە، بۆیە رەنگە دیاردەیەك دەبێ یەکجار جیاواز بێت، بۆئەوەی بتوانێ لای ئەو خەسڵەتی جـوانی وەربگرێ.

دیاره هــەمـووی ئــەمـانــە باسم لێکـردن، مـوتلــەق نین.

*** دوا شت خودی خۆت سەبارەت بە جوانی دەڵێی چی؟ جوانی لە چیدا دەدۆزیتەوە؟**

– من کە زۆرتر بە نووسینی چیرۆکەوە سەرقاڵم، پێم وایە جوانی بریتییە لە:

– هارمونی،

– دیتنەوەی ئەو شتە بەڕواڵەت گچکانەی کە لە راستیدا دەتوانن شتە هەرە ئەساسی و بنەڕەتییەکان بنوێننەوە،

– دیالێکتی تاك و گشتی،

– باوەڕ بە رای فۆرمالیستەکان لە بابەت "سەرسوڕمان"،

– گەمەی قووڵی ژیان لەو کاتەیدا قەت خەیاڵ و راستیی مەرگی لێ ون نابێ،

– سەرئەنجام جورئەتی جۆرێکی تر بیرکـردنەوە و نووسین، ئـەگـەرچی دنیا تۆیان لا وەك شێت و خائین بێتە بەرچاو!

سەبارەت بەوەی کە جوانی لە چیدا دەدۆزمەوە، دەبێ بڵێم کە من بە درێژایی ژیانم جوانیم لەم چەند شتەدا دۆزیوەتەوە، لە چیرۆك و رۆمان، لە خەباتکردن بۆ ژیانێکی باشتر، لەجورئەتی سەربەخۆبوون، لە جورئەتی رێگا نوێ بینینەوەکاندا و سەرئەنجام لە کاتەکانی تەنابیدا بە مەرجێك ئاوسی بەرهەمێك بن!

## سمکۆ محەمەد:

# ئیستاتیکا وردبوونەوەیە لە شتە بچووکەکانی سرووشت

*** جوانی یانی چی و بە چی دەگوترێت جوان؟**

سمکۆ محەمەد: ڕێکەوتنێکی گشتی هەیە کە چەمکی جوانی فرە مانایە، بەو پێیەش بێت ئیستاتیکا چەمکێکی فکرییە بەرلەوەی زاراوەیەك بێت تەنیا بۆ جوانی، کەوابوو ئەم چەمکە فەلسەفەیەکە بۆ دابەشکردنی شتە بچووك و گەورەکان و دۆزینەوەی ئەو نهێنییانەی کە بە چاوی ئاسایی و بەبی هۆشیاری لە سرووشتدا نابینرێن، چونکە هەموو ماناکانی جوانی پێکەوەنین و هەر یەك لەوانە لە سیاقی خۆیدا جێگەی بۆتەوە، ئەم فکرە لە سەردەمی هاتنە کایەی فەلسەفەی یۆنانییەوە سەریهەڵداوە، کە ئەفلاتوون لەنێو عەقڵدا بەدوای فکری جوانی و لەنێو بووندا بۆ بزواندنی هەستەکان دەگەڕا، ئەرستۆ لەدوای ئەو هات و کۆتایی بەو بیرۆکەیە هێنا و ئەم بیرکردنەوەیەی گواستەوە لەجوانی ئەپستراکتەوە بۆ هونەرە جوانەکان، وەکوو جۆرێك جوانی کە لەسرووستدا هەیە و یەکسان نابن بەیەك، هەروەك ئەوەی لۆژیکی خەیاڵ هونەری لەبەرامبەر ئیدراکی هەستەکی ڕاگرتووە کە لە ڕێگەی ئەزموونەوە هاتووە، هەر ئەم دەستاودەست کردنە بوو، کە جوانی گواستەوە بۆ زانست و ئەدەب و گوتار، ناوی نرا ئیستاتیکا، واتە جوانیناسی، (هێربرد ڕێد) ڕەخنەگرێکی شێوەکاری سەدەی ڕابردوو بوو، کتێبێکی هەیە بەناونیشانی (المعنی الفن)، واتە مانای هونەر، ئەو پێیوایە کە جوانی یەکەیەکی پەیوەندییە لەنێوان شتەکان و ئەوانەش کە درکیان پێدەکەین لەڕووی هەستەوەرییەوەیە، هەڵبەت ئەو ئەم تێزەی بەسەر جۆرەکانی جوانی و هەستکردن بە جوانی پراکتیك کردووە و دەڵێ: "جوانی شتێکە و هەستکردنی جوانی ئەپستراکتی کە پایەیەکی سەرەتایی چالاکی هونەرییە شتێکی تر، بەبی هونەر و پێوەرە هونەرییەکانیش ناکری باس لە ئیستاتیکا بکرێت، بەو پێیەی ئەگەر بۆ ئەدەب زمان پێوەر بێت، ئەوا بۆ جوانیش هونەر پێوەرە"، بەو مانایەی ئەوەی کە هەیە لە سرووشتدا جوانە و ئەوەش کە ئینسان پایەیەکی هونەری

پێدەبەخشێت وەکوو شێوەیەکی دیکەی جوانی نەبینراوە، هیگڵیش پێیوایە کە جوانی لە هەموو شوێنێك هەیە و بەردەوام رووبەڕوویان دەبینەوە، بەو پێیە بێت هونەر ئەوکاتە دەستپێدەکات کە لاسایی کردنەوە کۆتایی پێدێت، نموونەی هونەری فۆتۆگرافی یان تەلارسازی کە شوێنێکی نیشتەجێبوون باوی نامێنێت، ئیدی هونەری دیزاینکردنی تەلار و خانووبەرە و تەلاری پەرستگا و کۆشکی قەیسەر و پادشاکان و دیزاینی سەردەمە جیاوازەکان دەستپێدەکەن، یان ئەوکاتەی کە هونەری موزیکی هەوایی داهێنانی تێدادەکرێت و دەبێتە ژێی موزیکی و دواتریش بۆ ئەلکترۆنیك و ... تاد، ئەمە بۆ دیزاینی رۆژنامە و گۆڤار و کەلوپەلی نێو ماڵ و جلوبەرگ و شێوەی دیکۆری ستۆدیۆی تەلەفزیۆن و ماشین و تەلارسازی و ... تاد هەمان شتە، کەواتە ئەوەی کە نوێخوازی دەیکات و لە رابردوودا کردوویەتی ئەو گواستنەوە فکرییەیە، کە لە نەریتخوازی و لاسایی کردنەوە بۆ مۆدێرن ماوەتەوە، ئێمە لە کولتوور و کەلەپوری کوردیدا هونەرمان هەیە و شمشاڵ و نەی و دەف و تاڕادەیەك موزیکی دیکەشمان دروستکردووە و لە باری جلوبەرگیشەوە خاوەنی دیزانی خۆمانین، بەڵام ئەوەی کە لەباری تەلارسازییەوە هەیە لە کوردستان، تەنیا نموونەی شوێنەوار و ئەشکەوتەکانە کە مێژوویەکی نادیاریان هەیە، بەڵام هەستدەکرێت بە نوێکردنەوەیان بۆ حاڵەتێکی دیکەی ئاسەواری و دروستکردنی پەیکەری وەهمی، لانیکەم ئەو هونەرە بەهایەکی دیکەی پێدەدات، کە ئەمە پێچەوانەی کردارە سرووشتییەکانە، کە لە خۆڕسکەوە جوانترن لەوەی دەستکاری بکرێن، بەڵام خاوەنی ستایل و دیزانی تەلاری خۆمان نین وەکوو موڵکی نەتەوە یان لانیکەم وەکوو موڵکی نەتەوەکانی ئەم ناوچەیەی کە پێی دەگوترێت میزۆپۆتامیا یان رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەم داتایانە ئەوەمان بۆ پشتڕاست دەکەنەوە، کە هونەر بە هۆکاری تێکەڵبوونی کولتوورەکان و کۆمابوونی مەعریفەی گەلان، بەردەوامی هەیە و هەرگیز ناگاتە ئامانجی خۆی و گەیشتنێك، کە پنتی کۆتایی بەدوا خاڵی

جـوانکـردنی ژیان، هەروەها دابڕان لە خەو و خەیاڵ بۆ هـونـەرێکی دیکە، کە هێشتا سەریهەڵنەداوە.

یەکێك لە ماناکانی جـوانی بۆچوون نییە لە بارەی ماتریاڵێك یان کەرەستەکانی نێو سـرووشـت بەپێی چەندایەتی، هەروەکوو ریمۆن بایێر لە کتێبی (تجلی الجمیل)ی د. سعید توفیق تەرجەمەی کـردووە، دەڵێ: "ئیسـتاتیکا زانستی چۆنایەتییە، ئـەگـەر لە زانستدا (علم) چەندایەتی بێت، ئەوا بۆ ئیسـتاتیکا چۆنایەتییە و تایبێکی خودێتیشی پێوە دەردەکەوێت، کە جـوانی هـەمیشە رەنگدانەوەی بەسەر خوددا دەبێت، چـونکـە هـونـەر و جـوانی سەلماندنی گەرەك نییە وەکوو زانست، کە پێویستە لەنێو هۆڵی تاقیکـردنەوەدا مارتیاڵەکە و هاوکێشەکە بسەلمێنرێت و دەرەنجامێك بدات بەدەستەوە".

کەوابوو دۆزینەوە لە هـونـەری جـوانیدا، وەکوو بابەتێك و پێکهاتەیەکە لە عەقڵی وێنەیی و زەینیی واتە فکـری دایە، بۆیە جـوانی شێوەیەکە لە جەوهەر و ناوەکی شتەکان و دیاردەکان، نـەوەك تەنیا لە فۆڕمی جەستەییدا کە هەندێکجار پەیکەر، یان پارچەیەکی ئاسەواری کۆن بە هەموو تێکشکاوییەکەیەوە بەها هـونـەرییەکەی جـوانتر دەکات، چـونکــە لەرووی ماتریاڵییەوە لێرەدا زەمەن حوکم دەکات بۆ رەسەنایەتی، نـەوەك دەستکاری کـردن و نوێکـردنەوەی ماتریالەکە، هەروەك ئەوەی لە بازاڕی ئەنتیك هەیە و بەماتریاڵی جـوان ناسراوە و گەشتیارەکان وێنەی لەگەڵ دەگرن، ئێمە دەبێت لەنێوان کـردە سـرووشـتییەکان و پارچە کلاسیکییەکان جیاوازی بکەین، شاخێك کە وێنەی پیاوێکی پیری کوڕی زەمانەی وەرگرتووە، دارێك لە چەشنی ژنێکی سەماکەر خۆی ئاڵاندووە بە دارێکی دیکەوە یان شاخێکەوە، بەردێك کە لەشێوەی ماسی یان ئاژەڵێك دێتە بەرچاو، تەدارەکی ژنان لە کل و کلدان و جـوانکاریی جلوبەرگ و ... تاد لە کەلەپوورێکی دیاریکـراودا، جیاوازە لەو پارچەیەی کە لە رێگەی کنە و پشکینینەوە دەدۆزرێتەوە و لە پێشانگا یان مۆزەیەك نمایشی دەکەین.

سەبارەت بە تێکستی جوان و جوانی تێکست بەهەمان شێوەیە، کە پەیوەندی بە رەسەنایەتییەوە و موڵکییەت وەکوو ستایل، بۆ نموونە ئەدەب یەکێك لە هۆکارەکانی بەدەستهێنان و دۆزینەوەی جوانییە لەنێو زماندا، ئەو کاتەی کە شیعرەکانی سۆفۆکلیس و مەزموورەکانی داوود پێغەمبەر و تێکستەکانی شکسپیر دەخوێنینەوە، ئەو کاتەی رۆمانەکانی دایستۆفسکی و دانتی و سێرڤانتس دەخوێنینەوە وەکوو تێکستی رەسەن یان ناسراو بە تێکستی بنچینەیی، هەر ئەوکاتە تێدەگەین کە مۆریس میرلۆ بۆنتی و گاستۆن باشلار و هێربرد رید وەکوو کۆمەڵێك بیرمەند و جوانیناسی سەدەی (١٩ و ٢٠)ی رابردوو، بۆچی باشتر لەوانی تر تێگەیشتبوون و شیکارییان بۆ تێکستەکان کردووە، یان ئەوکاتەی کە (ئارنۆڵد توینبی) وەکوو ئەفسانەناسێك چۆن دەڕوانێتە لاماسۆ و بۆڕاق و کەویاری زەردەشتی و کائینە ئەفسانەییەکانی ژاپۆن و هیندستان و ... تاد، لەوێوە تێدەگەین کە جوانی بە مانای وشە فرە مانایە و تەنیا لە فۆڕمدا نییە، بەڵکوو لە شتە ورد و بچووکەکاندایە، هەروەك ئەوەی لە وردەواڵەی جوانکاری ژنان و کەرەستەی پادشا و شازادەکانی سەردەمی بەر لەدایکبوون هەبوون و بەشێکیان تا ئێستاش ماون.

بۆچوونێکی سەلمێنراو هەیە کە تێگەیشتنی (مارسیل پرۆستە) و هەستاوە بە پەیوەندی نێوان ئەدەب و هونەری وێنەگرتن لە لایەك و ئەدەب و مۆزیکیش لەلایەکی تر، ئەو پێیوایە کە تێڕوانینی هونەری تێڕوانینی شۆڕشگێڕانەیە، کە تەنیا لەلای بەشێکی کەم لە داهێنەرانی سەدەی بیست دۆزراوەتەوە، ئەم تێگەیشتنە لەوێوە سەرچاوەی گرتووە، کە هونەرمەند و بیرمەند و داهێنەرانی رابردوو بە چاوێکی تەواو شۆڕشەوە تەماشای نوێخوازی و رووبەڕووبوونەوەی ئیشکالیاتە کۆمەڵایەتییەکانیشیان دەکرد، نموونەی رەوتی سوریالی و دادائیزم و بزووتنەوەی رێنسانس تادەگاتە تێزەکەی هێربرت مارکیۆز و شۆڕشی (١٩٦٨)ی خوێندکاران و شۆڕشی رۆشنبیری سەر شەقامی سارتەر بۆ پاڵپشتیکردنی شۆڕشی کرێکارانی مارکس و ... تاد، بەشێك لەو داهێنانەی کە

له سەدەکانی پێشوو بینیمان، هەموو ئەوانە شۆڕش بوون بەسەر تێڕوانینی کلاسیکی و سەپاندنی شێوازی ژیان بەبی جوانی، بۆیە لە زۆر شوێنیشدا ئەم بابەتە داهێنەری لەسەر تیرۆر کراوە کە نموونەی گالیلۆ و کۆپەرنیکۆس بوون، هەروەکوو برۆست لەو بڕوایەدا بووە کە کاری بلیمەتی و داهێنەر، کاری تێپەڕاندنی سەدەی رابردوو بووە، لەکاتێکدا بینەر و موتابعی هونەر لەکاتی خۆیدا بڕوای بە شێوەی داهێنانی نوی نییە، تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە سەردەمێك و زەمەنێك بەسەر کارەکەدا تێدەپەڕێت و نوستالیژیایەك بۆ ئازادی کارکردن لەبەرچاو دەگیرێت، بەشێك لە چەمکی داهێنانیش شێوەیەکە لە نۆستالیژیای کار کە لەنێو شۆڕشی کۆمەڵایەتیدا هەستی پێدەکرێت، لەکاتێکدا هەر ئەو نوستالیژیایە بۆ ئازادی کار دواجار دەبێتە مایەی مەترسی بۆ سەر ژیانی داهێنەر و جوانناس، چێژی کاریش هەروەك ئەوەیە کە لە فۆڕمە مێژوویيەکەیدا دیارە، لەکاتێکدا لەنێو جەوهەری کاردا کە لەڕووی مێژووییەوە سەپاندنی زۆرەملێیی بوو لەلایەن ستەمکارەکانەوە، گەڕان بەدوای ئازادیدا چێژی کار پێچەوانەوەی ئازادی کارە، مارکس لەمبارەیەوە تێزی تایبەتی هەیە، کە چێژی کاری لە ناوەڕۆکی ئیستاتیکی دوورخستۆتەوە، لێرەدا پشت بە هەلومەرجی خودی و بابەتی دەبەسترێت، چونکە کرێکار لێرەدا بۆ خۆشی خۆی و بۆ بەدەستهێنانی ئیستاتیکا لە بەرهەمهێناندا کار ناکات، بەڵکوو جگە لەوەی کارێك بۆ نەمری خۆی دەکات، کارێکی ناحەزیشی بەسەردا دەسەپێنرێت و لەنێو کاڵادا دەبێتە کاڵای بازاڕی سیاسەتی سەرمایەداری، هەستی نامۆبوون لە رژێمی سەرمایەداریدا زۆر بەهێزترە لەوەی لە سیستمی دەرەبەگایەتی هەیە، لەو سیستمەدا مرۆڤ ژێر دەستی دەرەبەگە، بەڵام بەو شێوەیە پارچە پارچە نەبووە وەك لە سەرمایەداریدا هەیە، چونکە کرێکار لەژێر سایەی ئەم سیستمەدا هەموو هێزی کار و لەشی خۆی دەفرۆشێت، بەڵام بە شێوەیەکی بەش بەش، لەبەرئەوە زیاتر تووشی نامۆبوون دەبێت، بەم پێیەشە کە خۆشحاڵ نابێت لە دەرەنجامی کارەکەی.

هـونـەری کار تەنیا کار نییە بۆ خزمەتی سیستمی سیاسی، بەقەد ئەوەی کە مێژوو سەلماندوویەتی بەرهەمی کار، لانیکەمی دیالیکتیکی سـرووشـت و خەسڵەت و تێگەیشتنی مـرۆڤە بۆ شتەکان و دەوروبەر، پـەیداکـردنی دەسەڵات بەسەر دەوروبەردا، جگە لە چالاکی مـرۆڤ بۆ درێژەدان بە چێژی خۆشی ژیان، دۆزینەوەی ڕێگەیەکی دیکەشە بۆ بونیاتنانی سیستمێکی دیکە و خۆشگوزەرانی و رزگاربوون لە زۆرەملی، ئەزموونکـردنی کار لەرەوتی پەرەسەندندا، یەکێکە لە هۆکارەکانی پێشکەوتن و ڕەنگدانەوەی بەسەر عەقڵ و گۆڕینی هەستەکانی مـرۆڤ بۆ چێژی ژیان، ئارەزووکـردن بۆ ژیانێکی باشتر و لەبارتر و خۆشتر، ئارەزووکـردنە لە بەردەوامیدان بە کار و خۆ ئەزموونکـردن لەنێو کەرەستە خاوەکانی سـرووشـت، بۆ نموونە دۆزینەوە و موتوربەکـردنی میوە و ڕەگەزی ماڵات کە سەرنجی مـرۆڤ بەلای ژیانی شایستەدا دەگۆڕێت، ئەو چێژەیە کە زەمینە بۆ گۆڕینی ململانێ لەنێوان ئینسان و ئینسان بە بیانووی ڕەگەز و نەتەوە و ڕەنگی پێست، دەگۆڕێت بۆ ململانێ لەنێوان مـرۆڤ و سـرووشـت، ئەویش لە ڕێگەی کاری ئازاد و ئازادی کارەوەیە.

دیسان دێمەوە سەر سـرووشـت، ئەوەی کە لە پەیوەند بە سـرووشـتەوە هەیە بەرامبەر بە جـوانی و هـونـەر، وەکوو دۆزینەوەی حاڵەتی دووهەمی جـوانی لە سـرووشـتدا، جۆرێکی تری شۆڕشی دیارە بەسەر نادیاردا، لەمبارەیەوە (بندیتۆ کـرۆچە) لەدایکبووی ئیتاڵیا ١٨٦٨_١٩٥٢ خاوەنی تیۆری مۆدێرنی ئیستاتیکییە و لەژێر کاریگەری هیگڵ تێزی خۆی پێشکەشکـردووە، جگە لەمەش بە زەعیمی سیاسی لیبرالی ناسراوە، بەڵام لەرووی مەعریفییەوە بۆ ئیسـتاتیکا، کـرۆچە لە ژێر کاریگەری ڕەخنەی بورژوازی بوو بۆ هـونـەر و بڕوای بە مەسەلەی ڕوح هەبوو، ئەو ڕەخنەی لەوەش گرتووە کە مەعریفە وەکوو حدس تاك لە وێنەیەکی هەستەکی و بە دەلیلی عەقلانی دووردەخاتەوە، لەبری ئەوە تاك دەخاتە ژێر کاریگەری کۆمەڵگەوە، لەرووی ئەخلاقیشەوە بڕوای بەوە هەبوو، کە مەسەلە کۆمەڵایەتییە سـرووشـتییە چینایەتییەکان ون بکات، یەکێك لە چالاکییەکانی کە

لەسەر ڕێچکەی هیگڵ بووە بۆ هونەر و ئیستاتیکا، گۆڤارێکی هونەری دەرکردووە بەناونیشانی: (لاکریتیکا)، کە گرینگی بە فەلسەفە و هونەر و مێژوو داوە، یەکێك لە خوێندنەوەکانی بۆ سرووشتناسی کە ڕەخنەیە لە پێشوازییەکانی فەلسەفە، چێژی جوانییە، ساڵی ١٩٠٢ بە تەواوەتی تیۆرەکەی کامڵ دەبێت و هونەر دەخاتە سەرووی متیافیزیکاوە، چونکە لە پشت میتافیزیکاوە ئایدیایەك هەیە، کە ڕەنگە ئیستاتیکا ون بکات و فۆڕمێکی لێڵ و نادیاری پێبدات، بەڵام هونەر خۆی ئامانجێکی ئیتساتیکی پێشکەش دەکات، ئەو لەوێدا هونەر و جوانی وەکوو سامانی خەیاڵ دەبینی، لە شوێنێکی دیکەدا باس لەوە دەکات، ئینسان تەنیا بە دەستی جوانی وێناناکاتەوە، کە مەبەست لە کردەیە، بەڵکوو بەخەیاڵ وێنای دەکاتەوە، لەحاڵێکدا کە ئینسان بە ڕاستەوخۆ لەگەڵ شتەکانی دەوروبەری خۆیدا ناژی، بەڵکوو بە ناڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ سیمبولەکاندا دەکات، بۆ نموونە ئەفسانە و ئایین و زمان وەکوو تۆڕێك لەدەوری ئینسان دەئاڵێن و بەناچار دەبێت بە کارپێکەری ئەو شتانەی ویستەکان و غەریزەکان دیاری دەکەن، بۆ ئەمەش هەر ئەوە شتەکان و کائینە ترسناك و شەڕانگێزەکان و دڕەندەکان نین دەبنە مایە ترس بۆ ئینسان، بەڵکوو ئەو فکر و بۆچوونانەی ئینسانن لەبارەی شتەکانەوە ترس بەرهەمدێنن، بۆیە ئینسان توانای بەسەر سیمبولەکاندا شکاوە و خۆی کردووە بە سەنتەری عەقڵ، چونکە عەقڵی بەکارهێناوە و خۆی جیاکردۆتەوە لە سرووشت، هەروەك ئەوەی بیرمەندی ئەمریکی (ستیفان کۆبرن) پێیوایە ئیستاتیکا گەڕانە بەدوای یاساکانی چێژوەرگرتن لە جوانی، ئەو بابەتانەی کە پەیوەستن بە شتەکانەوە جوانن، ئەوانی دیکە ئیستاتیکی نین تەنیا خۆشمان دەوێن وەکوو هۆکارێك بۆ دۆزینەوەی جوانی لە شتەکانی تردا، کە ڕەنگە خۆشویستنەکە کاتی بێت و لە شوێنێکدا بوەستێت، وەکوو خۆشویستن بۆ پەیکەری خوداکانی سەر زەوی، سیمبولی نێو ئەفسانەکان کە ئینسان لەسەر شێوەی خۆی بەرهەمیهێناون، ئەوانی دیکەش کە چێژی تایبەت دەبەخشن، خوشویستنی نیشتیمان و کولتووری

نەتەوە و ئایین و ... تاد، ئەم بۆچوونە لە پەراوێزی هونەردا وەکوو پرسیارێك هاتووە، کاتێك گوی بۆ دەهۆڵ لێدان دەگرین یان نمایشی کارتۆنی منداڵان دەبینین یان ئۆپێرایەك کە مانای ژیانی جیاواز کردۆتەوە و جیاوازی کردووە لە رووی چینایەتییەوە، کەوابوو هەر کام لەو هۆکارانەی کە هاوکاری جوانی دەکەن بە مانایەك لە ماناکان، بەراوردناکرێن، بەڵکوو خاڵی هاوبەشیان هەیە، بەڵام جیاوازن لەگەڵ یەکتری ئەوەیە کە ئیستاتیکای هونەرییە ئینسان شۆڕشی بەسەردا کردوون، واتە دەستکاری کردوون و بەها سرووشتییەکەی نەماوە کە ئەمە لایەنە نێگەتیڤەکەی نییە، بەڵکوو پۆزەتیڤە.

جوانی و جوانیناسی کێشەیەکی تری فکرییە، چارەسەری ئەم بابەتەش تەنیا لە چاودا کۆناکرێتەوە و یەکلایی نابێتەوە، کە کەرەستەی بینین و تەماشاکردنە، بۆ نموونە ئینسان بەو پێیەی کائینێکی کۆمەڵایەتییە و ئەگەر بەتەنیاش بێت بەهۆی ئەوەی لە رێگەی جووتبوونی دوو رەگەزەوە هاتووە، ناتوانی بەتاکی بمێنێتەوە و دواجار دەگەڕێتەوە نێو کۆمەڵ، کەواتە مەحکوومە بە کردەوە و پەیوەندییە جۆراو جۆرەکانی، مەحکوومە بەوەی چۆن دەتوانی خۆی لە حاڵەتە شازەکان ئەزموون بکات و جوانی بدۆزێتەوە و چۆن بارگاوی بکات بە عەقڵەوە، ئەمانوئێل کانت (١٧٢٤_١٨٠٤) لە چەند هەڵقەیەکدا و بە چەند شێوەیەك چارەسەری کێشەی جوانی کردووە، کە لە چوارچێوەی عەقڵی ئینسانیدا بووە، بەتایبەتی لە کتێبی (رەخنە لەعەقڵی پەتی)، رەخنەی میتۆدی بەکارهێناوە و دواتریش رەخنە لە عەقلی پراکتیکی دەگرێت، ئەو وەکوو فەیلەسووفێکی مۆدێرن کە بڕوای بە ئەزموونگەری خود هەبووە، لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا لەژێر ناونیشانی (نقد ملکە الحکم) ئەوەندەی باسی حوکمی دەرکراوی جوانی لە خودی سرووشتیدا یان لەسەر کاری هونەری کردووە و بە ئەخلاقەوە گرێیداوە، کە لەلای ئەو وشەی ئەخلاقی جوانییە kalon، ئەوەندە باسی هەقیقەتی نەکردووە کە بەشێکە لەفەلسەفە، (کانت) حوکمی بەسەر دوو بەشدا کردووە و لەرێگەی پێناسەکردنییەوە دابەشیکردووە، لەوێشەوە باس لە

لێکۆڵینەوەی گشتی و حوکمی تێڕامانی کردووە، ئەوەندە باسی هەر ئەو حوکمەشە بۆ جوانی هەیەتی کە گرێدراوی خود و بابەتە، چونکە هیچ بابەتێك نییە پەیوەندی بە خودەوە نەبێت مەگەر خودێك هەڵگری ئەو ئەخلاق و خەیاڵ و چێژەوە نەبێت کە بابەت خوڵقاندوویەتی، رەنگە چێژوەرگرتن لە جوانی بەشێك بێت لە نامۆبوون، کە تا ئیستا ئێمە لە ژێر کاریگەری فەلسەفەی ئەخلاقی جوانیداین.

تێزەکەی کانت سەرتاپا رەخنەییە لەسەردەمی پێشتر و سەردەمی خۆی و بنەمایەکە بۆ بیانوو هێناوە لە بارەی حوکمی جوانی، کە ئەمە پنتی گواستنەوەی بنچینەییە لەبەرامبەر زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا، لەوێدا زیاتر باس لە هەوەس دەکات و دوورکەوتنەوە لە چێژی خود ئەزموونکردنی گشتی و چالاك کردنی حوکمی ئیستاتیکی لە بواری یاسا و ئەخلاق لە هەناوی فەلسەفەدا، نەوەك چێژ کە لە شوێنێکدا جیاوازی لەنێوان جوانی و گەورەیی دەکات و بە مانای هێزی دینامیکی هاتووە بە لۆژیکی ئەو، یان بە مانایەکی تر جوانی بە توانای ئینسان ناساندووە، بۆ نموونە ئاماژەدان بە وێنە لەرێگەی خەیاڵ و هەوەس و هەوەسی ئازاربەخشەوە، هەروەك ئەو هەوەسەی کە ئینسان هەندێکجار رەزامەند بێت پێی یان بەپێچەوانەوە، کە گرێدراوی غەریزەکانییەتی و لەوانەش سێکس، ئەمە دەرەنجامێك بەدەستەوە دەدات، کە چێژ لە حزەیەکە لە ژیاندا و هەر ئەو لەحزەیەشە کە ژیانی کۆمەڵایەتی بەردەوام پێدەدات و خەیاڵی بۆ کردەوەی جوان یان بە پێچەوانەوە بۆ ناشیرین دەچێت، کە ئەمە بە مانای هەڵبژاردنی خێر و شەڕە، مەبەست لە خێر و شەڕ ئەو بۆ بەرهەمهێنانەوەیە لە بواری بەشەریدا و دروستکردنی خێزان بە وێنە جوانەکەی لەلایەك، هەروەها بە لایەنە نێگەتیڤەکەی کە میحنەتی ژیان و دەرهاویشتەکانێتی، لەحزەی دووەمیش ئەوەیە کە جوانی لەوێوە هاتووە، هەموو دەبێت دەنگی لەسەر بدەین و ژیان بریتییە لە تاك و تەنیایی، بەڵام ئەمە رێك پێچەوانەی بۆچوونی پێشترە کە جوانی و چێژی جوانی رێگەیەکی هەستیارییە و پەیوەندی راستەوخۆی بە تاك و

خودی تاکەوە هەیە، ئەوەش لەوێوە سەرچاوەی گرتووە، کە جوانی لە سێ بواری جیاواز و لێکچوو وێنادەکرێت، ئەویش پەیوەندی بە کەلام و تەشکیلیی و گەمەی جەستە و موزیکەوە هەیە، بۆ نموونە.

ئەلێرەوە کێشەی فەلسەفی ئیستاتیکی دەستپێدەکات، کە لەلای هیگڵ تیۆرەیەکی تەواو و کامڵە، بەتایبەت هیگڵ لەکتێبە بەناوبانگەکەیدا بەناونیشانی (فینۆمینۆلۆژیای رۆح) لە چوارچێوەی ئایینی مەسیحیدا باسی کردووە و جوانی بە مەسەلەی روحانی مەسیحەوە گرێدەدات، ئەمە بەشێکی پەیوەندی بە تێگەیشتنی ئایدیالّی هیگڵ هەبووە، بەشێکی دیکەی پەیوەندی بەوە هەبووە کە ئەوکات مەسیحییەت تەنیا پەیڕەوی کردن لە ئایین نەبوو، بەڵکوو کەنیسە لە ئایین و رێگەیەك بۆ پەرستنی خودا دوورکەوتبۆوە، ببووە دەزگایەکی دەسەڵاتداری ستەمکاری لەنێو پەروەردە و ژیانی کۆمەڵایەتی و بەرامبەر ئەوی تر، کە ئایینەکانی تر بوون، ئەو تەلارە جوانەی ئێستا بووەتە سیمبولی گەشتیاری و جوانییەك لە دیزاینەکەی هەیە، پێشتر جێگەی دادگایی و ئازاردانی کەسانی مەعریفەخواز و پێشکەوتووخواز بوو، بۆیە ناوی لێدەنێین دەزگایەکی ستەمکاری بوو بەرامبەر بە ئایینەکانی تر، بەتایبەتی جوولەکەکان، بەهەرحاڵ لەلای هیگڵ ئەم باسە کە لە رێگەی دیالیکتیکەوە موناقەشەدەکات، دۆزێکی کۆتایی بەدەستدەهێنی، کە پارادۆکسێکی هونەرییە، ئەویش بەو پێیەی کە هونەر جیاوازی هەیە لەگەڵ ئاییندا، بەڵام ئەو دەستی بە لێکۆڵینەوە لە هونەر کرد، وەکوو سەرەتایەك بۆ لێکۆڵینەوە لە فکری رەها، هەروەها پێی وابوو کە تیۆری جوانی خۆی فکرە، ئەو فکرەش پلەی باڵای هەقیقەتی رەهایە و جوانی بۆ خۆی هەقیقەتی خودە و فۆڕمێکە لە فۆڕمەکانی هەقیقەت، بەو مانایەی کە لە گوتاری ئایینیشدا بە هەموو جیاوازییەکانەوە جوانی هەیە، لەکاتێکدا رابردوو بەها و گرینگی لەدەستدا سەبارەت بە پیرۆزی کە خودی هونەر دەلالەتی لەدەستدا، بوو بە هونەرێکی ئەبستراکت لەبەرامبەر هۆشیاری جوانیناسی، بۆیە لەم روانگەیەوە تێدەگەین کە هونەر دابڕاوە لە واقیعی هەستیار، هەروەك

ئەوەی ئایین تابۆی کردبوو، هیگڵ کاتی خۆی لە ئاسمانی بیرەوە دابەزییە سەر زەوی، مەبەستەکە لەم رستەیە تێگەیشتنی داهێنانی چەمکە دیالیکتیکییەکەیەتی، کە گرێدراوی رۆح بوو و لەنێو دیاردەناسی و ئیستاتیکا و جیهانێکی دیکە لە مێژووی چالاکییەکانی ئینسان، ئەوەبوو دواتر فەلسەفەکەی بۆ دەوڵەت خستەگەڕ و لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا کۆی کردەوە وەکوو بەشدارییەکی سیاسی و وەکوو دەستێکی خێر لەنێو فکرێکی شەڕانگێزیدا، کە سیستمە و یەکێکە لە کارە جوانەکانی چالاکی سیاسی، بەڵام فەیلەسووفەکانی رۆشنگەری وەکوو هۆرکهایمەر و ئەدۆرنۆ پێیانوایە کە ئەفلاتۆن و هیگڵ وەکوو دوو کارێکتەری چالاك لەم بابەتە و لە دوو زەمەنی جیاوازدا، نەیانتوانی خۆیان لە میراتی میتۆدۆلۆژی و ئایین و ئیدیالیستی رزگاربکەن و تەنیا لایەنە جوانەکەیان بینیوە، هەرچی ئەفلاتۆن بوو میتۆدۆلۆژی یۆنان کاریگەری بەسەریەوە هەبوو بەتایبەتی بیری میتافیزیکی لە تێڕوانینی بۆ تێگەیشتن لە سیحری سرووشت، هیگڵیش بەهەمان شێوە میتافیزیکی، بەڵام لە رێگەی گوتار و کولتووری کەنیسەی مەسیحیەتەوە کە ئەو کات گوتارێکی زاڵ بوو لەسەرانسەری جیهان، ئێمە دەبێ کەڵك لەو فەلسەفانە وەربگرین و لەنێو ژیانی ئەدەبیدا رەنگدانەوەی هەبێت کە رەخنەیەکە وەکوو چەکێك بۆ شەڕێکی تایبەت، شەڕێك کە بە زۆر ئینسانی تێدا بەشدارکراوە و بووە بە بەشێك لە کاڵای بازاڕ، بۆیە دەبێت لەسەر زەمینەوە خەیاڵ لە ئاسمانێك بەرجەستەبکەین کە کۆمەڵگە لەژیانی ئاساییدا درکی پێناکات و بیکەینە جەستەیەکی ماتریاڵی.

جوانی هونەری ناوێکە لە ناوەکانی جوانی سرووشتی، چونکە جوانی بەرهەمی روحییە، بۆ نموونە هەتاو و خۆر دیاردەیەکی جوانیی سرووشتییە و چوار وەرزی رۆژهەڵات و یەك وەرزی رۆژئاوا بەهەمان شێوە دیاردەیەکی ئاساییە، ئەگەر وەکوو خۆی تەماشای بکەین، یەکێکە لە کەرەستەکانی بوون و سیحری سرووشت، بەڵام ئەگەر وەکوو هونەرێك تەماشای بکەین لە روح دەردەچێت و روونکردنەوەی زیاتری گەرەکە کە ئاشکراکردنی ناوەخنی

هـونـەری سـرووشـتـە، بۆ نموونە دەرکەوتنی زەردەی خۆرەتاو لە ئێوارانیدا و شەوی وڵاتانی ئەسکەندەنافیا لەماوەی شەش مانگی رەبەق کە فەزا گۆڕانکاری بەسەردا دێت و شەش مانگی تریش تەنیا رۆژ دەبێت، مایەی سەرسورمانە بۆ رۆژهەڵات و چوار وەرز و گەرما و سەرمای هاوین و زستانیش بۆ رۆژئاوا سەرسوڕمانێکی تر، لێرەوەیە کە ئینسان سەرقاڵی جـوانی و نهێنییەکانی سـرووشـتە و ناتوانی دەستبەرداری یەکێکیان بێت و ئەوی تریان پەسەندبکات، چـونکــە ناتوانی ئەو سیحرانە وەکوو ماتریالێك دووبارەبکاتەوە لە ویستی ژیاندا، جگە لە وێنەیەکی خەیاڵی یان گێڕانەوەی یادەوەرییەك بەولاوە، هـونـەریش بەهەمان شێوە ناتوانی رەنگدانەوەی جـوانییە واقیعییەکان بێت ئـەگـەر دەستبەرداری سیحری جـوانی سـرووشـت بێت و رەنگەکان نەدۆزێتەوە، بەڵکوو رەنگدانەوەی روحی رەهایە کە ناچارییەکە لەبری فکـر، حیکمەت لێرەدا دەکەوێتە داوەری راستگۆیی و درۆ کە هەردووکیان رەفتاری ئینسانن، یەکێکیان بە پێوەری ئەخلاقی جـوانە و ئەوی تر بە رەفتار و کـردەنی ناشیرینە، ئەوی تر بە پێوەری جـوان و بە پێچەوانەوە شێوەگەراییە کە نەریتی باوە، هەڵبەت ئەم داوایە بۆ رەفتاری ئینسان، لەسەرووی هەموو پێوەرە ئینسانییەکانی دیکەوەیە.

بەهەر حاڵ دێمەوە سەر باسە بنچینەییەکە، هەر شاکارێکی هـونـەری کە داهێنانی تێدابوو، سـرووشـتی بێت یان دەستکـردی ئینسان، سەرەتا تەنیا جـوانییەکی رواڵەتی دیارە و تەنیا بابەتێکە سەر بە رەنگەکان و ئەندازەکانە، هەموو ئەو شێوانەی کە ئینسان پێی سەرسامن و نازانی سیحرەکەشی چییە، ئەوە رێك دیوە جـوانـەکەی سـرووشـتـە، چـونکــە دەسەڵاتێکە هەم دڵ و هەم توانای چاو بەکێشی دەکات و زاڵ دەبێت بەسەر هەردووکیاندا، بەو پێیەی کە جـوانی دەسەڵاتێکی دیکەی دەرەوەی ئینسانە بۆ روخاندنی و ئەو هێزەی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، کە لە دەروونی ئینساندا روح و جەستە تێکەڵ دەکات و دەیکاتە حاڵەتێکی دەروونی، وەکوو ئەرستۆ لە کتێبی (سیاسەت)دا، باسی جیاوازی جەستەیی و دەروونی دەکات و پێیوایە دەتوانین جـوانی جەستە

ببینین، بەڵام ناتوانین لەیەککاتدا جوانی دەروونی ببینین، چونکـە ئەوەی یەکەمیان فۆڕمێکی ئاشکـرایە و ئەوەی دووهەمیان شتێکی جەوهەرییە و نادیارە، کەوابوو دەسەڵاتی روحی و دەروونی دەبی ئەندازەیەك لەنێوان ئەو دوو حاڵەتە دیاری بکات کە ئەمە دەسەڵاتە، بۆیە ئەم دەسەڵاتە نـەوەك دەڕوخێنرێت، بگرە بەپێچەوانەوە ئینسان دەڕوخێنێت، ئەویش تەنیا بە فۆڕم کە بەسەر عەقڵماندا زاڵ دەبێت و زمان دەخاتە حاڵەتی بێتواناییەوە لە دەربڕین، واتە (عجز).

ئـەگـەر شتێك کە بینین و تێفکـرین دیاری بکات، دروست پەیوەندی بە چاوێکی هۆشیارەوە هەیە، یەعنی کەسێك ئـەگـەر هۆشیاری لەبارەی فکـرەوە نەبێت و بیەوی نهێنی چەمکی جوانی پێناسەبکات و ورد نەبێت لە شتە بچووکەکانی سـرووشـت، یان ئەو شتە بچووکانەی کە لە ماڵ و یادەوەری منداڵیمان روویداوە نەیێتەوە بیری و وێنای نـەکاتەوە و تەوزیفی نـەکاتەوە لە کارێکی ئەدەبی و هـونـەری، یان لانیکەم تەوزیفی نـەکاتەوە لە کـردەوەکانی رۆژانەیدا، مەحاڵە بتوانێ لە جـوانی تێبگات و بتوانی پێناسەی بکات، ئێمە دەتوانین بە پێی تیۆرەکانی ئەرستۆ و گاستۆن باشلار و فریدریك هیگڵ و ... تاد پێناسەی جـوانی بکەین، لە دەرەوەی ئەوان خاوەنی ئەو تیۆرە نین، کە بەسەر تێکست یان کارێکی هـونـەریدا پراکتیکی بکەین، بەڵام ئەمە تەنیا کۆپی تێفکـرینە و هیچی تر، بە بڕوای من بەهەڵەدا دەچین ئـەگـەر شتە بچووکەکان گرێنەدەین بە یادەوەری و خەیاڵەوە، هەروەها ئەو خەیاڵە نـەکەین بە واقیع و جارێکی دیکە بە چاوێکی هۆشیارەوە تەماشی نـەکەینەوە، گەمە و هەڵە ناباوەکانی منداڵی و شەڕکـردن لەسەر شتە بێ بەهاکانی ژیان و مەکـر و ناز و ویستە غەریزەییەکان و چێژوەرگرتن لەو شتە بچووکانەی، کە بەدەستهێنانیان مەحاڵە و یاخی بوون و وڕك گرتن و ...تاد، بەشێکن لەو یادەوەرییانەی کە خەیاڵێکی ئیستاتیکی تێدایە بۆ گێڕانەوە و کـردنیان بە دەقێکی شێوەکاری یان چیرۆك و شیعر و ...تاد، بیرتیژی منداڵی بۆ یادەوەری یەکێکە لە تێڕوانینـەکانی

رابردوو بۆ جوانی، ئەو جوانییەی کە لەزەمەنێکی جیاوازدا ناشیرینە بەپێی تێڕوانینی ئەخلاقی.

گاستۆن باشلار لەکتێبی (جمالیەت المکان)، پێی وایە هەموو شتە جوانەکان لە هەناوی شتە وردەکاندایە، ئەو شتە وردانەی کە ئینسان دەبێتە بەشێك لەو فەزایەی کە شتە وردەکان دنیایەکی تایبەتن، وەکوو مالۆچکەی منداڵان کاتێك گەمەی تێداکەن و خۆیانی تێدا حەشاردەدەن و دواتر خۆیانی تێدا دەدۆزنەوە و موڵکییەتی بۆ دروست دەکەن، ئەو تۆپ و جلوبەرگە وەرزشییەی کە هەرگیز نەماندەتوانی بەدەستی بهێنین و گەمەی پێبکەین، ئەو مەلەوانگانەی کە بەخەیاڵ وێنامان دەکرد و لەبری ئەوە دەچووین بۆ پاشماوەی ئاوی زستان و بۆ نموونە ئاوی خاسەی کەرکووك، کە بەنیسبەت منەوە نۆستالیژیایە و یادەوەرییەکی مەزنە، یان ئەو گۆشە نادیارانەی ژیانی ماڵی بچووك و بەرتەسك، بەتایبەتی ماڵی کوردی، کە هیچ ئازادییەکی تاکی تێدا نەبووە بەدرێژایی ژیان، یان ئەو فەزا بچووکانەی کە لە گردۆلکە و چاخی بچووکدا و لە گەمەی نێو ماشینە شکاوەندا وەکوو (پیتەر برۆك) کە تیۆریستینی شانۆیە و باسی دەکات، ئەو گەشتانەی کە نێوانی شارەکان لە چەند کیلۆمەترێکەوە بۆ بینین و خەیاڵی منداڵی دەبوون بە دەیان فرسەخ و میل و ...تاد، هەموو ئەمانە بریتین لە جوانی شوێن و جوگرافیای شوێنی بچووك.

ئەدۆنیس لە بابەتی شیعردا باسی منداڵێتی شیعر دەکات، کە بە مانای گێڕانەوەی نائاگاهی دێت، یان نووسینەوەی خەیاڵی منداڵی دێت لەو وێنە نەجوڵاوانەی، کە رابردوو تۆماری کردوون و لە یادەوەریدا هەمیشە وەکوو ئەزموونێکی جوان مەوجوودە، یان ئەو تاك رەهەندییەی کە بۆ حاڵەتە سۆسیۆلۆژییەکان لەلای ئینسانی تاك رەهەند هەیە و هەموو حاڵەتەکان بە تێڕوانینی خۆی لە مەودایەکی کورتدا دەبینی، داگرتنی نێوەڕۆکی پەیامی تێکستی هونەری و ئەدەبی، شێوەیەکە لە جوانیناسی عەوامی و گشت، چونکە بە دیدگایەکی سادە و ناهۆشیارییەوە مەبەستی کارەکە دەبینن، بۆ

سەلماندنی ئەو بۆچوونەی سەرەوە، دەبینین هەندێك كاری هـونـەری ئەندازەی بیركـردنەوە دەگۆڕێت و رووتی دەكاتەوە، كە لەدوای سەردەمی گەشەی سەرمایەداری بە فۆڕم و ناوەڕۆكەوە یەك واتایان وەرگرتووە، لەحاڵێكدا فۆڕم و ناوەڕۆكیش دوو جەمسەری جیاوازن بۆ هـونـەر، بەو مانایەی یەكێكیان چەندایەتییە و ماتریالییە و ئەوی تریان چۆنایەتییە و ئایدیالیستییە و هەریەك لەوانە بە شێوەیەك لە شێوەكان پەیوەندییەكە دەگۆڕێت، بۆ نموونە نهێنی خۆ بەرهەمهێنانەوەی سـرووشـت سەلمێنەری راستەقینەی ئەو لۆژیكییە كاتێك لەگەڵ موفرەدەكانی سـرووشـتدا مامەڵە دەكەین، ئەوكات تێدەگەین چەندایەتی و چۆنایەتی لە چەند پنتی دیاریكـراودا جیاوازییان هەیە.

ئامانجی جـوانیناسی هەمان ئەو تەباییەی هەیە، بەڵام هارمۆنیای تێكستەكە ئـەگـەر سـرووشـت بێت یان كارێكی هـونـەری، مەبەستە جیاوازەكە دیاری دەكات، سڕینەوەی ناكۆكی نێوان ئەو دوو پانتاییەی كە ژیانی تاك و جیهانبینی تاك دەگۆڕێت، لەلایەك ئەو ئازادییە دەپارێزێت كە دووركەوتنەوەیە لە تێڕوانینی گشت، لەلایەكی دیكەوە بەرهەمی هـونـەری لە دەستی كۆمەڵگە و رواڵەتە ئەخلاقییەكان دەپارێزێ و نایكات بە موڵكی تایبەتی، ئەم هەقیقەتە بۆ پاراستنی جـوانی هاوئاهەنگی یەكێتییەكی ماناداری هەیە بۆ هەردوو ئایدیاكە، كە دژی چەواشەكـردنی جـوانی راستەقینەن لە تێكستی دەستكـرد و سـرووشـتگەرایی لەلای هـونـەر. بۆیە ئەو گەشەیەی كە سەرمایەداری لەرووی ئابوورییەوە بە خۆیەوە بینیویەتی و هەموو فۆڕمە جـوانـەكانی لە جەوهەرێكی بۆشدا كۆكـردۆتەوە و داپۆشیوە، ئەمە پانتاییەكی خەیاڵییە لەپێناو كوشتنی ئەو واقیعەی كە جـوانی بەرهەمدێنی لەنێو دیاردە ناشیرینـەكاندا، لێرەدا سەربەخۆیی لە ئایدیادا بۆ تێڕوانینی واقیعیانەی جـوانی هەستی پێدەكـرێت و دەزانین جـوانی چییە و مانای چییە، لەحاڵێكدا رەنگە ئەم چەمكە زیاتر لە مانایەكی هەبێت.

گـەمـەی زمـان بـە تـەواوەتی بـەشێكی گـەورە لـە پانتایی ئیسـتاتیكا داگیردەكات، كەچی سەیر لەوەدایە كە بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونانەی سەرەوە،

(فینگشتاین) فەیلەسووفێکی ناسراوی ئەم بوارەیە، پێیوایە زمان پێناسەیەکی گشتی نییە و لێکیش جیانـەکراوەتەوە، ئەو دەڵێ: " گەمەی زمان وەکوو گەمەی کەرەستە پێویستەکانی ژیان وایە، خودی گەمە لێرەدا نموونەیەکی باشە بۆ بەکارهێنانی جیاجیاکانی وشەیەك، بۆ نموونە باسەکەش وەکوو شەترەنج و زار و مار گەمەیە، بەڵام ئێمە دەتوانین قسە لەبارەی گەمەیەکی سۆسیۆلۆژیا، یان پڕۆژەیەکی کۆمەڵناسی بکەین، یان بڵێین خەڵك دەتوانن فریوم بدەن، یان بەپێچەوانەوە.

نموونەی تێکستی باڵزاك لەرۆمانی باوکە گۆریۆ کە ئەحمەدی مەلا وەریگێڕاوە بۆ کوردی. لەوێدا جیاوازی هەیە کە وەسفێکی واقیعی هـونـەری داوە بە تێکستە درامییەکانی، هەروەها ئەو گوتارەش کە بەرگرییەکی ئینسانی جـوانە لە چینی هەژاری ئەو سەردەمە، کە جووتیارەکان بوونە، هەر لەبەر ئەمەش بوو ئیمیل زۆلا بەرگری لە تێکستەکانی دەکـرد، چـونکــە توانیبووی داستانی هاوچەرخ دروست بکات، لەو چێژە ئیفلاسییەشەوە کە لەنێو کەسایەتییەکی تری پایە نزمەوە کەسێکی مەزن دەربخات، وەختێك دەیەویست بە پێ خاوسی بەسەر شۆستەکانی پاریسدا رێبکات و دڵنیایی بدات بە کەسایەتییەکانی دیکەی ترسێنراو، هەروەك چۆن هۆمیرۆس لە تەروادەدا کـردی و لە رێگەی ئەسپێکەوە شۆڕشی کـرد و بوو بە نموونەی بیرۆکە شۆڕشگێڕییەکان تا کۆتایی رێنیسانس، ئەمە مەرجی نموونەی شازی ئەدەبە کە جـوانیناسی بەسەر پراکتیك دەکـرێت، ئێمە لێرەدا پێویستمان بە ئەدەبی ئەخلاقی هەیە تاکوو رەخنە بگرێت، یان دەقێکی جـوان بخوێنێتەوە، چـونکــە بەبی ئەو ئیلتیزامە ئەدەبییە مومکن نییە ئینسان ئازادبکـرێت دەقێکی جـوان بدۆزێتەوە، هەر ئەمەیە کە هـونـەر دەکەوێتە ژێر بوارە مەعریفییە ئەخلاقییەکان.

دەبێ ئەوەش بدرکێنم کە جـوانی رێگاچارە نییە، بەڵکوو خۆی بەشێکە لە کێشە، کێشەی هـونـەر خودی هـونـەر خۆیەتی، کەواتە با بیر لە هـونـەرێك بکەینەوە کە هـونـەر نییە، ئەوەی لە کتێبخانـەکان و مۆزەخانـەکاندا هەیە،

جوانن و لەگەڵ زەمەنی خۆیاندا رۆیشتن، جوانتر ئەوەیە ئەو جوانییەی کە ماوە، بیخەینە سەر لیباسی کرێکارێك بۆ ئەوەی چیتر نامۆ نەبێت لەوەی بەرهەمەکەی بۆ خۆی نییە، یان بۆ کەسێکی هۆم لێس، واتە بێ نەوا کە پێویستی بەوەیە لەو هەموو ناهەمواری و ناحەزییەی ژیان جوانییەك وەکوو تروسکاییەك بۆ ژیان و ئومێد ببینێتەوە.

*** دەڵێن جوانی رێژەگەراییە و موتڵەق نییە. ئەمە یانی چی؟**

سمکۆ محەمەد: خاڵێك کە مەرجە باس بکرێت بەر لەوەی موناقەشەبکەین لەسەر خودی چەمکی جوانی یان جوانیناسی (ئیستاتیکا)یە، دەبێ لەوێوە دەستپێبکەین کە جوانی چەمك نییە و ئاکتێکی سرووشتییە، ئەو ئاکتەی نابینرێت ئەگەر چاوێکی هۆشیاری لە پشتەوە نەبێت، واتە جوانی ناپێورێت، چونکە ئەزموونێك لە رێگەی چەمکەوە دەرکی پێناکرێت و پێناسەناکرێت، بۆیە خۆپاراستن لە چەمکسازی واتە ئەخلاقێك کە عەقڵ مەبەستێتی هاندەری بینین بێت بۆ چاو، ئەمە بەشێکە لە تێڕوانینی چاوی هۆشیار بۆ سرووشت و کەرەستە ئیبداعییەکان. لێرەدا مەودایەکی کاتی هەیە کە پێی دەگوترێت بەدیعی واتە کاری داهێنەرانە، ئەم تێگەیە لەلای هەندێك بە تێڕوانینی شەیتانی ناودەبرێت، چونکە خزانی شتی بچووك واتە دنیای شتە بچووکەکان بۆ نێو دەقێکی گەورە و باڵا، واتە (الادب الرفیع) وەکوو عەلی ئەلوەردی کۆمەڵناسی عێراقی دەڵێ: "هەموو دەقێکی باڵا زیاتر لە تێڕامانێکی گەرەکە وەکوو ئەوەی ئەدەبی یۆنانی و جاهیلی و ئەفسانەی کۆمەڵگەکانی وەکوو هیند و چین و ئیتاڵیا و میسر و ئێران و هەموو دەوڵەتە رەسەنەکان، رەنگە هەر ئەمەش بێت کە زیاتر لە ئەفسانەیەك لە دنیای ئەو کۆمەڵگە رەسەنانە هەیە".

بۆ نموونە ئاو پێویستییەکی ژیانە و موفرەدە و زادەی سرووشتە، کەوتنە خوارەوەی ئاو لە ئاسمانەوە یان لە پانتاییەکی دیارەوە، واتە کارێکی ناوازەی دەرەوەی ئیرادەی ئینسانە، ئەگەر مەبەست لە کاری سرووشتی بێت، بەڵام بەپێچەوانەوە پیسکردن و دەستکاریکردنی سرووشت کە کردەی ئینسانە،

وەکوو ئەو تێگەیشتنەی دەقی (فاوست)ی گۆتەی ئاڵمانی لێدێت، کە دەبێتە کاری شەیتان و شتەکان و موفرەدەکان پیس دەکەن، لێرەدا شەیتان بە مانای بۆچوونی ئیسلامگەرایی نایەت، بەڵکوو ئەو شەیتانەی کە مانای دژە فەزیلەتە بۆ کردەوەی ئینسانە، کە زۆر جار لەنێو شتە بچووکەکاندا زیاتر دەردەکەوێت، واتە لەنێو هەموو شتە جوانەکان شتێکی خراپ و ناشیرین زەق دەبێتەوە، بۆیە بەو پێیەی کە فۆرم وتەزایەکە کلیلی سەرەکی جوانیناسییە و لەوێوە دوالیزمەکەی خێر و شەڕ جودادەکاتەوە لەرووی ماناوە، بە گوتەی هیگڵ بێت خودا لە سرووشت و هونەر لە شێوەی جوانی دەرکەوتووە، خوا خۆی بە دوو شێوە دەرخستووە، زەینی و بەرهەست، واتە عەینی کە بینین دەکات، بەو مانایەی خودا خۆی لە سرووشتدا وێناکردووە، بۆیە **بە بڕوای هیگڵ هەقیقەت و جوانی یەك شتن**، جیاوازییەکەش ئەوەیە کە هەقیقەت جێگای تێڕامانە و جوانیش ئایدیایە و دەرکەوتەی شتەکان و سرووشتە، کەواوبوو ئەم تێگەیە ئەگەرچی ئاڵۆزە و بەشێکە لە کۆی ژیاری رۆژئاوایی کە لەراستیدا لە رۆژهەڵاتیان وەرگرتووە، چونکە هەقیقەتی مێژوویی لەو بابەتانەوە دەستپێدەکات کە لەرۆژهەڵاتەوە سەرچاوەیان گرتووە، دەردەکەوێت کە کلیلەکە چۆن دەرگای بینینی جوانییەکانی سرووشت دەکاتەوە، بۆ نموونە ئەو توخمەی کە دەمانەوێ باسی بکەین و بەشێکە لە فەلسەفەی جوانی، جگە لە فۆڕمەکەی، ناوەڕۆکی پەیکەر یان فیگەر یان پانتایی دەق و کارە هونەرییە جیاوازەکان، یان بەتایبەت چرکاندنی وێنەی سرووشتە لەرێگەی فۆتۆگرافەوە، هونەرناسی لێرەدا دەردەکەوی کە ئایا وەکوو یاسا وەزعییە؟ یان سرووشتی؟، دەستکردی خودایە یان ئینسان کە پێی دەگوترێت داهێنان، یەکێکیان لەدەرەوەی ویست کردەی ئینسانە و ئەوی دیکە ویستی غەریزی ئینسانە، بۆیە فیگەرێکی داهێنەرانەیە و بەکاری سرووشتی وەکوو ماتریالیستی و بە کاری خودایی وەکوو میتافیزیکی ناودەبرێت، هەروەك ئەوەی کە مایکڵ ئەنجیلۆ و پیکاسۆ و داڤینشی و رامبرانت و تێکستی ئەفسانەی یۆنانی و رۆمانی و سۆمەری و میسری و هیندی

و چینی و تا دەگاتە رۆژهەلات کە بریتیین لە هەردوو هـونـەری تەلارسازی سامەڕا و بابل و ... تاد. لەحالێکدا ئەمە جـوانییەکی هەمەگیرە، کە خودێکی تایبەتیان لەپشتەوەیە. هەروەك چۆن لە پشت دوا شێو خواردنی عیسا، کە لیوناردۆ داڤینشی کـردوویەتی و دەیەها تێڕامانی بۆ کـراوە و فرۆید سایکۆلۆژیایانە قسەی لەسەر کـردووە، کەسێکی حەتمییەتی مێژوویی و تێکست و چیها قسەی هـونـەری لە پشتەوەیە، کە تا ئێستاش موناقەشەی لەبارەوە دەکـرێت، کە پێیدەگوترێت جـوانیناسی رەنج. واتە کەسێك رەنجی داوە بۆیە جـوانی دۆزیوەتەوە لە دەرەوەی سـرووشـت، ئەمەیە جیاوازی نێوان رەها و رێژەگەرایی جـوانی.

ئەفلاتوون لە زمانی سوکـراتەوە باسی ئەوە دەکات، کە دەکـرێت جـوانی لە رێگەی خۆشەویستییەوە بەدی بهێنرێت، چـونکــە خۆشەویستی شتێکی تەواو ناکۆکە لەگەڵ ئارەزوو و دیاردە غەریزییەکانی دیکەی جەستە و روحی ئینسان، تەنانەت بۆ ئاژەڵیش تاڕادەیەك ئەم تێگەیشتنە تەواوە، ئەفلاتوون بۆیە ئەم تێگەیشتنەی هەیە، چـونکــە بۆ خۆی خۆشەویستییەکی سۆفیگەرانەی هەبووە و پێی وابووە مـرۆڤ دەبێ دێوانە و تواوەی نێو روح بێت و تەواو خۆی پاك بکاتەوە لە شوێنەواری ماتریالی، کە کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر روحی هەیە، هەر ئەوەی لە بابەتی ئەشکەوتەکەدا باس لەو خۆشەویستییە دەکـرێت کە ئەفلاتوون لە کتێبی کۆماردا دەیگێڕێتەوە، ئینسان لە سەرەتادا هەوڵدەدات شتێکی جـوانی خۆشبووێت، تاکوو بگات بە قۆناغی ناوەوی شت، یان ئەو ویستەی کە رۆح دەهەژێنی و لە جەستە و ماتریاڵدا هەستی پێناکـرێت، لەلایەکی دیکەوە ئەوەی سەلماندووە لە ئەنجامی ئەزموون کـردنی موتڵەق، دەرکەوتووە کە رێژەگەرایی بۆ جـوانی ئارەزووی حیکمەت و ئەخلاقیات و زانین ناشیرین دەکات و تەواو جیاوازە لەگەڵ تێگەیشتنی رێژەگەرایی، بەو پێیەی کە رەهاگەرایی تاکە مەعریفەیە کە ئینسان لە رێگەیەوە دەگات بە جـوانی و خۆشەویستی، ئەمە لەلای ئیبن عەرەبی و رابیعە عەدەوییەش دەرکەوتووە، کە رەهاگەرایی بۆ هەر

شتێکی نالۆژیکی بێت، بەلاّ م بۆ جـوانیناسی و روح، جودا لە جەستە و ماتریال، تەواو تێگەیشتنێکی جالب و تەواوە، ئەمە رۆشنبیرییەکە پێشتر ئەفلاّتوون بەلایەوە رێبازی عەقڵی بووە کە هەستەکان هەڵدەخەڵەتێنن، چـونکــە سرووش و هەوەس خۆشەویستی لە هەموو زانینێکی دیکەی دەرەوەی ماتریالی، هەقیقەتێکی رەهای تێدایە، وەکوو گوتمان جـوانی تەنیا لە ماتریاڵدا نییە و مەسەلەی خۆشویستنیش ئیدیاڵێکە بە ئەدەب و هـونـەری باڵاوە دەنیشێتەوە.

بەڵام دیسان دابڕانە مەعریفییەکە لێرەوە دەستپێدەکات، کە ئەرستۆ دوای ئەفلاّتوون هاتووە تەواو جودا لە تێڕوانینی ئەو، جیاواز بیردەکاتەوە و چەمکێکی گشتی بۆ هـونـەر دەهێنێتە بەردەم لێکۆڵینەوەوە، بۆ نموونە ئەو شاربەدەر کـردنە شیعرییەی ئەفلاّتوون لە کۆمارەکەیدا، بەلای ئەرستۆوە کارێکی ناتەواوە، لە دوای ئەو جـوانی لە شیعردا دەبینێتەوە و گرینگی بە ئەدیبانی گریك دەدات و بە تایبەتیش سۆفۆکلیس و هۆمیرۆس، ئەمە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەفلاّتوون باسی لاسایی کـردنەوە دەکات لە ئەدەبدا و بە داهێنانی نازانێت و بە دابڕانیشی نازانێت، بەڵام ئەرستۆ ئەمە بە دیوێکی تردا دەبینێت و لاسایی کـردنەوە بە هـونـەر دەزانێت و هەندێك لاسایی بە ئیقاع و مۆزیکەوە گرێدەدات.

(پۆل ڤالیری) تێبینییەکی هەیە وەکوو بناغەیەك بۆ ئیسـتاتیکا وەریگرتووە، پێیوایە هـونـەرمەندانی موزیسیار و شێوەکاری هەردووکیان لە مەترسییەکان و تەسککـردنەوەی پێکەوەلکاندنی ژیان  بە ئاسانی تێدەگەن، ئەوان بۆ کارەکەیان پەرۆشن نـەوەك ئەو کاتەی کە پێویستە، مەترسییەکەش لەوێوە دەستپێدەکات کە هـەمیشە لەخەیاڵدان ئاگایان لەو ژیانە نییە، کە پڕیەتی لە مەترسی لەناوچوون و پێکدادان و شەڕ و نەهامەتی، هـونـەر بۆ ئەوان وەکوو چۆن منداڵێك گەمەدەکات و دەکەوێتە فەزای تایبەتی خۆیەوە، بۆ ئەوانیش بەهەمان شێوەیە و ئاگایان لەو جموجۆڵانە نییە، کە لەدەوەرەی خەیاڵی ئەو هەن، بۆیە چێژی لێوەردەگرێت، ئێمە لە فەزای کوردیدا جۆرێك لەو هـونـەرمەندە میللییانەمان هەیە، کە بۆ خۆیان موزیکیان ژەنیوە وەکوو قالە مەڕە و گۆرانیبێژ حوسێن

عەلی و ئەحمەد شەماڵ، کە بۆ خۆیان گۆرانییان گوتووە نـەوەك بۆ بڵاوکـردنەوە و ناودەرکـردن، ئەوان لەسەردەمی خۆیاندا وەکوو چۆن ڤالیری نموونـەکەی پێشووتری بۆ هـونـەرمەندانی راستەقینە هێناوەتەوە، ئاگایان لەدەرەوەی خەیاڵ و فەزای خۆیان نەبووە چی دەگوزەرێت، جـوانترین وێنە لەلای من لە فیلمی تایتانیك ئەو کاتەیە کە موزیك ژەنـەکان لە عەبەسییەتدا بەردەوام دەبن لە موزیك ژەنین، چـونکــە دەزانن مەرگ حەتمییە و بەڕێوەیە، بۆیە بەئەو پەڕی تەحەددای ژیانەوە، کە زەمەنێکی کەمی ماوە بەردەوام دەبن.

ئەو هاوکێشەیەی کە لەنێوان موزیك و دەنگی سـرووشـتدا هەیە لە خوڕڕەی ئاو و دەنگی باڵندەکان و ...تاد، لە شوێنێکدا عەفەوییەتی پێوەدیارە، بەڵام کە ئەکادیمیا و نۆتە و بەرهەمی زانستی موزیکی تێکەڵ دەبێت، جـوانییەکەی بە بارتەقای پێشووتری نامێنێت، چـونکــە بە ناڕاستەوخۆ سانسۆڕی تێدەکەوێت، من لەدژی ئەو سانسۆرە قسەم هەیە، چـونکــە هـونـەر وەکوو رەنگدانەوەی کـردەی سـرووشـت وایە، وەختێك سانسۆرکـرا، ئیدی لە بەهای داهێنانە نادیارەکەی کەمدەبێتەوە، هەروەها بۆ بیسەر و بینەریش چێژی نامێنێت، گەڕانەوە بۆ نۆستالیژیای زەمەنی هـونـەری دەستکـرد و خۆڕسك بۆ بەردەوامی ژیان، بەتایبەتی لە ژیانی کوردەواریدا، بۆ نموونە لاوانەوەی ژنێك و دایکێك بۆ منداڵ و مێردەکەی یان ئازیزەکەی کە لەدەستی داوە، یان گەڕانەوە بۆ ژیان خاکێتی لە گوندنشیندا هەمان مەبەستی پێشووترمە لەبارەی لاسایکـردنەوەی زەمەنی بەسەرچوو لەبارەی هـونـەری خۆڕسکەوە، یان دروستکـردنی قالی و بەڕە و جاجم بۆ خەوتن و خۆ گەرمکـردنەوە، کە کاری دەستی بووە بەتایبەتی لەلای ژنان، نوستالیژیای هـونـەری کوردییە.

هەموو ئەو یەکانەی کە ناسراون و مەشهوورن و دواتر بەپێی زەمەنی گۆڕاو قەیدوبەندیان خراوەتە سەر، بە ناڕاستەوخۆ بوون بەنەریتێك و بۆ واقیعی گشتی ژیان و بەهای ماددیان نەماوە، چـونکــە دەسەڵاتێك دێت ئەمانە لە قالب دەدات و قیمەتێکی دیکەیان پێدەدات لە دەرەوەی قیمەتی خۆڕسکی خۆیان، کە بەر

لەهەر شتێك قیمەتی جـوانییە، ململانێی ئەدەبی جاهلی وەکوو دابڕانێك لەگەڵ ئەدەبی بەر لە مەعریفەی سەردەمی یۆنان و میسری کۆن، لەگەڵ ئەدەبی دوای بەناو جاهلییەت، دابڕانێکی فەلسەفییە کە بواری بۆ کۆمەڵناسی عەرەبی خۆشکـرد تاکوو لەرێگەیەوە ئەو چیرۆك و ئەفسانانە بدۆزێتەوە، کە کاریگەری لەسەر ئەدەب و هـونـەری تەلارسازی یۆنان و بالی و رۆمەکانی بەسەرەوە هەبووە، هەروەها مەسەلەی کۆمەڵایەتی و شێوەی هاوسەرگیری کە فۆڕمێکی تەواو جیاوازی هەبووە لەبەرامبەر ئەوەی ئێستا بۆتە نەریتی عەرەبی و رۆژهەڵاتی، کە کورد بە بێ ویستی خۆی و بە بێ ئەوەی پێی بزانێ کەوتۆتە ژێر کاریگەریی ئەو نەریتە کۆمەڵایەتییە ئایینییە، جگە لە دەسەڵاتێکی ئایینی سیاسی بەولاوە شتێکی تر نییە، کە ئیسـتاتیکا ئەمە وەکوو یەکەیەك بۆ ژیانی واقیعی قبوڵ ناکات و کار پێناکات.

ئەم دابڕانە فەلسەفییە لە بواری کۆمەڵناسیدا لەلایەکی دیکەوە بە کـردەیەکی غەریزی تەماشا دەکـرێت و بە ئسلوبێکی نوێیە. ئەو هـونـەر بە ئازادی مرۆییەوە گرێدەدات و پێی وایە خەیالگەری مرۆیی جگە لە فراوانبوونەوەی ئەم ئازادییە ناچێتە پێشەوە، ئەدۆنیس بە وردی بەدوای سەرچاوەی داهێنان و لاسایکـردنەوەدا گەڕاوە، ئەو باسی ئەوەی کـردووە لە کتێبی: (جێگیر و دینامیك)دا، کە عەرەبییەکەی (الثابت و المتحول)ە تێزی دکتۆراکەیەتی و لەچەند بەشێك پێکهاتووە، لە بەشی دووەمی کتێبەکەی باسی کێشەی لاساییکـردنەوەی کـردووە و پێیوایە بەردەوام گۆڕانکاری لە رەوتی جوڵانەوەدایە و بەپێی ئەو جوڵانەوەیەش کاریگەری لەسەر داهێنان و لاساییکـردنەوە هەبووە، بەو پێیەی کێشەی مەعریفی عەرەبی پشتی بەدەقی ئایینی بەستووە و لەوێشەوە ئەدەب و فکـری بە ئایین پێوانەکـردووە.

لیۆ تۆڵستۆی لە کتێبی: (هـونـەر چییە)، کە لێکۆڵینەوەیەکی فکـرییە بۆ داڤینشی و شکسپیر و ...تاد، لەوێدا باسی ڤیگەرە سـرووشـتییەکان دەکات و لێکچووەکان لەرێگەی هـونـەرەوە جودادەکاتەوە و کـردەکانیش مانای جیاواز،

ئەو لەو كتێبەدا پێیوایە ئەسپ و مـرۆڤ و دیمەن و جوڵاندنی شتێك، دەتوانین لەڕێگەی ئەوانەوە ناوی بنێین جـوانی، بەڵام كـردەوە واتە رەفتار و ئەخلاق و مۆزیك و بیركـردنەوەی جیاوازن لەیەكتر، ئـەگـەر جێگەی پەسەندیشمان بێت، سەرباری ئەوەی بەشێكن لە كایەی هـونـەری و جـوانیان تێدایە لە بینین و بیستن و چێژی روحی، بەڵام سەرەنجام دەتوانین بڵێین كە جێگەی پەسەند نین و خراپن، بۆیە جـوان تەنیا دەتوانین بە بەشێكی بڵێین جێگەی پەسەندی هەستمانە، واتە چەمكی جـوانی مانای چاكی تێدا نییە، بەڵام وشەی جـوان بە هیچ شێوەیەك مانای چاك نایەت، یان ئاماژە نییە بۆ ئەوەی جـوان چاكیشە، بە پێچەوانەشەوە.

هەروەها دەبێ ئەوەش بگوترێت كە رێژەگەرایی بۆ هەموو دیاردەیەك، كە پەیوەندی بە هیومانیزمی عەقڵییەوە هەیە راستە، چـونكــە دەركەوتووە رەهاگەرایی دەرەنجامی بیری رەهایە كە سنوور بۆ عەقڵ و ژیان بەگشتی دادەنێت، ئێمە ئەمڕۆ لەبەردەم ژیانێكی نوێین ئەویش ستایلێكی دیكەی تاكگەراییە، ئەو پارادۆكسەی كە ئینساگەلێك خۆی دوورخستۆتەوە لە سـرووشـت، ئەوانەش كە خۆیان بە بەرهەمی سـرووشـت دەزانن و پراگماتیكی لە جـوانی تێدەگەن، واتە سوودگەراكان خاوەن ئەم تێگەیشتنەن، ئەوەی كە ئەفسانە بۆمانی دەگێڕێتەوە و ئینسان بریتییە لە كائینێكی دیكەی دوور لەم نموونەیەی ئێستا هەیە، هەروەها ئەو چێژوەرگرتنەی ئینسانی ئێستا لەگەڵ رابردوو لە مەرجی ئەوەدایە، كە چۆن بتوانین ئەو دوو جۆرە ئینسانە لەیەكتر جودابكەینەوە، ئینسانی ئێستا كە رۆبۆتێكی بەكاربەرە و ئەوەی دوێنێ ئینسانی راستەقینەی تێكەڵ بەسـرووشـت بووە. كەوابوو رێژەگەراییەكەش جێگەی گومانە ئـەگـەر بەراوردی بكەین بە تێگەیشتنی هۆشیارانە بو جـوانی كە لەپشتییەوە عەقڵ هەیە.

*** ئەدی سەبارەت بەو دژیەکییەی بوون و سرووشت و ژیان لەسەر ئەم دەربڕینە چییە، لەبەرامبەر جوانی شتێك هەیە ناوی ناشیرین بێت؟**

– سمکۆ محەمەد: با لەوێوە دەستپێبکەم کە بۆچی ژیان بریتییە لە دوالیزم، هەروەك لە پرسیاری پێشووتردا باسمان لێوەکردووە، چونکە سەرەتا و بونیاتنانی ژیان ئایین و ئەفسانەی نێو ئایین و دەسەڵاتە ئایینییە ئایدیالییەکان دایانمەزراندووە، ئەمە وای کردووە کە ژیان بۆ هەموو شتێك دابەش بکرێت و لەبەرامبەر هەموو کردەیەکی خێر، کردەی شەڕ هەبێت کە دژەکەیەتی، لەبەرامبەر خۆشیدا، ناخۆشی و لە بەرامبەر جوانیشدا ناشیرینی، ئەمەش زیاتر لە جیاوازی نێوان شەو و ڕۆژدا پەیدابوو. بۆیە دەڵێم تێڕوانینەکە ئایینیی و تێگەیشتنێکی کۆنکریتی نەگۆڕە، بۆ نموونە میسرییەکان کاتی خۆی لە شوێنێکی زۆر هێمن و دوور لە کێشە دەژیان و هەموو شتێك دەستەبەر بوو، بەڵام بە هۆی نزیکییان لە ڕووباری نیلەوە، ئیدی ساڵانە دووچاری لافاو و کێشە سرووشتییەکان دەبوونەوە، ئەمە بووە هۆی ئەوەی ئەفسانە کەڵکی لێوەربگرێت بۆ دەسەڵات و قەناعەت پێکردنی خەڵك بەوەی ڕووباری نیل دوو وێنەی جوانی و ناشیرینی هەیە، کاتێك جوانە کە ئارامی بە خۆیەوە دەبینێ و کاتێکیش ناشیرین کە تووڕە دەبێت زریان بەرهەمدێنێت و لافاو هەڵدەستێت و دەبێتە مایەی لەناوبردنی هەموو کائینەکان، هەروەها ئەهرامەکانیش هەمان ئەفسانەی تراژیدی بەشەرییان لە پشتەوەیە، کە ئێستا بۆتە جوانییەك گەشتیار سەردانی دەکەن، مارکس لە کتێبی سەرمایەدا و لە بەشی یەکەم لاپەڕە ٢٨٤، باس لەوە دەکات کە کاری جوانترین تەلارساز لە کاری کارامەترین بوونەوەر کە هەنگەکان کەنوو دروستدەکەن بۆ خۆ بەرهەمهێنانەوە، کاری تەلارسازەکە لە تەونی جانجاڵۆکە جوانترە، چونکە تەلارسازێك بەر لەوەی دەست بە کارەکە بکات، بیر لەوە دەکاتەوە چۆن فۆڕمێك بە تەلارەکە بدات، بەڵام ئەمە دواجار بەرهەمی دەستی کرێکارە بەر لەوەی بەرهەمی تەلارسازەکە بێت، ئەم تێگەیشتنە لەنێوان هەنگ و جانجاڵۆکە وەکوو کائیناتی بەشەری سرووشتی و

کاری تەلارساز وەکوو دیزاین کاری شار و دەوڵەت و رازاندنەوەی سیستم، لە جوانیناسییەوە سەرچاوەی گرتووە، کە دواجار خەیاڵ بەرهەمی دەهێنێت، کێشەی هەرە گەورەی فەلسەفەی ئیستاتیکا ئایدیای نەگۆڕە کە مەبەست لە ئایینە، هیربرت رید لە کتێبی: (مانای هونەر)دا دەڵی: " لەوانەیە ئایدیا وەك باوەڕێك لە هیچ باوەڕێکی دیکە نەچێت، بەڵام دەبێت ئاگاداری ئەوەش بین کە تەنیا ئایدیای نەشیاوە"، بۆیە دەبێ ئایدیای ئایینی کە مەبەست لە جۆر و لقەکانی دیکەی ئایینی وەکوو جادووکردن و سیحر و هەوەسبازی ئایینی دووربخەینەوە لە هونەری ئەپستراکت، کە بەهای توانا هونەرییەکە لە سۆز و فێڵ و سەرسوڕمانی ئایدیای چەقبەستوو جودادەکاتەوە.

با بێمە سەر نموونەیەکی دیکەی دوالیزم بۆ دەربڕین لەسەر جوانی و ماناکانی دیکەی کە یادەوەرییە، بۆ نموونە ماڵ ئەو جێگەیەی کە شوێنی حەوانەوە و پاراستنمانە لە گەرمای هاوین و سەرمای زستان، ئەمە تێگەیشتنی کۆمەڵایەتییە بۆ شوێن، بەڵام بنچینەیەکی دانەریشە لە نووسین و ئەدەب و هونەردا، بۆیە نووسەری جددی لەماڵەوە دەستپێدەکات چونکە ماڵی کۆن ماڵی منداڵییە و سەنتەری راهاتنمانە لە شتەکان و دیاردەکان، بۆیە هەر کاتێك دەکەوینەوە ماڵەوە لە دیاردەکان دەڕوانین، کە لە ژیانی ماددی دووردەکەوینەوە، واتە دەبینە کەسێکی روحی، چونکە دیاردە هەستکردنە بە ئەمانەت و بەرگریکردنی مرۆڤ لە دووتوێی ماڵدا، ئەمە ماڵ لە دوالیزمی تێگەیشتنی جوانیناسی و کۆمەڵناسیدا بە دوو مانای جیاواز خۆی دەنوێنی، ئەم تێڕوانینە بە گشتی بۆ دەربڕین لەبەرامبەر شێوەی جوانی کە هونەر مانای چالاکییەکی جوانە و لە ماڵدا زیاتر بوونی دەسەلمێنرێت.

ئیستاتیکا لە بارێکی دیکەدا نمایش کراوە، کە هەندێکجار هەستی پێناکرێت، نموونەی سووربوون لەسەر پێداگیری ئاست نزمی و بانگەشە بۆ دیاردەیەك کە گوایە عەقڵمەند و ئەپستراکتە، ئەمە ئەو دەقەیە کە پرۆژەی فۆڕمی رەخنەیی جددی و رادیکاڵی لە سەرمایەداری گۆڕیوە بۆ بۆچوونی جیاواز

و قبوڵكـردنی ئەوی دیكە كە وەهمە، ئەو ستایشەی كە ناڕاستەوخۆی بەشێكی زۆر لە بیرمەندانی رۆژئاوا دەیكەن بەرامبەر ئەم سیستمە نوێیە، كە گوایە لایەنـەكانی گەشەسەندنی تەكنۆلۆژیا و عەقلانییەت و گەشەی مرۆیی لە بونیادە ئابوورییەكەوە سەرچاوەی گرتووە، فۆرمێكی وەزیفەیی هێندە ناشیرینە كە بە ئیسـتاتیكای رۆژ ناسراوە و لە كەمترین كاتدا و لە ریكلامێكی چەند رۆژەی هەڵخەڵەتێنەر بۆ فرۆشی كاڵا بەولاوە هیچی دیكە نییە، ئەم وەزیفەیە تابلۆ یان شانۆییەك یان جەوهەری شتێكی دیار نییە، بەڵام لە دیوی ناوەوەیدا و لە كولتوورێكی رۆژانەدا كە بەسەر ئینساندا سەپێنراوە، پێویستی بە شاهید نییە، سـەرمایـەداری دواهـەمین سـەپێنراوی بـەسـەر ئینساندا ئـەو تێكەڵكـردنـە كولتوورییەیە، كە هەم كەڵكی لە ئیشكالیاتەكانی بینیوە و هەم ئەو فۆڕمەش كە خودی ئینسانی پێ هەڵخەڵەتاندووە و گەرەنتی ژیانێكی نوێی پێداوە، مەبەستم لەو كۆنترۆڵەیە كە هەموو كایەكانی جیهانی گرتۆتەوە و ئینسانی ناچاركـردووە بە فۆڕمی ئیستاتیكی تەماشای بكات و لە شوێنێكی دیكەشدا بە ناوی فرە كولتوور و ملتی كەڵچەرەوە زەمینەی بۆ كێبەركێی نەتەوە و كولتوورەكان خۆشكـردووە و خۆشی وەكوو تەماشاكەری ئۆپێرا نیشانداوە بەناوی ئازادییەوە.

بەهەرحاڵ دێمەوە سەر باسەكە بە تایبەتی، قسەیەكی فەلسەفی ئیدیالیستی هەیە كە دەڵێ: (هیچ ئینسانێك و شتێكی ناشیرین نییە مەگەر خۆی ناشیرین بكات)، هەموو ئەو شت و كەرەستانە هەن، بەرهەمی سـرووشـتن و سـرووشـتیش هەم لەرووی ئیدیالیستی و هەم لەرووی ماتریالیستی یەك مانایان وەرگرتووە كە خالقەكەی دیار نییە، لەوی خودایە كە هەڵەناكات، لەلایەكی دیكەشەوە بوونێكە لەدەرەوەی ئیرادەی ئینسان كە هێزێكی دیكەی سـرووشـتە و هەڵەناكات، كەواتە شتێك نییە بەناوی ناشیرین مەگەر لە رووئیای ئینسانی تاك رەهەندەوە بێت، چـونكــە لەلای ئەوان هەندێك شت بە رێكەوتنێك بە جـوان ناسراوە و ئەوانی دیكە بە ناشیرین، بۆ نموونە سەگ لەلای كـریستانی وەكوو ئایین و كولتوور جـوانە و لەگەڵ ئینسان پێكەوە دەژین ،كە ئەمە لە یارانی ئەشكەوتدا وەرگیراوە

و قورئانیش باسی دەکات، کەچی لەلای رۆژهەڵات و ئایینی رۆژهەڵاتی و ئیسلام، بەبێ هیچ بیانوویێکی لۆژیکی سەگ کائینێکی ناشیرین و بەدە و لە هەندێ کاتیشدا جنێودان و قسەی نەشیاوە، لەحاڵێکدا ئەم کائینە لەگەڵ ئینسان دەژی، کەچی ئینسان بۆ خزمەتی خۆی بەکاری دەهێنێت ئـەگـەرنا بە کائینێکی ناشیرین و قێزەون تەماشای دەکات، ئەمە جیاوازییەکەیە لەنێوان هۆشیاری و ناهۆشیاری و دوو گوتاری ئایینی جیاواز بۆ ئەو کائینانەی لەگەڵ ئینسان دەژین.

رۆلان بارت دبێژی خۆشی دەق گوێ ناداتە ئایدیۆلۆژیا لەگەڵ ئەوەشدا ئەم چاونەترسییە لەبەر ئازادیخوازی نییە، بگرە رازیبوونی دەقە کە خوێندنەوەکەی لەهەردوو باردا دابەشکـراو و جیاوازن، بۆیە ئەو شتەی بە رێژە شکاوە کە ئەخلاقییە و کۆمەڵگە لەهەر بەرهەمێکی ئینسانی دەوێ، لێرەوە پەیوەندی ئەخلاقی و هـونـەر دەست پێدەکات، ئیدراکی هـونـەری هەڵوێستێکە لەبەرامبەر ئەو کەسەی درکی بە هەڵوێستێك کـردووە کە ئامانجدارە، خۆ ئـەگـەر نزیکی بکەینەوە بابەتەکە لە ئەخلاقەوە ئامانجی نامێنێت، راستە کە هەر شتێك ئامانجی نەبوو، بوونیشی روون نییە لە ئەخلاق تەنیا لە دوورەوە نەبێت، یان ئەوە نەبێت بەلایەنی کەمەوە وێنەی یەکەم یان بە مانایەکی وردتر مورادفی ستایلێکی مەلموس لە بوراێکدا کە بواری ئەخلاقی نییە، بەڵام ئاماژەیەکە بۆ بواری هـونـەری، لەبەرئەوەی ئیسنان کە تەواودەبێت لەبەرژەوەندییە کەسییەکانی خۆی ئـەگـەر بۆ چەند کاتژمێرێکیش بێت، هەموو سەرقاڵییەکانی لەبیردەچێتەوە و پاك دەبێتەوە، ئەلێرەوەیە بۆیەیەکی ئەخلاقی لە هـونـەرەکەیدا وەکوو رەگەزێکی ئەخلاقی بەکارەکەیەوە دەبینرێت، تەنانەت ئـەگـەر کارەکە ئەخلاقیش نەبێت، تیۆرییەك هەیە بە ناوی شۆرش و شۆڕشی جـوان و ناشیرین وەکوو نێگەتیڤ و پۆزەتیڤ، یەکێك لەو تیۆرانینە تێگەیشتنی (مارسل پرۆستە)، کە یەکێك لە بیرمەندە جـوانیناسەکانە، بڕوای بە نموونەی پەیوەندی جـوانی و هـونـەری جـوانیبینییە، بەم نموونەیە پرۆست ئاسانکاری بۆ ئەو پێشکەوتنە لە پەیوەندی نێوان هـونـەر و ئەدەب و فۆتۆگرافییەوە هەیە لەلایەك، لەنێوان

ئەدەب و مۆزیك لەلایەكی ترەوە، بەم پێیە تێڕوانینی هـونـەری تێڕوانینێكی شۆڕشگێڕانەیە كە جگە لە داهێنەرانی سەدەی بیست بەولاوە لە ئێستادا نایبینین، ئەمە تێڕوانینی مارسل پرۆستە كە جـوانناسێكی سەدەی رابردووە، بۆیە لێرەدا سەربەخۆیی هـونـەر دەبینین و ئەو یەكێتییە دەبینین، كە لەنێوان هـونـەری شێوەكاری و گوتار و نووسیندا هەیە، ئەو شتانەش كە جـوانیان تیدایە و هێشتا ئاشكـرانـەكـراوە، وردەكاری و تێگەی تێڕامانە فكـرییەكانە، كە لەسـرووشـتـەوە بووە بە سەنعەت هەروەك ئەوەی لە خەیاڵی شیعریدا هەیە، كە زۆر جار وەزیفەی شۆڕش دەبینێ.

هەر لەم سۆنگەیەوە كە باسی شۆڕشگێڕیمان كـرد، كاریگەری ئیدیۆلۆژیا هەیە كە كەمتر لە مەسەلەی هـونـەردا باسكـراوە، هەڵویستی هـونـەر كە هـونـەرێكی چینایەتییە یان هەڵوێستێكە لە ململانێی بازنەییە لەم چەرخەدا كە لەنێوان چینی حاكم لە هێزی بەرهەمهێنان و چینە ناڕازییەكان لەلایەك، هەروەها دیاردەی كۆمەڵگە لەنێوەخنی كۆمەڵگا كە رەنگدانەوەی خودی كاری هـونـەرییە. لە راستیدا ئەمە بەشێكی مەسەلەی ئەخلاقی هـونـەرییە جا لە رووی شۆڕشی پرۆلیتاریاوە بێت یان ئەو مێژووە بێت، كە بەهای ئەو رەخنەیە بێت، كە لە ئاستی حوكمداریدا بەهایەكی تری هەیە.

*** ئەی ئەو پرسیارەی سیما و روخساری مـرۆڤ بە رەفتار و هەڵسوكەوتەوە گرێدەدات؟**

– سمكۆ محەمەد: رەفتار و روخساریش مەرجێكی تەقلیدی ئینسانە بۆ جـوانیناسی و جـوانی بینی، تاوان بەشێكە لە رەفتار، ئـەگـەر بە راشكاوی قسە بكەین ئەوانەی شەڕدەكەن جگە لە سەركـردەكان، واتە بانگخواز و واعیز و بازرگانی شەڕ و دەستەبژێری سیاسی و نووسەر و ... تاد. لە جەنگاوەر خراپتر تاوانبارن لەوانی دیكە، لەوانەیە جەنگاوەرە یاخییەكان هیچ تاوانبار نەبن، چـونكــە ئەوەی كە لە جەنگی دووەمی جیهانی یاخی بوون و بەدارە گەورەكانی ئاڵمانەوە هەڵواسران و ناویان لێنرا خیانەتكار، ئەوان كەسانی جـوان و

جوانیناسی ئینسانی بوون و بێ ئەخلاق نەبوون، کەچی وەکوو رۆماننووسی بەناوبانگ گۆنتەرگراس دەڵێ: "کەس نەبوو دوای جەنگیش سومعەتیان بۆ بگەڕێنێتەوە، هەروەك ئەوەی لە یەکێتی سۆڤیەتیش هەبوون بەبێ تاوان دەکوژران لەپێناو ئیدیۆلۆژیای ساختە و سیاسەتی ساختە"، بۆیە زۆرن ئەوانەی دەبنە قوربانی سیاسەت و زانینی دۆخ و هەلومەرجی دیاریکراو، بەو پێیەی کە ئەو دۆخە دروستکراوانە، سیناریستیان هەیە و ئەوانی دیکەش وەکوو کارێکتەری پاڵەوان و کۆمبارسی فیلم نین، ئەوان تەنیا نەخشەرێگەیان داناوە، بەڵام ئەوەی کە ئیدیۆلۆژیا دەکاتە فاکت و واقیع و پراکتیکی دەکاتەوە، ئەوان تاوانبارترن، بەو پێیەی کە تێزی جەنگ دەکەن بە قینی کۆمەڵایەتی، ئەمە مەودای دووری نێوان ئیدیال و ماتریال شیدەکاتەوە، کە کێ و چۆن توانراوە تەمسیل رادەستی بەرهەمهێن بکرێ و ببێت بە پراکتیك. لێرە رەفتاری کۆمەڵایەتی دەردەکەوێت، کە ئایا ئەخلاق لەکن چ گرووپێك و توێژێك جێگەی خۆی کردۆتەوە و چۆن رێگری بۆ دروست دەکرێت و چۆنیش پێشوازی لێدەکرێت، هەروەك چۆن ئەوەی لە ئەدەبی جەنگ لەلای ئەلیکسندەر بێرت لە رۆمانی (ترس و جورئەت)دا باس لە پاڵەوانی وەهمی دەکات، کە چەند جوانە لەبەر بەرائەتی خۆی کە بەرگری لە نیشتیمانێك دەکات و نیشتیمان شوناسی ناداتێ، ئیدی فەرماندەکە بە سەرهەنگە کازاخستانییەکە دەڵێ: "تۆ بۆ کێ دەجەنگی، ئەویش پێی دەڵێ لەپێناو نیشتیمان، فەرماندەکە پێی دەڵێ: (تۆ خاوەنی ماڵ و منداڵیت؟) لەوەڵامدا دەڵێ: (بەڵی). دیسان دەپرسێت: بە ماڵەوەت گوتووە دێمەوە؟ ئەویش دەڵێ: (بەڵی ئەی چۆن ئێمە سەردەکەوین)، فەرماندەکە پێی دەڵێ: هەی گەمژە کەس هەیە بۆ جەنگ هاتبێت و بەنیازی گەڕانەوە بێت، ئەگەر وابێت ئاڵمانەکانیش کە دوژمنی ئێمەن ئەوانیش دەگەڕێنەوە، هیچ کەسێك ناگەڕێتەوە ئەگەر بەڕاستی بۆ جەنگ هاتبێت". ئەمە ئەو وتوێژەیە کە جوانی هەقیقی تێدایە و دەبێ لەنێو تێکستدا بدۆزرێتەوە، پاڵەوانی وەهمی لێرەدا دەردەکەوێت کە چۆن و لەپێناو چی بەرهەمدێت و ئامانجەکە چییە. کەوابوو رەفتار مەرجی لە ئەخلاقی دیارەوە

جوانی تێدابێت، بۆ نموونە کەسێك نیشتیمانپەروەرە و ئەخلاقی جوانە، بەڵام چونکە هۆشیار نییە رەفتاری ناشیرینە و خیانەتکارە بەهۆی نەشارەزاییەوە.

*** چ وەك ناخ و قوڵایی جەستە یان جەستە، ماددە و جوانی، دەکرێ ئەو جیاوازیانە بدۆزینەوە لەنێوان رۆح و جەستە و روخسار؟**

- سمکۆ محەمەد: لیۆ تۆڵستۆی لە کتێبی هونەر چییە؟ دەڵێ: (چەمکی جوانیم وەك دروستکەری بابەتی هونەر رەتکردۆتەوە، چونکە جوانیم وەکوو بابەتی هونەر ناساندووە، بۆیە ئەگەر لۆمەشم بکەن دادپەروەرانە نییە، چونکە ئەوەی ناوەڕۆکی جۆرە جیاوازەکانی هونەری رازاندۆتەوە، لە جوانیدا نییە، بەڵکوو لە هەستی شادیدایە لە تێکەڵی هێڵ و رەنگەکانە کە هونەرمەند ئەزموونی دەکات). ئەم بۆچوونە مانای وایە کە هونەر جگە لە فۆڕمەکەی کە بە جوانی رواڵەتی ناسراوە، بە پێچەوانەوە لەجەوهەریدا هەست و رۆحی هەڵگرتوە، ئەگەر پێچەوانە بێت ئەوا بابەتەکە بەتاڵە، رەنگە بابەتەکە لە پەسەندێتی گرووپێکدا یان ستایلێکدا بێت کە گرووپێکی عەبەسی یان قوتابخانەیەکی نوێ وەرگیرابێت، بەڵام نابێتە ژانرێکی زیادە و نوێ بۆ سەر چەمکی جوانی بە مانا فکرییەکەی، بۆ نموونە لە هونەری شێوەکاریدا بە هەموو رەگەزەکانییەوە، هەموو ڤیگەرەکان درۆیینەن و چەوت بێ تەشریحن وەکوو ئەکادیمیا و بابەتی ریالیستی، بەڵام ئەگەر مانای خۆیان وەکوو روحیەتی هونەری بەدەستەوە نەدا، ئەوا بە هونەری خراپ دەناسرێت، سا با ئەو هونەرە هەر جەستەی ژن وەکوو سێکس یان سرووشت وەکوو سەوزایی و راستەقینە خۆیان نمایش بکەن، بەڵام سەرەنجام هونەرەکە موزەیەفە و مانایەك بەدەستەوە نادات کە چێژ ببەخشێت، بۆیە روح مانایەکی دیکە بە هونەر دەبەخشێت کە تەنیا خوێنەر یان چاوی هۆشیاری هونەری دەیناسێت و لەبەرچاوی دەگرێت، بەڵام دیسان لێرەدا چاو بە تەنیا ناتوانێ چێژ وەربگرێت، ئەگەر هۆشیار یان مەعریفەیەك لە پشت ئەو تەماشا یان بینینەوە نەبێت، نموونە کارە تێکچڕژاوەکانی کاندنیسکی یان هەندێك لە

کارەکانی ڕێنوار و رامبرانت، یان مۆزیکی باخ و ...تاد ئـەگـەر لە ئەفسانە و چیرۆکی هەزار و یەك شەوە و کلیلەو دیمنە و ...تاد شارەزاییت نەبێت، مەحاڵە لە تێکستێکی هـونـەری تێبگەی یان چێژی تەواوی لێوەربگریت.

لە ڕاستیدا سوریالییەکان ئـەگـەر ڕەوتێکی هـونـەری ئۆپۆزسیۆنی سەردەمی خۆیان بوون و دواتر بوون بە قوتابخانەی هـونـەری، بەڵام نەریت و عورفیان وێران نـەکـرد یان درۆکـردن بە ناوی لۆژیکەوە وەکوو ئەوەی پێناسەدەکـرا، بە پێچەوانەوە جۆرێکی دیکەی تەسەووف بوو لەگەڵ هـونـەر بۆ گەیشتن بە هەقیقەت، ئەو ماوەیەی ١٩١٤ تا ١٩١٨ جەنگی جیهانی بوو، ئەو کاتە ئینسان پەیوەندی بە لۆژیکەوە نەمابوو، تەنیا ئەوە نەبێت بخەوێت و کە هەڵسا لەخەو وێنای بکاتەوە بە نووسین و بە هـونـەری شێوەکاری و بە شانۆگەری، هەموو ئەم بەرهەمە کارانە دنیایەکی نوێی خوڵقاند، کە ئەویش تێڕوانینی باڵا و لە ڕادەبەدەر بوو بۆ جـوانیناسی و بۆ هـونـەر، بە پێی قسەی فلۆبیر بێت، ئەخلاقیاتی جـوانی لە خودی جـوانیدا کۆدەبێتەوە، لە بابەت جـوانیشدا شتێك نییە جـوان و ئەوتریش ناشیرین مادام چەند ئسلوبێکی تێڕوانین هەیە و بەرێگەی جیاواز بۆ شتەکان، لێرەوە دەبینین کە جـوانی هەموو شتێك هەڵدەمژێت و دەبێتە ئەخلاقێك کە بەلای ئیسـتاتیکا واتە جـوانیناسیدا دەشکێتەوە.

*** تێڕوانینی تەمەن بەرامبەر جـوانی لەچاوی پیرێك و منداڵێکی وەك یەکن یان جیاوازیان هەیە؟ ئەدی پرسیارێکی دیکەش هەر لەگەڵ ئەم پرسیارەی گرێ دەدەم: ئەدی تێڕوانینی تاکی ڕۆشنبیر و کەسێکی ئاسایی، یان خەڵکی شارنشین و گوندنشین یان ڕۆژهەڵاتی یان ڕۆژئاوایی، ئایینی یان عیلمانی جیاوازیان چییە؟**

سمکۆ محەمەد: هەموو شارەزایی بوونێك کە زەمەنی لە پشتەوەیە، بریتییە لە تێکەڵبوون لەنێوان کائیناتی بەشەری و ئەو ژینگەیەی کە ئامانجی تێربوونی پێویستییەکانی بووە، ئـەگـەر هاتوو شارەزاییی بوونـەکە سەرکەوتوو بوو، بەو پێیەی کە گرێدراوی نێوان یادەوەری ڕابردوو و پێشبینییەکانی داهاتووە، ئەوە

شارەزاییەکی تەواوە، ئەمە مانای ئەوەیە کە ناسین و ناسینەوەی جوانی لە رابردوودا تەنیا شتە مەلمووسەکان نییە، بەقەد ئەوەی بەشێکی لەو یادەوەرییانەیە کە لە داهاتوودا دەبێتە ئەفسانە بۆ کەسەکە، هەروەکوو ئەوەی ئەرستۆ لەبارەی شانۆوە گوتوویەتی: (هەموو کەسێك سەرەتا و نێوانی هەیە، بەڵام کۆتاییەکەی سیفەتێکی زەمەنی هەیە)، ئەم دیوە کە مانای شارەزایی پێدراوە، تەنیا لە پێشانگا و مۆزەکان و کتێبخانەکاندا نییە بۆی بگەڕێین و جوانی تێدا ببینینەوە، هەندێکجار کارێکی دەستی رۆژانەی کچێك بۆ بژێوی ژیان کردوویەتی، یان ئەو کچەی کە ناوی لیزایە و لە شاری گۆتنگنی ئاڵمان پەیکەری بۆ کراوە، رۆژانە قازێکی هێناوە بۆ فرۆشتن، تاکوو بەردەوامی بە خوێندنەکەی بدات، ئێستا زانکۆکە بەو ناوەوە ناسراوە و بەشێکی تایبەت هەیە بە (ئیستاتیکا) و ساڵانە دەیان خوێنکار دەردەچن و بڕوانامە بەدەست دەهێنن، ئەمەی لیزای شۆخ و شەنگ کردوویەتی، رەفتارە نەوەك کردەیەکی هونەری، بەڵام دواجار وەکوو کردەیەکی ئەخلاقی بەرهەمدێتەوە و دەبێتە کاری زەمەن و یادەوەری کە لەنێوان نەوەکاندا دەست بەدەستی پێدەکرێت.

ئایا جیاوازی لەنێوان جوانی دیمەنێکی راستەقینە و جوانی تابلۆیەك لە بنچینەدا چییە؟ وڵامی پۆزەتیڤ ئەوەیە کە سرووشت خۆی بەرهەمدێنێت و هونەریش دیکۆمێنتی ئەو دیمەنە کۆنانەی کردووە، کە سەردەمانێك هەبوون و لەناوچوون، کە ئەمەیان کاری فۆتۆگرافە. ئەوەی دووەم کاری هونەرە کە جوانی و خووپێوەگرتنی شتی جوان کە مرۆڤ خۆی بەخۆی دەبەخشێ و وەختێك ئەم سیحرە ئاشکرانەبێ، با هەر بڵێین سرووشت کاری جوانی کردووە، ئەگەر وردنەبین کەواتە هیچ چنگ خستنێك بەدیدە وەرنەگیراوە.

جوانیناسی بەپێی نەریت، ئەو فۆرمەیە کە کرداری ئینسانی وا لێدەکات پێویستی بە هیچ جۆرە بیانوویەك نییە بۆ بەرژەوەند خوازییەك نەمێنێت، بەڵکوو ئامانجە بنچینەییەکان و هۆکارە تایبەتەکان بۆ خۆی فەراهەم بکات، ئەم مۆراڵە لە جۆرێك بەکارهێنانی توانای واقیعی و خۆ بە واقیعیکردن و دوور لە خەیاڵە،

ئـەگـەرچی ئەم تێڕوانینە کەمێك ڕیالیستییە، بەڵام هەقیقەتی بیرکـردنەوەیە لە خۆ بەرهەمهێنانی کەسایەتی کە لە هەر شوێنێك هـونـەر هەبێت، دەبی واقیع بینـەکان وا بزانن ئینسانییەت لەوێیە، ئـەگـەر ئەو هـونـەرە گوتارێکی نا شایستەی نامـرۆڤانەی لە پشتەوە نەبێت.

باشە با فەزایەکی تر واڵابکەم لەسۆنگەی ئەم پرسیارەوە، بۆچی هەندێك جـوانی هەیە کوفرە، ئەمە تێڕوانینی ئیدیالی کلاسیکییە و جۆرە مەیلێکی مێژووی بەر لەدایك بوونە، چـونکــە ئەو پەیکەرانەی کە لە پەرستگاکان بوون، کاری ئەو هـونـەرە بووە کە ستەمکارەکانی بەرز ڕاگرتووە و کـردوونی بە خوا، بەو پێیەی کە شوێنی ستەمکاری بووە، بۆیە ئەم جـوانییەی نێو ئەم جۆرە هـونـەرە کە لە سـرووشـت وەکوو ئەوانەی کە میسری کۆن و یۆنان و پەیکەر و کاری دارینی چین و نەرویژ و ...تاد، ئێستا لە ستەمکاری چوونە دەرەوە و بوون بە مایەی بەختەوەری بۆ بەشەر، وەختێك گەشتیار دەچێت بۆ بینینیان لەوە تێدەگات کە کوفر وەکوو چەمکێکی ئایینی وشك، هیچ مانایەکی نییە ئـەگـەر لە مێژوو دایبڕێت، بۆیە هـونـەرە کە بە هـونـەری باڕۆك ناسراوە، هەڵبەت هـونـەری باڕۆك بە مانای سەرسوڕمان و نغرۆبوون دێت لەنێو سیحری کارەکە، سۆزێکی خوڵقاندووە، بەتایبەتی کاری گرووپگەرایی و گواستنەوەی کەرەستەیەك لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە کە مانایەکی تایبەت دەبەخشێت، وەکوو ئەو پەیکەرەی بۆ ئازادی کـراوە لە نێوەڕاستی ئامریکایە و دیاری سەردەمی کۆنی فەڕانسەیە، ئەوەمان پێدەڵێت، کە کوفر لە ڕووی ماتریالییەوە مانایەکی دیکەی هەیە، مەبەستەکەش ئەو ئامانجەیە کە جارێکی دیکە ستەمکاری دەگەڕێنێتەوە. ئەلێرەوەیە تێڕوانین بۆ جـوانی بە تەمەن ناپێورێت، هەروەك ئەوەی کە لەڕووی فەلسەفییەوە دیکارت لەدوای سوکـرات کـردوویەتی و دواتریش کانت و هیگڵ درێژەیان پێداوە و دووبارەیان کـردۆتەوە، ئەم باسە دەمانباتە نێو مەسەلەی سیمبولەکانی عیشقەوە، کە لەتەواوی میتۆلۆژیای گەلاندا هەیە، بۆ نموونە هەر لە شیرین و فەرهاد و خورشید و خاوەر و یوسف و زوڵەیخاوە بگرە کە هەموویان

سیمبول و چیرۆکی دووبارەن و هەندێکیانیش میتۆلۆژیای تایبەت بە گەلێکن بۆ نەمری عیشق بەکارهاتووە، تا دەگەینە چیرۆکی رۆمیۆ و جۆلێتی شکسپیر و ئەو سیمبولانەی کە مەولانا جەلالەدینی رۆمی و حافزی شیرازی بەکاریان هێناوە وەکوو عیشقێکی تری روحی و دوورکەوتنەوە لە دنیا، لەراستیدا ئەمانە هەم بۆ ئەفسانە و هەم بۆ جوانکردنی ژیان و هیوابوونە بەدوارۆژێك کە غەریزە ئیسنان دەخاتە بەرەدەم پەلەکردنەوە و دەیکات بە عاشق، نەمری عیشق و پێکگەیشتنی عاشقەکان، دیوێکی تری جوانکردنی ژیان و زمانی زیندووەکانە، جوانی ئەفسانە لێرەدا لەنێو داستانەکاندا رەنگدەداتەوە. بۆ نموونە کە شیرین و فەرهاد یان خورشید و خاوەر یان یوسف و زولەیخا دەخوێنینەوە، راستەوخۆ ستەمکار وەکوو سیمبولێکی دیکەی دیوەکەی تری ناشیرینی ژیان زیندوودەبێتەوە، وەختێك رۆمیۆ و جۆلێت دەخوێنینەوە راستەوخۆ یۆلیۆسی قەیسەر دەبینین کە وێنەی ستەمکار بوو، لەوێشەوە خوێندنەوە بۆ شێوەیەکی تری ململانێی نێوان جوانی و ناشیرینی دەخاتە بەردەم هەڵبژاردنی ژیان، لێرەوەیە کە بەشێك لە فەزای جوانی ئەو سیمبولانانەن کە بەردەوامی بە ململانێ دەدەن و هیوایەك بۆ بردنەوەی ژیان دەخەنە بەردەم ئیختیار.

*** با لە بارەی جوانی نووسینیش بپرسین، زمانی دەق و دەربڕین و کەرەستەکانی نووسین و جوانکاری و رەوانبێژی، لەکوێی ئیستاتیکاوە خۆیان دەبیننەوە؟**

– سمکۆ محەمەد: زۆرن ئەوانەی لەبارەی ئیستاتیکای زمانی دەقەوە قسەیان کردووە، لەوانەش گادامیر و ژۆلیا کریستیڤا و چۆمسکی و سۆسێر، بەڵام لە هەموویان زیاتر رۆلان بارت موناقەشەی ئەم بابەتەی کردووە و لە کتێبی: (چێژی دەق) برێکی باش لەبارەی جوانی نووسین و چێژی دەق قسە دەکات و پێی وایە هەموو شتێك دەقە و دەقیش بریتییە لەزمان و پانتایی و هارمۆنیای دەنگەکان. دەستپێکی نووسین بۆ گێڕانەوە و دیوی ناوەوەی نووسین کە بەشێکی رەوانبێژی داگیردەکات، یان ستایلی دەربڕین کە

پێویستی به ئاخاوتنی نووسەرەوە هەیە بە مەبەستی جـوانینووسی، هەموو ئەوانە خاڵگەلێکن بۆ پرسی قالب شکێنی کە ئیشکالیاتی نووسینی لەگەڵ خۆیدا هەڵیگرتووە، هەڵبەت بێتوانایش هەیە لە نووسیندا، کە هێما بۆ ئاراستەیەکی دیار دەکات و مەبەستەکەش نادیارە، لەراستیدا هەقیقەتی کۆتایی ئەدەب و نووسین لە لاساییدا دەردەکەوێت، کە من هەستم پێکـردووە و بیرم لێکـردۆتەوە، تەنیا ئەو لاساییە نەبێت، کە ئەفلاتۆن لە روانگەی خۆیەوە بۆ کاری هـونـەری و نووسین درکاندوویەتی، بە بڕوای ژاك درێدا نووسین مانای نووسینەوەی دەنگەکانە کە چەقی رووداوە مەزنـەکانە کە گەورەیی زمانی ئاشکـراکـردووە، بەلای ئەوەوە نووسینی دەنگەکان لەبەردەم دوو هۆکاری بنچینەییە، بۆ نموونە گراماتۆلۆژی زانستێکە جیاکاری لەنێوان بڕواهێنان و گوماندا دروست دەکات، کە ماناکەی دیکەی دەستڕاگەیشتنە بە نهێنیی نووسین، ئەمەش ئەو کاتە دەتوانین چەمکەکە بەکاربهێنین، وەختێك بمانەوێ سیحری نووسین بەتاڵ بکەینەوە کە مەبەستی خوێنەری جددییە، هەروەك چۆن منداڵ حەزدەکات میلانۆ یان گەمەکەی دەستی بشکێنێ و بزانێ چۆن دروستکـراوە، بۆیە دووپاتی دەکەمەوە وەختێك ئێمە وەکوو خوێنەر پەنامان بۆ دەق شکاندن برد، مانای وایە بەدوای نهێنییەك دەگەڕێین کە بەشێکە لەو هاوکێشەیەی لەنێوان دەقی جددی و خوێنەری جددیدا هەیە، جگە لەوەش مانای ئەوەیە کە گومانمان لە جەوهەری ئەو جـوانییە هەیە، کە دەقنووس پێشکەشی کـردووە، هەموو ئەم بیانوانەم بۆ ئەوە هێنایەوە کە من نووسین بەو شێوازە هەڵدەسەنگێنم و دەیخوێنمەوە، یان بەلای کەمەوە دەگەڕێم بەدوای مانا و مانای نموونەیی لە نووسینی دەقدا.

هەڵبەت هەموو کەس دەخوێنێتەوە، بەڵام وەکوو پێشتر باسم کـرد، ئێمە دوو جۆر خوێنەرمان هەیە کە لەتەك نووسین و جـوانی نووسیدا هەڵدەکات، ئەویش خوێنەری یەکەم و خوێنەری دووهەمە، خوێنەری یەکەم ئەو کەسەیە کە دەق دەشکێنێت و سیحری دەق ئاشکـرادەکات و مانای دەق دەدۆزێتەوە،

خوێنەری دووهەمیش ئەو کەسەیە کە بەرمەبنای خوێنەری یەکەم سیقە بە دەق دەکات و چێژی لێدەبینێ.

بۆئەوەی وەڵامێك بۆ تێکشکدانی دەق وەربگرم لە دنیای ئەدەبی کوردیدا، دەمەوێ ئەو لۆژیکە بدۆزمەوە لەنێو تێکستی شیعر و چیرۆك و رۆمانی کوردیدا کە هەندێ لە ئەدیبەکان ئیدیعای بۆ دەکەن، مەبەستمە بڵێم شکاندنی دەق، تەنیا ئەوە نەبێ لەچوارچێوەی زماندا نووسین گۆشەگیربکات، بۆئەوەی ئـەگـەر هاتوو نووسەر شتێك بۆ خوێنەر نەهێڵێتەوە تاکوو تێڕامانی لەسەر بکات، مەشغەڵەتێك دروست نـەکات خوێنەری دووەم بەدوای مەعریفەی دیکەدا بگەڕێ، بە پێچەوانەوە لەکارێکی ئۆرگانیکی و واقیعی بەولاوە هیچ شتێکی دیکەی نـەکـردووە، کە منی خوێنەر بە ئاسۆیەکی نوێوە بڕوانمە ئەو هەوڵەی کە ناوی لێنراوە تێکشکاندنی دەق، تێکشکاندنی دەقیش تەنیا لە دەسەڵاتی دانەردا نییە، بەقەد ئەوەی خوێنەر دەوری کاریگەری هەیە لەکاتی شیتەڵکـردنی دەقی تێکشکێنراودا، لێرەوە ئەرکی خوێنەر دەستپێدەکات کە دەبێ سنوور ببەزێنێت، چـونکــە بە دیوێکی دیکەدا کاری ئەدەبی کاری زەینی خوێنەرە، وەختێك لەدەست نووسەر دەردەچێتەدەرەوە، یان ئەوەی پێیدەڵێن دەقشکاندن، دەق شکاندنیش دۆزینەوەی مانایە لە شێوەی چی گوتن و چۆن گوتندا، بۆ ئەم بۆچوونەش بیانوومان بەدەستەوەیە کە بیسەلمێنین چەند دەقێکی شیعری و رۆمانمان هەیە کە هێندە واقیعین، تا ئەو رادەیەی کە هەندێجار دەچێتە خانەی رۆژنامەگەرییەوە، بۆچوونێکی پێچەوانەش هەیە کە دەڵێ: "بەدوای مانادا مەگەڕێ، بەڵکوو بەدوای بەکارهێنانی مانادا بگەڕێ".

ئـەگـەر چی ئێمە دەقێکمان نییە ئەرکی خوێنەری جددی دیارییبکات و چی گوتن و چۆن گوتن جودابکاتەوە، ئیلتیزامی بۆ خوێنەریش نەهێشتۆتەوە تاکوو پرسیار لە دەقنووس بە گشتی و رۆماننووس بەتایبەتی بکەین، ئایا بۆچی فەزای دەقەکە بە ئاراستەیەکی نەشیاو لە واقیعی یان خەیاڵێکی ناباو

دەبات، کە کۆمەڵگە بە کولتوورەکەشییەوە نامۆیە پێی، نەبوونی ئەم پرسیارە لەلای خوێنەر یان ئەوەی پێی دەگوترێت وەرگر، ئەوەیە کە خوێنەری کوردی بی میتۆدییانە دەخوێنێتەوە، بۆیە ئاراستەی بیرکردنەوەشی ناجێگیرە کە ناتوانێ دەق بشکێنێت، وەختێکیش دەق بە داخراوی مایەوە، جوانییەکەی تەنیا لە فۆرمێکی ناجێگیردا دەمێنێتەوە، نووسین بریتییە لە تەشریح یان سکێچی جەستەیەك بە وشە، ئەگەر لەهەر گۆشەیەکەوە سکێچەکە ناتەواو بوو، هەستی بینین دەبێتە وەرگرێك بۆ تێکشکاندن یان پشتگوێ خستنی دەق.

هەوڵدەدەم لەسەر بنچینەی ئەو پەرەگرافەی سەرەوە، تەنیا ناونیشانی دەقی چەند ئەدیبێکی کوردی وەربگرم. بۆیە دەڵێم ناونیشان، مەبەستم لەوەنییە کە تەنیا قسە لەسەر ناونیشان دەکەم، یاخود نەتوانم لەسەر خودی دەقەکان قسەبکەم، بەقەد ئەوەی دەمەوێ خۆم رزگاربکەم لەوەی خوێندنەوە بۆ دەقەکان بکەم، چونکە کاری من لێرەدا ئەوەنییە و خوێندنەوە بۆ هەر دەقێکی کوردی پێویستی بەکات هەیە، چونکە ئەگەر بەو نیازە دەقێك وەربگرم، دەبێ بەرمەبنای میتۆدێکی دیاریکراو دەقێك شیتەڵ بکەمەوە، یان لەبارەی سیمۆلۆژیای دەقەکەوە قسەبکەم، یا خودی ستایل بدۆزمەوە، بۆیە پێویستیم بە دەرفەتێکی دیکە و جۆرێکی دیکەی خوێندنەوەی دەقە، بەڵام قسە لەسەر شێوازی نووسینی دەقەکان دەکەم.

بۆ نموونە لەدوای (گۆرانی شاعیر و شێخ نوری شێخ سالح)ەوە جۆرێك لە دابڕان لە جوانی نووسینی شیعر سەریهەڵدا، مەبەستم لە ستایلە، کە بەشێوەیەك لە شێوەکان بە شۆڕشی ئەدەبیاتی کوردی ناودەبرێت، ئەمەش کێشەیە لەنێوان گۆران و شێخ نوری، هەروەك چۆن لەنێوان نازك مەلائیکە و بەدر شاکر سەیابدا هەیە و کۆتایی نەهاتووە، بەهەرحاڵ ئەو دوو شاعیرە ناودارە بە بیانووی ئەوەی دەقی ئەدەبی کوردی لە رێگەی ئەوانەوە رزگاری بووە لەچوارچێوەی عەمودی و کێش و سەروا قەتیس کرابوو، ئەمە لەکاتێکدا

هەردوو ناوبراو ئەوەندەی بە شاعیری رۆمانسی ناسراون کە گۆران نموونە مۆدێرنـەکەیەتی بە ستایلی رۆمانسی، ئەوەندە بە شاعیری هاوچەرخ نەناسراون، بۆیە ململانێکە سەری کێشا بۆ وێناکـردنی سـرووشـت بەلای جـوانییەکەیدا، وێناکـردنی قەرەداغ کە لە تابلۆیەك دەچێت و نمایشکـردنی ژن و لەنجەولاری ژن، کە لە کانی دەگەڕێتەوە یان لە شەقام دەڕوات وەکوو دەڵێ: (قۆڵ و مەچەك پاو پوزی وەك شووشە، سەر پەنجەکەی یاقووتیێ بوو بە ورشە).

بەهەرحاڵ لێرەوە دەچمە ئەو دنیایەی کە بە خوێندنەوەی دەق ناسراوە، بۆ نموونە لە دەقە شیعرییەکانی (شێرکۆ بێکەس)ەوە دەسپێدەکەم، کە زۆرترین شانسیان هەبووە لە رابردوودا کە لەسەریان بنووسرێ، رەنگە بەشێك لە هۆکارەکان ئەوەبێ کەخودی دەقەکان دەوڵەمەندن بە وێنە و بەکارهێنانی هەموو شێوەزارەکان و داتاشینی موفرەدەی نوێ و توانا و هەناسەی نووسین، بەشەکەی دیکەی مەبەست بووە کە دواجار لە پرۆسەی رەخنەگرتن یان خوێندنەوەدا، زەمینەسازییەك دەخوڵقێنی کە پێویست بەشکاندنی دەق یان شیتەڵکـردن ناکات، بەڵام دەرکەوتووە کە زۆربەی ئەو نووسینانەی لەسەر شێرکۆ نووسراون نـەوەك هەمووی، ئەوەندەی لەژێر کاریگەری ئیدیۆلۆژیا و سۆز و لایەنگیری سیاسی بوونە، ئەوەندە گرنگیدان نەبووە بە مەبەستگەرایی و جـوانییەك کە لەنێو دەقدا شاردرابێتەوە، ئـەگـەرنا نموونەیەك وەربگرین (دەربەندی پەپوولە) کە رۆمانە شیعرێکی شێرکۆیە و هەندێ کەسیش پێیانوایە شتێك نییە بە ناوی رۆمانە شیعرەوە، دەکـرا زۆرترین خوێندنەوەی بۆ بکـرێ، کەچی کەمترین خوێندنەوە و تێڕامانی بۆکـراوە، کەمترین مەبەستی شاراوەی دەقەکەمان بینیوە کە دەوڵەمەندە لەمانا و گوتن، لەحاڵێکدا ئەو دەقە بە ڕۆشنی مەبەستگەرایی پێوەدیارە، کە یەکێك لە ئەرکەکانی خوێندنەوە پرسی مەبەستی پشت دەقەکەیە، شێرکۆ لەو رۆمانە شیعرییەشدا کە دابڕانێکی تاڕادەیەك ئەدەبییە لەنێو کورد، بەڵام

له دنیای ئەدەبیاتدا کە موڵکی ئینسانە و بە نەتەوەیەکەوە گرێنەدراوە، شتێکی نوێی نـەکـردووە ناوی لێبنرێ شکاندنی دەق، رەنگە ئاسایی بێت بڵێین نەمەتییە، رەنگە ئەمە بۆ بەشێك لە رۆمانـەکانی (محەمەد موکـریش) راستبێت، کە لەپێشی هەموویانەوە رۆمانی (سەگوەڕ)ە و تاڕادەیەکیش مشتومڕی نائەدەبی خوڵقاند، هەندێ لە تێگەیشتنـەکان ئەوەندەی بە سیاسەتەوە گرێیاندا، ئەوەندە بە خودی ئەدەبەوە گرێیان نەدا، کە بەر لەوەی مەبەستێکی لەپشتەوەبێت، دەقێکی ئەدەبی بوو.

ئەوەی من مەبەستمە بەکارهێنانی وشەیە لە جیاکـردنەوەی مەبەستگەرایی و ئیسـتاتیکا، ئەوەی کە لە دەقە شیعرییەکانی شێرکۆ بێکەس دەبینرێت، هەرچی زۆرتر هەوڵی مەبەستە، نـەوەك بە پلەی یەکەم تێکشکاندنی دەق بێت، هەڵبەت ئەمە مانای ئەوەنییە کە شیعری شێرکۆ خاڵییە لە ئیسـتاتیکا و مانا، لەپەنا ئەودا (جەلالی میرزا کەریم)، کە شاعیرێکی دیکەی سەردەمی شێرکۆیە، هەم ئیسـتاتیکا و هەم مەبەستی فەرامۆش نـەکـردووە، بە پێچەوانەی ئەو نموونەیەوە (هاشم سەراج) لەدیوانە شیعری "دوکەڵ"ەوە بگرە تا دەگاتە دوایین "سروودی عەشق"، جگە لە خەمی ئیسـتاتیکا، کەمترین لایەنی مەبەست گرینگی پێدراوە، بۆیە کەمتر بەلای ماناشدا چووە، لەحاڵێکدا بۆچوونێکیش هەیە کە ئەزموونێکی تایبەت هەیە لە هەولێر و بە ستایلێکی جیاواز لە زمان کاریان کـردووە، روانگەییەکان تاکوو کۆتایی سەدەی رابردوو، جیهانبینییەکی نائامادە بوو لە دنیای شیعر و ئەدەبیاتی کوردی ئەو نەوەیە، مەبەستم لەغیاب ئەوەنییە کە هیچ ئەدیبێکی کورد تەعبیری تەسەووف نـەکـردووە، بەڵکوو ئەو راگەیاندنە و ئەو ستایلە ئاشکـرایەیە کە بەشێکی تر لە شاعیران هەڵگری ئەو ستایلە بوون، کە وێڵ بوون بەدوای ئیسـتاتیکاوە، نـەوەك مەبەست. مۆدێرنیتە لەگەڵ خۆیدا جۆرەها جەنگی هێنا و پراکتیك کـرا بەسەر ئینساندا، رۆمانتیکەکان لە ژاوەژاوی شاری بەناو مۆدێرندا بە دەیان نموونەی سەیروسەمەرەیان لەبەرچاو

بوو، کەچی چاوی خۆیان دەنوقاند و بە کێشەی ئیدیۆلۆژیایان دەزانی، کەمتەرخەمی و لوتبەرزی لە شوێنێکدا نەوەك هەموو شوێنێك بۆ ئەدیبی کورد، جۆرێك خۆنواندن بوو، کە نوقم ببوون لەنێوان خۆپاراستن لە بێویژدانی و پاراستنی بەرژەوەندی ئەشرافە سیاسییەکان، ئیدی سڕینەوەی رەهەندی ئەخلاقی هونەری و ئەدەبی لێرەوە سەریهەڵدا.

*** چیت سەبارەت بە جوانی و جوانیناسی خوێندۆتەوە؟**

– سمکۆ محەمەد: باشترین کتێب (بحث في علم الجمال)ی جان بریتلمي و کتێبەکەی جوانیناسی شکستە، کە موراد فەرهادپور نووسیویەتی و لەبارەی کافکا و بێکت و داڤینشی و ...تاد لێکۆڵینەوەیەکی فکری هەمەلایەنە، هەروەها کتێبەکەی رۆلان بارت، کە لەبارەی چێژی دەق نووسیویەتی و کراوە بە کوردی. هەروەها کتێبی مارکس و ئازادی و پۆلیس و ئیستاتیکای بیرمەندی مارکسی تیری ئیگلتن، لیکۆڵینەوە لە جوانیناسی: جان بریتلمی، بروست و جوانیناسی و نوێخوازی: زهره مدنی، تیۆری کرۆچەی جوانیناسی: د. افراح لوتفی عبدالله، علم الجمال و الفلسفه الفن: امیره حلمی، معنی الفن: هیربرد رید، جوانی چییە: لیۆن تۆلستۆی و دەیان کتێبی دیکە، کە تێگەیشتم جوانیناسی بەشێکی ئەخلاقیاتە بۆ خوێندنەوە و بۆ کار و بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و بۆ فکر و بۆ تیۆری دامەزراندن و بیرکردنەوە لە ئازادی بۆ ئەوانی دیکە، تەنانەت بۆ چۆنایەتی نووسینیش.

## د. سەروەر عەبدوڵڵا:

# ئیستاتیکا جوانناسییە و هونەریش بەبێ ئیستاتیکا نرخی نییە

*** جوانی یانی چی؟ دەڵێن جوانی ڕێژەییە و موتلەق نییە، ئەمە یانی چی؟**

– جوانی ئەگەر تایبەت بێت بە شتە ماددییە سروشتییەکان، ئەوا دەبێت بڵێین تاڕاددەیەکی زۆر ڕێژەییە، ئەم ڕێژەییەش دەگۆڕێت لە کات و زەمانێکەوە بۆ کات و زەمانێکی دیکە، بەڵام لە ڕاستییەکەیدا کۆمەڵێك بابەت هەن، کەوا مرۆڤ لەسەرییەوە پێکهاتوون، کە ئەم شتانە جوانن و لەدەرەوەی ئەمانە جوانییان کەمترە یان ڕەنگە جوان نەبن. ئەم جۆرە میکانیزمە گشتییە لە ڕوانینە شتە ماددییە سروشتیانە دیسانەوە لە شوێنێکی جوگرافییەوە بۆ شوێنێکی جوگرافی دیکەوە دەگۆڕێت، ئەو بابەتە مادییانەی لە شوێنێکی جوگرافی سەر ڕووی ئەم زەمینە جوانن ڕەنگە هەمان بایەخ و نرخی جوانی خۆی نەبێت بە بەراورد لەگەڵ شوێنێکی جوگرافی دیکەوە. بۆ نموونە مانگ لەلای ڕۆژهەڵاتییەکان جوانە، تەنانەت شاعیران هەردەم ڕووی خۆشەویستەکانیان بە مانگ چواندووە، لە کاتێکدا لە کولتووری ئەوروپییەکاندا مانگ هەمان ئەم جوانییەی نییە. نموونەیەکی دیکە لەلای ئێمە کوندەپەپوو سیمبۆلی شوومە و جوانی لێسەندراوەتەوە، لە کاتێکدا لە لای ئەورووپییەکان سیمبۆلی حیکمەت و ئەقڵمەندییە، هەر لەم سۆنگەیەوە جۆرە جوانییەکی تیادا دەبیندرێت. وەك گوتمان ئەم مەسەلەیە هەر تەنیا بە جوگرافیاوە بەند نییە، بەڵکوو لەزەمانێکەوە بۆ زەمانێکی دیکەش دەگۆڕێت، بۆ نموونە لەلای ئەورووپییەلان لە کۆندا ئافرەتی پڕ و گۆشتن جوان بوو لە کاتێکدا لەلای ئەوان لە کاتی ئێستادا بە پێچەوانەوەیە، بۆ بەڵگەی ئەمە سەیری فیگورە بەردینییەکانی گریکەکان بکە زۆرینەی ئافرەتە جوانەکانیان هەردەم لە وێنەی کەسی پڕ و گۆشتن دروستکردووە. بەڵام ئێستا بە پێچەوانەوەیە. دیسانەوە ئەم ڕێژەییەش بۆ خۆی سنووردارە و لە شوێن و زەمانێکەوە بۆ شوێن و زەمانێکی دیکەوە دەگۆڕێت.

*** لەبەرامبەر جوانیدا شتێك هەیە ناوی ناشیرینی بێ؟**

– کاتێك کە دەڵێی جوانی ئەوا مانای ئەوەیە شتێك هەیە جیا لە ئەو بێت ئینجا ئەو شتە نا جوانییە، ناشیرینییە، چییە ئەوەیان دیسانەوە وەك جوانی ڕێژەییە و وەك ئەویش لە شوێن و زەمانێکەوە بۆ شوێن و زەمانێکی دیکەوە دەگۆڕێت.

*** ئەریٚ ڕەفتار و هەڵسوکەوت یان سیما و روخسار مرۆڤ جوان دەکەن؟**

– ئەمە قسەی ئایدیۆلۆگییەکانە، کاتێك کە پاساوێکی ناڕاستینە بۆ مەسەلەیەکی مادی بەکاردێنن، کە عەقڵێك لە کولتووری کۆمەڵێکی مرۆڤایەتی بە شێوەیەکی نیمچە ڕەمەکییانە دایمەزراندووە، جوانییەکان زادەی ئەقل و هەست و نەستێکی کولتوورین. باش و خراپ و ڕەفتار و هەڵسوکەوت پێوەندی بە جوانیی و ناشیرینییەوەوە نییە. دوا جار ناتوانین بشلێین ڕەفتاری ناشیرین شتە جوانەکان ناشیرین دەکات. نموونەیەکی سادە ئەگەر ئێمە بەرامبەر دوو دارباوی جوانی نێو دارستانێك بوەستین و هەموومان هاوڕابووین لە جوانییەکەی هەردووکیان چی لەم مەسەلەیە دەگۆڕێت گەر بەرهەمی باوی یەکێکیان شیرین بێت و ئەوەی تریان بەرهەمەکەی تاڵ بێت.

*** تێڕوانینی تەمەن بەرامبەر جوانی لە چاوی پیرێك و منداڵێك وەك یەکە یان جیاوازە؟ ئەمە بۆ؟**

– بێگومان بە گشتی جیاوازی هەیە لەنێوانیاندا بەتایبەت لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە، بەڵام هەندێ تایبەتمەنیش هەیە بۆ نموونە زۆر کەسی بە تەمەن هەن خۆیان لەگەڵ زەمەن ڕاهێناوە و وەك کەسێکی تازە و گەنج تەماشای شتەکان دەکەن بێگومان پێچەوانەکەشی هەیە.

*** ئایا پێتوایە تێڕوانینی تاکی ڕۆشنبیر و کەسێکی ئاسایی یان خەڵکی شارنشین و گوندنشین یان ڕۆژهەڵاتییەك و ڕۆژئاواییەك یان ئایینی و عیلمانییەك بۆ جوانی جیاوازە؟**

– لەڕووی سۆسیۆلۆژییەوە بەڵێ وەك پێشتر ئاماژەم بۆ کرد لەنێوان جوگرافیایەك بۆ جوگرافیاییێکی دیکە دەگۆڕێت. بەڵام نێوان ڕۆشنبیر و کەسێکی ئاسایی یان

عیلمانییەك و ئایینزایەك ئەمە قسەی لەسەر زۆرە، تێڕوانینەکان لە دیدگا و چاو بیکردنەوەکانەوە دەگۆڕێن، چونکـە لێرەدا مەسەلە باوەڕییەکان تێکەڵ بە مەسەلە ماددییەکان دەکرێنەوە.

*** ئیستاتیکا و هونەریش بەشێکن لە جوانی، ئەوەی چاوی هونەرمەند و داهێنەرێك لە دووتوێی تابلۆ و کارێکی هونەریدا بە ئێمەی دەگەیەنێ، جوانی و جوانبینینە؟ بە دەربڕینێکی دیکە چاوەکانی ئەو جیاوازن؟**

– نا من دەستەواژەکەتان بە شێوەیەکی دیکە دادەڕێژمەوە (ئیستاتیکا) جوانناسییە و هونەریش بەبێ ئیستاتیکا نرخی نییە. بەڵام ئەوانەی لە بواری هونەردا کاردەکەن ڕەنگە زۆرێکیان قووڵتربببنەوە بەرەو جوانیناسی و دیتنێکی جیاوازتریان هەبێت بۆ جوانییەکان، لەوەی کە لە ئاستە کۆمەڵایەتییەکە دەبیندرێت یان گوزارشتی لێوە دەکرێت...

*** سەبارەت بە رۆح و جوانی، دەکرێ بپرسین جوانی لەرۆحەوە دێ یان جەستە و روخسار؟**

– لە پرسیارەکە تێناگەم.. ئەگەر مەبەستتانە لە کامەیان دەبیندرێت؟

*** ئەوە دەڵێم یان کامیان جوانی دەبەخشن؟**

– هەر یەکە و خاسییەتی خۆی هەیە ... شتە ماددییەکان بێگومان لەڕێگەی چاوەوە دەگاتە زەینی مرۆڤ، شتە موزیکییەکان لە ڕێگەی بیستنەوەیە، ئەوانەی تایبەتیشن بە شیعر و تێکستی ئەدەبی، ئەوا ئەوانە ڕاستە لە ڕێگای گوێ و یان بیستنەوە دەبێت، بەڵام هەر بۆ بواری جوانگری زەینەوە دەڕوات و هەستی پێدەکرێت ...

*** با لەسەر جوان نووسینیش بوەستین ئەوەشیان چ زمان یان دەربڕین و کەرەستەکانی نووسین و جوانکاری و ڕەوانبێژی و بەلاغە. جوانی دەدەنە دەق؟**

– ئەمەیان پرسیارێکی ئەزەلی ڕەخنەکارەکانە، تا ئێستا بە تەواوی وەلامنەدراوەتەوە کاری رەخنەکارەکان، هەولّی لێکۆلەرانی ئەدەبی، پێکۆلّی تیۆریستەکان هەر هەمووی بەو ڕەوتە دەجوولێنەوە، کەوا بزانن جوانی تێکست چۆن لەنێو ئەم فیگۆر و کەرەستانەوە دەبیندرێتەوە. هەر بۆیەش لەم ئاخێزگەیە دەتوانم ئەوەندە بلّێم: دۆزینەوەی جوانی تێکستی ئەدەبی وەك هەر مەسەلەیەکی فەلسەڤی قوولّ دەرەنجامەکەی ڕێژەییە ... دواجار جوانی دەرەنجامەکەیشی لەوە دایە، کە ڕێژەییە و ڕەها نییە.

*** وەك خوێنەرێك یان مامۆستایەکی زانکۆ چیت سەبارەت بە جوانی خوێندۆتەوە؟**

– من وەك لێکۆلەرێك لە بواری ڕەخنە و تیۆری ڕەخنەیی، ئەوا گەڕانم بەدوای جوانی و کێشەکانی بەشێك بووە لە کاری ڕۆژانەم. بێگومان بە زۆرینەی کتێبە سەرەکییەکانی تایبەت بە فەلسەفەی جوانیدا بە چڕی و بە وردی وەستاوین و گەنگەشەمان لەسەریاندا کردووە، وەك بەرهەمی هیگل و لۆکاشەوە بگرە تا دەگاتە بەرهەمە هەرە نوێیەکان، بەلاّم ئەوەش ئەوە ناگەیەنێت من جوانتر دەبینم، یان لێکۆلّەر و خوێنەرێك لەم بوارە جوانتر دەبینێت، بەلاّم دەتوانم بلّێم ڕەنگە باشتر درك بە چەمکی جوانیی بکات و بتوانێت لێیەوە بدوێت.

*** خودی خۆت سەبارەت بەم چەمکە دەلّێی چی؟ جوانی لە چیدا دەدۆزیتەوە؟**

– من بۆ خۆم جوانییەکان لە شتە مادییەکانەوە دەبینمەوە، بەلاّم لە هونەر جوانی دەبینم بە هەموو ماناکانی خۆیەوە، کەچی من لە مەسەلە باوەڕییەکان جوانی نابینم، ئەمەیان فێلّێکە مرۆڤ حەزدەکات لەخۆی بکات، حەزی لێیە مێکیاژی ئەو شتانە بکات، کە خۆی باوەڕی پێیان هەیە. مەسەلە فیکرییەکان تەنیا لە ئاستی دۆزینەوەی جوانیدا وەك ئامرازێك نرخیان هەیە بۆ ئەم بابەتە، دەنا وەك جوانی لێیەوە دوورە.

## ساماڵ ئەحمەدی:

**بە بۆچوونی نیچە، هونەر هیچ واتایەکی نابێت ئەگەر وێنای بەختەوەری و ئەنجامی لێ نەکرێت**

*** جـوانی چییه؟**

– "جـوانی چییه؟" پرسیاره کەونـەکەی سۆکـرات، فەیلەسووفی یۆنانی کەونە. بەڵام لەم سەردەمەدا فەیلەسووفان ئەو پرسیارە بەو شێوەیە نادۆزن. هۆکارەکەیشی ئەوەیە کە هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئەو پرسیارەوە وەڵامی بیرمەندانی کەون و تەنانەت وەڵامی جـوانیناسانی کلاسیکیش ئەنجامێکی تەواو و لێبڕاوانەی لێ نـەکەوتووەتەوە. ئـەگـەر وتووێژەکەی سۆکـرات و هیپپیاس وەبیر خۆمان بێنینەوە، دەبینین سەرەنجامەکەی بە وەڵامێکی تەواو و لێبڕاوانە ناگات و ئاخرییەکەی سۆکـرات دەڵێت: "جـوان دژوارە." لە درێژەی وتووێژەکەدا هیپپیاس دەڵێت، کچانی لاو و مایین و گۆزە و دیزەی گڵێنە و سازی چەنگ و... ئەوانە جـوانن. سۆکـرات لە وەڵامیدا دەڵێت، دەکـرێ هەمووی ئەوانە جـوان بن، بەڵام "خودی جـوانی" چییە؟ ئەوانە هۆکاری جـوانین و جـوانی بەرهۆی ئەوانەیە، ئەدی "جـوانی" چییە؟ سۆکـرات لە درێژەی باسەکەیدا دەڵێت، تەنانەت کەڵك و سوودمەندیی ئەو شتانەش زادە و بەرهەمی جـوانین، خودی جـوانی نین. لە وتووێژەکەی "میوانی"یشدا ئەفلاتوون جـوانی بە "بەرهۆ" لەقەڵەم دەدات. لەو وتووێژەدا زۆر جار جـوانی بە ئەنجامی ئەشق (eros) دانراوە. هەڵبەت ئەفلاتوون هەموو ئیرۆسێك بە جـوانی نازانێت و ئیرۆسێك بەلای ئەوەوە پەسندە کە بە "شێوەیەکی جـوان" خۆشەویستیی لێ بکەوێتەوە. هەرچەند "بە شێوەیەکی جـوان" لەلایەن ئەفلاتوونەوە ڕوون نـەکـراوەتەوە، کە مەبەستی چییە. سەرەنجام ئەفلاتوون لە زاری سۆکـراتەوە باس لە "سەرچەشن" (Idea) دەکات، کە جـوانییەکی سەرەکی و کۆتاییە و هەموو شتێکی جـوانی ئەم دنیایە، جـوانییەکەی خۆیان لەو وەردەگرن" واتە هەموو جـوانییەکان لاساییکەرەوەی جـوانیی ئەو سەرچەشنەن.

لە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی ئەرەستۆشدا باسی "لاسایی"مان وەبەرچاو دەکەوێت، بەڵام بەلای بۆچوونی ئەرەستۆوە، لاساییکـردنەوەی هـونـەری،

کۆپیکردنی ڕاستەوخۆی واقع نییە، بەڵکە تێگەیشتنێکی زەینەکییە لە واقیع: هونەر لە ئەنجامی هۆش (ئەقڵ)ی مرۆڤ دەکەوێتەوە" پێوەندیی بە تێگەیشتنی هۆشەکی و ئاقڵانەی مرۆڤەوە سەبارەت بە دنیا و واقع هەیە" هونەرمەند، وەکوو خولقێنەری جوانی، شتە واقیعییەکانی ئەم دنیایە بۆ ئافراندنی بەرهەمێك بەکاردێنێت، کە لە واقع بەرزترە و لە ڕاستیدا جوانییەکی وایە کە دەبێ بەدی بێت، جوانییەکی نوێ، دنیایەکی نوێ، کە بەرهەمی هۆشی مرۆڤە. بەلای بۆچوونی ئەرەستۆوە یەکێك لە هۆکارەکانی پەیدابوونی شیعر و هونەری شانۆیی ئەوەیە کە مرۆڤ بە سرووشت حەزی لە لاساییکردنەوەیە، غەریزەی لاساییکردنەوە دەبێتە هۆی ئاگامەندیی مرۆڤ و مرۆڤیش چێژ لە ئاگامەندی وەردەگرێت. ئەرەستۆ لە کتێبی هونەری شیعردا پێی وایە ئەو هەبووەی کە لە دنیای واقیعدا دەبێتە هۆی ناخۆشی و بێزاریی مرۆڤ، "ئەگەر بە جوانی بکرێتە وێنە"، چێژ بە مرۆڤ دەبەخشێت" وەکوو بوونەوەرێکی ناشیرین، یان جەستەی مردوویێك. کەواتە دەکرێ جوانی، بەرزتر، یان نزمتر بێت لە پلەی ئەو هەبووەی لە واقیعدا هەیە.

بەپێچەوانەی ئەفلاتوونەوە، ئەرەستۆ بۆ خودی جوانی ناگەڕێت، بەڵکە ئاماژە بۆ هەبوویێکی جوان دەکات. بە بۆچوونی ئەو، جوانی فۆرمێکی بەرزی لە بان دنیای هەستەکییەوە نییە. ئەوەی هەیە، ئەم، یان ئەو هەبووی جوانە و خودی جوانی چەمکێکی ڕووتە. چونکە جوانی لە فۆرمدایە، نەوەك ماتەر (Mater)" واتە فۆرم، جوانی بە ماتەر دەبەخشێت. دوو هەبووی پێکهاتوو لە یەك ماتەر تەنیا بە هۆی فۆرمەوەیە، کە یەکیان لەوی دیکە جوانتر دەردەکەوێت، ئەوەی کە جوانیی فۆرمیش لە ماتەر هەڵدەوێنجێت ئەزموونی درککردنی هۆشەکیی مرۆڤە. ڕەنگە بتوانین بڵێین ئەرەستۆ یەکەمین نموونەی جوانیناسانەی درککردن، یان وەرگرتنی خستۆتەڕوو" ئەو، چەمکی (Catharsis)ی بەکارهێناوە، کە بە واتای گۆڕانی سۆز و هەستە لە ئەنجامی کارتێکراویی مرۆڤ لەلایەن بەرهەمێکی هونەرییەوە. د. محەمەد کەمال لە

کتێبی "فەلسەفەی هونەر"دا هاوتای "خەمڕەوینی" بۆ چەمکی (Catharsis) بەکارهێناوە، (د. عەزیز گەردی)یش لە وەرگێڕانی "هونەری شیعر"ەکەی ئەرەستۆدا ئەو چەمکەی بە "پاککبوونەوە" لە زمانی کوردیدا بەکارهێناوە.

فلۆتین پێی وایە جوانی ئاوێتەی ڕۆحی مرۆڤە، ئەوەی کە وەسەر ڕۆح دەگەڕێت و پیسی دەکات ناشیرینییە. جوانی هەمان ژیانی ڕاستەقینەی ڕۆحە و گیانی مرۆڤ ئەگەر هەر خۆی بێت و لە شتی تر دابڕێت، لە ناشیرینی ڕزگاری دەبێت. هەربۆیە هەرچیی چاکەیە بە واتای پاکبوونەوەی ڕۆحە. چەمکی "چاکە" بەلای فلۆتینەوە هاوواتای جوانییە. بە پێچەوانەی ئەفلاتوون، فلۆتین پێی وایە جوانی لە پلەی یەکەمدا جوانیی هونەرییە. نموونەش بە بەراوردی بەردێکی ئاسایی و سرووشتی لەگەڵ بەردێکی لەلایەن پەیکەرتاشێکەوە تاشرابێت و بە هونەری پەیکەرتاشەکە جوان کرابێت، دێنێتەوە و پێی وایە لە بەردە تاشراوەکەدا سەرچەشنی جوانی سەرەتا لە هونەرمەندە پەیکەرتاشەکەدا دەرکەوتووە، دواییش لە پەیکەرەکەدا. بە بۆچوونی فلۆتین، جوانی لە دنیادا هۆشپەسندە، واتە شیاوی درککردنە و درککرانەکەیشی پێوەندیی بە درکی هەستەکیی مرۆڤەوە هەیە.

لە فەلسەفەی نوێدا، ئیمانوێل کانت (سەدەی هەژدە) بە هێنانە گۆڕی "جوانیناسیی ڕەخنەگرانە" باسی جوانی لە دەرەوەی کردەوە و سوودەکانی دەخاتەڕوو. کانت سەرەتا پێی وابوو لەبەرئەوەی کە جوانی پێوەندیی بە سۆز و هەستی مرۆڤەوە هەیە، ناکرێ بە زانینی فەلسەفی باسی لێوە بکرێت. بە بۆچوونی کانت داوەریکردن بە زەوق و سەلیقە، وەکوو بڵێی "ئەم شتە جوانە"، خۆی پەسندکردنی ئەو چێژەیە کە لەو شتە دەکەوێتەوە و ئەو چێژەش بەبێ لەکارهێنانی چەمك و بابەتی پێوەندیدار بە زانینەوە ئیمکانی گواستنەوە بۆ کەسی دیکەی هەیە، تەنیا مەرجی گواستنەوەی پێوەندیی نێوان سووژەکانیش ئەوەیە داوەرییەکە هیچ بەرژەوەندیخوازییەکی کردەکی و ئەخلاقیی تێدا نەبێت.

بەلای کانتەوە چێژوەرگرتنی هەستەکی و چێژوەرگرتنی هـونـەری جوداوازن. چێژوەرگرتنی هـونـەری، چێژوەرگرتنە لە جـوانی و هیچ بەرژەوەندیی تاکەکەسیی تێدا نییە، وەکوو چۆن چێژوەرگرتن لە خواردن بەرژەوەندیی ڕەواندنەوەی برسییەتیی تێدایە. بەڵام لە چێژوەرگرتنی جـوانیدا، هەموو تاکەکان بە شێوەی هاوکات دەتوانن چێژ لە جـوانی وەربگرن و هیچ کەس بەشەچێژی ئەوی دیکە ناخوات. شیکاریی جـوانیناسانە بەلای کانتەوە دوو بەشە: شیکاریی جـوانی و شیکاریی شکۆداری. وەکوو باسم کـرد داوەریکـردن لەسەر جـوانی بەلای کانتەوە داوەریکـردنێکی زەوقییە، واتە ئەو داوەریکـردنە پێوەندیی بە زەینەوە هەیە. واتە پێوانەی داوەریکـردنی مـرۆڤ بۆئەوەی شتێك بە جـوان، یان ناشیرین بزانێت، وێنایەکی زەینییە کە بەرهەمی درککـردنی هەستەکییە. کە دەڵێین شتێك جـوانە، ئەوە بڕیارێکمان دەبارەی ئەو شتە دەرکـردووە، کە جودایە لە بڕیارێکی لۆژیکی و هۆشەکی (ئاقلانە). بۆ نموونە، لێکۆڵەرێکی گیاناسی بە ئەقڵ و هۆش لە گیا تێدەگات و بە لۆژیك داوەری لەبارەیەوە دەکات، بەڵام درککـردنی جـوانیی گیا لە دەرەوەی لۆژیك و کاری ئەقڵانییە و پێوەندیی بە درککـردنی هەستەکی و ئەزموونی جـوانیبینییەوە هەیە.

کانت دەڵێت: "کە دەڵێم، ئەم گوڵە بە بۆچوونی من جـوانە"، ئەوە بڕیارێکی زەوقیم دەرکـردووە، کە جـوانیناسانە نییە. چـونکــە من هەستی کەسیی خۆم دەربڕیوە، بڕیارێکی هەمەکی و هەمووانیم نەداوە. ئەوە زەوقی کەسیی منە و جێگای هیچ باس و خواسێکی تێدا نییە، ئـەگـەر کەسێکی دیکە بە پێچەوانەی من پێی جـوان نەبێت، هیچمان بەڵگەی پێویستمان بۆ سەلماندنی قسەی خۆمان پێ نییە، چـونکــە دادوەریکـردنی زەوقی لە دەرەوەی چوارچێوەی لۆژیکە. ئـەگـەر بشڵێم، "ئەم گوڵە جـوانە"، بە پێی بڕیارەکە، ئەم گوڵە نـەوەك بە بۆچوونی من جـوانە، بەڵکە دەبێ هەرکەسێك ببینێت پێی جـوان بێت. ئەمەش هەم داوەریکـردنێکی زەوقییە، هەم داوەریکـردنی جـوانیناسانەیە، بەڵام لەوەشدا ئـەگـەر کەسێك بڵێ جـوان نییە، ناتوانم قانعی بکەم کە بێتە سەر قسەکەی من.

بەڵام بە پێچەوانەی بڕیارەکەم دەربارەی جوانیی گوڵ، ئەگەر بڵێم "ئەم گوڵە زەردە"، ئەوە داوەرییەکە پێوەندیی بە واتا، زانین و لۆژیکەوە هەیە، چونکە ئیدیعای زانینی لایەنێکی گوڵم کردووە و دەتوانم بە لۆژیك قسەکەی خۆم بسەلمێنم."

بە بۆچوونی کانت ئەگەر بۆ سەلماندنی جوانیی ئەو گوڵەی کە گوتوویێتی جوانە، پاساوی ئەوە بێنێتەوە، کە چێژ لەو گوڵە وەردەگرێت، دیسان گرفتەکە چاری نابێت، چونکە چێژوەرگرتن هەمان قازانج و بەهرەوەرگرتنە و هەرچییەکیشی بەرژەوەندیی تێدا بێت بۆ داوەریکردنی جوانیناسانە ناشێت. واتە بە بۆچوونی کانت چێژوەرگرتن و زەوقی تاکەکەسی ناتوانێت بنەمای جوانیناسانە بێت، بگرە "برەوی هەمەکییانەی چێژ" بنەما و بناغەی جوانیناسییە.

کانت پێی وایە ئەو لایەنی هەمەکیبوونە خاڵێکی گرینگە کە بنەمایەکی هەمەکی لە داوەریکردنی جوانیناسانە پێك دێنێت، واتە شتێك پێك دێنێت کە بۆ هەمووان دروست و جێی باوەڕە. دەڵێت، من بەو بڕیاری جوانیناسانەیەم ڕێسا و یاسایەکم داناوە، بەڵام سەیر لەوەدایە بە شێوەیەکی هۆشپەسند ناتوانم بەرگریی لێ بکەم، چونکە ڕێی هۆکارهێنانەوە بۆ بابەتی زەوقی داخراوە، بەڵام ئەوەی هەیە کە ڕێی بەدوواداچوونی لۆژیکییانەی هۆشەکی دەربارەی خودی داوەریکردنەکەی من دانەخراوە. بۆیە پێشنیاردەکات لەو ڕێیەوە بۆ جوانی بچین، کە ڕەنگە لەو ڕێیەوە بە پێناسەیەك بۆ جوانی بگەین. چونکە لەو ڕێیەوە دەتوانین کۆمەڵێك جوداوازی لێك هەڵاوێرین. بۆ نموونە، دەتوانین جوداوازیی نێوان جوانیی سرووشتی و جوانیی هونەری لێك هەڵاوێرین. بەلای کانتەوە جوانی هەم سرووشتییە و هەم مرۆڤانە، بەڵام هونەر دیاردەیەکی بەتەواوەتی مرۆڤانەیە.

*** ئەوەی کانت باسی دەکات: بڕیاردان لەبارەی جوانییەوە، تەنیا ئامانج لێی جوانی بێت؟ وایە؟**

– بەڵێ، کانت پێی وایە بڕیاردان لەبارەی جوانییەوە دەبێ تەنیا بە ئامانجی جوانی بێت، نابێ هیچ ئامانجێکی دیکەی لە دەرەوەی خودی جوانی هەبێت. بۆ نموونە نابێ بڵێین فلانە شت جوانە لەبەرئەوەی کەرەستەیەکە بۆ گەیشتن بە فلانە ئامانج، چونکــە ئامانج بەرژەوەندیی تێدایە. لە جوانیناسیدا دەبێ خودی جوانی ئامانجی کۆتایی بێت. واتە ئـەگـەر پێمان وابێ گوڵ جوانە لەبەرئەوەی گوڵاوی لێ بەرهەم دێت، یان دەواودەرمانی لێ دروست دەکرێت، ئەوە بڕیارەکەمان جوانیناسانە نییە، ئەنجامخوازانەیە.

کانت بە پێچەوانەی فەیلوسووفانی پێش خۆی جوانی و شکۆداری لێك جودادەکاتەوە. ئەو پێی وایە جوانی بە شێوەی بەرچاوەکی هەیە، بەڵام شکۆداری شیاوی دیتن نییە. شکۆداری هەستی بێگەردە، بە شێوەیەکی ساکار و بێگەرد مەزنە. جوانی سنووردارە، بەڵام شکۆداری بێسنوورە. شکۆداری بانتر و بەرزترە لە هەموو پێوانەیەك. کانت باس لە دوو جۆرە هەستی شکۆداری دەکات: شکۆداریی بیرکارییانە (ماتماتیکی) و شکۆداریی لڤۆك (دینامیکی). ئەو بابەتەی لە زەینی مرۆڤدا دەبێتە هۆکاری هەڵکشانی هەستی بیرکاری، بە شێوەیەکی ڕەها مەزنە و دەگەڕێتەوە بۆ وێنای مـرۆڤ لەمەڕ بێبڕانەوەیی. کە پاسکاڵ گوتی، بێدەنگیی ئاسمان بێپایانە و دەیترسێنێت، ئەوە باسی ئەو جۆرە هەستەیە. شکۆداریی دینامیکییش هێزێکی باڵاترە لە هەرچی بەربەستی سەرڕێگایەتی" وەکوو زریانێکی مەزن لە دەریادا، کە سەرباری ئەوەی لە بابەتێکی سنووردار دەچێت، بێسنوورە و هیچ بەربەستێك لەبەردەمی خۆیدا نابینێت. ئەم هەستە لە کـردەوە و دژکـردەوەی نێوان خەیاڵ و ویست پێك دێت. بێسنوورنواندنی بابەتی سنووردار، کە خاڵی هاوبەشی نێوان هەردوو جۆرەکەی شکۆدارییە، بەلای کانتەوە خاڵێکی زۆر گرینگە، چونکــە مـرۆڤ دەباتەوە سەر بابەتی ئەخلاق. کانت پێداگری لەسەر ئەو خاڵە دەکات کە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ترسناکترین

هێزەکانی سرووشت، هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە مرۆڤ ئەوانە بە شکۆدار دەزانێت، کەچی هەر خۆی پێ باڵاتر و شکۆدارترە. دەڵێ نابێ ئەو پێوەندییەی نێوان ئەخلاق و شکۆداری بە کەم بزانین، هەروەکوو نابێ پێوەندیی نێوان جوانی و ئەخلاق بە کەم سەیربکەین.

باسەکەی کانت دەربارەی جوانی هێندە گرینگە بوار بە خۆلێدزینەوەی نادات، تەنانەت دوو سەدە دوای خۆیشی فەیلەسووفان هەر گەڕانەوە سەر باسی بۆچوونەکانی ئەو. فەیلەسووف وەکوو شۆپنهاوەر کە بە بانگەشەکەری ئیرادە و ویست بەناوبانگە، پەژراندی کە هەرچییەکی پێوەندیی بە سوود و قازانجەوە نەبێت بێواتایە.

*** بەڵام نیچە لە سەدەی نۆزدەهەم ڕەخنە لە کانت دەگرێت، کە دەڵێت: "جوانی بەدیهێنەری چێژێکی بەدەر لە بەرژەوەندییە"؟**

– ئەو ڕەخنەگرە مەزنەی سەدەی نۆزدە، بەئاسانی ملی نەدا و ڕەخنەی لەو واتەیەی کانت گرت، نیچە تەنانەت گلەیی لە شۆپنهاوەریش دەکات کە بۆچی وا بەئاسانی ئەوەی پەژراندووە و دەڵێت، بوونی بەرژەوەندی و واتا لە هونەردا دەرەتانی بۆ نییە. نیچە لە هەمبەر هونەری بەدەر لە بەرژەوەندیی کانتدا ئیشارە بە پێناسەیەکی ستاندال دەربارەی جوانی دەکات: "جوانی، بەڵێنی بەختەوەرییە." بە بۆچوونی نیچە، هونەر هیچ واتایەکی نابێت ئەگەر وێنای بەختەوەری و ئەنجامی لێ نەکرێت. نیچە بە زمانە چزوودارەکەی خۆی لە کانت دەپرسێت، هەر بەڕاستی دەکرێ سەبارەت بە بابەتی جوانی "بێخەیاڵ" بیت؟ ئاخۆ جوانی هیچ هەستێکی ئیرۆتیک و دەروونی هەڵناخڕێنێت؟ ئاخۆ هەستی ئیرۆتیک هیچ پێوەندییەکی بە سوود و بەرژەوەندییەوە نییە؟ نیچە لە شۆپنهاوەریش دەپرسێت، باشە ئەم بڕیاری دەربازبوون لە بەرژەوەندییە (کە لە ڕاستیدا دەربازبوونە لە ویست) چۆنە بۆ بڕیاری جوانیناسانە ڕاستە، بەڵام لە هیچ جێیەکی دیکە ڕاست نییە؟

لێرەدا بەر لەوەی لە بۆچوونی نیچە دەربارەی جوانی وردبینەوە، خوێندنەوەی فەلسەفەی جوانیناسیی هیگڵ یارمەتیی تێگەیشتمان لە ڕەوتی مێژوویی جوانیناسی دەدات. هیگڵ کۆمەڵێك "وانەوتار"ی هەیە بە ناوی: "وانەوتارەیلێك لەبارەی جوانیناسی"، کە لەنێوان سالانی: (١٨٢٧ – ١٨٣٠)دا لە زانستگەی بەرلین پێشکێشی کردوون و دواتر قوتابییەکانی لە کتێبێکی زیاتر لە (١٠٠٠) لاپەڕەدا کۆیان کردوونەتەوە. ئەو وانەوتارانە هەم ئاوەڕدانەوەن لە مێژووی هونەر لە ڕوانگەی فەلسەفەوە، هەم باسێکی گرینگیشن دەربارەی بابەتەیلی سەرەکیی فەلسەفەی هونەر. هیگڵ خۆی دەڵێت، سەرناوی "فەلسەفەی هونەرە جوانەکان" بۆ وانەکانی بە باشتر دەزانێت، چونکە بە بۆچوونی ئەو، زاراوەی جوانیناسی، یان ئیستاتیك، زاراوەیەکی وردنییە. وانەکانی هیگڵ بە باسی جوداوازیی جوانیی سرووشتی و جوانیی هونەری دەست پێ دەکەن. هیگڵ باسەکەی لەبارەی جوانییەوە بە لێکهەڵاواردنی جوانیی سرووشتی و جوانیی هونەری دەست پێ دەکات، پێشی وایە بابەتی بەرباسی زانستی ناسینی جوانی، تەنیا "جوانیی هونەرییە". فەلسەفەی هیگڵ لەسەر بنەمای بوونی ئاگامەندیی ڕەها (بالاترین قۆناغی خۆناسینی ڕۆح" کە سێ چەمکی هاوپێوەندی هونەر، دین و فەلسەفەی تێدایە) و خۆدەرخستنی ئەو ئاگامەندییە دامەزراوە. خۆدەرخستنی ئاگامەندی، کە بوونێکی ڕەهایە، دەبێت بە جیهان و مێژوو. جیهان نوێنەرایەتیی سرووشت دەکات و مێژووش نوێنەرایەتیی مرۆڤ و کۆمەڵ دەکات. هیگڵ پێی وایە هونەر ئەو ناوەندەیە کە ئاگامەندیی ڕەها خۆی تێدا دەردەخات و دەرکەوتنی ئاگامەندی لە نێو هەبووەکاندا دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی جوانی. کە جوانی سەرەتا لە هەبووە هەستەکییە دەرەکییەکاندا دەدۆزرێتەوە و پاشان هۆش لە بیرۆکەی جوانی تێدەگات. کەواتە سرووشت دەرکەوتنی ئاگامەندیی ڕەهایە کە هەست دەیناسێت و چێژی لێ وەردەگرێت، لەو سۆنگەیەشەوە دیاردەیەکی سرووشتی بە جوان دادەنرێت. بەڵام جوداوازیی جوانیی سرووشتی و جوانیی هونەری

لەوەدایە کە جـوانیی سـرووشـتی لە نێو ماتەردا گیری خواردووە. بۆیە مـرۆڤ دەبێ لە ڕێی داهێنانی هـونـەرییەوە جـوانی لەو کێماسییە ڕزگاربکات، واتە مـرۆڤ، خۆی ببێت بە سەرچاوەی جـوانی. چـونکــە مـرۆڤ بە بیرکـردنەوەی ئازاد دەتوانێت جـوانییەك بخاتە ڕوو، کە تێیدا بیرکـردنەوەی خۆی بەسەر ماتەریالْدا زالْ بێت" واتە یەکێتیی نێوان نێوەرۆك و ماتەریالْ لە هـونـەری کلاسیکدا هەڵدەوەشێنێتەوە و هـونـەری ڕۆمانسی دێنێتە ئاراوە. ئەم پرۆسەی گۆڕانەی ڕێبازی هـونـەری بەلای هیگڵەوە لە پرۆسەیەکی دیالێکتیکییانەدا بەدی دێت، بەو شێوەیەی کە لە سیمبولیزم (هـونـەری هێمایی)دا نێوەرۆك نەیتوانی خۆی دەربخات، خۆدەرخستنی نێوەرۆك لە هـونـەری کلاسیکیدا بەدی هات، بەڵام لە هـونـەری کلاسیکیشدا نێوەرۆك نەیتوانی بەبێ ماتەریال خۆی دەربخات، ماتەریال مەرجداری دەکـرد، بۆ ئەوەی داهێنانی هـونـەری خۆی لە مەرجداری دەربازبکات، پێوەندیی نێوان نێوەرۆك و ماتەریالی هەڵوەشاندەوە و هـونـەری ڕۆمانسی هاتە کایەوە. لەو پرۆسە دیالێکتیکییەی هیگڵدا سەرەنجام نێوەرۆك، وەکوو دیاردەیەکی ئاگامەندی بۆ ئەوەی گرێدراویی خۆی بە ماتەریالەوە لەنێو ببات، دەبێ خۆی لەودیوی هـونـەرەوە دەرببڕێت و ئیدی کۆتایی بە هـونـەر بێنێت. پرۆسەی دیالێکتیکیی هیگڵ لە تێز، دژەتێز و تێهەڵکێشراو پێك دێت، هەموو کاتێکی دیالێکتیکیش سەرەتا و کۆتاییی هەیە. بەڵام کۆتاییەکە ڕەها نییە و لە قۆناغی تێهەڵکێشراودا دەمێنێتەوە. کۆتاییی هـونـەریش بە هەمان جووڵەی دیالێکتیکیدا تێپەڕدەبێت.

بە بۆچوونی هیگڵ ئیدی مـرۆڤی سەردەم وەکوو مـرۆڤی یۆنانی کەون چێژ لە هـونـەر وەرناگرێت. مـرۆڤی سەردەم وەکوو کەرەستەی ڕازاندنەوە و دیکۆر بەرهەمی هـونـەری بەکاردێنێت، نـەوەك وەکوو پێویستییەك بۆ سۆز و هۆشی خۆی. کەواتە کۆتاییی هـونـەر بە واتای نەمانی هـونـەر نییە، بەڵام هیگڵ پێی وایە لەبەرئەوەی نێوەرۆکی بەرهەمی هـونـەری ناتوانێت خۆی لە ماتەریال دەربازبکات، واتە نێوەرۆك ناتوانێت بە سەربەستی، خۆی دەربخات، ئیدی بووە

به شتێکی ناپێویست و دەبێ بمرێت. خۆی دەڵێت: "ئیدی هـونـەر ئەو ڕمێنەی نەماوە کە ببێتە بەرزترین فۆرم بۆئەوەی هەقیقەت هەبوونی خۆی تێدا بەدەست بێنێت ... خۆزگە بکـرایە هیوامان بەوە بێت کە هـونـەر هەروا بەڕمێن بێت و خۆی کامڵ و تەواوبکات، بەڵام ئیدی فۆرمەکانی هـونـەر لەگەڵ پێداویستییە بەرزەکانی ئاگامەندی یەك ناگرێتەوە." دیارە ئەو خۆزگەیەی هیگڵ لە سەرێکەوە بەهۆی دڵمەندبوونییەتی لە هـونـەری ڕۆمانسی و لە سەرێکیشەوە پێی وایە ئیدی مـرۆڤ لەگەڵ ڕەهاییی دین و فەلسەفە بەرەوڕوو بووەتەوە، دین و فەلسەفەش پێویستیان بە کـردەوەی ڕۆشنگەرانە هەیە و هـونـەر ئەو کاراییەی نییە. دین و فەلسەفە دەتوانن لە بەڵگەکانی ڕابردوو تێبگەن، کەچی هـونـەر ئەوەی لێ ناوەشێتەوە.

پێشتر ئاماژەم بە ڕەخنەی نیچە لە بڕیارە جـوانیناسانـەکەی کانت کـرد، نیچە پێی وایە کانت لە جـوانیناسییەکەی خۆیدا بەردەنگی هـونـەر لەبەرچاو دەگرێت، نـەوەك داهێنەرەکەی. کەچی نیچە، خۆی گرینگی بە هـونـەرمەند، وەك داهێنەر دەدات. نیچە لە کتێبی "لەدایکبوونی تراژیدی"دا دەڵێت: لە جیهاندا سڕ و ڕازێك هەیە کە ژیان ترسناك و تراژیك دەکات. لە کتێبی "زەردەشت وەهای گوت"یشدا دەڵێت: ژیانی مـرۆڤ ترسناکە و "هەتا ئێستاش بێواتایە". بنەباس، یان تێمی سەرەکیی "لەدایکبوونی تراژیدی" ئەوەیە کە نیچە پێی وایە خەڵکی یۆنانی کەون زۆر باش لەو جیهانە شاراوەیە تێگەیشتبوون و مەزنایەتییەکەیان لەوەدا بوو، کە خۆیان بەدەست ئەو دنیایەوە نەدەدا، بگرە بەرەنگاری دەبوونەوە و لەگەڵی دەجەنگان. ئەوان بەم شێوەیە ئەرێیان بە ژیان دەگوت. دایۆنێسیس، خودای جەژن و شەراب و سەرخۆشی، دەربڕی ڕووناکایی و شادمانی بوو، غەریزە و ویستەکانی خۆی بەبێ ترس دەردەبڕی. بەلای نیچەوە شۆپنهاوەر چاکی بۆ چووبوو کە جیهان ویستە، بەڵام ئەو، خۆی لەو هێز و وزە بێپایانەی جیهان ترسابوو. کەچی دایۆنێسیس پێمان دەڵێت، بۆ دەربڕینی ویستەکانمان نە بترسین و نە شەرم بکەین، بگرە پێی شاد و دڵخۆش بین. نیچە

دەیەوێ لە بەرامبەر ترسناکیی دنیادا خۆمان بەدەستەوە نەدەین، بەرەنگاری ببینەوە و لە بەرامبەر هێزی ئەودا هێزی خۆمان نیشان بدەین. نیشاندانی هێز، کاری مرۆڤی ئازادە. نیچە ستایشی هەمووی ئەو شتانە دەکات کە لە ژیاندا لەگەڵ ویست و هێز و ئیرادە بن. پەسنی ئاوازە ئوستوورەییەکانی Nibelungenی واگنەر دەدات و بە پێوەندیی نێوان ئوستووره و مۆسیقا و ژیانیان دەزانێت. بەڵام Parsifal ڕەددەکاتەوە، چونکە پێی وایە لەوەیاندا ڤاگنەر خۆی بەدەست گیانەکیی دینییەوە داوە. بەلای بۆچوونی نیچەوە هونەر قسەی کۆتایی دەکات" هونەر روخساری ترسناکی ژیان وەدیاردەخات و دەمامکی پێدا نادات.

*** ئەو بۆچوونەی نیچە لە کتێبی ''ئەوبەری چاکە و خراپە''دا، چۆن لێك دەدەنەوە، کە دەڵێت: ''هەرچییەکی زۆر قووڵ بێت، حەزی لە دەمامکە، بەڵام قووڵترین شتەکان لە وێنە و نواندنیش بێزارن.''؟**

– نیچە پێی وایە هونەر ئازایەتیی بەرەنگاربوونەوەی دنیای خراپە، چونکە ئەگەر چاك بوایە بەرەنگاربوونەوەکەی ئازایەتیی نەدەویست. بە پێچەوانەی ئەفلاتوون، کە پێی وایە هونەرمەند لاساییکەرەوەیە، نیچە هونەرمەند بە داهێنەر دەزانێت. بە پێچەوانەی هیگڵیشەوە، نیچە جوانی و چێژوەرگرتن لە جوانی لە جیهانی هەستەکی و چێژی هەستەکی دادەبڕێت. نیچە باوەڕی بەوە نییە کە هەقیقەتێك لەبان هەقیقەتی جیهانی هەستەکییەوە هەبێت، تا مرۆڤ ڕووی تێ بکات. بەلای نیچەوە جوانی دیاردەیەکی مرۆڤانەیە و هەر بۆ مرۆڤ هەیە.

فەلسەفەی نیچە، هەم فەلسەفەی تازەخوازیی تێپەڕاند و هەم هەڵیشیوەشاندەوە. بەو واتایەی کە قۆناغێکی جوداوازی تازەخوازیی هێنایە ئاراوە، کە بە قۆناغی پاش–تازەخوازی ناسرا. هەڵوەشاندنەوەی بنەماکانی فەلسەفەی تازەخوازی شێوازێکی نوێتری بۆ تێڕوانینی جوانیناسانە لێکەوتەوە. لە فەلسەفەی تازەخوازیدا زانین و بایەخەکان دەچوونەوە سەر ناوەندێك و هەموو

شتێك له بەر تیشكی ئەو ناوەندەدا واتا و بایەخی وەردەگرت، بنەمای شتەكان بنەمایەكی نەگۆڕ بوو. گیان (ڕۆح)ی مـرۆڤ بە گەوهەر، یان ناوەندی بوونی مـرۆڤ دادەنرا، كە گەوهەرێكی نەگۆڕە. هایدگەر پێی وابوو بنەماخوازی لە فەلسەفەی تازەخوازیدا نویٚ نییە و دەگەڕێتەوە بۆ بیركـردنەوەی ئەفلاتوون، بۆیەشە ئەفلاتوونی بە یەكەم بیرمەندی فەلسەفەی تازەخوازی لەقەڵەم دەدا.

هەڵوەشاندنەوەی بنەمای نەگۆڕی تازەخوازی لە قۆناغی پاش–تازەخوازیدا تاكگوتاریی هەڵوەشاندەوە و فرەگوتاریی بۆ ڕاڤەی دیاردە سـرووشـتی و مێژووییەكان هێنایە ئاراوە. لە سۆنگە هەڵوەشاندنەوەی بنەماوە، پێویستیی دامەزراندنی "زانیناسی" (Epistemology)یەكی نویٚ سەری هەڵدا، چـونكـە مـرۆڤی دژەبنەما ناتوانێت بە (Epistemology)یی مـرۆڤی بنەماخواز بۆ واتای جـوانی، یان هەقیقەت بگەڕێت. هەڵوەشاندنەوەی (Epistemology)یی تازەخوازی بە واتای هەڵوەشاندنەوەی زانینی هەمەكی و لەچارەنووسرانی زگماكییە، كە لە ئەفلاتوونەوە تا دیكارت و هەموو پەیڕەوانی فەلسەفەی هۆشگەرایی و شوێنكەوتووانی دینـەكان كاریان لەسەر كـردووە" ئەفلاتوون پێی وایە زانین وەدەست ناهێنرێت، وەیـاددێتەوە، دیكارتیش پێی وایـە مـرۆڤ كـە لەدایك دەبێت فكـری ئامادەكـراوی لە مێشكیدا هەیە و خۆی داهێنەری فكـری خۆی نییە. ئەو بنەما نوێیەی كە (Epistemology)یی پاش_تازەخوازی دایدەهێنێت، هەمەكی نییە و هەندەكییە، چـونكـە فەلسەفەی پاش–تازەخوازی پێی وایە بنەمای ڕاستییەكان یەك بنەمای نەگۆڕ نییە و خودی ڕاستییەكانیش فرەجۆر و جوداوازن، چـونكـە قۆناغی پاش–تازەخوازی ڕەهایی ڕەت دەكاتەوە و ڕێژەیی دادەمەزرێنێت.

لە قۆناغی پاش–تازەخوازیدا مەزنەگوتار هەڵدەوەشێتەوە و گوتارەیلی بچووك سەرهەڵدەدەن، لەو سۆنگەیەشەوە لە جـوانیناسیی پاش–تازەخوازیدا چەندان بزووتنەوە و ڕەوت و دیاردەی هـونـەریی جوداواز لە سەدەی بیستەمدا سەریان هەڵدا. ئـەگـەر لێرەدا پرسیار لە پێوانەی جـوانیناسی لە قۆناغی پاش–

تازەخوازیدا بکەین، بەو وەڵامە دەگەین کە لەبەرئەوەی مەزنەگوتار هەڵوەشاوەتەوە، دیاردەی جوداواز و جۆراوجۆر دەبنە سەرچاوەی جوانی و ڕاستیی جوداواز و جۆراوجۆر. هەر دیاردەیەکی جوان دەکرێ ڕاڤەی بێبڕانەوەی جوانیناسانەی بۆ بکرێت.

سەرلەبەری بیرمەندانی پاش-تازەخوازی، فۆکۆ، دریدا، بۆدریار، ڕۆرتی، ڕۆلان بارت و تا دوایی... جوداوازی و جۆراوجۆری بە چەمکێکی سەرەکیی فەلسەفی دادەنێن. بە گوێرەی تێگەیشتنی پاش-تازەخوازی هیچ تێگەیشتنێك ڕاستتر، یان ناڕاستتر لەوانی دیکە نییە، هەموویان دەکرێ ڕاست، یان ناڕاست بن. لەم ڕوانگەیەوە جوانییش لە هەموو شتێکی جواندا بە ڕێژەیەك هەیە، بەڵام هیچ جوانییەك ڕەها نییە. جوانیی بەرز و نزم لە بیرکردنەوەی پاش-تازەگەریدا نییە.

لە ئەنجامی ئەم چاوخشاندنە بە ڕەوتی گووران و فراژۆبوونی بیرکردنەوەی مرۆڤدا دەتوانین بەوە بگەین، کە هەستکردن و درککردنی "جوانی" لە سەرەتاوە بە شێوەیەکی سنووردار وەدیارکەوتووە و لەبەر تیشکی فرەوانبوونی پێوەندییەکانی مرۆڤ لەگەڵ دنیادا جۆراوجۆری و جوداوازیی وەخۆگرتووە. لەنێوان جوانیی سەردەمی یۆنانی کەون و جوانی سەردەمی پاش-تازەخوازی، یان لەنێوان جوانیی شمشاڵ و سەمفۆنیادا بەقەدەر سەرلەبەری مێژووی فراژۆبوون مەودا هەیە.

**سەرچاوەکان:**

١. حقيقت و زيبايي (درس‌هاى فلسفەی هنر)، بابك احمدى، نشر مركز، چاپ هفتم، تهران، ١٣٨٣.

٢. ئەرەستۆ، هـونـەری شیعر (شیعرناسی)، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: عەزیز گەردی، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠١١.

٣. فەلسەفەی هـونـەر، د. محەمەد کەمال، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٧.

## غەیاسەدین نەقشبەندی:

# چێژوەرگرتن لە جوانی لە گۆشەیەکەوە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە ڕاددەی هۆشیارییەوە هەیە

*** جوانی یانی چی؟ دەگوترێت جوانی ڕێژەییە و ڕەها و موتلەق نییە؟ ئەمە یانی چی؟**

– هەر تەنیا ئەم پرسیارە: (جوانی یانی چی؟) وەڵامەکەی بە دەیان کتێبی دەوێ و لەوانەیە بەسەدان کتێبی لەسەر نووسرابێت و هێشتان کەس بە تەواوەتی تێینەگەیشتووە، یانیش نەیانتوانیوە خەڵك تێبگەیێنن، جوانی یانی چی؟

جوانی ئەگەر بە کۆنسێپتی "ئەیستاتیك" وەرگرین دەتوانین زۆر بە باشتر باسی لێوەبکەین، چونکە تەنیا پرسیارێکی ڕووت و فراوان (جوانی چییە)؟ وەکوو ئەوەیە لەناو هەسارێکی پڕ لە ئەستێرەدا لە نەیزەکێك بگەڕێی یانیش پەندی ئینگلیزی گوتەنی: (لە ناو بارێك کادا بەدوای دەرزییێکدا بگەڕێی)، وەڵامدانەوە ئەستەمە ئەگەر قەوارەی مژارەکە تەسك نەکەینەوە و بە دیاریکراوی باسی نەکەین، جوانی بە موتلەق پێناسەناکرێت، مەگەر تەنیا لە کۆڵکردنەوەیەکی لۆجیکی بۆ ببینییەوە و بە ساکارییەوە بڵێی: جوانی پێچەوانەی کرێتییە!، کرێت لە کرمانجی خوارووا بەکارنایێت "ناشیرین" بەکاردێت، کە بەراستی ناکاتە پێچەوانەی جوان، بەڵکو دژی تاڵە، چونکە لە سێنتاکس شیرینی پەیوەندی بە تام و چێژوەرگرتنەوە هەیە نەوەك جوانی و کرێتیێ. بۆ ئەوەی خۆمان لە تەڵە جەنجاڵەکانی ئەو مژارە سەختە رزگارکەین و بتوانین بە شێوازەکی ئاسانتر لەم چەمکە بگەین، پێویستە لێکۆڵینەوە لەسەر جوانی سرووشتی یان جوانیی دەستکرد چڕبکەینەوە، جوانیی سرووشتی مرۆڤ ناتوانێت گۆڕانکاری بنەڕەتی لەناویاندا بکات، جوانی خۆرئاوابوون، جوانی دەریا، ڕووبار درەخت، شاخ بەفر... تاد، وەکو خۆیانن ناتوانی ڕەنگەکانی خۆرئاوابوون بگۆڕی، ناتوانی ڕەنگ و بۆن و ئارامبەخشی ڕووبار بگۆڕی، بەڵام دەتوانی لە مەودای جوانیی دەستکرد هەموو شتێك بگۆڕی، دەتوانی ئاسمان کەسك بکەی و دەریا شین بکەی و دەتوانی پەلکەدار قاوەیی بکەی بەگوێرەی ویستی هونەرمەندەکە، کە دواتر و لەپاش ئیمپرێشینیزم کە چاولێکەری

سرووشت بووە، رووگەی دیکە دەرچوون، کە زیاتر لە ئاستی دەربڕینی ناخبوونە لەوەی تەنیا چاڤلێکرنگەریی سرووشت، هەروەها لە موزیکیش کە بە باوڕییەکی کەم تا زۆر بڕوام بەوە هەیە، کە ئەویش لەسەرەتاوە وەکوو ریتمی گریان و ئاگادارکردنەوەی نەفەری دیکە بەکارهاتووە و بە شێوازەکی ئاڵۆز لەگەڵ پێشکەوتنی عەقلی مرۆڤ پێشکەوتوون، چونکە مرۆڤ پێویستی بە شێوازی ئاڵۆزتر هەبووە بۆ دەربڕینی ناخ، زۆر لەوە زیاتر کە دەنگ تەنیا بۆ گریان و نوزاندن و ئاگادارکردن لە مەترسی بەکاربێت.

یەکەم: ئەگەر بمانەوێ لە جوانی بگەین دەبێ جاری یەکەم بەدیتنێکی دیالیکتیك پێچەوانەکەی بسەلمێنین، واتا سەلماندنی کرێت، کرێت بۆ کرێتە؟ ئەوسا دەگەینە بڕوایەکی باشتر لە تێگەیشتنی جوانی. جوانی جیاوازی هەیە لەگەڵ جوانناسی (Aesthetic)، کە زانستێکە و پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە فەلسەفەوە هەیە، هەڵبەتە فەلسەفەش پەیڤێکی یۆنانییە بۆ ڤیانی هزرین و بیرکردنەوە بەکارهاتووە، لەو قەوارەیە دەتوانم بە ئاسانی پەیڤی جوانی بکەم بە سێ بەش:

**یەکەم:** خوێندنەوەی باری دەروونی و هزریی مرۆڤ و کارتێکردنی دەوروبەر لەژێر ڕۆشنایی فەلسەفەکاندا، لەپێناو تێگەیشتنی هەستی مرۆڤ بە جوانی، بۆ تەنیا مرۆڤ هەست بە جوانی دەکات؟ بوونەوەرەکانی دیکەش شتی جوان دروست دەکەن، بەڵام بە ئەیستاتیك ناونابردرێت، چونکە لەژێر فشاری سرووشت دەیکات و مەبەستی لە دروستکردنی تەنیا جوانی موجەڕەد نییە، بەڵکوو بۆ ململانێی مان و نەمان و بەردەوامبوونی رەگەزی خۆی دەیکات، وەکوو جاڵجاڵۆکە کە جوانترین تەڤن دروستدەکات، لەوانەیە هیچ ئەندازیارێك نەتوانێت شتی وا دروستکات، یان زۆر لە باڵندەکان هێلانە بە شێوازێکی زۆر توکمە و ئەندازیاری دروست دەکەن، بەڵام بە داهێنان ناژمێردرێت، چونکە لەژێر فشاری سرووشت دەیکات، تەنیا مرۆڤە کە جوانی بەرهەم دەهێنێت بەبێ ئەوەی

هیچ واتـایـەکی پـڕاکتیکـی هـەبێت و زەوق و چێژی لێوەردەگـرێت بـەبێ فشـاری سـرووشـت.

**دووەم:** بەستنەوەی جـوانی بـە دوالیزمی قەنجی و بەدیەوە و لەشگیری (تجسید) قـەنجی لـە جـوانیدا و بـەدی لـە کـرێتیدا لـە ڕێگای (هێرمینیۆتیـك _ Hermeneutic _ تـأویـل) و شـڕۆڤەکـردنی دەق_هەر دەقێك_هـەروەها بـەشی بەستنەوەی دەقەکان بە هزری بەرز Transcendental، یانیش بە ئایدیۆلۆجیایێك ببەسترێتەوە، کە خزمەتی ئامانجێکی بەرزگەر دەکات و شکۆمەندی بە قەنجی بدات و نەفرەت لە بەدی بکات، خێر و شەڕ وەك دوو کۆنسێپتی دژهەڤ کە بەردەوام قەنجی جـوانە و بەدی کـرێت، هەڵبەتە ئەوەندەش پەیوەندی بە شێوازی ئایدیۆلۆجیاوە هەیە، بەڵام بە گشتی هـەمیشە جـوانی بەخێرەوە بەستراوە بۆئەوەی کۆنسێپتە ئەخلاقییەکە بەدەست بهێنێت و پشتگیری لێبکـرێت بۆ مەبەستی سەرخستنی مـرۆڤ و مـرۆڤایەتی و مانەوە، یانیش نیشاندانی مەینەتییەکانی مـرۆڤ و کـرێتکـردنی هۆیەکانی.

**سێیەم:** شیکـردنەوەی تیۆری ڕێژەی زێڕین Golden Ratio، کە بە هێمای (Phi) نـاسـراوە، کـە تیـۆری سـەرەکی تێگـەیشتنـی جـوانییـە و ڕێـژەکـەی: (١٠٦١٨)یـە بـۆ پێکهاتن لـەسـەر جـۆری جـوانی و بـە سـتـانـداردکـردنـی پێـوەری تـایبـەت.

*** جا ئـەگـەر زیاتر لەسەر بەشی سێیەم روونکـردنەوەمان بدەیتێ، کە دەڵێی: شیکـردنەوەی تیۆری ڕێژەی زێڕین Golden Ratio، کە بە هێمای (Phi) ناسراوە، کە تیۆری سەرەکی تێگەیشتنی جـوانییە و ڕێژەکەی: (١٠٦١٨)یە؟**

– لەوانەیە ئەو ژمارەیە وەکوو ژمارەیەکی ئاسایی خۆی نیشانبدات، بەڵام وا نییە، ئەو ژمارە سەیرە بنیاتی سەرەکی هەموو تیۆرێکی جـوانییە و هەموو کارێکی هـونـەری لە کارێکی هـونـەری دەکاتە کارێکی داهێنان بە پێوەری (فای – Phi)، کە هەموو شتەجـوانـەکان بەو پێوەرە هەڵسەنگێندراون، بگرە لە مـرۆڤ و جـوانییەکەی کە دابەشکـردنێکی بـەرزی پێوە دیارە لـە دووریی نێوان

چاوەکان و لووت و دەم وەکوو سیمیتریك، تا دەگاتە دابەشکردنی ڕێژەکە بەسەر لاشەی مرۆڤدا قەوارەی دەست و درێژییان لەگەڵ تێکڕای کۆئەندامەکانی لەشـ جوانترینیان ئەوەیە کە بە پێوەری ڕێژەی زێڕین هەڵکەوتووە یان نزیکترینیان لەو پێوەرە، پێوەری تەوقی سەری مرۆڤ بۆ پانی پێی دابەش بە مەودای نێوان ناوکەکەی تاکوو عەرز، ڕێژە زێڕینەکە دەردەکەوێت، هەروەها ناوقەد تاکوو زەوی، دابەش بە مەودای نێوان چۆکەکان تاکوو زەوی ڕێژە زێڕینەکە دیاردەبێت، هەروەها مەودای نێوان شانی مرۆڤ تاکوو سەری پەنجەکان دابەش بە مەودای نێوان جومگەکەیەوە تاکوو سەری پەنجەکان ڕێژەی زێڕین دەدات، تەنانەت لە وردترین وردەواڵەی دەموچاودا نێوان چاوەکان و لووت و دەم و گوێچکەکان، هەر هەمووی دەکەوێتە ژێر ئەو ڕێژەیە، جگە لەوەش لەناو هەموو شتە سرووشتییەکاندا ئەو شتە خۆیادەکرێت، وەکوو: دابەشکردنی شانەکانی گوڵی گوڵەبەڕۆژە یان ئینسیابیەتی بوونەوەرە ئاوییەکان یانیش باڵندە و شێوازی دابەشکردنی ئەندامەکانیان وەکوو ڕێژەی باڵ لە کۆی کۆئەندامەکانی تر یان لێکهاتوویی قەوارەی سەر لەگەڵ کۆئەندامەکانی تر، هەر هەمووی بە ڕێژەی "فای" هەڵکەوتوون، نەوەك هەر ئەوەندەش بەڵکوو ئەو ڕێژەیە جگە لە مەسەلەی جوانی ڕوتەڵە (مجرد) لۆجیکێکی زۆر سەیری تێدایە، ئەگەر ڕێژەی سەرك لە باڵندەکان لەوەی داندراوە زیاتربێت یان کەمتربێت کاردەکاتە سەر توانای فڕین، هەروەها لە بوونەوەرە ئاوییەکانیش هەر گۆڕانکارییەکی لە ڕێژە و قەوارەکەدا بکرێت کاردەکاتە سەر ئینسیابیەتی ڕۆیشتن و مەلەوانی، کە دواتر کاردەکاتە سەر مانەوەی بوونەوەرەکە کە لەژێر فشاری سرووشت، بەبێ ئەو ڕێژەیە دەرفەتی مانەوەی نامینێت، تەنیا باشترەکە دەتوانێت بەرگری لە مانەوەی خۆی بکات، بۆ نموونە ئەوەی لەنێو ئەو ڕێژەیە نەبێت توانای مانەوەی نامێنێت، بۆیەش هەمیشە من مەسەلەی جوانی لەگەڵ پڕاکتیك بەیەکەوە دەبەستمەوە، ئەوەی

توانای مانەوەی هەیە تەنیا ئەو دەمێنێتەوە و تەنیا ئەو جوانترین دەبێت و دەتوانێت بەردەوامی بە ڕەگەزەکەی خۆی بدات و مانەوەی بپارێزێت.

*** جوانی کام لە دیوەوە دێت، رۆح یان جەستە و روخسار؟**

– جوانی روح و ناخ دەکەوێتە ژێر بابەتێکی تر، کە (مۆڕال) ئەخلاق سینترالی بیرکردنەوەیەتی، لەوانەیە تەنیا بە کوردی جوانی بۆ ئەخلاق بەکاربێ، ئەخلاقی جوان نییە، بەڵکوو ئەخلاقی باش هەیە، ئەوەش دەکەوێتە ژێر کاریگەری کۆمەڵێك بەها و ئاکار، کە لە هەر کۆمەڵگایەك یان هەر کولتوورێك شێوازێکی جودای بەها و ئاکار هەیە، کەواتە دەبێتە مەسەلەیەکی ڕێژەیی و شتێکی جێگیر و نەلڤی نییە بۆ هەموو کۆمەڵگایەك دەستبدات. کۆنسێپتی وەکوو چاکە و فەزیلە و جوامێری و رەوەشتبەرزی و شەرەف لە دژی بێشەرەفی و بێ مۆرال و بەدکردار، قێزەون، جەنگی خێر و شەڕ دادەمەزرێنن و هەمووشیان ڕێژەیین لە کۆمەڵگایەك بۆ یەکی دیکە دەگۆڕێن، ئەگەرچی زۆربەی کۆمەڵگا مروڤییەکان لەسەر خاڵە گشتییەکانی پێکهاتوون.

*** ئیستاتیکا و هونەریش بەشێکن لە جوانی، ئەوەی چاوی هونەرمەند و داهێنەرێك لە دووتوێی تابلۆ و کارێکی هونەریدا بە ئێمەی دەگەیەنێ، جوانی و جوانبینینە؟ بە دەربڕینێکی دیکە چاوەکانی ئەو جیاوازن؟**

– ئێمە باسی خودی شتە مادییەکان و سرووشتییەکان ناکەین بەقەدەر ئەوەی باسی ئەوە دەکەین بۆ پێمان جوانن، مەیمونێك یان کەروێشکێك یان مریشکێك بە هیچ شێوەیەك چێژ لە جوانی پەلکەزێڕینە و خۆرئاوابوون نابینن، رەنگدانەوەی رووداوی سرووشتی لەسەریان تەنیا پەیوەندی بە مانەوە و خۆپاراستن هەیە، پاراستن لە برسێتی و لە ترس و لە باران و لە گەرما و سەرما، بۆیە هەمیشە جەختم لەسەر ئەوە کردووە، کە چێژوەرگرتن لە جوانی لە گۆشەیەکەوە پەیوەندیی راستەوخۆی لەگەڵ ڕاددەی هۆشیاری هەیە، لەبەرئەوەی مرۆڤ هۆشیارە، بۆیە چێژ لە جوانی وەردەگرێت، تا

ئێستاش نەزاندراوە بۆچی تەنیا مرۆڤ دەتوانێت جوانی بەرهەم بێنێت و چێژ لە داهێنان وەردەگرێت.

*** زۆر جار دەگوترێت فلان جوان دەنووسێت، لایەنی ئەم جوانییە سەرچاوەکەی کوێیە، کەرەستەکانی نووسین و جوانکاری و ڕەوانبێژی و بەلاغە. ئەمە چۆن لێك دەدەیتەوە؟**

– فۆڕمە جودایەکانی نووسین ئەو خاڵە ئاشکراتر دەکەن، جیاوازی هەیە لەنێوان گوتارەکی جوان و چیرۆك و ڕۆمان لەگەڵ هۆزان، هۆزان بەتایبەت لەو هەموو فۆڕمانەدا پتر قووڵایی نێوان گۆتن چ بە نووسین چ بە گۆتنی دەنگ، چونکە هۆزان فۆڕمەکی بێگەردترە و هەروەها دەکەوێتە ناو مەودای وێناکردن و مۆزیك و ڕەوانبێژی ئا لەوانەدا زیاتر فۆڕمی داهێنان خۆی دەنوێنی و مرۆڤ دەتوانێت ناسناوی داهێنانیان لەسەر دابنێت، چونکە کۆمەڵێك یاسای جوانی و ئەیستەتیکی لەسەر پێکهاتەکانی شیعر دەچەسپێن چ بەدیتنێکی ئۆنتۆلۆجییەوە و چ بەدیتنی ئیپیستیمۆلۆجییەوە.

جوانی نووسینێکی ئەبستراکت هیچ پەیوەندییەکی بە ئەیستەتیك و زانستی جوانناسییەوە نییە، تەنیا ئەو نووسینانەی کە دەکەونە خانەی داهێنان (إبداعCreation)، بەڵام ئەمەیش ملکەچی کۆمەڵێك پێوەری ئەخلاقی دەبێتەوە، کە دەبێ خێری گشتی بەسەر شەڕدا زاڵببێت و مرۆڤایەتی بە گشتی سەروەربێت و بۆ مانەوەی مرۆڤ تێبکوشێت.

# هاشم سەراج:

## جوانی بەر لە هەموو شتێك چێژبردنە

*** دەپرسین جـوانی یانی چی؟ ئینجا بۆچوونتان لەسەر ئەوەی دەگوترێت جـوانی ڕێژەییە و ڕەها نییە، یانی چی؟**

– جـوانی بەشێکە لە بوونی مـرۆڤ، لێکدانەوەی ئەستەمە، بۆ نموونە کاتێ جـوانی شۆخێك بەڕێکەوت وەك دیاردە (فینۆمینە) بۆ چاوی من دەردەکەوێت هەست و سۆز و هزر و خەیاڵم دەوروژێن و چێژێکی بێکۆتا دامدەگرێت و هەوڵدەدەم بە سووسەکـردن و درککـردن و تێفکـرین دیاردەکە شیبکەمەوە، بەڵام مەحاڵە، چـونکــە جـوانی بەر لە هەموو شتێك ڕووداوە و پەیوەستە بەحەز و ئارەزوو و چێژبردنەوە. زۆرجار جـوانی جلوبەرگ و کەرستەی پۆشینی وەك دەسکێش و ملپێچ و قژگرە و شانە و کـراس و ... تاد بە شێوەیەکی جیاواز بەشداری لە دەوڵەمەندکـردنی جـوانی جەستە دەکەن، ئاخر جەستە سەرچاوەی چێژبردن و جـوانییە لەسەرەتاوە یا لەسەردەمی قدیس ئۆگستینەوە جـوانی جەستە فەرامۆشکـراوە و بایەخ بەڕۆح دراوە دواتر فەلسەفەی پۆست مۆدێرنە دووبارە بەهای بۆ جـوانی جەستە گەڕاندەوە.

*** تێڕوانینی تەمەن بەرامبەر جـوانی لە چاوی پیرێك و منداڵێك وەك یەکە یان جیاوازە؟ ئایا پێتوایە تێڕوانینی تاکی ڕۆشنبیر و کەسێکی ئاسایی یان خەڵکی شارنشین و گوندنشین یان ڕۆژهەڵاتییەك و ڕۆژئاواییەك یان ئایینی و عیلمانییەك جیاوازە بۆ جـوانی؟**

– چێژبردن لەجـوانی لە مـرۆڤێکەوە بۆ مـرۆڤێکی تر دەگۆڕێت، زۆرجار چۆنییەتی دەرکەوتنی جـوانی گرنگە، جـوانی بە چ شێوەیەك خۆی بۆ هەست و زەین دەردەخات، بەتایبەتی ئـەگـەر بەپێی ڕوانینی فینۆمینۆلۆژی و لە ڕوانگەی (هوسرەل)ەوە لەچرکەی هەڵواسینی زەینی بدوێین و خۆمان لە سەرجەم پێشبیرەکان خاڵی بکەینەوە چۆن لە چەمکی دەرکەوتنی ئەم دیاردەیە دەگەین و

درکی پێ دەکەین، من پێشتر وتم جوانی بەر لە هەموو شتێك چێژبردنە، دەشێ ئەم چێژبردنە قووڵی و لێکدانەوەی فەلسەفی لێبکەوێتەوە و چێژ و خۆشی بردن لە جوانی ڕوو لەهەڵکشان بکات، بەتایبەتی لە بواری نووسیندا هەڵبەتە ناشیرینیش لە جەوهەردا هەڵگری جۆرێك لەجوانی پەردەپۆشکراوە یا جۆرێك لە جوانی پەنهانی تیایە، ئەگەر سەیری شیعرەکانی شارل بۆدلێر بکەین هەستدەکەین چۆن جوانی لە ناشیرینی هەڵێنجاوە یا بە شێوازێکی تر جوانی لە ناشیرینی و شتی گەنیو خولقاندووە، هەڵبەتە چێژبردن و نیگاکردنی جوانی وەك گوتم لە کەسێکەوە بۆکەسێکی تر دەگۆڕێت جا ئەم حاڵەتە هەموو کەسێك دەگرێتەوە منداڵ و مێردمنداڵ و گەنج و پیر و شارنشین و دێهاتنشین ... تاد.

*** لێرە پەنجەت بۆ مەسەلەی نووسین راکێشا، بەڵام ئەدی ئیستاتیکا و هونەریش بەشێکن لە جوانی، ئەوەی چاوی هونەرمەند و داهێنەرێك لە دووتوێی تابلۆ و کارێکی هونەریدا بە ئێمەی دەگەیەنێ، جوانی و جوانبینینە؟**

– لێرەدا ناکرێ بە دووروودرێژی لە چەمکی ئیستاتیکا و جوانیناسی بدوێم چونکە زانستی جوانی لەبواری فەلسەفەدا جۆرەها لقی لێ کەوتۆتەوە، بیرمەندانی پێش سوکرات و ئەفلاتوون زۆر لە چەمکی جوانی دواون، هەروەها بیرمەندی ئەڵمانی ئەلکسندەر جوتلیب باومگاردن یەکەم کەس بووە، کە لە ساڵی: (١٧٣٥) ئەم زاراوەیەی داڕشتووە، هەڵبەتە دواتر کۆمەڵێك وێناکردن و ڕوانین و بۆچوونی جیاوازی بەخۆیەوە بینیوە، بەتایبەتی لەلای ئەمانوئێل کانت و ئیدیکەش، بەڵام چێژی بینین و ڕۆڵی چاو جوانی روخسار ئەمانە لەم بوارەدا بابەتگەلێکی گرنگن، هەروەها هەست و درککردن و خەیاڵ، ئاخر جوانی ڕۆحپرۆکێنە، بۆیە لەبواری ئەدەب و هونەردا کۆمەڵێك بەهای ئێستاتیکی دەخولقێنێت و دۆزینەوەی ئەم بەها شاراوانەیش لەدەقدا زۆرتر پەیوەستە بە خودی خوێنەری وەرگرەوە، کە لەڕێگەی چێژ و چێژبردنەوە لەگەڵ تێکست و تەئویلدا ڕێدەکا و دەلالەتەکان شیدەکاتەوە و هەوڵدەدا کۆدەکان بکاتەوە، واتا نەگوتراوەکان بدوێنێت و واتای جیاواز بە تێکست ببەخشێت.

## كەریم دەشتی:

### جـوانی هـەمیشە لە گۆڕاندایە، بەپێی سەردەم و چاخەکان وەسفکـردنـەکانی دەگۆڕێن

**لــەو دەمەی پرۆژەکەم لەگەڵ کەریم دەشتی شاعیر و نووسەر باسکـرد، وای بە باش زانی پرسیارەکانی هەمە و پرۆژەکەم لەسەری بنیادناوە بخەمە بەردەستی، ئەویش تەواوی بۆ چوونـەکانی خۆی لە کۆی ئەم پاکێجە بەمجۆرە وەڵام بداتەوە:**

**١**

جـوانی، بەڵێ جـوانی: نەشئەی هەموو ڕوخسارێکی میتالییە، واتە هەموو بوونەوەرێکی ماددی جـوانی خۆی هەیە، جـوانی لە ناو ئەلقەی پێناسەکـردندا، بە تەنیا دەمێنێتەوە، چـونکــە هیچ هێزێکی میتافۆری و راڤەیی و شیکەرەوەیی، توانای ئەوەی نییە پێناسەی تەواوی جـوانی بکات، ئایا چۆن دەکـرێ پێناسەی تەواوی ئەو بەرد و چەوەی کە لە ژێر تریفەی مانگەشەودا لە قووڵاییەکانی ڕووبارەکاندا، وەك زیو دەدرەوشێنەوە پێناسەبکەین؟ کەواتە جـوانی بێ کۆتاییە، هەڵگری نەشئەیەکی ئەبەدییە، هەندێ جار جـوانی لە چاوی عاشقێکی سووتاودا دەگاتە ئاستی ڕەها، لە کاتێکدا هەمان ئەو مەعشووقەی عاشق لە چاوی عاشقێکی تردا، هەمان ئەو کاریگەرێتی ئەو سووتانەی نییە، کاتێك سەیری هێلانەی مەلێك دەکەیت کە باڵدارەکە بە چ هێزێکی ئەندازەییی و توندوتۆلییەوە دروستی کـردووە، لەوێدا جـوانی ناچێتە ناو روخساری لانـەکەوە و بەس، بەڵکوو رۆدەچێ و دەچێتە قووڵایی بونیاتە ئەندازەییەکەوەی، ئەلێرەدا جـوانی بەو ئاسانییە خۆی نادات بەدەستەوە.

## ٢

جوانییەکان لە پرۆسەی مێژوودا یاخود لە کرداری بەسەرچوونی مێژووییدا، بەهەزاران هەزار شێوە خۆیان نواندووە، چونکە ئەویش دەخزێتە ژێر پلەی گۆڕانی دیالیکتیکییەوە، واتە جوانی هەمیشە لە گۆڕاندایە، بەپێی سەردەم و چاخەکان وەسفکردنەکانی دەگۆڕێن، کە لە قانە گیایەك ورددەبیتەوە بەو هەموو سەوزی و ناسکییەوە خۆی دەنوێنێ، پێت وانییە بتوانی وەسفی بکەیت، بیرت بۆ هەزاران هەزار نادیار دەچێ و لە جیاتی ئەوەی تۆ باس لە جوانییەکانی بکەیت، گیاکە لە قووڵایی خۆیدا نقومی تەئەمولاتێکی بێکۆتاییت دەکات، بەمجۆرە جوانیی سرووشت هەمان جوانی ئافرەتە، واتە هیچ جیاوازییەك لەنێوان جوانییەکاندا بوونی نییە، مەسەلەی رێژەیی لە فۆرمی جوانیدا هەڵگری گەورەترین لێکدانەوەی رێژەییيە.

## ٣

وەرە لە گەردی بەرەبەیانێکی لادێیەکی دوور دوور، لە خەو هەڵسە و بەناو دەشتاییە پان و پۆڕەکانی ئەو لادێیەدا هەوایێ هەڵمژە و لەو سرووشتە رامێنێ، ئەوەت بۆ بەدیاردەکەوێت، کە جوانییەکانی بێدەنگی و کپی سرووشت، جوانییەکە بێسنوور، یەکسەر عاشقی ئەو سرووشتە دەبیت و حەزدەکەیت، بچیتە ناخی ئەو سرووشتەوە، یاخود لە شەوانێکی درەنگ وەختدا سەیری ئاسمان بکە، گوێ رادێرە، لە دوورەوە گوێت لە وەڕینی سەگێك دەبێت، کە بە نەرمی دەگاتە گوێتەوە، دووبارە دەکەویتە ناو دۆڵی لێکدانەوە و ئەندێشە، ئاخۆ کام رێبوار یا کام ئاشق هاتۆتە ژوان؟ ئەوسا هەست دەکەی جیاوازی لەمیانی جوانی تۆ و ئەو سەگە نامێنێت، چونکە دەنگی هەزاران هەزار وێنە و رووداو دەچرپێنێتە گوێتەوە و هەزاران هەزار وێنەت دەخاتە بەرچاو.

٤

زەین بدە ئەو دایکەی، کە لە ژێر سێبەری دارێکدا، لانکی کۆرپەکەی رادەژەنێ و لەبەرخۆ گۆرانییەك دەچڕێ، ورد ورد فرمێسکیش هەڵدەڕێژێ. ئای چ تابلۆیەکی جوان و چ جوانییەکی تراژیدیت بۆ وێنادەکات؟! ئەوسا لە بینینی ئەو دیمەنە بایەکانت بیردەکەوێتەوە، کە بە هەڵکردنی خۆیان گەڵاکان چۆن چۆنی هەڵدەپروکێنن، پاییزێکت بۆ دەنەخشێنن کە نوقمی جوانیت بکات. ئەوەیش هەمان دیمەنە، یاخود لە سپێدەیەکی پاییزیدا سەیری ئافرەتە نانکەرەکان بکە چ کولێرەیەکی زێڕینت بۆ دروستدەکەن و چ خەباتێکی گەورە دەکات بۆ تێرکردنی مرۆڤ. ئەوانە هەمووی جوانین.

٥

لەباسی جوانییەکانی شوێندا، نموونەی زۆر بەرز هەن، بەوانەوە دەتوانین، بەسەر هەموو پێناسە فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەکاندا بازبدەین، حسێبی پووشێکیان بۆ نەکەین، هەندێ جار جوانی بەوە دەخوڵقێ، کە تۆ حەز لە خالیقەکەی ناکەیت، چونکە خالیقەکەی ئەو جوانییە، لە ناو پرۆسەیەکی ناماقووڵ و تاوان سیفەتەوە ئەنجامی ئەو کارەی خوڵقاندن دەدات، بۆ نموونە کاتێ تاوانکارێ پرۆژەی کوشتنی ئادەمیزادێکی دارِشتووە و چاوەڕوانی ئەوە دەکات کە بیگاتێ و بیکوژێت، بەڵام کە بە و کەسە دەگات، کە مەبەستێتی بیکوژێت. ئەو کەسە منداڵێکی جوانی لەباوەشدایە، دەستی پێ شل دەکات و پرۆژەکەی بۆ ئەنجام نادرێ، لێرەدا جوانییەك لەناو ئەم قوبحەدا هەیە جوانیی کرداری مرۆڤایەتییە.

## فازیل شــەورۆ ـ دبلن

# جـوانییەکانی جـوانی و (پێچەوانـەکەی) لە چیدایە؟

لەوەتەی مـرۆڤـ_گیاندارە بە مێشکەکە_هەستی بە مـرۆڤبوونی خۆی کـردووە و لە قاوغی بیرکـردنەوەکانی کولتووری نێو ئەشکەوت و جەنگەڵ خۆی دەربازکـرد و هەوڵیداوە پتر لە ڕێی (ئەقڵ)ەوە نـەوەك (دەست)ەوە، کاروبارەکانی خۆی ڕایی بکات، ڕیزبەندێك زاراوە وەك چەمك و واتای هاتۆتە سەر ڕێ، ئێستاشی لەگەڵدابێ بۆی یەکلانەبوونەتەوە و تا ڕادەیەکیش بوونەتە ماکی چەند گرفت و ئاڵۆزی و شێواوییەك تا ئەو ڕادەیەی، هەیە خۆی لە داخیاندا کوشتووە یان سەری خۆی بەفەتارەت داوە، (مێژوو پڕە لە ناوی ئەوانە کە زۆربەشیان وەك بلیمەت و بیرمەند و هـونـەرمەند ناسراون). زاراوەی (جـوان و جـوانیی) یـەکێکـە لـەو چـەمك و واتـایـانەی هێندەی سـەرقاڵکـردووین، کاتی بینینی (جـوان و جـوانیی)یەکانی لێ زەوتکـردوین، (هێمن مـوکـریـانی) گـوتـەنـی: (چـاوی جـوانـم تێر نـــەدی بـــە چـاوانـم).

بێ ئەقڵی نییە گەر بڵێم، هەرچی لەم بوون و نەبوونەی سەر ئەم هەسارە زیندووەدا دەگوزەرێ و گۆزەراوە، ڕەگێکی بنەڕەتی دەگەڕێتەوە سەر ئەو (جـوانی و جـوانییە) جا لە ئەفسانە و خواپەرستیی و کتێبەکانی ئاسمانی و دەستوری ژیان و فەلسەفەکانی هزر و بەرهەمەکانی ئەدەبەوە بگرە تا دەگاتە تونێڵە تاریکەکانی خەون و سکـرینە ڕەنگاڵەکانی دیمەنـەکان و ژووری ئارایشتی ڕوخسارەکان و سەرجێی نەرمو خۆشی باوەشەکان و دواتریش ئاسن و پلاستیکە ڕەق و تەقەکانی تەکنەلۆژیایی سەردەم ...

دیاردەیەکی سەرسوڕهێنەری ئەو بوونە، لە جومگە _ دوانەیی _ جووتی شتەکاندا هەیە، قەت هیچ شتێك نییە و نەبووە تاك بێ و بەرامبەرەکەی قیتوقنج لە تەکییەوە ڕانەوەستابێ، تەنانەت بۆ (یەزدان) (شەیتان) و بۆ (ئاسمان) (زەوی) و بۆ (چاو) (نابیناییان) دۆزیوەتەوە، دەمەوێ بڵێم بۆ (جـوان و جـوانیی)یش (ناشیرین و ناشیرینییان) یان (ناجـوان و ناجـوانییان) داهێناوە ...

بـــەڵام ئـــەو پرسیارە قـورســەی کــە لێرەدا یـاخـــەمان دەگــرێ ئـەوەیـە:
**جـوانی چییـە؟**

زۆر بەدەگمەن بیرمەندێك، فەیلەسۆفێك، پێغەمبەرێك، ئەدیبێك ... دەبینی خۆی بە ڕاڤەکـردن و شیتەڵکاریی ئەو زاراوەیە مەشغوول نـەکـردبێ. نـەوەك هەر ئەوەندە، هەیە هەر هەموو پەیام و ڕێبەرایەتی و ژیانی بۆ ناساندن و پێناساندی ئەو زاراوە تەمومژاوییەوە تەرخانکـردووە و خۆی بەقوربانیکـردووە. بۆیە ڕیزبەندی پێناسەکانی (جـوان و جـوانیی) یەك و دووان، یان کتێب و فەرهەنگێك، یان تاق و ڕەفتەیەك نییە، بەڵکوو کتێبخانەیەکی سەربەخۆیە، بۆیە بوونەتە دایکی دەیان زاراوەکە و وەك ڕشتەی سەربەخۆ لە زانکۆ ناودارەکانی جیهاندا دەخوێندرین و ئێمڕۆ، وڵات هەیە هەموو داهات و سەرمایەکەی لە بەروبوومی چەمکی (جـوان و جـوانیی)دا دەستدەکەوێ، دەنا قەت بووە فلیمێکی دوو سعاتی پتر لە دوو ملیار دۆلار بچنێتەوە و لاوێکی (سوودان)یش بە (١٢) سەعات کارکـردن لە ژێر خۆری سووتێنەری ئەفریقیا ڕۆژانـەکەی نەگاتە یەك دۆلار؟

خوێنەری ئازیز، ئەوەی لێرەدا دەیخوێنیتەوە، تێکەڵەیەکە لەوەی لە کتێبان هەڵمکـراندووە و لە ئەزموونی (٦٦) ساڵەی تەمەنی خۆمدا هەڵمچنیوە و ڕەنگ بێ سبەینێ خۆمیان لێ بێ بەریبکەم و تەقەی ناڵچەی پانیبەرزی کیژۆڵەیەك پێناسەیەکی تازەترم بۆ دابهێنێت، ئەمە سـرووشـتی خۆڕسکی مـرۆڤە!

دەمەوێ ئەستوندەکی ڕەشماڵی (جـوان و جـوانیی)یەکەم بە (٣) مێخەك ببەستمەوە، پچڕان و پسان و شلبوونەوەی هەر یەکێکیان دە بێتە هۆی یخبوونی ڕەشماڵەکەم.

یەك: ناکـرێ بزانین جـوانی چییە و جـوانبین بین ئـەگـەر نەزانین ناشیرینی چییە و نەتوانین ناشیرینبین بین!

دوو: هەرچی تۆ دەیبینی و هەستی پێدەکەی وەهمە و ڕوخسار و ڕووە ڕاستەقینـەکەی ئەو شتە نییە، بەڵکوو بەشێکە لە ڕاستیی.

سێ: هیچ جـوانی و ناشیرێنییەك نییە لەدەرەوەی جەستەی ئێمەدا خۆی نمایش بکات. جـوانی و ناشیرینی لە ناوەوە وەك ئاوی کانی دێنەدەرەوە و پێچەوانـەکەی تەنیا فێڵ لە خۆکـردنە یان نەزانییە.

(٣) بنەما لە نیشاندان و دەستنیشانکـردنی (جـوانی و ناشیرینی) کاریگەرن:

یەك: ژینگە و کولتوور و پەروەردە: چ شاعیرێك هەیە شیعری بۆ (لێوی تەنك و ئاڵ و قەیتانی) نەگوتبێ، کەچێ لە نێو هێندێك هۆز و تیرەکانی ئەفریقیا، هەر ئەو لێوە جـوانە کە ئەستوور و گۆشتن بێ، ئەوەنییە ئەوان ئەلقەی ئاسنی وەك (قەڕاسەی) تێدەبەستن تا دەمو لێویان گەورەبێ و ئێستاش لە لای خۆمان وا سیلیکۆن لە ناو لێوەکان دەپەستن!

دوو: ئاستی ڕۆشنفکـریی و مەعریفی و هزریی جـوانبین گرنگە. لە تاف هەرزەکاریمدا زۆر بەچاوی کەم تەماشای شیعرەکانی گۆران و حاجی قادری کۆییم دەکـرد ... لەگەڵ ڕۆژگاردا کە ئاسۆی تێگەیشتنم فراوانتر بوو و پەنجەرەکانی مەعریفە بەڕوومدا کـرانەوە، هێندە عاشقی شیعرەکانی ئە و دوو زاتە بووم، کە نە لێیان تێردەبم و نە دەتوانم مەزنایەتی ئەوان بە خامەکەم بخەملێنم، چـونکــە هێندە بەرزن، من ناگەمە لوتکەی جـوانییەکانی ئەوان.

سێ: فەلسەفە ڕۆحییەکانی تاك، سەنگی مەحەکن لە نرخاندنی جـوانیی و چێژ لێوەرگرتنیان. مەمك هەر مەمکە، لێ لە دیدی بەرماڵ بە شانێکەوە ئەو مەمکە نییە کە بادەنۆشێك لەسەر مێزی مەستیدا بەسەریاندا هەڵدەلێ.

قسەکـردنم دەربارەی (جـوانیی) پەلم دەگرێ بۆ نووسینەوەی ئەو بەیتە ئاڵتوونییەی (مەحوی)، کە دەفەرمووێ:

**بە نـووری بادە کەشفی زوڵمەتی تەقوا نـەکەم، چ بکەم!**
**بە شـەمعێکی وەها چـاری شـەوێکی وا نـەکەم چ بکـەم!**

مەحوی کە شاعیرێکی جوانناسیی جوانپەرست بووە، تێگەییوە کە لە دەرەوە ی بوونی خۆیدا، هیچ جوانییەك بوونی نییە، تەنانەت (خوداش)، بەڵکوو سەرچاوە و مەکۆ و مەنزڵی پیرۆزی ئەو جوانییە لە ناخی ناخیدا خۆی حەشارداوە. بوونی مرۆڤ، دوو ڕەهەندییە: ڕەهەندی ڕوناکی و ڕەهەندی تاریکی. ڕووبەر و پانتایی ڕەهەندە تاریکەکە دەیان جار گەورەترە لە بازنە و ئەلقەی ڕەهەندی ڕووناکییەکە. بۆ؟ چونکە هەرچی لە ژێر ڕووناکی دایە دەبینرێت، دەپێورێت، ئەندازە دەکرێت، بەڵام ئەوەی لە تاریکستانە، نادیارە و نەبینراوە، واشپێدەچێ زۆر مەزنتر بێ لە هی یەکەم، چونکە مرۆڤ وەك کائینێکی شەرمنی ترسنۆکی درۆزن، هەمیشە لەو تاریکییە دەترسێ و نایەوێ سەری پێدابگرێت و خۆی پێ ئاشنابکاتەوە... بۆ؟ چونکە هەموو ناشیرینییەکانی مرۆڤ لەوێدا خۆیان زیندانی کردووە. بڕوانە مەحوی چەند بە جورئەتەوە دەست بۆ ئەو چرایە دەبات، تا جوامێرانە خۆی بکاتە ناو ئەو ئەشکەوتەی زوڵمەت و تاریکاییەکان بڕەوێنێتەوە و ڕووە جوانەکەی جوانییەکان ببینێ.. جا یەکێك لەو شتە جوانانە (خودایە)، کە هەمیشە لە ناخیدا هەست بە بوونی دەکرێت، نەوەك لە دەرەوەی ناخ و دەروون و ڕۆح.

حەقتە بپرسیت: بۆ هەرچی دەیبینین وەهمە؟

ئێمە لە ڕێی هەستەکانمانەوە شتەکان (بە جوانیی و ناشیرینییەکانیانەوە) دەبینین، بە چاو بە گوێ بە زمان، بە دەست بە لووت... بەڵام هەر یەك لەو ئەندامە هەستەوەرانەی ئێمە بە تەواوی کاری خۆیان ناکەن، یان ڕۆشنتر بڵێین جوانی نابینن.

با (چاو) بە نموونە وەرگرین: چاو چییە؟ هاوێنەیەکی هێلکەییە لە نزیکەی (١٥٠) هەزار دەزووڵە دەمار پێکهاتووە، پێیان دەگوترێت (Photoreceptors) ئەو تۆڕەدەمارە زۆر هەستیارن بە تیشك کە ڕووناکی بە شێوە شەپۆڵی (Photon) دەگەنە نووکی ئەو دەزووڵە دەمارانەی، کە ئامێرێکی وەرگریان لەسەرە، یەکسەر ڕەسمەکە تۆماردەکەن و بە ناو تۆڕێك دەماردا دەیگوێزنەوە بۆ

ناوچەیەکی دیکە دوای ئەوەی گۆڕانکاری کیمیاویی بەسەردا دێت و دەبنە شەپۆلە ئەلکتریك و دەگەنە ناو ئەو شانەی بەرپرسە لە خوێندنەوەی ڕەسمەکە. کەواتە چاو وەك کامێرایەکی ئاسایی بێڕۆح و بێ زمانە و هیچ لە ڕەسمەکان تێناگات. ئەوە مێشکە ڕەسمەکان(جوانییەکان) دەخوێنێتەوە، بەڵام با لەوە تێبگەین کە:

١. لەگەڵ یەکەم چرکەی گرتەی چاو، هەستەورەکانی بیستن و بۆنکردن و تامکردن و دەستلێدان کاری خۆیان دەکەن، کەواتە چاوی هەر ڕەسمی (٤)لێوێك، ناگەیێنێتە مێشك، بەڵکوو تام و بۆن و دەنگی ماچکردنەکەش. باشە وادابنێ ئەو ماچە ماچی دوو دڵدارە چ تامێکی هەیە؟ ئێستا وادابنێ ئەو ماچە هی ئەو کەسەیە لەگەڵ هاوسەرەکەی کە دوای کەمێکی دیکە لە سێدارەدەدرێت. یان تامی ئەو ماچەیە کە دایکێك پێش دواهەناسەی لەسەر لێوی کچەکەی خۆی دەکات؟

کەواتە ئەو جوانییەی کە چاو ڕەسمی کرد وەهمە. هەم نەدەتوانی وەك خۆی ڕەسمی بکات، هەم مەحاڵە جارێکی دیکە کتومت ئەو ماچە دووبارەبێتەوە ... ماچ دووبارە دەبێتەوە، بەڵام ئەو ماچە دووبارەنابێتەوە.

٢. خانەکانی مێشکی مرۆڤ، بەگوێرەی دوایین لێکۆڵینەوەی زانستی، وەکوو ماسوولکەی بازووە، دەکرێ گەشەی پێبکرێت و قەوارەکەی گەورەتر بێت. ئێستا دەگوترێت ئەزموونەکان خانەکانی مێشکی مرۆڤ زیاددەکەن، واتە قەبارەی مێشکی کەسێکی خاوەن ئەزموون زۆر گەورەتر و زیندووترە لە هی کەم ئەزموونێك. لێرەدا خوێندنەوەکەمان بۆ جوانی دەگۆڕێت. منی کەم ئەزموون وەك تۆی ئەزمووندار ناتوانم جوانی تابلۆیەکی قەرەنی جەمیل ببینم و خەتاکەش هی من نییە.

٣. ئەوەندەی ئێمە عەوجە بە جوانیین بۆ ناسینەوەی، ئەوەندەش عەوجە بە ناشیرینین بۆ نرخاندنی جوانییەکە، ئەگەر هەر هەموو لووتەکانی مرۆڤ یەك

شکڵ و یەك ڕەنگ و یەك شێوە بوونایە، چۆن دەمانتوانی بڵێین ئەوەیان جوانە و ئەوی دیکەیان ناشیرین.

٤. زوڵمێکی زۆر گەورە لە بوونی مرۆڤایەتی دەکرێت، کە یەکێك (لایەنێك) ئەو جوانیانەی لە دیدی خۆی جوانن بیسەپێنتە سەر خەڵکانی دیکە، کە ڕەنگ بێ لە دیدی ئەوانە وا نەبێ. ئەمەیش بیر و هزر و فەلسەفە و ئایین و دەستوور و کولتوور دەگرێتەوە. گەر کۆمۆنیزم بە لای تۆوە زۆر جوان بێ، ئاساییە کە لیبرالیزم یان ئیسلامیزم بە لای کەسێکی دیکەوە زۆر جوان بێ.

بە کوردی و کرمانجی.. شتێك نییە لەم بوونەدا جوان بێ هەر وەك چۆن شتێك نییە ناشیرین بێ، ئەوە ئێمەی مرۆڤین لەبەر هێندێ هۆکاری زاتی و مەوزوعی جوان و ناشیرینیان دەکەین.. تا ئەو ڕادەیە ئامادەین ئەوانە بکوژین کە جوانییەکانی ئێمەیان پێ جوان نییە.. یان ناشیرینییەکانی دیدی ئێمەیان پێ ناشیرین نییە. (س) جوانە بۆیە دەبێ (ع)ی ناشیرین بکوژرێت، هەیە جوانیی وا دەبینێ. هەشە هەڵەبجە کیمیاباران دەکات، چونکە لە دیدی ئەوەوە وەك (عۆجە)کەی خۆی جوان نییە. هەشە ئەم نووسینە ناشیرین دەبینێ، چونکە جوانییەکی لەمە جوانتر لە ناخیدا شك دەبات.

## تاریق كارێزی:

### جـوانی هەستێكە لە نـاخی مـرۆڤەوە هەڵدەقوڵێ، ڕواڵەتێكی واتاییە نـەوەك ماتریاڵی

*** جـوانی یانی چی؟**

– جـوانی گۆکـردنی بە زمان ئاسانە، بەڵام پێناسەکـردنی ئەستەمە. ئـەگـەر بە دوای وڵامی ئەم پرسیارەدا بچین، رەنگە نەگەینە کۆتایی. هەر فەیلەسووفە و بە جۆرێك پەسنی جـوانیی داوە. هەر قسە و دەستەواژەیەکی بە بەژنی جـوانیدا هەڵبدەیت، راستە، بەڵام لە بەشێکی کەمی راستی بەو لاوە چی دی نییە. ئێمە درك بە جـوانی دەکەین، کەچی لە ناساندن و پێناسەکـردنیدا شکست دەخۆین. جـوانی شنە بایەکی ناسك و فێنکە بە دەروونـدا هەڵدەکات، شاگەشکەی نێو شادییەکی ئەفسووناویمان دەکات.

*** دەڵێن جـوانی رێژەییە و رەها نییە، ئەمە یانی چی؟**

– بە بڕوای من جـوانی هەم رێژەیی و هەمیش رەهایە. رێژەییە چـونکـە تۆ دەتوانی رستەیەك شتی جـوان، بە ریزبەندی لە جـوانەوە بەرەو جـوانتر، بە تەنیشت یەکەوە ریز بکەیت. دەشتوانی پلەبەندییەك بۆ رادە و رێژەی جـوانیی هەر یەکەیان دیاری بکەیت. واتە جـوانی بەرحوکمی رێژەیی و چەندایەتییە. لە پاڵ ئەوەشدا جـوانی بەهایەکی رەهایە، واتە یەك پارچە چۆنایەتییەکی رەها و بێ سنوورە. من پێم وایە ئەم شتە جـوانە، بە رەهایی و بێ چەند و چۆن، بە لای منەوە هەر و هەردەم جـوانە.

*** لە بەرامبەر جـوانیدا شتێك هەیە ناوی ناشیرینی بێ؟**

– هۆشمەندیی مـرۆڤە ئەوە دەخوازێت، کە رواڵەت و دیاردە و شتانی گەردوون و بوونەوەر بە دوالیزم بناسێت. جیهان بە سەر دوالیزمدا دابەش دەبێت. خەتای کەسی تێدا نییە، کە گەرمی هەیە بۆیە ساردی بەرامبەری دەگرێت. کورتمان دیاری کـردووە، بۆیە درێژیش بەرامبەری دەوەستێت. ژیانی کـردەنیی مـرۆڤیش، پاڵی بە هۆشمەندیی مـرۆڤەوە ناوە پێوانە و تەرازوو دابهێنێ. تۆ دیقەت بدە، کانی هەیە لە چلەی زستاندا تۆ پێت وایە ئاوەکەی گەرمە. ئاوی هەمان کانی لە چلەی هاویندا تۆ بە یەقین پێت وایە ساردە. لە راستیشدا ئاوی ئەو کانییە لە

هەردوو کاتی چلەی زستان و چلەی هاویندا لە یەك پلەی گەرمیدایە، بەڵام لە سەرمای زستاندا ئەو ئاوە بە لاتەوە گەرمە، بە بەراورد بە گەرمای تاقەت پڕووکێنی هاوینیش، ئاوی کانییەکەت لە وەرزی هاویندا بە لاوە ساردە.

ئیدی بۆیە کە جوانی هەیە، ئێمە بۆ زیاتر ناسین و ناساندن و تێر ڕەنگ کردنی ئەو چەمکە، پەنا بۆ دژەکەی دەبەین، هۆشمەندیی مرۆڤیش چەمکی ناشیرینی داهێناوە، وەك چۆن چەمکی جوانیشی داهێناوە. هەڵبەت من پێم وایە بە پێی شوێن و کات، سەلیقە و سەردەم، بۆچوون و دنیابینی، بەیاری جوانی و ناشیرینی بەرتەسك یان بەرینتر دەبێت. من قبوولم بێت یان نا، مرۆڤ هەردوو چەمکی جوانی و ناشیرینیی لە ژیانی خۆیدا چەسپاندووە و بەکاری هێناون. خۆ ڕەنگە من و تۆش بتوانین هەردوو چەمکەکە بە گوێرەی بۆچوون و دنیابینیی خۆمان پێناسەبکەین.

*** ئەرێ ڕەفتار و هەڵسوکەوت یان سیما و ڕوخسار مرۆڤ جوان دەکەن، یان دەکرێ بپرسین ڕواڵەت یان ناوەڕۆك؟**

– لێرەدا پرسەکە بە دیوێکدا دەچێتە خانەی ئاکارناسییەوە. فەلسەفە و بە دروستی زانستی ئەخلاق (ئاکارناسی) لە شەقڵێکدا جوانی دەکاتە دوو بەش. جوانیی ڕواڵەت و جوانیی ناوەڕۆك و کرۆك. هەڵبەت من پێم وایە لە ڕواڵەت و سەر و سیما و ڕوخساردا، جوانییەکی دڵڕفێن و کەمەندکێش خۆی دەنوێنێ، لە هەمان کاتدا ڕەفتار و کردار و هەڵسوکەوتی پەسند و ڕێك، زۆر بە شایستەییەوە بە جوان و جوانی پەسن دەدرێن. مرۆڤ هەیە هەر بە ڕواڵەت جوانە، هەشە بە ڕەفتار و کردار. خۆ ئەگەر هەردوو جوانییەکە لە مرۆڤدا کۆببنەوە، ئەوە شازی مرۆڤمان دەست دەکەوێت.

*** تێڕاونینی تەمەن بەرامبەر بە جوانی لە چاوی پیرێك و منداڵێك وەك یەکە یان جیاوازە؟**

– تێڕوانینی مرۆڤ بۆ جوانی هەردەم لە گۆڕان و هەڵکشان و داکشاندایە. هەڵبەت بە گوێرەی تەمەن و ڕۆژگار، تێڕوانینی مرۆڤ بۆ جوانی گۆڕانی بە سەردا

دێت. من پێم وایە تێڕاوانینی ئێمە بۆ جوانی وابەستە بە چەندین فاکتەری جیاجیایە. بۆ نموونە ژینگە، شوێن، پەروەردە، تەمەن، سەلیقە، ئاستی ڕۆشنبیری، ئاستی شارستانی، کات، سەردەم، باری دەروونی، هەروەها گەلێ فاکتەری دی کار لە تێڕوانینی مرۆڤ بۆ جوانی دەکەن.

*** بۆ؟ چۆن؟**

– چونکە جوانی هەستێکە لە ناخی مرۆڤەوە هەڵدەقوڵێ، ڕواڵەتێکی واتاییە نەوەك ماتریاڵی. ئەگەر بە دوای نموونەشدا بگەڕێین، تۆ کە لە گوندێکدا بژیت، مەڕ و ماڵات و پەلەوەر و کێڵگە و باخ و ڕەنگی زەوی و کانیاوت لە لا جوانە. خۆ ئەگەر لە شارێکی مۆدێرندا بژیت، هەنگێن ڕواڵەتەکانی شارت، وەك شەقام و تەلار و ئۆتۆمۆبێل و مۆبیلیا و دیکۆرت بە لاوە جوانە. هەر پەیوەست بەوەی کە جوانی هەستێکە لە دەروونی مرۆڤەوە هەڵدەقوڵێ، دەبینین، خەسڵەت و کەسایەتیی ئەو مرۆڤە شێوەی درك کردنی بە جوانی نەخشەڕێژدەکات.

*** لەسەر ڕاستەڕێی هەر ئەم پرسیارە و وەڵامەکانی ئێوە، ئەرێ پێت وایە تێڕوانینی تاکی ڕۆشنبیر و کەسێکی ئاسایی یان خەڵکی شارنشین و گوندنشین یان ڕۆژهەڵاتییەك و ڕۆژئاواییەك یان ئایینی و عیلمانییەك جیاوازە بۆ جوانی؟**

– بەڵێ بێگومان، جیاوازی لە تێڕوانینی ئەوانەدا بۆ جوانی هەیە. هەر کەسە بە گوێرەی ژینگە و پەروەردە و ئاستی تێگەیشتن و شێوەی ژیان و گوزەرانی، هەروەها دنیابینی و بیر و ئایدیا و باوەڕی، بە شێوەیەکی تایبەتمەند خاوەن دیدگایەکی جواناسانە دەبێت.

*** ستاتیکا و هونەریش بەشێکن لە جوانی؟**

– ستاتیکا کە فەلسەفەی جوانییە، واتە جواناسییە، ئەو ڕاستییە دووپات دەکاتەوە، کە هونەر لە دوو توخمی سەرەکی پێك دێت، تەکنیك و جوانی، یان دەکرێ بڵێین پیشە و جوانی، کارامەیی و جوانی. لە هەموو حاڵەتێکدا جوانی بەشێکی سەرەکییە لە کرۆکی هونەر. ناکرێ هونەر بێ جوانی بێت، لە دەرەوەی سنووری جوانیدا، شتێك نامێنێ ناوی هونەر بێت.

*** ئەی سەبارەت بە جوانی ڕۆح  یان جەستە دەڵێی چی؟**

– ئـەگـەر پێناسەکـردنی جـوانی ئەستەم بێت، هەرچەندە لە هەموو چرکەیەکدا هەستی پێ دەکەین و ڕۆژانەش تێر تێر چێژی لێ وەردەگرین، بەڵام لە پێناسەکـردنیدا کلۆڵ و ناتوانا و دەستەپاچەین، بە هەمان ئەندازە و زیاتریش ئێمە لە هەموو گۆشە و کەنارێکی ئەم گەردوون و بوونەوەرەدا هەست بە ئامادەبوونی ڕۆح دەکەین، بەڵام کەس نەیتوانیوە پەی بە ڕازی ڕۆح و ڕاستییەکەی ببات. هەردوو چەمکەکە (جـوانی و ڕۆح) دوو بەهای هەرە باڵای ژیان و گەردوونن، نهێنی و ڕازێکی فرە ئاشکـرا و فرە پەنهانن. لە پێناسەکـردن و ناساندن نایەن، بەڵام لە هەموو کات و شوێنێکدا ئامادە و بەرچاون.

*** جـوان نووسین لەکوێی ئەم چەمکە خۆی دەبینێتەوە؟**

– هەڵبەت جـوانی چەمك و بەهایەکە شۆڕدەبێتەوە نێو هەموو گۆشە و کەنارێکی ژیان و بوون و گەردوون. ئـەگـەر هەستی جـوانخوازی نەبووایە، ژیان نە پێش دەکەوت و نە تامێکی تێدا دەما. نووسین کە پرۆسەیەکی مەعریفی و پیشەییە، داهێنان و بەڵگەدار کـردنە، ئـەگـەر لە جـوانی دوور بێت، وەك پووش و پەڵاش و کا و کۆتی لێ دێت، هیچ بەها و ئەرزشێکی نابێت. کاکڵەی ژیان جـوانییە، نووسینی بێ جـوانی، بێ ڕوونبێژی و ڕەوانبێژی، قسەی ڕەق و تەق و بێ تام و بۆیە. جـوانی بۆن و بەرام بە هەموو شتێك دەبەخشێت، نووسینیش لەو هەموو شتە بەدەر نییە.

*** چیت سەبارەت بە جـوانی خوێندووەتەوە یان بیستووە؟**

– جارێکیان بەر لە (٣٠) ساڵ کتێبێکی فەلسەفیم دەخوێندەوە، یەك بەشی تەواوی کە نزیکەی (٦٠) لاپەڕە دەبوو، دەربارەی جـوانی و ستاتیکا بوو. بۆچوون و خوێندنەوەی زۆربەی فەیلەسووفانی مێژووی فەلسەفەی لە بارەی پێناسەکـردنی جـوانییەوە تێدا بوو. بۆچوونی هەر فەیلەسووفێکم دەخوێندەوە،

هەستم دەکرد ئەوەی دەیڵێ راست و لۆژیکییە، بەڵام قسەی هیچیان بە هی ئەوی دیکەیان نەدەچوو. دوای تەواو خوێندنەوەی ئەو بەشە، زانیم کە هەر چۆنی تۆ پەسنی جوانی و جوانناسی و ستاتیکا بکەیت، راستە بەڵام ناگاتە ئەوسەری بابەتەکە، بەڵکوو هەر هەموومان لە نێو زەریای جوانیدا پێ مەلە دەکەین.

*** دوا شت خۆت سەبارەت بە جوانی چی دەڵێی؟**

– جوانی رازی ژیانە، هەتاوی رۆحە، شنەبای دڵە، بۆنی خۆشی بوونەوەرە، نهێنییەکە هەر کات و هەر رۆژێ دەیبینین، بەڵام هەرگیز پەی پێ نابەین. جوانی هانمان دەدات ژیان جوانتر لەوەی هەیە ببینین، کاریش بۆ هێشتا جوانتری بکەین.

*** جوانی لە چیدا دەدۆزیتەوە؟**

– جوانی لە هەموو رواڵەت و شت و دیاردەیەکی سرووشت و بوونەوەر و گەردووندا دەبینم. رەنگە باری دەروونی مرۆڤ هەندێ جار رێگر بێت لە پەی بردن بە سیحری جوانی و بەرجەستەبوونی لە هەموو گۆشە و کەنار و بستە زەوی و ئاسمانێکی ئەم گەردوونەدا. جوانی بە چەندین شێوەی لە ژمار نەهاتوو، لە هەر لایەکی تۆ بڕوانی، خۆی دەنوێنێ. پێ دەچێ جوانی رەهەندێکی شاراوەی ئەم گەردوونە بێت. سیحری لە هەر چرکە ساتێکدا لە چەخماخە دەدات.

*** تۆش چۆنت پێ باشە و خۆشت دەتەوێ باسی چی بکەی ئاساییە؟**

– جوانی یەکێکە لە راز و نهێنی و تەلیسمەکانی سرووشت و گەردوون. جوانخوازی و جوان دۆستی هەستێکی خۆڕسکە لە لای هەموو مرۆڤێك. خۆ رەنگە ئەو هەستە لە لای گیاندارانی دیکەش هەبێت، کە لەوانەیە ئێمە نەتوانین درکی پێ بکەین. ئادەمیزاد کە لە رووی عەقڵ و هۆش و گۆشەوە، بە بۆچوونی ئێمەی بەرەی مرۆڤایەتی، بالاترین

زیندەوەری سەر رووی زەوییە، بەبێ جوانی ئارام و ئۆقرە ناگرێت. هەر هەموومان لە گوڵشەنی جوانیدا کڕنووش دەبەین. جوانناسی (ستاتیکا) هەوڵێکی فەلسەفەیە بۆ پەی بردن بە راز و نهێنی و لایەنی شاراوەی جوانی. ئێمە نازانین جوانی لەکوێوە سەرچاوەدەگرێت، بەڵام دوور لە بڕیاری هۆشیارانەی خۆمان راستەوخۆ هەستی پێ دەکەین و ناشتوانین پێناسەی بکەین.

جوانی سیحرێکی لە بن نەهاتووە، لە کانگای بوونەوەر و گەردوونەوە سەرچاوەی گرتووە.

**ئارام محەمەد:**

## ئیستاتیکا، شرۆڤەی جوانییە، خۆشەویستییە بۆ جوانی

*** جوانی یانی چی؟ چ لێکدانەوە و شرۆڤەیەك بۆ ئەو چەمکە کراوە؟**

– بۆ قسەکردن لەسەر هەر چەمکێك، یان هەر وشەیەك، پێویستمان بە گەڕانەوەیە بۆ ڕیشەی سەرەتایی و دەرکەوتن و هاتنە ناوەوەی ئەو چەمك و وشەیە. بێگومان ئەوەی لەم بابەتەدا گرنگە ئێمە بۆی بگەڕێینەوە، ڕیشە و بناغەی فەلسەفەیە، وەك ئەوەی فەلسەفە هەموو ئەو دیاردە و چەمك و جووڵە و ڕەفتارانەی مرۆڤ و سرووشتی شرۆڤە کردووە و بۆ هەموویان قسەی خۆی هەیە. چەمکی جوانی وەك هەر چەمکێکی دیکە لە فەلسەفەدا شرۆڤە و لێکدانەوەی زۆری بۆ کراوە. سەرەتا ئەو چەمکە لە گفتۆگۆ فەلسەفییەکانی سوکرات و ئەفلاتۆن بەکارهاتووە. ئەگەر مرۆڤ لە دوو دیو پێکهاتبێ، بێگومان چەمکی جوانی بەشدارە لەهەردوو دیوی مرۆڤ، هەم دیوی ناوەوە هەم دەرەوە.

*** مەبەست لە ڕواڵەت و ناوەرۆکە؟ یان جەستە و ڕوخسار؟**

– شرۆڤە فەلسەفییەکان، ئەگەر دابەشکردنێکیان هەبێت، بێگومان ئەو دابەشکارییە، دابەشکردنی چەمکی جوانییە، بۆ دیوی ناوەوە کە ڕۆح نوێنەرایەتی دەکات، لەگەڵ دیوی دەرەوە کە ماتریاڵ و ڕوخسار نوێنەرایەتی دەکات. ئەگەر مرۆڤ بە سەنتەر وەربگرین، ئەوا مرۆڤ لە دوو دیودا، لە چەمکی جوانی ڕاماوە و قسەی کردووە، هەم ئاخافتن، هەم بینین. لێرەدا دەبێت دووشت جیابکەینەوە. قسەکردن لەبارەی جوانی، ئەوە زیاتر دەچێتە ناو فۆڕمی ئیستاتیکاوە، کە دواتر زیاتر ئەو چەمکە شیدەکەینەوە و دەیبەینەوە چوارچێوە مێژووییەکەی، چونکە بە گشتی جوانیناسی زیاتر خۆی لەناو ئەدەب و هونەردا دەبینێتەوە.

سەرەتاکانی شرۆڤە و قسەکردن لەبارەی جوانی، دەگەڕێتەوە بۆ شارستانییەتە کۆنەکانی بابل و میسر و چەند وڵاتێکی دیکە، دواتر بە پێی مێژووی چەمکی جوانی بێت، ئەو چەمکە لە یۆناندا گەشەیەکی

زۆری کـردووه و فۆرمی تایبەتی خـۆی تۆخ کـردۆتـەوە، کـە وەك هــەر چـەمکێکی دیکــە، تایبەتمەنـدی و شرۆڤەیەکی قووڵی بۆ کـراوە.

لە دیوە مێژووییەکەوە ئـەگـەر سەیربکەین، دەزانین کە ئەفلاتوون یەکێکە لەو فەیلەسووفانەی کە بایەخێکی زۆری بە چەمکی جـوانی داوە، بەتایبەت جـوانی ناوەوە، جـوانی ڕۆح، دواتریش لەسەر جـوانی سـرووشـت قسەیان کـردووە.

*** لە راستیدا ئایینـەکانیش پتر بایەخ بە دیوی ناوەوە نادەن؟**

– بەڵێ، دوای فەلسەفە، ئایینـەکانیش شرۆڤەی چەمکی جـوانیان کـردووە. بۆ نموونە هەر لەسەرەتاوە ئایینی ئیسلام، زیاتر گرنگی ئەو چەمکەی بەستەوە بە دیوی ناوەی مـرۆڤ، دیوی ڕۆحی مـرۆڤ، جـوانی لە ئیسلامدا زیاتر جـوانی ڕۆحە، نـەوەك روخسار، ئەم گرنگیدانە درێژەی کێشا، مەسیحییەکانیش ئەو چەمکەیان بەستەوە بە تێکستە دینییـەکانەوە و ئیشی زۆری لەسەر کـرا، دواتریش لەسەردەمی مۆدێرن و ڕۆشنگەری، گرنگیدان و قسەکـردن لەسەر ئەو چەمکە بە گرنگییەوە بەردەوام بوو. ئێستا ئەو چەمکە دابەشبووە، بەوەی جـوانی مادده و بەرجەستە زیاتر مامەڵەی لەگەڵ دەکـرێت وەك لەوەی کە لە سەدەکانی سەرەتا و ناوەڕاستدا، کە هەموو هێز خرابووە سەر دیوی ڕۆحیی مـرۆڤ. بەشێکی زۆری مێژووی شرۆڤە و قسەکـردنی فەلسەفە لەبارەی چەمکی جـوانی، وەستانە لەسەر دابەشکاری نێوان جـوانی ڕۆح و جـوانی دەرەوە و روخسار، ئەمە نزیکییەکی تەواوی لەگەڵ سۆفیگەریدا هەیە، سۆفییەکان پێیان وایە جـوانی لە سەبجێکت دایە، واتا کەسەکان گرنگن و ئەوان جـوانی دروست دەکەن، بۆ نموونە پەیکەرسازێك کە پەیکەرێك دروست دەکات، یان شاعیرێك کە شیعرێك دەنووسێت، ئەوا جـوانی لە کەسەکەدایە زیاتر، نـەوەك لە بەرهەمەکە، ئەوە تێڕوانینێکی سۆفیانەیە، سۆفییەکان جـوانی بە شتێکی جێگیردانانێن، بکەر ڕێژەکەی دەگۆڕێت.

*** سەبارەت بە جوانی لە ئەدەب و هونەردا چی؟ جوانی یا داهێنان؟**

– بۆ دنیای ئەدەب و هونەر، تێگەیشتن لە ئیستاتیکا زۆر گرنگە، ئەگەر قسە لەسەر چەمکی ئیستاتیکا بکەین، بێگومان دەبێ مێژووی ئەو وشەیە بزانین، بۆ یەکەمجار ئەو چەمکە لەلایەن (ئەلیکساندەر بومگارتن)ی نووسەری ئەڵمانییەوە بەکارهات، نووسەر ئەم چەمکەی داتاشی بۆ شیکردنەوە و قسەکردن لەبارەی جوانی، ئیستاتیکا، شرۆڤەی جوانییە، خۆشەویستییە بۆ جوانی، واتا دەکرێت بڵێین ئیستاتیکا، باڵی خۆی داوە بەسەر چەمکی جوانیدا. دوای ئەوە، ئیتر هەم جوانی هەم ئیستاتیکا وەك زانستێك کەوتنە ژێر شرۆڤە و لێکۆڵینەوەی زانستی، بەتایبەت لە سەدەی نۆزدەدا، ئەو بابەتە زۆر زەق کرایەوە. جوانی وەك وشە، وەك تێگەیشتن و بینین، پشت بە هەندێ پێوەری تاك و گشتی دەبەستێت، ڕێککەوتنە لەسەر هەندێ تایبەتمەندی، بەتایبەت جوانی بینراو، کە لەژێر حوکمی بینیندایە، واتا ئەو جوانییەی دەیبینین، شتێکە لە سنووری چاودایە، بۆیە کەمتر گرنگی بەو جوانییە دراوە. جوانییەك لە سرووشتدا هەیە و پێوستی بە ماندووبوون و دەستکاریکردن نییە، وەك ئەوەی سوکرات قسەیەکی هەیە لەوبارەوە دەڵێت: (جوانی ڕاستینە، پێوستی بە ڕازاندنەوە نییە.) زیاتر پێویستمان بە نیگایەکی سرووشتییە بۆئەوەی ئەو جوانییە ڕەسەنە ببینین و هەستی پێبکەین.

بێگومان چەمکی جوانی و ئیستاتیکا زیاتر خزاونەتە ناو ئەدەب و هونەرەوە، بینین و تێگەیشتنی ئەدیبان، ئیشکردن و بەرکەوتنی ڕاستەوخۆ و گەڕانە بەدوای دیواری جوانیدا، مامەڵەکردنە لەگەڵ دیوی پشتەوەی چەمکی جوانی، بۆ هونەرمەند و ئەدیبان، تێگەیشتن و تێکەڵبوون بە جوانی وابەستەی ئیلهامێکە، کە بە هۆیەوە شتەکان بە ئاوی جوانی دادەڕێژرێنەوە. ئیستاتیکا، لە ناوەڕۆکدا چەند سەر بە هەرێمی دەرەوەی جوانییە، زۆر زیاتر سەر بە هەرێمی ناوەوەی مرۆڤە، وەك پێوستیش هەر ئەوە ڕێگە ڕاستەکەیە،

وەك ئەوەی سپۆنزا قسەیەکی هەیە دەڵێت: ڕازاندنەوە و ڕێکخستنی ڕۆح، زۆر پێویستترە لە ئارایشتی جەستە و دەرەوە.

*** سەبارەت تێڕوانینی تەمەن چی دەڵێی؟ ئەی تاکی رۆشنبیر و کەسی ئاسایی؟**

– تێگەیشتن و هەستکردن بە جوانی و چەمکی ئیستاتیکا لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێت، ئاخر بیستن و بینین و خەیاڵکردنی هەریەکەمان جیاوازە، ڕاسترین و باشترین ڕێگا بۆ هەستکردن بە جوانی، بینین و بیستن و خەیاڵن. ئەفلاتوونیش جوانی بۆ بینین و بیستن دابەشکردووە. واتا، ئەو جوانییەی کە لەڕێگەی بیستنەوە، هەستی پێدەکەین و خەیاڵی دەکەین، لەگەڵ ئەو جوانییەی بەچاو بەری دەکەوین و دەستی لێدەدەین. هەردوو حاڵەتەکە، لەیەکتر نزیکن، ئەوەی جیاوازییەکە گەورە دەکات، جۆرایەتی تێگەیشتن و پێگەی مەعریفی و ڕۆحی مرۆڤەکانە. هەروەها زۆرینەی ژانرە هونەری و ئەدەبییەکانیش، بەم دوو شتە جوانییان دەردەخسترێ، بۆ نموونە مۆسیقا و شیعر، بە هەستی بیستن و بینین چێژەکەی مانیفێست دەبێت. بێگومان ئەوانەی کە ئیش لەناو ئەدەبیاتدا دەکەن، زیاتر ڕووبەڕووی چوارچێوەکانی تێگەیشتن و ئیشکردن لەسەر چەمکی ئیستاتیکا دەبنەوە. بۆ من هەمیشە گرنگ بووە، لەکاتی نووسینی هەر ڕستەیەکدا ئاگام لە ئاواز و چێژی وشە و ڕستە و پەرەگراف و دواتریش کۆی تێکستەکە بێت. جوانی و تێگەیشتن لە چەمکی جوانی، شتێکە بەپێی سەبجێکت دەگۆڕێت. بۆ من ئەو تێگەیشتنە جێگەی ڕامان و سەرنجە کە زیاتر ئیش لەسەر بابەتە پەنهان و شاراوەکان دەکات. تێڕامانێك کە نزیکە لە هی سۆفییەکان، چونکە دواجار ئەوە مرۆڤە چۆن فۆرمەڵەی جوانی دەکات. چۆن جوانی بەرجەستە دەکات. دواجار ئەوە ئێمەین گرنگین نەوەك ئەو ماتریاڵەی کە لەژێر چەمکی جوانیدا دەیخەینە ڕوو. ئەمەیش ڕوونە، کە بە تێپەڕینی زەمەن، چۆنێتی شتەکان گۆڕانکارییان بەسەردا دێت. ئەوەی ئەمڕۆ، لەچاوی من و تۆوە، چووەتە ناو پێوەری بەرزی جوانییەوە، ڕەنگە لە داهاتوودا بەجۆرێکی دیکە بێت، خۆ ڕەنگە ئەوەی لە ڕابردوودا گرنگ نەبووبێت، ئێستە گرنگ بێت.

## ستاری پیرداود:

# هونەر وێناکردنی چالاکییە رۆحییەکانە، فریادڕەسی مـرۆڤەکانە، لە ناوەوە فریای مـرۆڤەکان دەکەوێت، برینـەکان هەتوان دەکات

*** تەوەری بابەتەکەمان جوانی و ئیستاتیکایە، ئەم چەمکە وەك فەلسەفە یانی چی و لە کەنگێوە دەستی پێکردووە؟**

- ئێستاتیك یا جوانیناسی رەهەندێکە لە رەهەندەکانی نێو تۆبۆگرافیای فەلسەفە، کە بایەخ بە توێژینەوە و راڤەکردنی چەمکی جوانی دەدات، هاوکات دەست و پەنجە لەگەڵ ئەو پرسە پڕ لە ئاریشەسازانە نەرمدەکات، کە لە ساتی بەرکەوتن و خوردبوونەوەی رەهەندی جوانیناسیدا دێنە پێشەوە، ئەم رەهەندە هەمیشە باوەش بۆ دنیایەك چەمك و مەفاهیمی دیکە دەکاتەوە، کە بەر ئەزموونی ئێستەتیکی دەکەون، کە دواجار ئینسانەکان بە فەلسەفەی ژیاندۆستی گرێدەدەنەوە، کەواتە بەڵێ ئیستاتیکا وەك لقێکی نێو تۆبۆگرافیای فەلسەفە هەمیشە بەتەنگ پەرەسەندن و نوێکردنەوەی پەیوەندیی نێوان ئینسانەکان و دنیای گلۆباڵەوە کردەکانی هەڵدەگرێتەوە، پەرە بەو یاسا و ئەزموون و گۆڕانکارییانە دەدات، کە لە باوەشی ئەم رەهەندە مەعریفییە بەردەبێتەوە. ریشەی ئەم چەمکە فەلسەفییە وەك زاراوە دەگەڕێتەوە بۆ فەلسەفەکاری ئەڵمانی (بۆمگارتن)، لە ساڵی ١٧٣٥، کە بەدرێژی باس لە رەهەندەکانی چێژبینی هونەری و بازنەی رەگەزەکانی دەکات، بەو پێیەی ئیستاتیکا لە گلۆباڵێتی جوانی قووڵدەبێتەوە و خۆی گرێدەداتەوە لەگەڵ مەعریفەی هێرمنیۆتیکی پەیوەست بەو پرسە، بەو حوکمەی چەمکی جوانی لقێکە لە بازنەی فەلسەفە، بۆیە هەمیشە بەرکەوتەی سەرجەم تێڕوانینە فیکری و فەلسەفییەکان دەبێتەوە، هەربۆیە گەر سەیری رێڕەوی رەوتی مێژوویی ئەم چەمکە بکەین، دەبینین بە رەوت و رێڕەوی جیا جیا هەڵکشاوە و هەنگاوی هەڵهێناوە، ئەوەتا لە دنیابینی فەیلەسووفانەوە وەك رەهەندێك لە رەهەندەکانی زانستی پێوانەیی خۆی رەسمکردووە، ئەم زانستەش زیاتر پەیوەستە بە پرسەکانی (لۆژیك، رەوشت، ئیستاتیکا)، لە روانگەی ئەم زانستە تاکی هونەرمەند دەبێت لەسەر سکێچ و رایەڵەیەکی ئایدیالیستانە هەنگاوەکانی هەڵبگرێتەوە و پێیەوە

پابەندبێت، ئەم قۆناغە بە قۆناغێکی وشکی دۆگمایی دێتە ناسین، کە لە سوکراتەوە دەستپێدەکات تا دەگاتە کانتی فەیلەسووف، قۆناغێك وابەستە بە چوارچێوەیەکی ئایدیالیستی سنوور بۆ کێشراوی داخراو، قۆناغی دواتر بە قۆناغی گەشەکردن و نەشونما و گۆڕانکاریی و گەڕانەوە بۆ سێنترالییەتی سۆبێکتی، کە خود خۆی بڕیاردەدات و تێڕوانینی خۆی دەبێتە سەنگی مەحەك و خۆی پەیوەست ناکاتەوە بە هیچ جۆرە تێڕوانین و وابەستەیەکی فیکری و فەلسەفی موعەلەب، قۆناغێکە لێوان لێو لە خودئارایی بینینەکی، قۆناغی دوای ئەمەش قۆناغی پۆزەتیفیزم دێتە پێشەوە، کە لەلایەن فەلسەفەکاری فەرەنسی (ئۆگێست کۆمت)ەوە خراوەتە بەرباس، بەڵێ ئیستاتیکا و فەلسەفەی جوانیناسی مێژوویێکی دوور و درێژی هەیە، دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی (٢٥٠٠) ساڵێك.

واژەی جوانی و جوانبینینێتی زیاتر واژەیەکی رووتی ئەبستراکتێتییە، هەر بۆیە ناتوانرێت وا بە سانایی بیخەیتە نێو سکێچ و چوارچێوەیەکی دیاریکراوی قالببەند، واتە خۆی نابەستێتەوە بە هیچ مەقایس و تیۆرێزە و میتۆدێکی دیواربەند، کە لەمەوپێش جێگیرکرابێ، بەڵکوو زیاتر پەیوەستە بە ساتی ئەزموونکردەیی و دەست و پەنجە نەرمکردن لەگەڵیدا، ئەو ساتەی بەر ئەزموونێکی هونەری و دیدگەیی دەکەوێت، لە دایك دەبێت، واتە پەیوەستە بەو چرکەساتەی لە ناوەوە نەشونمادەکا و خۆی بونیاددەنێت، بە لەونێکی دیکە ئەوە تێڕوانین و دیدگا و تەماشاکردنەکانی ئێمەیە دەیخولقێنێت و نەشونمای پێدەدات و سەرلەنوێ تەلوینی جیا جیای بۆ دەکات، چاوی ناوەوەی ئینسانە جوانبینەکانە، سەرلەنوێ بە جوانی دەیخولقێنێتەوە و ئاوێتەی هونەری دەکات و کردەی خولقاندنێکی داهێنانکاریی دادەمەزرێنێ، واتە لە کەرەستەیەکی جوانی خام و بنچینەیی سرووشتی دەیگوازێتەوە و تەحەولی پێدەدات رووە و بابەتێکی ناوازەی داهێنانکاری، لە بێ زمان رووە و زمانپێدان، لە نائامادەگی ماناوە بۆ ئامادەگییەکی ماناپێدراو، ئەوەی جێگەی

ئاریشەیە ئەوەیە بۆ هـەمیشە فەلسەفە ترسی لەوەیە، کە وەك ئایدیاییێکی ئەبستراکت دەست و پەنجەی لەگەڵ نەرم بکات، گەر واش بکات بێشك دەکەوێتە نێو شەلەلی مانا و لە زمانکەوتن، بەڵێ جـوانی و جـوانیناسی بەحوکمی ئەو مەدارە بەرفراون و دەوڵەمەندییەی کە هەیەتی لە بوون، هەر لە زووەوە کەوتۆتە ژێر راڤەگەریی فکـریی و فەلسەفی فەیلەسووف و شرۆڤەکارانەوە.

*** هەڵبەتە هەر لە سەرەتای مێژووشەوە و لە تێڕوانین و بیرکردنەوە و دنیابینیش بیرمەند و فەیلەسووفەکان بە جیاواز لێیان روانیوە؟**

– بەڵێ، گەر لە دیوە ئایدیالیستەکەیەوە سەیری بکەین، ئەوەتا سوکـرات و پلاتۆن لە بابەت بنچینەی جـوانی و جـوانی راستەقینە و سـرووشـتی دێنە دووان و دەیبەستنەوە بە دنیای بیر و ئایدیال، نایبەستنەوە بە دنیای زەمینەیی و ریال، جـوانی لە دیدگای سوکـراتەوە نەبەستراوەتەوە بە بینینـەکان، تایەتمەندێتییەك نییە بە شتەکانەوە گرێدرابێت، بەڵکوو جـوانی خۆی ڕەنگینە و خۆی جـوانە و ناگۆڕێت و نەمرە، واتە باوەڕی تەواوی بە جـوانی بنچینەیی و راستەقینەیی هەیە، جـوانی رەسەن، کە هەر ئەم جـوانییەیە وا دەکا شتەکان جـوان بن، لەوەوە رەسمی خۆیان هەڵدەگرنەوە، واتە سەرجەم بوونەوەرەکان لەو جـوانییە رەسەنە تیشکی جـوانی وەردەگرن و خۆیان رەنگین دەکەن، جـوانی رەها ئەو جـوانییەیە کە لە دنیای ئایدیال رواندراوە، تاکە بیتاقەی گەیشتن بەو جـوانییەی رەهایەش بریتییە لە موحیبەت و خۆشەویستی، کە سنوورەکان دەبڕێت و دەگات بە سەرچاوەی هەموو جـوانییەکان، کە ئەویش جـوانی خالقە، جـوانی رەها بریتییە لە جـوانی رۆح، سەراپای جـوانییەکانی دیکە، کە لە دنیای زەمینەییی ئینسانـەکانەوە لەدایك دەبێت بەتایبەت لای هـونـەرمەند، بریتییە لە جـوانییەکی موزەیف و کۆپیکـراو، کـە ئـەویش چـەنـدیـن هــەنگاو دووردەکــەوێتــەوە لــە بنچینـەی رەهـا و راستەقینـەکەیەوە، کەچی لە دیدی ئەریستۆوە جـوانی خۆی پەیوەست دەکا بە سیستەم و لەسەر سیستەم خۆی بونیاددەنێت، واتە ئەوە سیستەمە جـوانی رێکدەخا نەوەك بە

پێچەوانەوە، پلاتۆن جـوانی لە دنیای ئایدیال دەبینێتەوە و ئەریستۆ لە دنیای ریالْ، کە دەڵێین بە سیستەم ڕێکخرابێ واتە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی هەبێت، زنجیرەکـراوبێ، نەوەك بە فۆرمێکی پەتی، گەر سەیربکەین دەبینین لە دنیای سۆفیگەریش جـوانی رەسەن و هەقیقەتی جـوانی موتلەق لە جـوانی خوداوە سەرچاوەی گرتووە و خۆی دامەزراندووە، واتە کـردگار حەقیقەتی هەموو جـوانییێکە و لە هەموو جـوانێکەوە جـوانترە، ئەوەتا سپێنۆزا جەوهەری خودایی بە هەموو شتێ دادەنێت لە سـرووشـتدا.

جـوانی و جـوانیبینی زیاتر پەیوەستە بە چەشنی چۆنێتی بینین لای تاکەکان، واتە جۆری بینینـەکان، گۆشەی بینینـەکان، هەموو جۆرە ئەندازەگیرییەکی بینەر، ئەوەتا دیکارت دێت تیۆرێك بۆ ئەمە دەخاتەڕوو، ئەویش بریتییە لە تیۆری رێژەیی، سەبارەت بە جـوانی و فەلسەفەی ئیسـتاتیکا، چـونکـە گەر ئێمە پرسیار لە جـوانی وەك چەمك بکەین و بڵێین مەبەست چییە لە جـوانی و جـوانبینینێتی؟ ئەوا هیچ چەشنە وەڵامێکی حازربەدەستمان بۆی پێنییە، چـونکـە جـوانی وەك چەمك و مەفاهیم بابەتێکی رووتی ئەبستراکت و پێناسەنـەکـراوە، بۆ وەڵامدانەوەی ئەمە راستەوخۆ جـوانی دەبەستینەوە بەو پردیی پەیوەندییەی لەگەڵ دیدگای کەسەکان خۆی هەڵدەگرێتەوە جا لە هەر شوێن و گۆشەیەك بێت، رەنگە جـوانی لە دیدگای کەسێکەوە بە شێوگێك بێت، کەچی هەر ئەم ئەندازەگیری جـوانبینینێتییە لە دیدگایەکی ترەوە وا نەبێت وا نـەکەوێتەوە، بۆیە لێرەدا جـوانی دەچێتەوە ژێر چەتری تیۆرە رێژەییەکەی دیکارتەوە، بۆیە دیکارت و چەندانی دیکە دەستیان بە شۆڕش و بزاڤکاری و تەقینەوەی مەعریفی و فکـری کـرد لەنێو چەمك و بینینە پلاتۆنییە جێگیرکـراوەکەدا، بەوەی سەرلەبەری دنیابینینە ئایدیالییەکەی پلاتۆنیان خستە بەردەم ئالییەتی گومانکاری، بە گومانن لە جـوانی رەها، رەفزی ئەو ئەندازەگیریی و قالببەندییە ئایدیالییەتەیان کـردەوە.

*** دیکارت چێژ و چەشەشی هێنا پێشەوە؟**

– دیکارت زیاتر ئەم چەمکەی گرێدا بە بابەتی چەشە، چۆنێتی چێژ و زەوقبینی، کە لەلای تاك سەرچاوەدەگرێ، چونکە بەر لەوەی جوانی هەبێت، زەوق هەیە، ئەوا زەوق و سەلیقەیە جوانی دێنێتە پێشەوە و مانای پێدەدات و شتەکان بە جوانی بینادەکات و دەبینێ، ئەویش لە ڕێگەی کلیلی هونەرەوە، ئەوەتا هیۆم لەگەڵ ئەم چەشنە بیرکردنەوەیە لەگەڵ دیکارت سەبارەت بە تیۆری نسبییەکەی لە بابەت پرسی جوانی هاوڕایە، هیوم دەور و ئەهمیەت و بنچینەی سەرەکی لە جوانیناسیدا دەگەڕێنێتەوە بۆ زەوق و چێژبینی تاك، لە دیدگای هیۆمەوە تاك چەندە مەدار و ئاستی چەشەی لا ڕەنگرێژبووە، ئەوەندە دەتوانێ دەست و پەنجە نەرم بکات و بەر چەمکی جوانی بکەوێت، نەوەك بۆ جوانی پەتی و جوانی خۆی بیگەڕێنێتەوە.

*** کانت بە جۆرێکی دیکە لەم بابەتە دەڕوانێ؟**

– کانت دوا بەدوای ئەوەی کە دەورێکی کارای هەبوو لە بونیادنانی زەمینەیەکی تیۆرێزەیی سەبارەت بە چەمکی جوانی لای فیختە و شیلینگ و هیگل و چەندانی دیکە، دوای چەندین هەوڵ و کۆشش کانت گەیشتە ئەو بڕوایەی کە چێژی جوانی بەستراوەتەوە بە چێژبینی کەسەکانەوە، نەوەك پەیوەست بێت بە بابەت و شتەکانەوە، کانت سەبارەت بەم بابەتی جوانیناسییەدا دێت چوار ئاست دیاریدەکات سەبارەت بە هێرمنیۆتیکای فینۆمینۆلۆژیای جوانیناسی، کە تیایدا باسی حوکمەکانی چەشە دەدات لای چەشەبینەوە، کە لە ڕووی (چۆنایەتی – چەندێتی – ئامانجداری – بڕیاردان)دا خوێندنەوەیان بۆ دەکات، دواتر دێتە سەر باسکردنی پردی پەیوەندی نێوان چەمکی جوانی و هونەر، کە جوانی هونەر لای ئەو بریتییە لە وێناندنی شتەکان بە شێوەیەکی جوان و سەرنجڕاکێش، بۆ ئەوەی خۆشی لە جوانیش وەربگرین، چەشەمان هەبێت بەسە، دواتر چەمك و توانستێکی تریشی سەرباردەخات، ئەویش بریتییە لە توانستی بلیمەتی، کە لەدیدگای کانت هونەری جوان بریتییە لە بلیمەتی، ئەم توانستێتییە پەیوەستە بە دنیای مرۆڤەکان، نەوەك

سرووشت، هەروەها کانت بەهیچ جۆرێك بڕوای بە پەیوەندێتی نییە لەنێوان ڕەوشت و جوانی یا هەر چەشنە ئاوێتەکردنێکی وابەستەیی نەریتگەرێتی، یا هەر جۆرە پەیوەندییێکی دیکەی فەرهەنگی یا کۆمەڵایەتی یا هەر جۆرە وابەستییەکی تر، بایەخی جوانی هونەر پەیوەست نییە بە ڕەوشت یا نیەت و جۆرە چاکەیەك و شتی لەو بابەتە، ئەوا کۆمەڵگەیە هەموو ئەو ویستە موزەیەفانە دەدات بە کەسی چەشەبین، ئەگەر تاك لە دەرەوەی کۆمەڵگە و ڕایەڵە کولتوورییەکانەوە بژیابایە، ئەوا هەرگیز بیری لە هیچ جۆرە ڕێکخستن و ئەدایەکی جوانیسازی نەدەکردەوە، بۆئەوەی سەرنجی دەوروبەر بۆلای خۆی ڕابکێشێت، چونکە پێویستی پێ نەبوو.

*** تێڕوانینی هیگل:**

هیرمنیۆتیکای جوانیناسی و ئێستاتیکی لای هیگل وابەستە بوو بە پەیوەندێتی لەگەڵ دیدگا فەلسەفی و پۆلەتیکی و سۆسیۆلۆژیا هەمەلایەنەکانەوە، بەو واتایە جوانی هونەر بریتییە لە ئایدیا یا ڕۆحی ڕەها، کە لە تەك ئایین و فەلسەفە، وەك سێ حەقیقەتی هەموەکی سەیردەکرد، کە ڕۆحی ڕەها خۆی لەسەر ئەو سێ ئایدیایە بونیاددەنێت، جوانی لای هیگل بریتیی نییە لە جوانی سرووشت بەڵکوو بریتییە لە جوانی هونەر، چونکە هونەر لە دیدی هیگلەوە بریتییە لەو سروشە مەزنەی کە بە ئازادی لە خۆی وردەبێتەوە و بەشوێن دۆزینەوەی حەقیقەتی خۆیەتی، بۆیە جوانی لە داهێنانی هونەریی سەرووی جوانی سرووشتە، چونکە جوانی لە کردەی هونەریی گفتوگۆکردنە لەگەڵ ڕۆح و بەرهەمێکی ڕۆحییە.

*** ئەدی کرۆچێ، بڕوای بە جوانی فۆرم و دەرەکی نییە؟**

_ ڕێك وایە کرۆچێ، ئیستاتیکا و چەمکی جوانی لە کردەی هونەریی دەبەستێتەوە بە شیکردنەوە و شۆڕبوونەوە بۆ ئاستی ژێرەوەی سایکۆلۆژیای مرۆڤ، بەوەی مرۆڤ بەو ئەرکە زەین ڕوونییەی، کە هەیەتی دەتوانێ شۆڕبێتەوە بۆ دیوە ناوەکییەکان، ئەو دیوانەی کە شاراوەن لە دەروونی تاکەکان، بۆیە لای کرۆچێ ئیستاتیکا بریتییە لە هونەری جوانی دەربڕین، کەواتە جوانی لای کرۆچێ بریتییە لە جوانی ناوەکی نەوەك فۆرم، کەواتە جوانی لای ئەم بریتییە لە جوانی دەربڕین،

دەربڕین دەکات بە تیۆرێزەیەك و ئالییەتێکی (ئێستاتیکی – دیالێکتیکی ) بۆئەوەی جوانی و ناجوانی لەیەك جیابکاتەوە، جوانی حەقیقی و رەسەن بریتییە لە جوانی دەربڕین، هاوکات دژی هەموو ئەوانەیە کە جوانی و جوانبینی دەبەستنەوە بە چێژبینی و لەززەتگەرایی کە چێژ دەدەن بە هەستەکانمان، چونکە ئەگەر جوانی بریتیی بێت لە خرۆش و لەززەت، ئەوا دەشێ جوانی لە تاکێکەوە بۆ تاکێکی ترەوە جیاواز بێت و ببێتە ئامێرێك و میزاجێك بە دەستی تاکەکان، واتە جوانی وابەستەیە بە رایەڵە دەرەکییەکان نەوەك ناوەکییەکان، واتە جوانی رەها و حەقیقی بوونی نییە، حەقیقەتی جوانی لای کرۆچێ وابەستە نییە بە هیچ وابەستەیەکی ئینتباعی و ئیمپرێشنیی، کەواتە باوەڕی بە جوانی دەرەکی فۆرمئارایی نییە.

*** ئەو هەستەی جوانبینی بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی دەبینرێت، وای کردووە مرۆڤ لە بوارەکانی هونەردا داهێنان بکات، لەم بارەوە چی دەڵێی؟**

_ جوانی بە حوکمی ئەوەی یەکێکە لەو توخمە بنچینەییانەی بوون، هەمیشە وەك پێداویستییەکی زگماکی و جۆرێك لە غەریزە لای تاکەکان، بە درێژایی مێژووی بەشەریەتەوە هەستی جوانبینیان لا ئامادەبووە و هاتۆتە پێشەوە و مرۆڤەکانی بەخۆوە گرێداوە و سەرنجیان بەلای خۆیەوە راکێشاوە، واتە وەك پاڵنەرێکی ناوەکی حوکمی بەسەر داداوین و ناچاریکردووین، ئەوەتا لێکۆڵینەوە مێژووییەکان ئەوەمان پێدەڵێن، کەوا بەڵێ مرۆڤەکان هەر لە چاخەکانی بەر لە مێژووەوە و تا ئەمرۆکە هەمیشە بە شوێن هەستی جوانبینییەوە گەڕاون و پشکنینیان بۆ کردووە، هەر ئەم هەستەشە وای کردووە مرۆڤ هەمیشە بە شوێن کردەی داهێنان و خولقاندنی کاری هونەری بێت، چونکە هونەر وێناکردنی چالاکییە رۆحییەکانە، فریادڕەسی مرۆڤەکانە، لە ناوەوە فریای مرۆڤەکان دەکەوێت، لە ناوەوە برینەکان هەتوان دەکات، چەند لە دەرەوە برین سەرهەڵبدات، ئەوەندە لە ناوەوە هەتوانی هونەریی دەست بە کارەکانی خۆی دەکات، هەمیشە پەنجەرەیەکی هەیە بۆ کرانەوە و تێڕامان، خۆرێکی هەیە بۆ رۆشنایی خستنەوە و ژیانجوانکردن، زمانێکی هەیە بۆ گوزارشتکردن، رۆحێکی هەیە بۆ باڵاکردن.

ئەوانەی بە شوێن چییەتی جـوانیدا وێلن و پرسیار لە چۆنایەتی پەیدابوونی ئەم چەمکە دەکەن، بۆیە دەربارەی ئایدیای جوانی و جـوانیبینی دەکـرێت چەندین تێروانین و حوکم هەبن، وەلێ ئێمە تەرکیز لەسەر دوو حوکم و دیدگا دەکەین، کەوەك چەترێکی گشتگیر سەرجەم رایەڵەکانی تریش بۆ ژێر خۆی کۆدەکاتەوە، ئەوانیش بریتیین لەم دوو دیدگایە: یەکەمیان: ئەو تێروانینانەن کەوا پێیان وایە ئایدیای جـوانی و بنچینەی رەسەنی جوانی دەگەڕێتەوە بۆ بنەما و ناوکی گەردوون، ئەویش دایکی سـرووشـتە، بەوەی سـرووشـت دایکی جـوانییە و لەوەوە لەدایکبووە و بۆ ئەو دەگەڕێتەوە، ئەوەتا دەیان نموونە دەهێننەوە بۆ راستییەتی تێڕوانینـەکانیان، ئەوەتا سەیری چۆنایەتی بوون و ژیانکـردنی زیندەوەران و بوونەوەران بکەوە کە بنەما و سیفەتی جـوانی هەندێکیان پەیوەستە بە رەنگ و شێوە و ئەدا و دەنگ و سەما و زاوزێکـردن و جولە و سەرجەم ئەو تایبەتمەندێتیانەی کە بەخۆیانەوە هەڵیاندەگرن، شاهێدی ئەو شێوگە تایەتمەندێتی و هەستە جـوانبینییەن، کە لە دەرەوەی بازنە عەقلی و سەیرکـردنـەکانی مـرۆڤەوە سەرچاوەدەگرن، کەواتە جـوانی لەسەرووی دەرکپێکـردنی عەقلی تاکەکانە و ئۆنتۆلۆژیاییێکی سەربەخۆی هەیە و ناچێتە ژێر دنیابینی مـرۆڤەکانەوە، واتە بوونێکی بوونگەراییانەی سەربەخۆی هەیە و لە دەرەوەی دنیابینی مـرۆڤەکانەوەیە، واتە نەلکاوە بە چۆنایەتی بینینـەکان لەلایەن تاکەکانەوە، ئەوانە ئەم جۆرە تێگەیشتنانەیان هەیە بریتیین لە هەردوو باڵی ئایدیالیستی و تەنانەت ماتریالیستیش، هاوشێوەی پلاتۆن و هیگل و چەندانی دیکە، کەوا پێیان وایە جـوانی و ئایدیای جـوانی بریتییە لە بوونێکی رەها و بوونێك لە سەرووی ئایدیای مـرۆڤەکان. دووەمیان: ئەو تێڕوانینانەن، کەوا پێیان وایە ئایدیای جـوانی بریتییە لە چۆنایەتی و دنیابینی مـرۆڤەکانەوە، واتا ئایدیای جـوانی وەك ئۆنتۆلۆژیاییێکی رەها و بابەتی بوونی نییە، بەڵکوو ئەوە ئایدیا و بیرکـردنەوەی تاکەکانە کە تایبەتمەندێتی دەدات بە شتەکان، ئەوە بیرکـردنەوە و حوکمی دنیابینییەکانی مـرۆڤە کەوا دەرك بە جـوانی دەکا، ئەگینا جـوانی بوونی نییە، ئەوا مـرۆڤە جـوانی بە شتەکان دەدا، نەوەك بە پێچەوانەوە، کانت و کانتیزمییەکان

لەسەر ئەم هەڵوێستەن، تەنانەت داروین و هاورێچکەکانیش لەسەر ئەو رایەن کەوا بەلێ زیندەوەرەکان ناتوانن هەست بە جوانی بکەن، بەڵکوو ئەوان تەنیا گەشە بە لایەنی بایۆلۆژی و غەریزەییەکانی خۆیان دەدەن نەوەك شتی تر، واتە بە سیستەمێکی جێگیرکراو دەڕۆن بەڕێوە، ئەوە ئێمەی مرۆڤین باس لە لایەنی ئێستەتیکی و هونەرییانەی کار و چالاکییەکانی بوونەوەران دەکەین و لێکدانەوەیان بۆ دەکەین، واتە بە هیچ شێوەیەك ئەوان ناتوانن و توانستی ئەوەیان نییە، کەوا چالاکی و ئەدای کارەکانیان هەڵبسەنگێنن وەك ئەدایەکی ئێستەتیکی هونەری، وەلێ ئەوەی دەمانگەیەنێت بە راستی و دروستی هێرمنیۆتیکای جوانیناسی ئەوەیە، کەوا ئێمە پێویستە هەردوو باڵ و هەردوو رێچکە بگرینە بەر بۆ بەرجەستە کردن و بەرسڤی پرسیارە جەوهەرییە ئۆنتۆلۆژییەکەی چییەتی جوانی، واتە ئاوێتەکردنی بابەت و خود بەیەکەوە دەتوانن بگەن بە دۆزینەوەی وەڵامی چییەتی پرسیاری جوانی.

## پەری شێخ ساڵح:

## زۆر بە دەگمەن شتێك لە ژیانی ئێمە روودەدات پەیوەندی بە نەریتەوە نەبێت

*** جوانی چییە؟**

– بە دوای هاوڕێیەکدا بگەڕێ کە ڕۆح و ناخی جوان بێت
چەند بەختەوەریت گەر بیدۆزیتەوە.

جوانی ڕاستەقینە لە مرۆڤدا جوانییەکی هەمیشەییە، واتایەکی ئەرێنی دەبەخشێ بە ژیان و باوەڕبوون بە خود زیاددەکات. بینینی تیشکێکی خێرای بێ کۆت و بەندە، سەرنجی زەردەخەنەیەکی نەبینراوە، کە جوڵەی تەمەن لە جوانی ئەو کەسەدا زیاددەکات. لە دوای ئەمانەشەوە ڕەنگە هەریەکەمان وەڵامی خۆمان هەبێت بۆی.

یەکێك لە جوانترین ئەو وەسفانەی لە بارەی جوانییەوە خوێندوومەتەوە و زۆر لە نووسەران لەسەری دواون ئەو وەسفە جوانەی (بیتشەر)ە، کە دەڵێت: "جوانی ئیمزای خودایە"، کەچی دەبینین هەموو ئادەمیزاد لە دێرزەمانەوە بە دوای ئەو ئیمزایەوە وێڵە تا بەدەستی بێنێ. بۆیە ئەوەی بەدەستی دێنێت دەبێت بە بینینی پەیوەندییەکی تەمەن کورت و زوو بەسەردەچێ، ئەوەشی بە دەستی ناهێنێت و وێڵە، ژیان بە دابڕان لە بوون دەزانێت و زۆر لە شاعیرە عاشقەکان لە بری دۆزینەوە لە بری ژنان، لەگەڵ وشە لەگەڵ ئەدەبدا هاوسەرگیری دەکەن. بۆیە شیعرەکانیان زۆر لەوە بەچێژتر و چڕوپڕترە تا لە دۆزینەوەی ئەوینێکی پڕ مەترسیدار دوور بن، بۆیە هەمیشە گۆشەگیر بوون دووری بۆ دواین جوانی ژن و ماڵئاوایی هەڵدەبژێرن.

*** ئەی جوانی رەهایە یان ڕێژەییە؟**

– بێگومان ئەوە چاوەکانمانن کە بینینەکان لەناو خۆیاندا دەتوێنێتەوە و سەرلەنوێ دەینەخشێنێتەوە، بۆ نموونە: کەسێك خەیاڵەکانی پڕبن لە جوانی، لە هەر کوێیەکی ژیان و ئەم جیهانەدا بێت، دەتوانێت وەك پێویست هەست بە جوانییەکان بکات، پێچەوانەکەشی بە هەمان شێوە ببینێت. چونکە بینینی تابلۆیەکی جیاوازە لە ئاوێنەی چاوی هەر تاکێکی بەرامبەر، ئاخر ئەوەی من لە

چاوی خۆمەوە دەیبینم ڕەنگە لە دیدی کەسێکی ترەوە تەواو جیاواز بێت، هەموو چاوەکان یەك جۆر وەڵامیان نییە بۆ بینینی ئەوانەی کە دەیانبینن. لێرەشەوە دەتوانم بڵێم بیرکـرنەوە و تێڕوانینـەکان ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینن لە هەڵبژاردنی ئەو شێوانە بە جـوان و ناشیرینەوە، ڕۆڵی لەوەدا هەیە کە وێنـەکە وەك کەشتییەك بەرەو گەرداو یاخود بەرەو کەناری سەوزایی بەرێت. بەڵام بڕوای یەقینم ئەوەیە ئەوەی لەناو خەیاڵەکانماندا دەگوزەرێ هەر ئەوەیە کە ڕێژەکەشی پێ دەپێورێ، کە جارێك جـوانییەکی پێدەبەخشێ کە چێژ لە جـوانییەکەی دەبینێ و جارێکیش جـوانییەکەی لێدەسەنێتەوە کە سڵ لە بینینی دەکات. کەواتە زۆرێك لە هەوڵەکانمان بۆ ئارامکـردنەوەی ڕۆحە و وەڵامدانەوەی ئەو شتانەی دڵمان پێویستیان پێیانە. وەك خۆی دەمەوێ بڵێم: با هەرچی دەکەین مـرۆڤەکان وەك خۆیان ببینین، گەر ئەوەش نەبێ ڕێز لە هەمووان بگیرێت ژیان بە هەموو شێوازێکەوە بەرەو جـوانتر و جـوانتری بەرین. بۆیە دیسان دەڵێم: "جـوانیت بەدیل گرتنی چاوی بەرامبەرتە، ئیتر ئەوە تۆیت ئەو دیلە زوو ئازاد دەبێ لەو دیو شیشەکانی زیندانـەکەتەوە یا خود بۆ هەتایی دەمێنێتەوە".

*** ئەگەر بە دوالیزمە سەیری جوانی و ناشیرینی بکەین، لەبەرامبەر جـوانی شتێك هەیە بە ناوی ناشیرینی؟**

– ناشیرینی و جـوانی مـرۆڤەکان لە شێوەیاندا نییە، بەڵکوو ڕۆحی جـوان بوونێتی، جەستە تەنیا دەفرێکی لە بەر چاوە.

چ مانایەکی هەیە مـرۆڤێکی بە شێوە جـوان بێت، بەڵام لەخۆبایی و نەزان بێت، گورزێکی کوشندەی ناو کۆمەڵ بێت. چـونکـە بێ مانایە دەوڵەمەندی لە جـوانیتدا بە بێ بەخشندەیی لە چاکیتدا، بۆیە لە ژیانی ئێمەدا شتێك هەیە بە ناوی ناشیرینی و شتێك هەیە بە ناوی جـوانی، زۆرترین جار گوێمان لێدەبێ، کە دەڵێن فلان کەس زۆر جـوانە و فیسار کەس ناشیرینە. هەڵبەت یەکەمین مەرجی نزیکبوونەوە و لێك تێگەیشتن نە جـوانی روخسار و نە ناشیرینییە، بەڵکوو هەبوونی هەستی هاوبەش لێکنزیکی مـرۆڤەکانە، ئەوە رەفتارە مـرۆڤ بەرەو

جـوانی دەبات یاخود ناشیرینی دەکات لە پێش چاوی کەسانی بەرامبەری، کاتێك دوو کەس هەست دەکەن لە یەکدییەوە نزیکن بیرکـردنەوەیان وەك یەکە ئەوە یەکەمین هەنگاوی شکاندنی بەربەستەکانی ژیانە و هەموو شتە نەخوازراوەکان و بەرەو جـوانی دەبەن.

ئـەگـەر سەیری دەوروبەر بکەین دەبینین لەیەك کاتدا لە کەسێکدا هەم جـوانی هەیە و هەم پێچەوانـەکەی، ئاخر زۆر بەدەگمەن روودەدات لە کەسێکدا هەرچی جـوانی دنیا هەیە تیایدا کۆببێتەوە، چـونکــە ئەوەی بەلای منەوە جێی سەرنجە ڕەنگە بۆ کەسێکی دی وانەبێت. ئەو کەسەیش وات لێدەکات بە جـوانی دەربکەوێت لە پێش چاوت "خۆشەویستی" بێت، یاخود زەردەخەنە و ڕووە گەشەکەی بێت، چـونکــە تەنیا یەك بینین هۆکاری دەرکەوتنی جـوانی نییە ئـەگـەر ئەم هۆکارانەی لە پاڵدا نەبێت، یا ڕەفتارێکی ناوازە سەرنجی ڕانـەکێشابیت. پێچەوانـەکەشی بۆ ئەو کەسانەی بە ناشیرینی دەردەکەون.

لە هەموو دنیادا هەڵسوکەوتی مـرۆڤەکان دەگەڕێتەوە بۆ چۆنێتی ئەو ژینگەیەی تیایدا پەروەردە بووە و تیایدا دەژی، رووداو و بەسەرهاتە خوازراو و نەخوازراوەکانی لەگەڵدا دەژی، کە ناچاری ناکات ژیان وەك خۆی قبوڵ بکات. بەڵکوو دیسان لە هەوڵی جـوانکـردنی ناشیرینییەکانە و تەمەنیش زۆرترین دەرفەتمان پێدەبەخشێت بۆ بەردەوام بوون لەناو ئەو ژیانە. کەواتە مـرۆڤ لە جیاتی خۆسەرقاڵکـردن بە پشتکـردن لە ژیان باوەشی گەرم بۆ جـوانییەکانی ژیان بکاتەوە.

*** بەپێی ئەو وەلامانەبێ، کەواتە ڕەفتار و هەڵسوکەوت، لەکوێی جـوانین؟**

– ڕەفتار و هەڵسوکەوت کـردەیەکی دەستکـردە ئیلاهی نییە، هەر یەکێك لە ئێمە وەك ئەکتەرێك بەجۆرێك دەینوێنین کە ژیان دەکەین بە تەختەی شانۆ و بڵندترین مینبەری نمایشەکانمان بۆ کەسانی دەوروبەرمان. بۆیە ئێستا یەکێك لە ئەرکە گەورەکانی مـرۆڤ دەرخستنی سیمای جـوانییە لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانیدا و دروستبوونی ئەو بڕوابەخۆبوونەی، کە لە ڕۆحییەوە

سەرچاوە دەگرێت، زۆرجار هەڵسوکەوتی جوانی ئە جۆرە کەسانە تایبەت دەردەکەون لەناو کۆمەڵگادا و کاریگەری دەبێت بۆسەر کەسانی دەوروبەری، دەتوانن لە زۆر ڕووەوە ئەوانەی سەرنجیان ڕادەکێشن بەلای خۆیاندا بەرەو بەهای ژیان و هەستی دڵنیاییان بەرن و ئازادی تیایدا چڕبێتەوە.

لەناو مرۆڤەکاندا دوو جۆر جوانی دەبینرێت، یەکێکیان جوانی دەستکردە و ئەوی دییان جوانی خۆڕسکە، یەکەمیان ئەو جوانییە دەستکردە درکپێکراوەیە کە لەسەر خۆ ماکیاژکردن بەندە. واتە پشت دەبەستێ بە بەکاهێنانی ئارایشت و کەرەستەکانی خۆڕازاندنەوە، کە کاریگەری زۆری بەسەر دەوروبەرەوە دەردەکەوێت، دوورە لە ڕۆح و سۆزی ڕاستەقینەی مرۆڤانە. چونکە ئەم جۆرە ڕەفتارانە زۆرتر لەناو ئەو ژنانەدا دەردەکەوێت کە لە ڕووی شارستانییەوە دواکەوتوون و ئاستی خوێندەواریشیان نزمە، بە تێڕوانینێکی ناوازە دەڕواننە خۆیان و تەنیا جەستەیەکی جوان بۆ چێژوەرگرتنی پیاوان و منداڵ خستنەوە هاتوونەتە بوون. ئەو جۆرە سەرسامبوونانە بەمجۆرە جوانییە تەمەنێکی کورتە و ماوەیەکی کەمی هەیە، چونکە یاسای کەموکوڕی و لاوازی بەسەردا پراکتیزەدەبێت.

لە ڕووی مادیشەوە پارەیەکی زۆر خەرج دەکرێت و زۆرجار بەهۆی ئەو خەرجییەوە پەنا دەباتە بەر شت فرۆشتن و قەرزکردن دواتر بۆ ناو کێشە کۆمەڵایەتییەکان، کە سەرباری هەموو کێشەکانی دیکەیە.

جوانی خۆڕسك، جوانی ڕۆحە کە لەسەر کەسایەتی و دەروون و روخساری بەندە. بە رۆحێکی جوان و بە هێزێکی پڕ ماناوە بەخشندەیی دەبەخشێت، هاوشێوەی هونەرە جوانەکانە یان وەك سەمفۆنیایەك دەردەکەوێت هەر کەس بیبینێت خۆشحاڵ و گەشبین دەبێت.

*** سەبارەت تێڕوانینی تەمەن چی دەڵێی؟**

– سرووشتی ئێمە وایە کە بەتەمەنەکان لە دەوری خۆمان دەبینین وادەزانین هەر بە پیری لەدایك بوون، وا دەزانین ئەوان سەر و ریش و پرچیان وەك بەفر سپی بووە، بیر لەوە ناکەینەوە ئەوانیش منداڵێك بوون وەك کۆرپەکانی ناو

سکمان، قۆناغەکانی تەمەن بەم قۆناغەی گەیاندوون. ئاخر ئەوانیش ڕۆژانێك پڕ بوون لە خەون و لە جوانی و لە عیشق و پڕ بوون لە تۆڵە و حەسرەتی ئازادی، گەر زۆریان وێنەکێش بوونایە وەك پیکاسۆ و داڤنشی و عەلی لەتیف و گەر شاعیر بوونایە وەك پۆل ئیلوار و نزار قەبانی و شێرکۆ بێکەس، ژیانیان بە جوانترین شێوەی دەنەخشاند و ڕازاوەتریان دەکرد، چەندەها خەونی بەدی نەهاتوویان لەو ڕێگایانەوە دەخستە بەردەم هەموو جیهان.

ئێمە بڵێین و نەڵێین جوانی خۆی رادەستی تەمەن دەبێت، وەك چۆن چۆلەکە پووش بۆ هێلانەکەی دەکێشێ تەمەنیش ئاوا رۆژ و مانگ و ساڵەکان بۆ خۆی دەکێشێ، ئیتر ئەوە سرووشتی ژیانە هەموو شتێك تیایدا کاتییە و هیچ شتێك نییە بۆ هەتا هەتایی بمێنێتەوە، بۆیە مرۆڤ لە پیریشدا هەروەك گەنجی دەتوانێت شتگەلێك لە جوانی، بە پێی ئەزموونی تاڵی و شیرینی ژیانی بۆ خۆی بهێڵێتەوە. بەڵام لە دوای ئەمەشەوە هێشتا تێڕوانین بۆ جوانی چ لە بە تەمەنێکدا یاخود لە منداڵێکدا هەر جوانییە، زۆر جار بە تەمەنێك خۆشەویستی ناو هۆزەکەیەتی یاخود خێزانەکەی هەروەك چۆن منداڵیش بەو چاوە جوان و خۆشەویستییەوە دەبینرێت.

*** جیاوازی نێوان تێروانینی تاکی رۆشنبیر و کەسی ئاسایی چۆن دەبینی؟**

– بەڵێ جیاوازی هەیە چونکە لە هەر کۆمەڵگایەك ئاستی ژیان هاوتایە بە ئاستی رۆشنبیری. دیدگاکان بۆ هەر لایەنێك وەك تۆپێکی ئاگر وایە، گرنگ کێ ئەو ئاگرە دەبینێ، دەشێت بیکات بە سەرچاوەی رووناکی، لە دەستیشی دێ بیکات بە ئامرازی سوتاندن.

دەبێت ئەوەش بزانین جوانی هاوشێوەی هونەرە جوانەکانە، کە هەرکەس لە جێی خۆیەوە پێناسەی بۆ دەکات، زۆر لایەن هەیە کە ژن وەك دەقێکی شیعری، یاخود وەك تابلۆیەکی ناوازە و ئاوازێکی مۆسیقاری بەناوبانگ دەبینێت، هەشیانە هەستێکی پایە بڵند دەبەخشێتە مرۆڤ و لەبەرئەوە ئەو جوانییە بەدەر لە سۆزی سێکسی و هەستە ئاژەڵییەکان و چێژ وەرگرتنی مادی وا لە پیاو

دەکات تەنیا لەبەر جەستەی سەرنجڕاکێشی ژنی خۆش نەوێت، بەڵکوو لەبەر زات و کەسێتی تایبەتی مرۆڤانەی خۆش بوێت. ئیتر لە کۆتاییدا زۆرێك لە بڕیارە گرنگەکان پەیوەندی بە بیرکردنەوە و نەریتی ژیانەوە هەیە و زۆر بە دەگمەن شتێك لە ژیانی ئێمە روودەدات پەیوەندی بە نەریتەوە نەبێت. بۆیە پێویستە هەر بریارێك بدرێت، دەبێ پەیوەندی بە چارەنووسی خۆمانەوە هەبێت.

*** باسمان لە روالّەت و ناوەڕۆك کرد، ئەی رۆح و جوانی؟**

– خەڵکی رۆحی لە جەستەدا نییە، بەڵکوو رۆح بناغەیە، جەستە تەنیا وەك دەفرێکە. بۆیە جوانی لە سەر جوانی دەروون و کەسێتی و روخساری شیرینی مرۆڤەکان بەندە، هەستە جوانەکانی دەکرێ بە خۆشەویستی و سۆزداری و نەفس بەرزی وەلاخستنی شتە لاوەکییەکان دەبێت.

جوانی رۆح جوانییەکی راستەقینەیە وزەیەکی ئەرێنی دەبەخشێ بە ژیان و باوەڕبەخۆبوون زیاددەکات و مرۆڤ ئاوێزانی خۆشەویستی و نەمری دەکات، ئەگەر دنیای دەرەوەی کەسەکان دزێویش بێت دنیاکەی ناوەوەی (جیهانی رۆح) وای لێ دەکات بە چاوی جیهانی رۆح بیبینێ. فەلسەفەیەکی یۆنانی هەیە کە دەڵێت: بەراورد کردن باشترین رێگایە بۆ ناسینی مرۆڤەکان.

جوانی رۆح پارە ناناسێ بەڵکوو دژێتی، رۆح زۆر دوورە لە رۆشنبیرییەوە یاخود باری کۆمەڵایەتی، تەنانەت ئەگەر کەسەکە گەیشتبێتە لوتکە، چونکە جوانی دوور لە مادە جوانی ژن لە جوڵەی ژیاندا جوانتر دەکەن.."عەباس مەحموود عەقاد" کە بیریارێکی میسرییە و بە ڕەچەڵەکیش کوردە دەڵێت: جەستەی جوان کامەیە؟ دەڵێت وەڵامێکی قورسە تەنیا دەکرێت بڵێین: (جەستەیەکی سەربەخۆ و بێ گرێ و گۆڵە).

ئەگەر ئێمەش بە گشتی لە جەستە بڕوانین هەر پەلێکی بەجیا بکۆڵینەوە هیچ جوانییەك بەدی ناکەین

گەر جوانی ئازادی تیا بەدی نەکەین، چونکە جەستە کەموکوڕی تێدەکەوێت گەر یەکێك لە کار و ئەرکەکانی لە گەڕ بکەوێت و ئەندامەکانیشی بە

هەمان شێوە کەموکوڕیان پێوە دەردەکەوێت گەر لە ئاستی خۆیان زیاتر یان کەمتر ئازادبکرێن. واتە هەر روخسارێکی داخراوت بەدیکرد دەبێت هەست بکرێت و ڕێگرێك هەیە ڕێگە لە بەئەنجام گەیاندنی کار و ئەرکی ئازادی و جوڵە و چالاکییەکان و کەموکوڕی لە سیما دروست دەکات.

جوانی ژن لەگەڵ جوانی سرووشت و هونەرەجوانەکانی وەك شیعر و گۆرانی و میوزیك و هونەرە شێوەکارییەکاندا، یەکێکە لە سەرچاوە گرنگەکانی جوانی لە بووندا. هەستکردن بە هونەری جوانی مرۆڤبوونی مرۆڤ و بەختەوەری و مەدەنیبوونی دێنێتەدی، کە فەیلەسووفەکانی گریك بانگەشە بۆ سێ کۆڵەکەکە دەکەن، ئەوانیش: (راستی و چاکە و جوانی)ن، کە جوانیان وابەستەی راستی رۆح و چاکە کردووە، سوکراتیش هەر بەو جۆرە پێناسەی بۆ دەکات و دەڕوانێتە جوانی، کە هەستێکی درکپێکراوە و لەگەڵ هەموو ئەوانەدا دەگونجێ کە ژیان لەو پێناوە هاتۆتە بوون.

لە کۆتایدا دەڵێم تا مرۆڤ بڕوای تەواو بەبوونی خۆی نەهێنێ ناتوانێت لە جوانی دەوروبەری بگات، چونکە ئەوە هێزی رۆحە ئەو هێزە گەورەیە بە جوانی ژیان دەبەخشێ.

هەروەك چۆن هەموو خەونەکان کۆتاییان دێت و وەختێك هەیە کە خەونەکان ببن بە هەڵم، ئاوا جوانیش بەو جۆرە بە سیماوە دەکوژێتەوە بەرەو تێپەڕبوون مل دەنێن دەبێت بە جوانی کاتی بە سیماوە شتێك نییە بەناوی مانەوە و هەتایی لە ژیاندا. بۆیە بە زەردەخەنە و رۆح سووك بە، چونکە زەردەخەنە و رۆح سووکی وا دەکەن مرۆڤ جوانتر و جوانتر بێ لەوەی کە هەیە و وا دەکەن ژن جوان بێ لەو ژنەی زەردەخەنە نەزانێ گەر هەموو خشڵی دنیا بەکاربهێنێت، گرانبەهاترین پارچە بپۆشێ و زۆرترین ئارایشت بەکاربەرێت ناتوانێ بە جوانی دەربکەوێت. بۆیە:

رووییێکی درۆزن تەنیا ئەو سەروەرەیە

کە رۆح دەبات بەڕێوە، جەستەش تەنیا کێڵگەیە بە دوایەوە.

## خالید کاوێس: نووسەر و شاعیر

### خۆشەویستی ئێمەومانان بۆ کەسەکانی دەوروبەرمان جوانی دەخولقێنێ، نەوەك بەپێچەوانەوە

*** جوانی یانی چی؟**

– شتێك لەوە زێتر نییە بە شێوەیەکی ڕێژەیی یان دیاریکراو سەبارەت بە هەستکردنمان لەرووی جوانییەوە، جوانی لەخودی خۆیدا تەنیا شتگەلێکی بەتاڵە، تەنانەت بیرۆکەیەکیش نییە، سەبارەت بە جوانی ئەوە مرۆڤەکانن پێوەرێکی کامڵی دەدەنێ، ئەو تێڕوانین و دەست نیشانکردنانەش، ئەوە هەستێکی خود پەرستیانەیە بۆ حاڵەتەکانی جوانی و هەڵبژاردەکانی ئێمە.

ئینسانەکان وا هەست دەکەن دنیا پڕە لە جوانی، ئەوە فەرامۆش دەکەن، کە خودی خۆی دەردێکی ئەو جوانییەیە، ئەوە خودی مرۆڤگەلەکانن جوانی بەدنیا دەبەخشن، ئیستاتیکایەکی مرۆڤایەتی و بەس بە شتەکانی دەوروبەرمان دەدەن و دەیڕسکێنن و لە پووکانەوە و بێ نموونەی دەیپارێزن، لەحەقیقەتدا مرۆڤ خۆی لە شتەکاندا دەبینێتەوە و هەر شتێ خودی خۆی تێدا ببینێتەوە، بەلای ئەوەوە جوانە، جوانی بەلای خودی خۆتەوە جۆرێکە لەخۆباییبوون و باگۆڕین، کە لە دواجاردا پەیوەستە بە خۆت.

ئەفلاتوون جوانی بە شتێکی خوایی وەسفدەکات و ناوەڕۆکێکی ڕەهای هەیە لە جەوهەری شتەکاندا و نەگۆڕە و هاوشانی چاکەیە و قەڵەمبەز دەداتە نێو هەست و سۆزمانەوە و وەك کانیاوێکی سازگار وەدەردەکەوێ.

*** ئەدی کێشەی ڕێژەیی و موتڵەقی جوانی، ئەمە چۆن لێك دەدەنەوە؟**

– هەمیشە تێبینی ئەوەمان کردووە تێڕوانینی ئینسانەکان بۆ جوانی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی جودایە، ئەوەی من بە جوانی دەزانم ڕەنگە کەسێکی دی وای نەبینێ، ئەمەش ئەو گوتەیە پشت ڕاست دەکاتەوە، کە جوانی حەقیقەتێکی ڕەها نییە، بەو مانایەی کەسێك لەوپەڕی جوانیدابێت، ڕەنگە لای کەسێکی دی ئەو جوانییەی نەبێت و دەنگەدار نەبێت، خۆشەویستی ئێمەومانان بۆ کەسەکانی دەوروبەرمان جوانی دەخولقێنێ، نەوەك بەپێچەوانەوە، ئێمە زۆرجاران ناتوانین نکوڵی لە جوانی دەرەوەی مرۆڤەکان بکەین، بە مانایەکی دی

روخسار و لەش ولاری مـرۆڤگەلەکان، بەڵام جـوانی ناوەوەیان نابینین، ئەمەیە وادەکات بڵێین جـوانی رێژەییە یان رەهایە.

*** لەبەرامبەر جـوانی شتێك هەیە ناوی ناشیرینی بێ؟**

– لەهەمبەر جـوانی ناشیرینییە، هەروەك چۆن جـوانی رێژەییە بەهەمان شێوە ناشیرینیش رێژەییە، هەڵوێستی مـرۆڤ لەهەمبەر جـوانی و ناشیرینی دەگەڕێتەوە بۆ خود، ئەو چاوەی دەڕوانێتە بەشی بەتاڵی پەرداخی، وەك ئەوە نییە تەماشای بەشی پڕی پەرداخەکەدەکات، شتێك نییە ناوی خەراپەکاری رەها و بەهەمان شێوە شتێك نییە ناوی چاکەکاری رەها بێت.

وێڕای ئەوەی پێویستیمان بە رووناکییە، لەهەمانکاتدا پێویستیمان بە تاریکیشە بۆ ئەوەی پشوویێك بدەین و بحەسێینەوە، مـرۆڤ پێویستی بە نێوەندگیرییەك هەیە لەسەرجەم کایەکانی ژیاندا، هاودژییەکانی نێو ئەم مەلەکووتەن کە تروسکە و رەونەق بەژیان دەدەن، لەهەمبەر زوڵم و توندوتیژی هـەمیشە شتێك هەیە ناوی دادپەروەرییە، لەهەمبەر ناعەدالەتی و کارە قێزەونـەکان، یاسایەکی مـرۆڤدۆستانەش هەیە، کە یاساکانی عەدالەت و رێزگرتنە لە مافەکانی مـرۆڤ، کۆی هەموو ئەمانەش شتێکە نێوی جـوانی مـرۆڤگەلەکانە، کە بەردەوامی بەژیان دەدات، شێواز و رەوتی ژیان و دەروونمان دیاری دەکات.

*** هەر لەم بوارە باس لە دوو دیوی مرۆڤەکان دەکرێ جوانی لە رەفتار و هەڵسوکەوت یان سیما و روخسارەوە دێ؟**

– شتێك نییە جـوانی بێت، ئەوەی جـوانە خودی مـرۆڤەکانن، زانستی جـوانیش بەهەمان شێوە پشت بەم وتەیە دەبەستێ، ئەمە حەقیقەتی یەکەم، دووەم حەقیقەت ئەوەیە، شتێ نییە بەناوی جـوانی و ناشیرینی تەنیا لەکاتی هەڵچوون و باڵادەستی گەندەڵییەکان، بەمەش سنووردارکـردنی قەبارەی جـوانییە، لەرووی فیزیۆلۆجیشەوە دەتوانین ئەوە بڵێین هەموو ناشیرینییەك بەدووی خاڵی سفری مـرۆڤگەلەکانەوەیە لەساتەوەختی هەرەسهێنان و دارماندا، لەساتەوەختی

دەستەپاچەیی و ترس و بیمدا، ئەمەش نرخی ئەو لەدەستدانەیە کە جەستەی مـرۆڤەکان دەگـرێتەوە.

کاتێ تۆ ناشیرینییەکان دەبینی و هەموو شتێ لەبەردەمتدا هەرەس دێنن، لەرووی دینامیکییەوە ئازایەتی و جوامێریش هیچ بەهایەکی نامێنێ، بەم پێیە غەریزەکانی ناوەوەی مـرۆڤەکان وەدەردەخات، غەریزەی من بۆ جـوان بینین و ناشیرینی لەمەڕ شتگەلەکانی دەوروبەرمان، تۆ ناتوانی لە رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵییەکانی من، روخسار و سیمایەکی جـوان ببینی، جـوان بینینی من بۆ تۆ غەریزەیەکی ناوەوەیە بۆ تۆ بۆ جـوانکـردنی شتەکان، نـەوەك بەپێچەوانەوە.

*** تێروانینی تەمەن بەرامبەر جـوانی لە چاوی پیرێك و منداڵێك وەك یەکن؟**

– بەر لەهەر شتێ دەبێ ئەوە بزانین، کە جـوانی پەیوەستە بە هەستکـردن بە چێژوەرگرتنەوە، هەروەها جـوانی زێتر پەیوەستە بە وێنای ناخەکی وەك لە وێنای دەرەکی کەوێنای ناخەکی بەرجەستە دەکات، کە رووبەڕووی پرسیارێکی وەك ئەوە دەبێتەوە سەبارەت بەتێڕوانینی تەمەن بەرامبەر جـوانی لەچاوی پیرێك و منداڵێك، ئەوەمان بە بیردا دێت جـوانی لە چییەوە سەرچاوەدەگرێت، ئایا شتێك هەیە لەخودی خۆیدا جـوان بێت، ئایا رەگەزێکی هاوبەش هەیە لەهەمبەر هەستکـردنمان بە جـوانی.

ئەو هێزەی جـوانیمان بۆ جودادەکاتەوە و دەبێت بەپاڵپشتێك بۆ ئێمە ئەوە چێژوەرگرتنە لەو جـوانییە، چێژوەرگرتن لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی دی جودایە، لە تەمەنێکەوە بۆ تەمەنێکی دی جودایە، تەنانەت لە نێرینە و مێینەش جودایە، جـوانی لە خودی خۆیدا سیفەتێکە لە سیفەتە جـوانـەکانی سـرووشـت، سـرووشـت بە سادەیی خۆیەوە جـوانە، هەستکـردنمان بە جـوانی لە لەسـرووشـتی ئاوەزمانەوە گەشەدەکات، واتە رۆچوونە بۆناو حەقیقەتی شتەکان.

*** کەواتە تێڕوانینی تاکی ڕۆشنبیر و کەسێکی ئاسایی، یان شارنشین و گوندنشین، ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاواییەک، ئایینی و عیلمانییەکیش جودان؟**

– هەروەک چۆن ناکرێت شرۆڤەی جوانی بەرێکەوت بکەین، بە هەمان شێوە ناکرێت وەک پێویست شرۆڤەی بکەین، چونکە جوانی لەسەرووی سوودەکانی ئێمەوەیە و باڵادەستە، جوانی ئەو شتە نییە تەنیا لەرووی مادیاتەوە سوودبەخش بێت، بەڵکوو لەرەنگ و روخسار و شێوەشەوە سوودبەخشە و هەست و سۆزمان دەبزوێنێ، بۆ نموونە ئەو جوانییەی چاو هەستی پێدەکات، بێگومان ئەو جوانییە نییە کە گوێ هەستی پێدەکات، یان ئەو چێژەی عەقڵ ئیدراکی دەکات، وەک ئەو چێژی خۆراکە نییە، کە دەچێتە نێو دەمەوە، یان ئەو جوانییە کە دڵ و ڕۆح و سەرجەم هەستەوەرەکانی دی هەستی پێدەکەن، جودایە لەگەڵ سەرجەم ئەو هەستانەی ئاماژەمان بۆکردن.

جەوهەری جوانی لەوەدایە هاوسەنگییەک لەنێوان هەست و سۆزدا هەبێت بۆ حوکمدان لەسەر شتەکان بەشێوەیەکی راست و واقیعبینانە و دوور لە توندڕەوی و زیادەڕۆیی، کە بوار بەوە بدات بتوانیت راشکاوانە هەستەکانت بەیان بکەیت و کار نەگاتە رق و کینە و توندوتیژی، چونکە رەتکردنەوەی کەسی بەرامبەر هۆکارێکە بۆ دەرئەنجامی خەراپ و تێکدان و پشێوییەکانی نێو کۆمەڵگا.

تایبەتمەندی مرۆڤەکان تەنیا ئەوە نییە جوانی سرووشتی بناسن و خۆشیان بوێت، بەڵکوو تواناو سەلیقەی ئەوەشیان هەیە جوانی بەرهەم بهێنن و هەستی پێ بکەن و کاریگەریان بەسەریەوە هەبێت، گرنگ نییە ئەو جوانییە فیزیکی بێت یان خولقێنەر بێت، گرنگ ئەوەیە بکەوێتە ژێر کاریگەرییەوە و بەرەو لای خۆی پەلکێشی بکات، ئەگەر ئەو هەست و سۆزە چالاک و سەرنجراکێشەر بوو، ئەو تێڕوانینە چێژ و سوزێکمان لا دروست دەکات و ئارەزووی وەدیهێنانی و زیندووکردنەوەی دەدەین، ئەمەش بە شێوەیەک نەوەک وەک ئەوەی دیوی دەرەوەی جوانییەکە دەبینین، بەڵکوو وەک ئەوەی لە خەیاڵی خود وێنای دەکەین، ئەمەش خەسڵەت و تایبەتمەندی بە شتگەلەکان دەبەخشێت.

*** ئیستاتیکا و هونەریش بەشێکن لەجوانی، رای ئێوە لەو رووەوە؟**

– هونەر بەرهەمێکی ئازادانەی جوانییە، لە هێزێکی ناخەکی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێت پێی دەوترێ (بلیمەتی) بۆ ئەو بەرهەمە ئازادانەیە جوانییەکی بەهێز پێویستە، ئەمەش هەمان ئەو هێزە پێویستەیە بۆ ناسین و هەست پێکردنی، بلیمەتی چێژێکی بالآیە، کە پێویستی بە رەگەزێکی دی هەیە ئەویش توانا و داهێنانە، چێژوەرگرتنیش پێداویستی بە سێ رەگەز هەیە، خەیاڵکردن و سۆز و عەقلێ، بۆئەوەی بگەیت بە پلەی بلیمەتی دەبێ توانای داهێنان و نوێگەریت هەبێ.

چێژ هەستکردن و حوکمدان و شرۆڤەکردنی شتەکانە، بەلآم بلیمەتی (عەبقەریەت) داهێنان و خولقێنەری شتەکانە، هیچ پیاوێکی مەزن نییە ئەگەر تۆوی گەمژەیی تێدا نەبێت، ئەم گەمژەییە بەشێکی خواوەندییە لە ئاوەز و عەقڵی مرۆڤدا، سوقرات بە (شەیتان) و ڤۆلتێر بە (شەیتان لە جەستەدا) نێوی دەبەن.

هونەرمەندی راستەقینە هەست بە سرووشت دەکات و جێگای سەرنجی دەبێ، بەلآم سرووشت لەیەك ئاستدا جوان و سەرنجراکێش نییە، هونەر بە پێچەوانەوە زۆر جاران لە سرووشت بالآدەستتر دەبێ، لەحالەتێکدا ئەگەر کۆپی سرووشت نەکاتەوە، جوانی خواوەندی بنچینەی هەموو جوانییەکانە، ئامانجی هونەر گوزارشتکردنە لەجوانی خواوەندی، جوانی میتافیزیکی، بەرهەمی هونەری هیچ بوونێکی نابێت ئەگەر کارێکی زیندووو نەبێت، بۆ نموونە لە درامادا نابێ بەدوای جنۆکە بگەڕێیت و رابردوویێکی رمۆزن پیشان بدەیت، گرنگە رۆچیتە نێو مێژووەوە و کەسایەتییە پڕ سۆز و زیندووەکان بهێنیتە بەرچاو، وەك کەسانی دی هەڵسوکەوت بکەن و بدوێن، نەوەك وەکوو مۆتەکەیەك، پێویستە هونەر لە سەرچاوەیەکی قووڵەوە بەهرەکانی هەڵێنجێنێ و بێتە بەرهەم، هونەر نابێت کۆت و بەندی ئایین و وڵات و هیچ یاسایەکی لەو

جۆرانە نەبیٚ، ئەگینا سیحر و جـوانی خۆی ون دەکات و بەرهەمێکی بیٚ بایەخ و کـرچوکالٚ پێشکەش دەکات.

لەکۆی گشتیدا هـونـەر لە سەرجەم کارەکانیدا گوزارشت لە جـوانی ئەبەدی دەکات، هەر کارێکی هـونـەری، جـوانییەکی باڵای هەبێت، پەیکەرێك بێت، پارچە مۆزیك و گۆرانییەك بێت، لە خەونێکی زیندەگیدا رۆدەچێتە رۆحەوە و بەرەو خەونی بێکۆتاییمان دەبات.

*** چیتان سەبارەت بە جـوانی خوێندۆتەوە و رای خۆتان لەسەر جـوانی؟**

– ئەوەی توانای بینینی جـوانی هەبێت هەرگیز پیر نابێت (فرانتس کافکا)، جـوانی لە هەموو شتەکاندا هەیە، بەڵام هەموو کەس نایبینیٚ (کۆنفۆشیۆس)، ئەوەی بەدوای ئافرەتێکی باش و زیرەك و جـوانەوە بێت، ئەوە بەدوای سیٚ ئافرەت دەگەڕێت ( ئۆسکار وایلد).

هیگلٚ لە وانـەکانیدا سەبارەت بە جـوانی و فەلسەفەی هـونـەر دان بەوەدا دەنێت کە (جـوانی لە سـرووشـتدا بوونی رەنگدانەوەی جـوانییە لە بیروهۆشدا) بەم پێیەبێت ئایا پێویستە هـونـەر وێناکـردنی سـرووشـت بیٚ وەك خۆی، یان پێویستە دیاردە سـرووشـتییەکان بەرز و باڵا نیشانبدات و گوزارشتیان لێبکات.

جـوانی سەربەخۆیە لەو شتگەلانەی خۆیان بە شێوەیەکی جـوان نمایش دەکەن، پێوەرەکانی جـوانی لە خودی وێناکـردنی عەقلییەتی ئێمەیە بۆ ئەو شتانەی خۆیان جـوان نمایش دەکەن، رەنگە هەندیٚ جاران پەیوەست بیٚ بە ئاستی رۆشنبیری و ئەخلاقیاتی خودی مـرۆڤگەلەکان خۆیان، هەستکـردنی ئێمەومانان بۆ جـوانی شتێکی بەردەوام و چێژبەخشە و لە قۆناغی گواستنەوەی هەستەوەرەکانمانەوە هەموو جەستەمان دەتەنیٚ و تایبەتمەندییەکانی جـوانی لە ژیان و دەوروبەرمان رەنگدەداتەوە. هەموو شتە سـرووشـتی و مـرۆڤایەتییەکان تەواو بەرهەمی جـوانین، ئـەگـەر لەحاڵەتێکدا مەسەلەکە وابەستەی هەستکـردن و ویژدان بێت، لێرەوە دەتوانین بپرسین: ئایا جـوانی پەیوەستە بە زانینی

تایبەتمەندی و خەسڵەتەکانی جـوانییەوە، یاخود پەیوەستە بە خودی جـوانییەوە و خودی هەستکـردنمان بەو شتەوە.

ئـەگـەر جـوانی لەسـرووشـت ومـرۆڤدا بوونی هەبێت، کەواتە هـونـەر بەرهەمێکی سەرلەبەر مرۆییە، لەبەرئەوەی لەسەر بنچینەی هۆشمەندی و بیرتیژی و بەهرەمەندی و مەبەستدارێتی بونیاد نراوە، ئەمەش تایبەتمەندی تاکی مـرۆڤەکانە، بۆیە پەسەندێتی جـوانیمان وابەستەی تواناکانمانە بۆ هەڵبژاردنی جـوانی، ئەمەش لەسەر بنچینەی سـرووشـتی پەروەردەکـردنمان و سـرووشـتی ئەزموونە جـوانسازییەکانمان کەلەو پەروەردەکـردنەدا وەدەستمان هێناون.

لەبنچینەدا جـوانی ئەو شتەیە هەست بە رەزامەندی دەکەین بێئەوەی پەیوەست بیٚ بە سوودێکی مادی، جـوانی ئەو شتەیە دوور لەهەر سوود وقازانج ومەبەستیٚ لێی رەزامەند دەبین.

جـوانی ئەو شتەیە بەبینینی یان دەست لێدانی یان تەنانەت بۆنکـردنیشی هەست بە دڵنەوایی دەکەین،لەکۆی هەموو ئەو شتانەی باسمان لێوەکـردن هـونـەر بەرهەمهێنەری جـوانییە، نـەوەك شتێکی دیکە، ئەمەش لەسەرجەم هـونـەرو بەرهەمەکانی مـرۆڤایەتی وەدەردەکەون، کە کەش ودیمەنێکی جـوانیان بەشتگەلەکان بەخشیوە.

## مەسعوود پەرێشان:

# نووسین جوانترین پرۆسەی بەجوانی دەرخستنی مرۆڤەکانە

*** جوانی یانی چی؟**

– دڵخۆشترین شت و سەرنجڕاکێشترین شت بۆ مرۆڤ جوانی بینینە، جوانی روخسار و گوتار و گوفتار و شێوازی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەر شتێکی بەرامبەری خۆت، مرۆڤ بێ یا هەر شتێکی دیکەی سرووشتی و ناسرووشتی، واتە بە جوانی بیبینی هەرشتێك ناخت جوان دەکات و پێچەوانەکەشی کارەساتە!

*** دەڵێن جوانی موتلەق نییە و رێژەییە؟**

– ئەمەیان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لایەنی بەرامبەر کەمتەرخەمییەکەی لەوەدایە، کە ناتوانێ هەموو جوانییەکانی خۆیت پێشان بدات. ئەگینا لە بنەڕەتدا هەموو کەسەکان جوانن، ئەگەر بتوانن جوانییەکانی خۆیانت بە شێوازێکی شایستە نیشان بدەن. بۆ نموونە حەسەن زیرەکی گۆرانیبێژ رەنگە شکڵی خۆی سرنجڕاکێش نەبێ، بەڵام بەدەنگە زوڵاڵەکەی هەموو ناشیرینییەکانی شاردۆتەوە و بۆتە جوانترین گۆرانیبێژی گەلەکەی خۆی!

*** شتێك هەیە لەبەرامبەر جوانی ناشیرین بێ!**

– جوانیمان پێ ناساندن. بەڵام ناشیرینی بریتییە لە خۆدەرخستن بە شێوازێکی نامرۆڤانە و دەربڕینی دڕندەیی و خۆجیاکردنەوە لە ڕەفتاری بەرامبەر و گوفتاری بێ ڕێزی دوور لە ڕەفتاری بەرامبەرەکەی.

*** ئەرێ رەفتار و هەڵسوکەوت یان سیما و روخسار مرۆڤ جوان دەکەن؟**

– بەڵی روخسار و هەڵسوکەوت بەشێکن لە سیما هەرە بەرزەکانی جوانی مرۆڤ، چونکە ئەگەر قسە سەیروسۆبەتەکانی حەسەنی شیرین نەبوان، ئەوا دەبووە کەسێکی نەناسراو.

*** تێڕوانینی تەمەن بەرامبەر جوانی لە چاوی پیرێك و منداڵێك جیاوازە؟**

– پیر و منداڵ لە دەربڕینی جـوانی پێشاندانی خۆیاندا، تەنیا ئەزموونی تەمەنە، کە منداڵەکە بە شێوازێکی ئاسایی دەردەکەوێ و پیرەکە نواندن دەکات لە خۆنیشاندانداندا، کە دەکارێ جـوان دەرکەوێ، یان نا!

*** پێتوایە تێڕوانینی تاکی رۆشنبیر و کەسێکی ئاسایی یان خەڵکی شارنشین و گوندنشین، رۆژهەڵاتییەك و رۆژئاواییەك، دیندار و عیلمانییەك جیاوازە؟**

– بەڵێ ئەمەیان دەکەوێتە دوو توێی سادەیی و ئاڵۆزیدا، کە کەسێکی ئاسایی و گوندنشین هـەمیشە بە سادەیی خۆیی دەردەکەوێت و نازانێ شێوازی ژیانی خۆی بە جۆرێکی دیکە پێشان بدات، بەڵام بە پێچەوانەوە رۆشنبیرێك و شارنشینێك دەتوانێ بە بەردەوامی خۆی بە پێچەوانەی بەرامبەرەکەی خۆی دەربخات. بەڵام جیاوازی نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاواییەك لەوەدا بەرجەستە دەبێت، کە سـرووشـتی ژیانی ئەو دوو بەرامبەرە جیاوازە و جیاوازییەکانیش لەنێوان تاکەکانی هەردوولادا رەنگ دەداتەوە، کە یەکێکیان سـرووشـتییە و ئەوەی دیکەیان ئاڵۆزترە.

بەڵام جیاوازی نێوان عەلمانییەك و ئایینییەك لەوەدایە، ئەوەی یەکەمیان بە لۆژیکی دەردەکەوێ و ئەوەی دیکەیان بە خەیاڵی.

*** ئیسـتاتیکا و هـونـەریش بەشێکن لە جـوانی، ئەوەی چاوی هـونـەرمەند و داهێنەرێك لە دووتوێی تابلۆ و کارێکی هـونـەریدا بە ئێمەی دەگەیەنێ، جـوانی و جـوانبینییە؟**

– هـونـەر سەرچاوەیەکی زۆر مەزنی جـوانی دەربڕین و خۆ بە جـوانی ناساندنە، داهێنەری شێوازی دەموچاو و لەش و لاریان لەبیردەکـرێت و تەنیا و تەنیا بیر لە دەربڕین و وتە تازەکانیان دەکـرێتەوە و هـەمیشە چاوەڕوانی جـوانترین بەرهەمیان لێ دەکـرێت، بەمەشەوە هـەمیشە لەجـوانییەوە بۆ جـوانتربوون دەردەکەون.

*** دەكرێ بپرسین جـوانی لە ڕۆحەوە دێ یان جەستە و روخسار؟**

– جـوانی خۆی لە هەردووكیاندا بەرجەستە دەكات، بەڵام جیاوازییەكە لەوەدایە، كە مـرۆڤ بەشێوەیەكی رەها ناتوانێ روخساری خۆی بە تەواوی بگۆڕێ، بەڵام لە لایەنە ڕۆحییەكەوە، دەتوانێ بەو شێوازە خۆی لەگەڵ كۆمەڵگەكەی خۆی هاوكێشە بكات، كە لەلایەنی تاكەكانییەوە زۆر پەسەند و مەقبوول و جـوانتربێت!

*** با لەسەر جـوان نووسینیش بوەستین، ئەوەشیان چ زمان یان دەربڕین و كەرەستەكانی نووسین و جـوانكاری و رەوانبێژی؟**

– نووسین جـوانترین پرۆسەی بەجـوانی دەرخستنی مـرۆڤەكانە. لە شێوازی دەربڕین و چۆنییەتی داڕشتن و سەرنجڕاكێشانی بەرامبەرەكانە. كە دەتوانن خۆیان لە دووتوێی رستەكاندا بدۆزنەوە و وادەزانن خۆیان نووسیویانە، یان تەعبیر لەناخی خۆی دەكات، كە خۆت نەتنووسیوە، بەڵام لە خوێندنەوەیاندا لەوە دەگەی كە كەسێك هەیە بیر لەناخی تۆ دەكاتەوە و وەكوو تۆ بیردەكاتەوە و ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ كە نووسین و جـواننووسی مەزنترین هۆكاری پەیوەندیی نێوان هەموو مـرۆڤەكانە.

*** چیت سەبارەت بە جـوانی خوێندۆتەوە، یان بیستووە؟**

– جا چیم نەخوێندۆتەوە جا چیم نەبیستووە، بە سەدان دیوانە شیعر و ڕۆمان و چیرۆك و لێكۆڵینەوەم خوێندۆتەوە و وەكوو كەسێكی هۆشمەندیش ڕۆژانە سەدان و هەزاران هەڵوێستی جـوان دەبیستم، كە هەر هەموویان لە نووسینـەكانمدا ڕەنگیان داوەتەوە و وایان لێم كـردووە بە جـوانی دنیا ببینم و بە جـوانیش بیربكەمەوە و بە جـوانیش خۆم دەربخەم!

*** دوا شت خودی خۆت سەبارەت بە جـوانی دەڵێی چی؟ جـوانی لە چیدا دەدۆزیتەوە.**

– من هـەمیشە لەنێو جـوانییەكاندا خۆم دەدۆزمەوە و لەنێو ئۆقیانووسە جـوانـەكانیشدا مەلەدەكەم جـوانی روخسارەكان، جـوانی گوفتارەكان، جـوانی

دەربڕینــەکان، جـوانی نووسینــەکان، جـوانی داڕشتنی ڕستە و پەڕەگراف و دێڕە سەرنجڕاکێشەکان، جـوانی هەرزەیی منداڵەکان. جـوانی ئافرەتە پیاو دزەکان، جـوانی سـرووشـتـە دووبارەنەبووەکان جـوانی خەمە خەفەکـراوەکان، کە چارەسەرێکیان بۆ دەدۆزینەوە لەگەڵ جـوانی خۆشییە چاوەڕواننــەکـراوەکان و هەر هەموو جـوانییەکانی دیکە، کە بە نووسین سەدان لاپەڕە نووسینی دیکەی پێویستە. بۆیە لە کۆتاییدا ئەوە دەڵێم: بەوە جـوان دەبیت، کە دڵی بەرامبەرەکەت وەدەست بێنی و لە ئامێزی خۆتی بگری و دەرفەتی ئەوەشی پێنەدەیت، کە لێت بڕەنجێ. جـوانیت لەوە دایە هیچ کاتێك بیر لە ڕەنجاندنی ئەوەی دیکە نـەکەیتەوە، بەڵکوو هـەمیشە بیر لەوە بکەیتەوە، چۆن ئاسوودەی دەکەیت!!!

**ستار باقی کەریم:**

**هەموو شتێك بە بوونی پێچەوانـەکەی دەناسرێتەوە، ئەوە بۆ جـوانیش راستە**

*** جـوانی یانی چی؟**

– ناسینی پێچەوانـەکەیتی، چـونکــە ئـەگـەر ناشیرین بوونی نەبیت بە مانا ڕێژەییەکەی ئەوا هەرگیز جـوانیش وجودی نییە، بۆیە جـوانی ئەو ساتەیە کە دل و دەروون خۆش ئەکات، لەرێگەی هەستەوەرەکان ی وەکوو (بینین، بیستن، بۆنکـردن)، واتە جـوانی بەلای منەوە تەنیا لە بینین خۆی نابینیتەوە...

*** دەڵێن جـوانی ڕێژەییە و موتلەق نییە، ئەمە چ دەگەیەنێت؟ بە دەربڕینێکی دیکە قسەت لەسەر ئەو ڕستە و بۆچوونە چییە؟**

– بێگومان جگە لە ژمارەکانی بیرکاری شتێکی موتلەق بوونی نییە، چـونکــە جـوانی لە خۆیدا بە پرۆسەیەکی گۆرانکاری تێپەر دەبێت، دیارە هەموو سەردەمێك و تەمەنێك بۆ هەموو بوونەوەرکان جۆرێك و شێوازێك لە جـوانی تیایە، هەر ئەوەشە وا دەکات جـوانی ڕێژەیی بێت و موتلەق نەبێت....هەڵبەت رەنگە جـوانی ئـەگـەر بگاتە لووتکە واتە موتڵەقییەت ئایا لە دوای ئەم قۆناغە چی دیکە دێت.....خۆ لەوەشیان دەتوانین بڵێین جـوانی دوا قۆناغ نییە، چـونکــە ئـەگـەر وابێت ئەوا دەشێت لە خۆمان بپرسین ئایا دوای قۆناغی موتلەقییەتی جـوانی موتلەقییەتی ناشیرینی هەیە؟! بۆیە هەموو سەردەمێك ڕێژەیەك لە جـوانی و موتلەقییەتی کاتی لە خۆی هەڵگرتووە....

*** لەبەرامبەر جـوانی شتێك هەیە ناوی ناشیرینی بێ؟**

– بێگومان هەموو شتێك بە بوونی پێچەوانـەکەی دەناسرێتەوە، ئەوە بۆ جـوانیش راستە، بەڵام من پێموایە ناشیرینییەکانیش جۆرێك و بگرە چەندان جۆر لە جـوانیان لە خۆگرتووە، کە لەوەشیان دیدی بۆچوونی کەسێك بۆ ئەوەی دیکە گۆرانگاری بەسەردادێت..

*** ئەریٚ رەفتار و هەڵسوکەوت یان سیما و روخسار مـرۆڤ جـوان دەکەن؟**

– بێگومان ئەوانە رۆڵیان هەیە، کە دیسانەوە گرێدراوی هەندێك شتی دیکەی وەکوو ستایل و جۆر و کوالێتی جلوبەرگ و رەنگ و جۆرەکانی بن، چـونکــە

زۆرکات جلوبەرگیش جـوانیان ئەکات، وەك ئەوەی لە کوردەواری ئەوتریت ئـەگـەر جلوبەرگ نەتکات بە یەکەم لەسەر هەمووان ئەوا ئەتکات بە دووەم بەسەریانەوە، هەروەها ئەڵمانـەکانیش دەڵێن: (جلوبەرگ کەسایەتیت بۆ دروست دەکات). بۆیە هەموو ئەوانە گرێدراوی یەکترن، بەڵام جـوانی رۆح زۆرکات دوای جـوانی روخسار و ئەوانی تر رەنگە بچیتە سەروتر لەچاو ئەوانی ترەوە.

*** تێڕوانینی تەمەن بەرامبەر جـوانی لە چاوی پیرێك و منداڵێك وەك یەکە یان جیاوازە؟ لەهەر حاڵەتێکی وەڵامەکەتدا: بۆ؟ چۆن؟ * ئایا پێتوایە تێڕوانینی تاکی رۆشنبیر و کەسێکی ئاسایی یان خەڵکی شارنشین و گوندنشین یان رۆژهەڵاتییەك و رۆژئاواییەك یان ئایینی و عیلمانییەك جیاوازە بۆ جـوانی؟**

– بێگومان نـەوەك هەر رۆژهەڵاتی و رۆژئاوایی و سیکولاری و ئایینییەك جیاوازە بەڵکوو لەلای تەواوی مـرۆڤ بە شێواز و جۆری جیاواز جـوانی سەیر ئەکەن و پەسەندی دەکەن. بەڵام لێرەوە دەگەرێیینەوە سەر موتلەقییەتی جـوانی چـونکـە ئـەگـەر وادابنێین کەسێکی بەساڵاچوو لە ئەوپەری جـوانی تەمەنیا بێت ئایا خۆی وەك ناشیرین ئەبینیت، ئایا خەڵکانی دەوروبەری چۆن سەیری ئەکە، ئایا دوای ئەو جـوانییەی چیتری بەردەکەوێت، بۆیە جـوانی هەر جـوانییە، بەڵام بۆچوونی مـرۆڤەکان وا دەکات بریار لەسەر چەندێتی و چۆنیتی جـوانییەکان بدرێن....هەڵبەت رۆشنبیریش وەك هەر کائینیکی دیکەی کۆمەڵایەتی رەنگ ئەویان بەشێوەی ئایدیای بەشوێن جـوانی بگەرێت و یا بگرە بیەویت وێنای بکات.... چـونکـە مـرۆڤی رۆشنبیر کاری ئەوەیە بەدوای نوێتر و باشتر و جـوانتر و جـوانتر بگەرێت.. بۆیە لە کۆتایشدا رۆشنبیر وەك کەسانی ئاسایی دەبێت بگەرێتەوە سەر خاڵی سفری جـوانی واتە سەرەتا، کاتێ جـوانییەکان و ناشیرینییەکان بیناسینەوە و رێگایەك بۆ خۆشەویستی دەبینران.

*** ئیسـتاتیکا و هـونـەریش بەشێکن لە جـوانی، ئەوەی چاوی هـونـەرمەند و داهێنەرێك لە دووتوێی تابلۆ و کارێکی هـونـەریدا بە ئێمەی دەگەیەنێ. جـوانی و جـوانبینینە؟ بە دەربڕینێکی دیکە چاوەکانی ئەو جیاوازن؟**

– هەڵبەت هەست کردن بە جوانی لە کەسێکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازە، بێگومان رەنگە ئەوەی هونەرمەند یا نووسەر یا شاعیرێك لە رێگە هونەرییەکان و وێنە شیعری و نیاکانییەوە پێشکەش کەسانی دیکەی کۆمەڵگەی دەکات، رەنگە خوێندنەوەیەکی ئامانجداری ئەو بێت بۆ جوانییەکە، نەوەك خودی جوانەکە خۆی، واتە ئەو ئەوەندەی بەتەنگ نمایشکردنێکی جوانی دەق و فیلمەکەیەتی رەنگە ئەوەندە بە تەنگ پیشاندانی جوانێك نەبێت، بۆیە روانین و تێڕامان و دەتوانم بڵێم بۆچوون و چاوی ئەو بەراورد لەگەڵ کەسانی ئاسایی جیاوازبێت.

*** با لەسەر جوان نووسینیش بوەستین ئەوەشیان چ زمان یان دەربڕین و کەرەستەکانی نووسین و جوانکاری و رەوانبێژی و بەلاغە. ئەمە چۆن لێك دەدەیتەوە؟**

* گومانی ناوێت، تەواوی رەگەزەکانی هەر دەقێك جا چ شیعر، نووسین بە هەموو جۆرەکانی دیکەی جگە لە شیعر و دواتریش فیلمسازی پێکهێنەری دروستکردنی دەقێکی جوانن... لەم نێوەشدا رەوانبیژی خۆی بەدوورناگرێت لە رازاندنەوەی ئەو جوانییەوە و دەبێتە کەرەستەیکی کاریگەری نێو دەقەکە...رەنگە نووسەرێك، شاعیرێك یا هونەرمەندێك بیەوێت لەرێگای ئەو دیمەن وێنانەی پێشکەشی ئەکات روخسار یا دیمەنێکی جوان لە رۆحی مرۆڤەکان بنەخشێنێت، واتە ئەو نایەت بریار لەسەر جوانی و نا جوانی یا ناشیرینی ئەو شتەبدات کە پێشکەشی دەکات، بەڵکوو ئەوەیان لە دیمەنێکی واقیعی یا ناواقیعی بکاتە وێنەیەك خوێنەر یا بینەر خۆی ببێتە سەنگی مەحەك و بڕیار بەدەست لەبارەی جوانییەکەوە.... بۆیە سەرەتا رەنگە دیمەنێك یا روخسارێکی جوان سەرنجمان رابکێشێ، بەڵام لە کۆتایدا چاومان بەم جوانییە ئاشنادەبێت و رەنگە ئەوکاتە خۆمان بە هەلخەلەتاو بێتەبەرچاو و ئەوسا بکەوینە گەران بەشوێن جوانییە نەبینراوەکان، کە پێی دەوترێت جوانی رۆحی...

*** چیت سەبارەت بە جـوانی خوێندۆتەوە یان بیستووە؟ * دوا شت خودی خۆت سەبارەت بە جـوانی دەڵێی چی؟ جـوانی لە چیدا دەدۆزیتەوە؟**

– هەستدەکەم بۆئەوەی یەکتر بخوێنینەوە زەرورییە هەمووومان یەکتر جـوان ببینین، لەوەشدا جـوانییەکان رەنگە سەرەتا وەك پیشەی هەلسەنگاندنی زۆرینەمان خۆی لە روخساری دەرەکیا ببینیتەوە، لێرەوە زۆرکات دەکەوینە هەڵە و بگرە پەشیمانی، بۆیە زەروریە جـوانی لەو شوێنە دەستپێبکا کە رەشبینی باڵدەکێشی بەسەر شتەکانمان و بروا و ئیرادەمان، بێگومان لیرەشەوە پێموایە جـوانی لەهەمووشتێك هەیە بەڵام رێژەییە و هەرکەسە و بە جۆرێك دەیبینێت...... بەڵام ئەو جـوانییەی رۆحی لەگەل نەبێت وەك جـوانی ئەو بوکەڵە شووشە وایە کە بی رۆحە و بە ئارەزوی خۆمان دەتوانین بیجولێنین و ئەویش وەلامی نەبێت بۆ ئەو هەستەی بەرامبەر جـوانییەکەی هەمانە، کە خۆشمان دروستکەرینە ...

## کەمال فارووق:

## لە نەرگسییەتدا مـرۆڤ هەستی جـوانی مردووە و نابینایە
## و بۆنـی هیچیش ناکات

*** جوانی یانی چی؟**

– هەستی جوانی رەنگدانەوەی پەیجوری رۆحە بەدوای نەمریی و یەکلاکردنەوەی ململانێی نێوان منی باڵاو ئەوە کە لەنێوانیاندا منی دروست و ساغلەم لەدایك دەبێت و هەست بەجوانی تەمەنی خۆی وناشیرینی ئەوی تر دەکات.

هەستی جوانی لقێکە لەدرەختی نەستی مرۆڤ و بەندە بەرەگورپیشەی ئەو درەختەوە کەچۆن و بەچ شێوەیەك ئاودراوەو گوڵی گرتووە، لەخاکی رکوکینەو دەسەڵاتخوازی پەروەردەیی توند دا هەستی جوانی تەواو شۆرداوەتەوەو بەرگی ناشیرینی لەبەر کردووەو ناتوانن ناوی بنێن جوانی و جوانییەکانیش دەتۆرێن و دەبنە رکوکینە، بەڵکوو ئارەزووەکانی مرۆڤ بەرگی بەباڵای هەستی جوانیدا بڕیوەو ئەستەمە تەنانەت کەسێك کە گوزارشت لە جوانی بکات بەرامبەر ژیان بەرامبەر مێ، نێر سرووشت ئازادی و گوڵ و زستان و پایز و بەهار ئەستەمە راستگۆ بێت لە درکاندنی هەستی خۆی، چوون ئەو هەستە بە چەندین پاڵاوگەی سایکۆلۆژی تردا گوزەردەکات، کە هەریەکەیان تەژیە لە خۆپەرستی و نێرگسییەت بۆ جوانییەك یان هەستێکی جوانی گوزارشت لەو نەکات، مرۆڤ هەمیشە هۆگری جوانییە، بەڵام ئەفسوس لە هۆگریدا چەقبەستن و گرۆمۆڵەبوون بەدەوری خوددا جوانییەکانی شێواندووە، هۆگربوونێك، کە دڵنیایی نەدات بە خاوەنەکەی دەرەنجام دوور کەوتنەوەیە لەجوانی، چونکە بەو رادەیە بچێتە ناو جوانییەوە جوانی نابینی، هەستی جوانی دەفرێ، هاوکات لەدۆخی وادا هەستی جوانی دەکەوێتە ململانێیەکی توندی نێوان جوانییەکانەوە و لەنێوانیاندا گیردەخوات و ناچار فێری فێڵی دەروونی دەبێت و ترازاوانە گوزارشت لەخۆی دەکات، کەواتە ئەمیش پەیوەندی بە رەگورپیشەی ئەو درەختەوە هەیە، کە لقێکی لە لقکانی هەستی جوانییە لە خاکێکدا کە خۆشەویستی و رکوکینە پێکەوە بنێژرێن و پێکەوە لەدایك بن،

مـرۆڤی کورد زیاتر لە شیعر و هـونـەردا توانیویێتی گوزارشت لە هەستی جـوانی خۆی بکات، چـونکــە لە لاوەعیدا ئازادە و قەرەبووی ئەو کۆت و بەندەی سەر هەستەکانی دەکات، کەوا فریشکی هەڵدراوەتەوە بەپێچەوانەی کەسێکی ئازادی لیبرالخوازی ئەوروپایی یان ئازادیخوازی لەدایکبووی خاکی ئازادی کەزۆر بەسانایی بێ رتووش گوزارشت لەهەستی جـوانی دەکەن و هەستی جـوانی تیایدا ئازادە، ئاخر خودی ئازادی جـوان پەرستییە و هەر ئەو فریشکی هەڵدەداتەوە ئەگینا هەستی جـوانی لەخاکی وادا هەر مردنە..

هەستی جـوانی لەهەموو رۆحێکدا هەیە، بەڵام هەموو روحێك ناتوانی گوزارشتی لێ بکات، هەموو رۆحێك بەدوای جـوانییەکاندا دەگەڕی بەڵام لەهەموو زاڵگەیەك رزگاری نابێ و ڤیزەی گوزارشتکـردنی پێ نەبڕاوە بۆیە دەبێ فێڵێك بدۆزێتەوە یان شیعرێك بهۆنیتەوە یان کارێکی هـونـەری بکات یان تەواو شۆڕبیتەوە بەناو جیهانە تاریکەکەی مـرۆڤدا کەئەویش نەستە بۆ ئەوەی هەستی جـوانی لە ژیانیدا بەرجەستەبکات.

هەر کۆمەڵگەیەك جیا لەوی تر هەستی جـوانی لا گەڵاڵە دەبێت و هەموو مـرۆڤێکیش هەستی جـوانی لەلا دروست دەبێت وەکوو ئەو منداڵەی، کە لەسەرەتاوە لە تاریکی ناترسێت یان لە ئاژەڵ ناترسێت، بەڵام دوای ئەوەی هەست دەکات براکەی یان خوشکەکەی کاردانەوەیان هەیە بۆ تاریکی ئەویش هەڵوەستەیەك دەکات و ئاکام و ئاسەواری ئەو هەڵوەستەیە بە دیواری نەستەوە دەلکێت و چیتر بەسانایی گوزارشت لەو هەڵوەستەیە ناکات، ئـەگـەر بەدڵی دەوروبەری نەبێت کەواتە لێرەدا ئەو هەستە ئـەگـەر جـوانی بێ یان ناشیرینی رۆحێکی تۆپەڵی بێ دەست و قاچە، کۆمەڵگەکانی دنیا هەر یەکە و بەو شێوەیە هەست بە جـوانییەکان دەکەن.

هەست و ویژدان ناوەڕۆکی هەستی جـوانییە کارێکی نادیارو شاراوەیە نایدۆزیتەوە لەدوو توێی هـونـەرو موزیك و شیعرو ئەدەبدا نەبێ، یان شیعرو ئەدەب و و موزیك رەنگدانەوەی هەستی جـوانی مـرۆڤەکانە، تاکی کورد

لەهـونـەری شیعرو موزیك و گۆرانیدا تاموچێژی لەجـوانی وەرگرتووەو کـردوێتی توێشەبەرەی ژیانی.

گەڕان بەدوای جـوانییەکان خۆی هەستێکی جـوانە و چاوگی جـوانییە و لەناو درك و داڵیشدا بۆنی گوڵ دەکـرێت، تەنانەت ئـەگـەر پایزیش بێت و ئاسەواری گوڵەکانیش نەمابن ئەوا تۆوی گوڵەکان لەخاکدا چەقیون و لەوەرزێکی تر سەردەردێنن بۆیە جـوانی لەهەموو شوێنێکدا هەیە، بەڵام هەستکـردن بەجـوانی یان هەستنـەکـردنی بەندە بەدۆخی سایکۆلۆژی مـرۆڤەکانەوە بەم شێوەیە:

نەرگسییەت: لە نەرگسییەتدا مـرۆڤ هەستی جـوانی مردووە و نابینایە و بۆنی هیچیش ناکات چوون تەنیا جـوانییەکانی خۆی دەبینێ و دەیەوێ دەوروبەریش ددان بەو جـوانییە و هەستەکانی بنێین، هەر ئەم کەسە نەرگسییە ئەمەندە هەستکـردن بەجـوانی خۆی لەلایەن دەوروبەرەوە پێ گرنگە دەیەوێ خەڵك یەکەمجار جـوانییەکانی ئەم ببینن ئەگینا جـوانی بەرامبەری نابینێ و ئاکامەکەشی هەر رووخان و شەڕانگێزی و شاردنەوەی جـوانییەکانە، بۆیە مـرۆڤ جـوان ببینێ جـوان دەردەکەوێ.

دەمارگیری: لەدەمارگیریدا مـرۆڤەکان لەم سەری جەمسەری هەستکـردن بەجـوانین یان لەو سەری جەمسەری هەستنـەکـردن بەجـوانین و تامی ژیان ناکەن و جـوانییەکان لای ئەوان بێ رۆح و بێ گیانن و هەندێجاریش تفەنگ بە جـوانییەوە دەنێن و هەستەکان دەکوژن و دەبنە ریگر بۆ لەدایکبوونی هەستی نوێ.

لەدڵەراوکێشدا رۆژانە مـرۆڤ باز بەسەر جـوانییەکاندا دەدات و خۆیشی بەدوای جـوانیدا دەگەڕێ و پرسیاریشی دەکات تا ئەو ئاستەی جـوانییەکان کاڵ دەکاتەوەو تامیان لێ نابینێ.

چارەسەری گرفتە دەروونییەکان: سەرجەم گرفتە دەروونییەکان لەدایکبووی ململانێکانی ژیانی رۆژانەیەو مـرۆڤ گیردەخوا لەنێوان هەڵبژاردنی

جـوانییەکان کەهەمووشیان جـوانن، بەڵام باوەڕی بەخۆی نابێ خۆی یەکلابکاتەوە، ئەگینا زۆر بە سانایی رزگاری دەبێ لەو ململانی سەختە، کە سەرچاوەی نەخۆشییەکانێتی، چـونکـە هۆکاری سەرەکی نەخۆشییەکان گیرخواردنە لەنێوان دوو جـوانی یان دوو ناشیرینی یان جـوانییەك و ناشیرینییەك یان ناشیرین و ناشیرینێك، کە دەبێ یەکیان هەڵبژێرێ.

*** باس لە دنیای جـوانی بکەین وەك منداڵ؟**

– هەستی جـوانی لای منداڵ: منداڵانیش بەدوای جـوانییەوە وێڵن ئەی ئەوە نییە خوشك و برا شەڕدەکەن، کە کام یاری هەڵبژێرن کە باوکیان یان دایکیان بەدیاری بۆیان هێناون، منداڵ رکی لە دەموچاوی تووڕە و بوغزاوییە و بەڵکوو هـەمیشە دەموچاوی پێکەنیناوی و دەربڕی هەستی جـوانی لە لا خۆشەویستە و لەگەڵیدا هەڵدەکات و ئەوپەڕی هەست بەجـوانی و دەروونندروستی دەکات، منداڵ رکی لە هاوارکـردن و لە کوشتن و توندوتیژی گرژ دەبێت و تووشی زاڵەتەرەك و شەکـرە دەبێت. منداڵ ئارەزووی وێنـەکێشان دەکات و هەموو رەنگەکانی لا جـوانە و هەستەکانی خۆی پێ رەنگ دەکات، منداڵ ئارەزووی خۆشترین گۆرانی سەر زەوی دەکات کەئەویش (لایلایە)یە، خۆشترین دەنگیش کە دەنگی دایکێتی، هەستەکانی منداڵ دەشێ جـوانتریش بن ئـەگـەر دەوروبەریان جـوان بن و هەست بە جـوانییەکانی ئەم بکەن.

شاعیران و هـونـەرمەدان لەزووەوە هەستیان بەجـوانی کـردووە و درکاندویانە و کـردویانە بەشیعر و گۆرانی، ئەوەی لەرۆژدا نەیانتوانیبێ بیدرکێنن لە شیعردا درکاندویانە و ئەوەتا هێمنی مەزن دەڵێ:

جـوان پەرستم جـوان پەرستم
بـــە دیمەنی جـوانـان مەستم
کـــــە دەبینم کیژی تـــەڕپـۆش
گشت خەمێ دەکەم فـــەرامـۆش ... تاد.

گـرنگ لـه هـەستـی جـوانی ئـەوەیـە تـامـوچێژت بـداتـێ و ببـەخشـرێتـەوە بـۆ ئـەوەی بـۆت بێتـەوە.

هەستی جـوانی یان هەستکـردنی عەقڵانی بەجـوانی کەرەنگە عەقڵ و مەنتیق جـوانی تێدا نەخوێنیتەوە کەچی لەناشیرینیدا جۆریکی تر بڵێ، دەنگی پێڵاو رەنگە هیچ جـوانییەك بۆ کەس نەنوێنێ کەچی بۆ منداڵ دەنگی پێڵاو پڕە لەجـوانی وسەرنجی رادەکێشێ، بەهەمان شێوە دەنگی پێڵاوی ژن بۆ کەسێکی نابینا پڕ بێ لەجـوانی کەئەو هەستی پێ دەکا ئەوە هی ژنەو هەستی گەنجانەی دەبزوێنێ و خۆی تێر دەکات بەو جـوانییە کەخەڵکانی تر بەچاو تێری دەکەن و هەستی پێدەکەن، گرنك بۆ نابینا رەگەزەکەی تر جـوانە هەر هەموی لەدەنگی پێڵاودا دەبینێ.. سەگەکەی بافلوف بەدەنگی پێڵاوی بافلوف و شاگردەکەی لیکاوی دەهاتەوەو هەستی بەخۆشی دەکـرد. هەروەها پشیلەکانی سۆرندایك و کۆترەکانی سکنەریش.

لای سوکـرات جـوانی جـوانی هەست نییە بە تەنیا بە قەدەر ئەوەی جـوانی نەفس و ئاکارە، جـوانی لای ئەو ئەوەیە سودو قازانجی ئەخلاقی بگەیەنێ و خزمەتی ژیان بکات و هەڵسەنگاندنی جـوانییش لای خودی عاقڵمەند و ویژدانی باتنییە، لای ئەفلاتۆنیش هەستی جـوانی بەستراوە بە خۆشەویستی خواوەندەوە چـونکـە بابەتی خۆشەویستی خودی جـوانییە و پێیوایە هـونـەر جـوانی خۆی لەپەیوەندی لەگەڵ سـرووشـتدا وەردەگرێ..لەکۆتاییدا هەستی جـوانی ئازادە وەلی مـرۆڤەکان زیندانی دەکەن و لەباری دەبەن.

**دیار عەبدولباقی خەلیل:**

**جوانی چەمك و مەفهومێكی هەمەكییە، كە وا بە ئاسانی خۆی نادات بە دەستەوە**

*** جوانی یانی چی؟**

*** ئەریّ رەفتار و هەڵسوکەوت یان سیما و روخسار مرۆڤ جوان دەکەن؟**

*** دوا شت خودی خۆت سەبارەت بە جوانی دەڵێی چی؟ جوانی لە چیدا دەدۆزیتەوە؟**

– جوانی: چەمکێکە لە کاتێکدا هەموو مرۆڤێك لەلای روون و ئاشکرایە، بەڵام لە کاتی پرسیار کردن دەربارەی و وردبوونە و قوڵبوونەوە تێیدا ئەستەمە بتوانرێت چییەتییەکەی دەربردرێت. سەرەرای ئەوە دەکریّ بگووترێت: "بوونی هارمۆنی و رێکوپێکییە لە شتەکاندا، کە لەگەڵ خواست، مەیل، ئارەزوو و هزری مرۆڤدا دێتەوە و دەگونجێت و دەبێتە هۆی چێژ وەرگرتن لێی".

– ئیستاتیکا: لقێکی فەلسەفەیە، کە هەوڵدەدات بزانێت جوانی چییە و پێوەر و بنەماکانی چین و چۆن درك بە جوانی دەکرێت ... تاد، دەکریّ بڵێین لقێکی فەلسەفەیە، کە بابەت و چەمکی جوانی کردۆتە پرسی سەرەکی و دەربارەی لێکۆڵینەوە دەکات و هەوڵ دەدات لە رێگایەکی ئەقڵی چییەتی و جەوهەری ئەم چەمکە بە دیاربخات و ئەو پرسیارانەی لەم چوارچێوەیەدا دێتە ئاراوە وەڵام بداتەوە.

– هونەر: هەوڵی مرۆڤە بۆ ئافراندنی جوانی. جا بە باری پۆزەتیڤ و ئەرێنی بە مەبەستی ئەوەی شتێك لەوەی هەیە جوانتر بێت و بە باری نێگەتیڤ و نەرێنی بۆ ئەوەیە شتێك لەوەی هەیە ناشیرینتر نەبێت.

*** دەڵێن جوانی رێژەییە و موتلەق نییە، ئەمە یانی چی؟**

– سەبارەت بەوەی ئایا جوانی رێژەییە یان رەهایە: جوانی وەك ئایدیا لە هزردا رەهایە و وەك سیفەت لە شتەکاندا رێژەییە. واتە وەك ئایدیایەك لە هزری هەموو مرۆڤێکدا جوانی هەر جوانییە، بەڵام سەبارەت بەوەی چ شتێك جوانە یان شتێك لە لای کێ جوانە و لە چ کاتێکدا جوانە رێژەییە.

*** ئیستاتیکا و هونەریش بەشێکن لە جوانی، ئەوەی چاوی هونەرمەند و داهێنەرێك لە دووتوێی تابلۆ و کارێکی هونەریدا بە ئێمەی دەگەیەنێ. جوانی و جوانبینینە؟ بە دەربڕینێکی دیکە چاوەکانی ئەو جیاوازن؟**

– چاوی هونەرمەندێك لە بینینی تابلۆیەك یان کارێکی هونەری تەنیا دەرکەوت و روخسار و رواڵەتی کارەکە نابینێت بەڵکوو ناوەڕۆك و چۆنێتی خۆڵقاندنی کارەکە و ئەو تەنکنیکانای بەکاربراون دەبینێت، لەبەرئەوەشە خەڵکی ئاسایی تەنیا تەماشادەکەن، بەڵام هونەرمەند دەبینێت" بینین بە مەبەستی تێڕوانین لە قوڵایی، کە چاوی کەسێکی ئاسایی ناتوانێت بیبینێت چۆنکە لێی نازانێت و شارازایی نییە، لەبەرئەوەشە بەها و پێوەرەکانی جوانی لە لای کەسێکی هونەرمەند بۆ کارێکی هونەری لە چوارچێوەی پسپۆری خۆیدا جیاوازە لە کەسێکی ئاسایی و ئەو بە دوای تەکنیك و خۆڵقێندراوی جوان دەگەڕێت لە کاتێکدا کەسێکی ئاسایی بە دوای دەرکەوتێکی جوان دەگەڕێت.

*** سەبارەت بە رۆح و جوانی، دەکرێ بپرسین جوانی لە رۆحەوە دێ یان جەستە و روخسار؟**

– بەشێك لە جوانییەکان لە شتەکانی دەورووبەرماندا هەیە و بابەتی روخسارەکین و لە شتە مادی هەستییەکاندا هەیە، بەڵام بەشێکی نامادین و بابەتی هەستەکی نین، واتە پەیوەست نین بە جەستەوە بەڵکوو بە تەواوەتی نامادین و چێژێکی روحیان هەیە و پەیوەستن بە دەروونی مرۆڤەوە و نا ئەزموونین وەك ئەو جوانییەی لە (عەشق، هاورێتی، دادپەروەری، حیکمەت، حەقیقەت... تاد) هەیە.

*** لەبەرامبەر جوانی شتێك هەیە ناوی ناشیرینی بێ؟**

– ناشیرین: چەمکێکە لە بەرامبەر جوانی دادەنرێت وەك دوو تای تەرازوو وان کامیان بەرز بنەوە ئەوی تر نزم دەبێت. بوونی سەربەخۆی هەیە لە هزردا هەر وەك جوانی، بەڵام لە واقع دا هیچ یەك لەم چمکانە بوونیان نییە، بەڵکوو خەسڵەت و تایبەتمەندییەکن، کە مرۆڤ دەیداتە پاڵ شتەکان و لێیانی دەسێنێت.

*** ڕواڵەت و دەرکەوت مـرۆڤ جـوان دەکەن یان ڕەفتار و هەڵسوکەوت؟**

– جـوانی ڕەهەندی جیاوازی هەیە و خەسڵەتە لە شتەکاندا. لە هەمان کاتدا مـرۆڤیش دەکـرێ لە ڕەهەند و گۆشەنیگای جیاواز تەماشا بکـرێت لەبەرئەوە کاتێك مـرۆڤ وەك گشتێکی یەکگرتوو لەبەرچاو بگیرێت، کە پێکهاتووە لە دەرکەوت و سیما و ڕەفتار و بیرکـردنەوە و قسەکانی و ... تاد ناکـرێ بە هۆی لایەنێك لەو لایەنانەی ئەو گشتەی پێکهێناوە بڕیاری لەسەر بدرێت. واتا هەڵەیە گەر تەها بە هۆی روخسار ی بریار ی جـوانی لەسەر "مـرۆڤ" بدرێت یان بە پێچەوانەوە لەسەر هەڵسوکەوت، کە خودی هەڵسوکەوتیش پەیوەستە بە کات و شوێن بریار لەسەر جـوان بوونی "مـرۆڤ" بدرێت. بۆیە جـوانی پێویستە وردتر تێبڕوانین و ڕەهەند و لایەنـەکان لەبەرچاو بگرین نـەوەك "مـرۆڤ" بە گشتی.

*** با لەسەر جـوان نووسینیش بوەستین ئەوەشیان چ زمان یان دەربڕین و کەرەستەکانی نووسین و جـوانکاری و ڕەوانبێژی و بەلاغە. ئەمە چۆن لێك دەدەیتەوە؟**

– جـوانی نووسین: واتا بوونی هارموونی لە تێکستێکدا، وەکوو زنجیرەیەکی یەك بە دوای یەك وابێت، کە یەکتر تەواودەکەن و بە کەمترین وشە زیاترین واتا بگەیەنێت و لە کۆتاییدا ئەنجامێك بداتە دەستەوە.

*** چیت سەبارەت بە جـوانی خوێندۆتەوە یان بیستووە؟**

– چیم لەسەر جـوانی خوێندۆتەوە یان بیسووە: کتێبگەلێکی زۆرم خوێندۆتەوە و جـوانی ناسی بەشێك بووە لە خوێندنی پسپۆریم (فەلسەفە) و بە درێژایی سالێك لە بەکالۆریۆس وەك وانە خوێندوومە. سەرەرای توێژینەوە و خوێندنەوەکانی خۆم لەم چوارچێوەیەدا.

*** تێروانینی منداڵێك و پیرێك بۆ جـوانی، واتە تەمەن چ ڕۆڵێکی لە تێروانین لەسەر جـوانی هەیە؟**

– کاتێك جـوانی بە خسڵەت و سیفەتێك بزانرێت کە مـرۆڤ دەیداتە پاڵ شتەکان ئەو کات وەڵامی ئەم پرسیارە روون دەبێتەوە. واتە منداڵێك بە پێی

ئاستی هزری خۆی خسڵەتی جـوانی دەدات بەو شتانەی کە لەگەڵ ئەودا دەگونجێن و دەبنە مایەی چێژ و پێگەیشتوویێك و پیرەمێردێکیش بە هەمان شێوە دەیدەنە پاڵ ئەو شتانەی کە هارمۆنی تێدا دەبینن و دەگونجێت لەگەڵیان و دەبێتە مایەی چێژ وەرگرتن لێوەی.

*** ئایا پێتوایە تێڕوانینی تاکی ڕۆشنبیر و کەسێکی ئاسایی یان خەڵکی شارنشین و گوندنشین یان ڕۆژهەڵاتییەك و ڕۆژئاواییەك یان ئایینی و عیلمانییەك جیاوازە بۆ جـوانی؟**

– لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا قسەکەی پێشووم دووبارەدەکەمەوە هەر مـرۆڤ لە روانگەی خۆیەوە تەماشا دەکات و خەسڵەتی جـوانی دەداتە پاڵ شتەکان" بەڵام پێویستە ئەوە لەبەرچاو بگیرێت، کە ئەو تاکە لە تێروانینی بۆ بەهای جـوانی لە ژێر کاریگەری ژینگە، کۆمەڵگا، ئایین، پەروەردە، ئاستی وشیاری ... تاد دایە و هەموو ئەو فاکتەرانە ناراستەوخۆ بەشدارن لە پێکهێنانی تێروانینی ئەو تاکە بۆ جـوانی.

– لە کۆتاییدا دەکـرێ بگووترێت جـوانی چەمك و مەفهومێکی هەمەکییە، کە وا بە ئاسانی خۆی نادات بە دەستەوە و ناتوانرێت لە چەند پرسیارێك کۆی ئەو بابەتە تاوتوێ بکـرێت و خۆی نادات بە دەست پێناسەیەکی دیاری کـراوەوە، هەموو ئەو شتانە پێشتر گووتراون و گوتمان و دەیانڵێین بیر و راو بۆچوونە و شایەنی گفتوگۆ لەسەر کـردنە.

**زەینەب یووسفی:**

**جوانی وەك یەكێك لە سەرەكیترین واتاكانی ژیان، ئێستا لەلایەن مرۆڤی نوێ بیرەوە مانایەكی شەخسیی بۆ خۆی دۆزیوەتەوە**

*** جوانی یانی چی؟**

– له دنیای مۆدێڕندا زۆربەی واتاکان گۆڕدراون و مـرۆڤی نویٚ بیری ئەم سەردەمە لە گەڵ دەرکەوتنی شارستانییەتی مەوجودی کۆمەڵگاکان هەنگاوی ناوەتە دنیای مۆدێڕن و هەوڵیداوە وەکوو کۆن بیرنـەکاتەوە و لە کامێرایەکی نوێیەوە بۆ واتاکان بڕوانێت و لەسەر بیر و بۆچوونی خۆیەوە هەموو واتا و نیشانە و سیمبۆلێك هەڵبسەنگێنێت.

"جـوانی"یش وەکوو یەکێك لە سەرەکیترین واتاکانی ژیان ئێستا لەلایەن مـرۆڤی نویٚ بیرەوە مانایەکی شەخسیی بۆ خۆی دۆزیوەتەوە.

"جـوانی" لای من ئەو حاڵەتەیە، کە لەسەر دیتن یان بیستن یان هەستپێکـردنی دیاردەیەك لەدەرەوەی من، لە ناخمدا دروست دەبێت. یانیٚ دیاردەیەك، کە ببێتە هۆی خولقاندنی هەستێکی خۆش لە مندا، ئەو هەستەی دەروونی من نێوی "جـوانی"یە. واتە لەو حاڵەتەدا خودی مـرۆڤ هەمان "جـوانی"یە، کە باسی لێوە دەکەین، نـەوەك ئاسەوارەکەی دەرەوەی مـرۆڤەکە. بۆ نموونە کە چاوم دەکەوێتە گوڵێکی نایاب، هەستی جـوانیم تێدا دروست دەبێت و خۆشحاڵ دەبم، کەوایە لەو کاتەدا من دەبمە هەمان "جـوانی"، کە ئاماژەم پێی کـرد و گوڵەکەیش دەبێتە هۆکاری جـوانی لە مندا یان کاتیٚ کە نەوای مۆسیقایەك وەبەر گوێم دەکەوێت و هەستێکی رەزامەندانە و چێژبەخشم تێدا دروست دەبێت، بێشك لەو کاتەدا دەبمە نموونەیەکی بەرچاو لە "جـوانی"، کە مۆسیقاکە هۆکارەکەیەتی، تەنانەت ئـەگـەر بۆ چەند چرکەیش بێت.

*** پێت وایە لەبەرامبەر جـوانی شتێك هەیە ناوی ناشیرینی بیٚ؟**

– بە رای من لەم جیهانە لە خودی مـرۆڤ جـوانتر یان ناشیرینتر نییە، چـونکـە پێموایە ئینسان گرینگترین خاڵی ژیان و جیهانە، چـونکـە ئاوز و زانستی ئینسانە، کە پەرەدەداتە ژیانی مۆدێڕن و زۆرتر و زۆرتر ئینسانـەکان موتوربە دەکاتە دنیای تاکە کەسییانەوە و تەنیا لەو حاڵەتەدایە، کە مـرۆڤەکان

دەتوانن لە واتای ژیانی راستەقینەی خۆیان تێبگەین بێ هیچ دەسەڵاتێکی سەرەکی کە ناچاریان بکات وەکوو یەك بیربکەنەوە.

*** دەگوترێت جوانی رێژەییە و موتلەق نییە، ئەمە یانی چی؟**

– بەڵێ وایە، جوانی موتڵەق نییە و وەکوو هەموو دیاردەیەکی تر هێدی، هێدی لە درێژەی پرۆسەیەکدا لەناودەچێت، کە مرۆڤ لەناوچوو هەموو جوانییەك لە گەڵ خۆیدا لەناودەبات، چونکە جوانییەکان لە دەروونی مرۆڤدا دروست دەبن و هەر کەسێك تایبەتمەندییەکانی خۆی هەیە سەبارەت بە جوانی، کە خۆی چوو جوانییەکانیش لەگەڵیدا دەچن.

–– "ناشیرینی"ش لە سەر هەمان شێواز کە باسم کرد لە دەروونی خودی مرۆڤدایە. ناشیرینی هەمان هەستێکە کە بە دیتن یان بیستن دیاردەیەك لە دەروونی مرۆڤدا دروست دەبێت و دەروونی مرۆڤی پێ ئاڵۆز یان شپرزە دەکرێت و لە یەك چرکە یان چەند چرکە خۆی دەنوێنێت. هەروا کە لە بارەی جوانیشەوە گوتم ناشیرینیش هەستێکی شاراوەیە، کە لە دەروونی خودی مرۆڤدا پێکدێت بە بۆنەی هەندێ دیاردەوە، کە دەبنە هۆی دەرکەوتنی لە دەروونماندا.

*** ئەرێ رەفتار و هەڵسوکەوت یان سیما و روخسار مرۆڤ جوان دەکەن؟**

– ئەگەر مرۆڤ بە دیتنی دیاردەیەك هەستی جوانیی تێدا دروست ببێت بێگومان کارکردی هەیە لەسەر سەر و سیما و تەنانەت شێوازی هەڵسوکەوتەکانیشی. رێك لە حاڵەتی دروستبوونی هەستی ناشیرینیشی لە دەروونماندا بۆ یەك چرکە یان چەند چرکەیەك سەر و سیمامان گرژ و ناحەز هەڵدەگەڕێت و هەڵسوکەوتمان تا رادەیەك تێك دەچێت، کەوایە چیمان لە دەرووندا دروست دەبێت بێشك کارکردی هەیە لەسەر رواڵەتی دەرەوەماندا، چ بە سەر و سیما و چ بە هەڵسوکەوت.

*** تێڕاونینی تەمەن بەرامبەر بە جوانی لە چاوی پیرێك و منداڵێك وەك یەکە یان جیاوازە؟**

– بێگومان پیرێك و منداڵێك، كامێرای نیگا و هەڵسەنگاندیان بەرامبەر بە هەستی دەروون و دنیای دەرەوە زۆر جیاوازە و بۆچوونیان بەرامبەر بە هەموو دیاردەیەك لەگەڵ یەكدا فەرقی هەیە، تەنانەت جوانیش. بۆ نموونە ئەگەر نیگارێكی جوان و رازاوە و رەنگاورەنگ بەرامبەر بە پیرێك و منداڵێك دابنێین، لەوانەیە پیرەكە بە دیتنی تابلۆكە ناوچاوانی گرژبكات، بەڵام منداڵەكە بەو نەخش و نیگارە رەنگینانە بگەشێتەوە، هۆكارەكەی لە دەروونی خۆیاندایە، كە چۆن و لە سەر چی لە یەك چركەدا ئەو دیمەنەیان هەڵسەنگاندووە، كە لە یەك كاتدا دەموچاوی یەكێكیان گرژ هەڵدەگەرێت و لەهەمان كاتیشدا بزە دەنیشێتە سەر لێوی ئەوی دیكەیاندا.

ئەم جیاوازییە بێگومان دنیای هەموو ئینسانێك دەگرێتەخۆ. بۆ نموونەیەكی دیكە ئەگەر ژنێكی ئایینی لەگەڵ ژنێكی روناكبیردا، كە بڕوایەكی زۆری بە دەسەڵاتی ئاین نییە لە باری جوانناسییەوە لەگەڵ یەكدا قیاس بكەین، كە هاوتەمەن و هاوشارین و تایبەت بە یەك چینی كۆمەڵگایشن، خێرا بۆمان دەردەكەوێت كە ئەم دوو ژنە تا چەند لەم بارەوە لەگەڵ یەكدا جیاواز بیردەكەنەوە و تا چەند جوانی لای ئەوان فەرقی هەیە. هەر كامەیان لە كامێرای بۆچوونەكانی خۆیەوە "جوانی" هەڵدەسەنگێنێت. دنیایەك مەودا هەست پێدەكەین لە گەڵ پێواندنیاندا. ئەم راستییە لە دنیای مۆدێرندا لەنێوان هەموو مرۆڤێك بە هەر تەمەن و رەگەز و ئایینێكەوە هەبوونی هەیە و نابێت دیكتاتۆرانە ئینسانەكان ناچاربكەین وەكوو یەك بیربكەنەوە، نەوەك هەر لەسەر "جوانی"، بەڵكوو لە سەر هەموو دیاردەیەكی دیكەی ژیانەوە، بەتایبەت پێوەندی راستۆخۆی هەیە لەگەڵ هەست و بڕواكانیانەوە.

*** كەواتە ئایین، بیركردنەوە، ژینگە، ... دەوری كاریگەر دەبینێت؟**

– بەڵێ، ئەوەی چاوی ئەدیب و هونەرمەند و داهێنەرێك لە دووتۆێی نەقاشییەكان و نیگارەكان و گێڕانەوە ئەدەبییەكاندا بە ئێمەی دەگەیێنن، تەنیا جوانییە و بەس. با ئاماژەش بەوە بكەم كە لەوانەیە بە خوێندنەوەی دەقێكی

ئەدەبی هەستی ناشیرین و ناحەزمان تێدا دروست بێت یان بە دیتنی نیگارێك لەوانەیە هەستێکی ناحەزمان تێدا دروست بێت، بەڵام لە ئەسڵدا خودی هونەرەکە یان ئەدەبیاتەکەیە، کە دەچێتە بازنەی "جوانی"یەوە و بێگومان نیگا و هەڵسانگاندنی ئەدەبدۆست یان ئەدیب و هونەرمەند یان هونەردۆست زۆر جیاوازە لەگەڵ خەڵکی ئاساییدا.

* کەوایە رۆح و ناخیش لەم بوارەدا رۆڵ دەبینن؟

–وابزانم لە وەڵامەکانمدا دیار دەکەوێت، کە بە بڕوای من "جوانی" و هەموو هەستێکی تر لە "دەروون" یان هەمان رۆحەوە دێن.

*** ئەی جوانی نووسین پەیوەندی بە جوانییەوە هەیە یان داهێنان؟**

– یەکێك لە ئامرازە هەرە مەزنەکانی مرۆڤ بۆ دەربڕینی هەستی دەروونی"نووسین"ە. لە سەرەتای ژیانی ئینسانەکانەوە دەتوانین بیڵێین لە سەردەمی پێش لە دایك سالاریشەوە مرۆڤەکان لە رێی نیگارەکانیانەوە هەستی دەروونیان دەربڕیوە بەرامبەر بە ژیان و دنیای دەورووبەریانەوە. کاتێکیش کە مرۆڤەکان فێری نووسین بوون توانیان لە رێی نووسینەوە دنیایەکی زۆر بەرینتر بۆ دەربڕینی هەستەکانی دەروونیان بدۆزنەوە و لەم رێگاوە بوو، کە پەرتووکەکان نرخی بەرزی خۆیانیان لە درێژەی مێژوودا دۆزییەوە و تا ئێستاش ئینسان لە رێی نووسینەوە زۆرترین دنیای دەروونی دەردەخات بۆ هاوماڵەکانی.

## مزەفەر عەزیز:

# لەناو کۆمەڵگەی نوێخوازدا دەمێکە پەیڤی (ناشیرین) باوی نەماوە و بەکارنایەت

*** جوانی یانی چی؟ دولێمن جوانی ڕێژەییە و موتلەق نییە، ئەمە یانی چی؟**

– بۆئەوەی وەڵامی پرسیارەکە بە وردی بدەمەوە وا باشترە سەرەتا تایبەتمەندییەکانی جوانی دەستنیشان بکەین؟ ئاخۆ بە کێ و بە چی دەگوترێت جوان؟ دیارە زانایانی بواری جۆراوجۆر لەسەر ئەو پرسیارە کۆك و هاوڕان، کە دەبێ پێشەکی بنەماکانی جوانی دیاری بکرێت و بزانرێت بناغەی جوانی چییە و بە چی دەناسرێتەوە، لە بەرامبەریشدا چەندین رەخنەگر و شارەزا سەبارەت بە جوانیی بە تەواوی بۆیان روون بۆتەوە، کە ئەو روخسارانەی کە بە سەرنجڕاکێش ناوبراون و ئاماژەیان پێکراوە، ئەوا دەکرێ دواتر بە هۆی پرۆگرامێکی کۆمپیوتەرەوە بۆ دوای چەندین ساڵ بگۆڕدرێ و چرچ و لۆچی تێ بکەوێ، بەمەش ئەوەی کە بە وروژێنەر و سەرنجڕاکێش دەبینرا، گۆڕانی بەسەردادێت! بۆیە لەئاکامدا دەردەکەوێت کە هەموو کەسێك بە ڕێژەیەکی دیاریکراو (جوان)ە. رەخنەگرانیش بەگشتی گەیشتوونەتە ئەو رایەی، کە بە گۆڕانی شێوە، ئەوا جوان دەکرێ ببێ بە ناجوان، بەڵام گەر لەسەر بنەمای باش دیاریبکرێ، ئەوا بنەمای (باش) لەکۆتاییدا هەمیشە دەمێنێتەوە و حاجی دەفەرموێ:

مەرگ و ژین میسلی سێبەر و تاوە ئەوەی باقی بمێنێ هەرناوە !

دیارە ئەویش مەبەستی ناوی باشەیە، کە لە راستیدا ناگۆڕێ و جێگرە ...

هەر لەبارەی بنەمای جوانیی روخسارەوە بە کورتی شێوە (سیمیترییەکان) یاخود (گیۆمیتریی)ەکان – ئەوەی وەك سێو بە دوو کەرتی هاوشێوە لەتکراوە – گەر بێت و هەردوو لا وەکوو یەك وا بێ، ئەوا بە جوان هەژماردەکرێت، بۆیە تا هەردوو لایەکە زیاتر لەیەك بچن جوانییەکەش زێتر دەبێت، ئیدی لە نەشتەرگەرییەکانی جوانیشدا زۆربەیجار هەولی ئەوە دەدرێت، کە هەردوو لا وەکوو یەکی، لێ بکرێت. تایبەتمەندییەکی دیکەی جوانی پێستە، کە دەبێ ساف و لووس بێ و زەردباو نەبێت، بە گشتیی کەسانی جوان دەزانن کە جوانن! چونکە لە دەوروبەرەوە ئەمەیان پێدەگات، ئەوانیش ئەوانەن کە جوانییەکی کلاسیکیان هەیە و

ئێمە بەردەوام لە مەیدیاکاندا دەیانبینین، جوانیی هەندێکیان خۆڕسکە و سرووشتییە، هەشیانە بە یارمەتی نەشتەرگەریی جوانییەوەیە، بەڵام لە هەموو ئەمانە گرنگتر جوانییەکی ترە کە بە (جوانی دووەم نیگا) دەناسرێت، ئەمەش ئەو جوانییەیە، کە دیارنییە و شاردراوەیە، گەر بشپرسین، ئاخۆ ئەو دوو جۆرە جوانییە چ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە هەیە، ئایا دەکرێ هەر لەسەرەتاوە بە گشتی کەسانی سەرنجڕاکێش و ناحەز دیاری بکەین؟ ئەمەش دەمانگەڕێنێتەوە بۆ سەر پرسیاری ئەی، جوانی چییە؟ وەڵامەکەش بە ئاوێتەبوونی هەردوو جوانیی ناخ و جوانی ڕوو دێتەئارا.

*** دەتوانین ئەم دوو دیوە لێك جیابکەینەوە؟**

– زۆرجار لە هونەر و ئەدەبدا جوانییەك –ئیستاتیکا– هەیە، بۆ نموونە: ناشیرینترین شێوە کە پسپۆڕێکی ئەو بوارە شارەزایانە بە ماکیاژ بۆ کەسێکی دەکات، رەنگە بە جوانترین کار دابنرێت! بەمەش پێوەری ناشیرینی رێژەیی جوانییەکە دیاردەکات تا ناشیرینتر بێت، ئەوا لە هونەردا جوانتر دەبێت! ئەمەش نەوەك هەر بە وەرامێکی رەقی زانستییانە، بەڵکوو، بەڵکوو چەندین فاکتەر، رۆڵ و کاریگەرییان لەسەر جوانی هەس، سەرباری هەموو ئەمانەش گەر بێت زانستییانە پێوەرێك بۆ جوانی دابنێین، ئەوا دەکرێ بگوترێ کە هەر مرۆڤێك جوانییەکی تایبەت بەخۆی هەیە (بارام بەگ یادی بەخێر وتەنی: هیچ مرۆڤێك ناشیرین نییە، بەڵکوو خۆی خۆی ناشیرین دەکات!) چیرۆکێکی کورت هەیە.

– رۆژێك پیاوێك منداڵەکەی بۆ فێرگە دەبات، کاتێ دەگەڕێتەوە بیری دەکەوێتەوە، کە خواردنی بۆ کوڕەکەی دانەناوە، بۆیە بەپەلە لەبەر دەرگای خوێندنگەکە تکا لە کارگوزارێك دەکا، کە ئەم خواردنە بداتە کوڕەکەی، بۆ ناسینەوەش دەڵێ: بیدە بە جوانترین کوڕ، ئەویش دەڵێ: باشە. نیوەڕۆ کە کوڕەکەی دێتەوە، دەزانێ کە زۆری برسییە، باوکەکە یەکسەر دەچێتە لای کارگوزارەکە و پێی دەڵێ: مەگەر من نەمگوت ئەم خواردنە بدە بە جوانترین کوڕ، ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت: بەڵێ وامکرد، دام بە جوانترین کوڕ کە کوڕەکەی خۆمە و لەهەمان فێرگە دەخوێنێت، بۆیە هەموو باوانێك رۆڵەکانی خۆیان پێ جوانە! بە پێی تەمەنیش جوانیی پێناس و گۆڕانی بەسەردادێت و

جیاوازە مرۆڤ لە گەنجیدا زیاتر بایەخ بە روخسار و جوانی دەدات وەك لە كەسێك كە دەچێتە تەمەنەوە، ئێمە زۆرجار قسە لەسەر زەوق و سەلیقە دەكەین، بۆیە ئەزموونی كەسەكان ئەو جوانییە نیشان دەدەن، هەر ئەمەش وادەكات كە جاری وا روخسارێكی دیاریكراو لە یەكەم دزەنیگاوە بەرەو (یەكەم خۆشەویستیی مەزن)ت ببات، ئەمەش بە ئاشكرا ئەوەی لێ دەبینرێت كە كەسەكە خۆی چی پێ (جوان) بووە.

*** ئەوە روخسار ئەی جوانی رۆح و دیوی ناوەوە؟**

– جوانییەكی تری ناسراو هەیە، ئەویش جوانی ناخ یا ناوەوەیە، لە وڵاتە پێشكەوتوو و وشیارەكان ئەو جوانییەیە وا دەكات دوو كەس لە یەك نزیك بكاتەوە و تەمەنی پەیوەندییەكەشیان درێژبكات، خاڵێكی دیكە لەناو كۆمەڵگەی نوێخوازدا دەمێكە پەیڤی (ناشیرین) باوی نەماوە و بەكارنایەت، راستە جوانیی دەرەوە بۆ ماوەیەكی كورت چێژبەخشە، بەڵام دواجار گونجاندن و لێكگەیشتنە، كە درێژە پێدەری پەیوەندییەكانە نەوەك جوانییەك! بۆیە لەبەرامبەر جوانی هەرگیز ناشیرینی یان باشتر بڵێم (نا جوان) نایەت!

*** كەواتە شتێك نییە ناشیرینی بێت بەرامبەر جوانی؟**

– نا، چونكە هەمووی رێژەیی و من جۆرە لووت و دەم و لێو و باڵا و رەنگێكم پێ جوانە، رەنگە لای كەسێكی دیكە بە شێوەیەكی تربێت. بەڵام راستییەكی سەلمێندراو هەیە، كە مرۆڤە جوانەكان سەركێشی زێتر دەكەن و لە ژیانیاندا سەرپێچی زۆرتر ئەنجام دەدەن! ئەمەش دیاردەیەكی تازە نییە، بەڵكوو زۆرربەی پاڵەوانانی داستان و ئەفسانەكانیش جوانن! سەیری شازادەكان بكەن، روخساریان سپی وەكوو بەفر لێویان بە وێنەی خوێن و دەنووكی كەو قژیان مانەندەی شەو و رەشمار، بەڵام گەر بێت مێشكی كچە پاشا (كا)شی تێدابێت، ئەوا بەلای حیكایەتخوانەوە گرنگ و بە هیچ كلۆجێ جێی بایەخ نییە ئەو هەر بە بەژنی زراڤ و لارولەنجەكەیدا هەڵدەڵێت! لەلایەكی دیكەوە پیری و مردنیش لەراستیدا جوانی (ئیستاتیكا)ی خۆی هەیە، بەڵام لەم دنیایەدا هەرگیز بەخێرناهێنرێ و پێشوازیشی لێناكرێت، ئەوەتا هەر بەسەر لاوی دەگوترێت و گەنجێتی بە جوان لەقەڵەم دەدرێت لەنێو ئەدەبیشدا تا ماوەیەكی زۆریش ئەوەی ناشیرین بوایە،

ئەوا دەبوو خراپیش بێت و روحە شەڕانگێزەکانی تێدا کۆدەکرایەوە! ئیتر دەگوترێ: ئەوەی لەم سەر زەمینەدا دەژی جوانی بەلایەوە بابەتە! هەموو کەس جوانی بە هەند وەردەگرێت، ئەوەتا ئەفلاتوون (٤٢٧–٣٤٧ پ. ز) لەبارەی جوانی دەڵێت: (ئێستا هەموو شت جوان و باشە)کەواتە لای ئەویش ئەوەی جوان بووبێ باش بووە! (ئەمانۆیەل کانت، ١٧٢٤–١٨٠٤ ز)یشش جوانی بە ئاکار و رەوشتەوە دەبەستێتەوە، جوانی ناوەوە بەجوانی دەرەوە گرێ دەدات. ئیدی پێموایە لەنێو توێژی رۆشنهزر چیتر شێوە کار لەبەرامبەر ناکا، بەڵکوو هەڵسوکەوت و رەفتار و بەخششەکانی دەبنە پێوەر و جوانیان دەکەن نموونەی ئەمەش هونەرمەندەکانی کۆمێدیا زۆریان بە شێوە کەسانی سەرنجڕاکێشیش نین، کەچی بە رەوتار و چالاکی بوونەتە خۆشەویستی خەڵك و کەسانی جوانن، نموونەش لە هەموو کایەکاندا هەیە، بەگشتی مرۆڤەکان ئەوکاتە جوانن کە بە ئاشتی و ئارامی بەیەکەوە بژین گەر بە هێمنی و بە خەندەوە لەگەڵ یەکدا مامەڵەبکەن، ئەوا جوانیی باڵی بەسەر جیهاندا دەکێشێ، بەڵام زۆربەی جار ئەو جوانییە بەداخەوە حەشاردەدرێت، چونکە دیاردەکەی دیکە دەنگی بەرزتر و لاقی درێژترو قژی زۆرتر و پیستیی نەرم و لووستر و ... تاد.ترە، لە کۆتاییدا نیچە زۆر جوان لە هونەردا بۆ جوانی چووەو پێی وایە جوانی هونەر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ژیان بە پێش خۆی بدات یا رێ بە ژیانکردن بدات، بەڵام ئاخۆ چۆن دەکرێ لەگەڵ ئەو جوانییە دیکتاتۆرەی دەرەوە هەڵبکەین و بسازێین، هەرچەندە خۆ رزگارکردن وئازادکردن لەدەست ئەو جوانییە نموونەییە لەناو هەندێ کۆمەڵگە و شوێندا ئەرکێکی قوڕسە، زۆر قورسیشە! بەڵام ئەگەری لێ دەربازبوونیشی هەیە، ماوەتەوە بڵێم ئێستا لەنێو هونەریشدا هێندەی خۆشەویستی و هەماهەنگی و یەکترویستن گرنگە جوانی خەت و خاڵ و چاوی کاڵ و کوڵمی ئاڵ دەمێکە پەراوێز خراوە و بایەخی نەماوە، شیعرە لیریکییەکانی گۆررانییەکان دەمێکە گۆڕانی بەسەردا هاتووە، دوا قسەم مرۆڤدۆستی و سوودگەیاندن بە دەوروبەر چاکترین پێوەرن بۆ جوانی کەسەکان.

**کارمەند عوسمان:**

**هونەر دەرەنجامی بیرکردنەوەی جوانە، بیرکردنەوەی جوان بەرهەمی جوان دەخوڵقێنێ.**

*** جـوانی یانی چی؟**

– جۆرێك لە بەهایە لە تێڕوانینی جیای مـرۆڤەکانەوە، دەبەخشرێتە شتێك یان کەسێك، لەلایەن خودی مـرۆڤەوە، کە چێژێك دەبەخشێت بە مـرۆڤ و هەستی پێدەکات.

*** لەبەرامبەر جـوانی شتێك هەیە ناوی ناشیرینی بێت؟**

– بەو پێیەی مـرۆڤەکان جیاوازن لە بۆچوون و ئیدراککـردن چەمکی جـوانیش بە هەمان شێوە لەلایەن مـرۆڤەکانەوە بۆ شتەکان جیاوازن، واتە جـوانی بۆ شتێك یان کەسێك هەم گۆڕانکاری بەسەر دادێت، هەمیش پێوەرەکان بە هۆی جیاوازی بۆچوونی مـرۆڤەکانەوە جیاوازن.

بەو پێوەرەش شتێك جـوانە بەلای کەسێکەوە، بەڵام لەهەمانکاتدا ڕەنگە لەلای کەسێکی تر دژە ڕوانینـەکە دەربکەوێت و ناشیرین بێت. بۆ نموونە، گوڵێکی سپی هەم جـوانە و هەمیش جـوان نییە. کەواتە دەتوانین بڵێین ئەو شتە بۆیە جـوانە چـونکــە مەیل و ئارەزووی منی بۆ خۆی کێشکـردووە، یان حەز و سەرنجی منی ڕاکێشاوە، لەهەمانکاتدا ڕەنگە بۆ کەسێکی تر دروست بێت.

*** ئەرێ ڕەفتار و هەڵسوکەوت یان سیما و روخسار مـرۆڤ جـوان دەکەن؟**

– ڕەفتار و هەڵسوکەوتی مـرۆڤ بەشێکە لە جـوانی، کە پەیوەستە بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان، بەو پێیەی پەیوەندییە گشتییەکان لەسەر بنەمای ڕێز و خۆشەویستی بێت، بە هاپێدان بە کەسی بەرامبەر جۆرێکە لە جـوانی ڕەفتار و جـوانی مـرۆڤ.

*** تێڕوانینی تەمەن بەرامبەر جـوانی لە چاوی پیرێك و منداڵێك وەك یەکە یان جیاوازە؟**

– بەحوکمی ئەوەی تێڕوانینـەکان و بۆچوونـەکانی مـرۆڤ لە کەسێکەوە بۆکەسێکی تر جیاوازە، دەتوانین بڵێین جـوان بینینیش لە مـرۆڤێکەوە بۆ

مرۆڤێکی تر جیاوازە، چونکە ئەو بابەتە پەیوەستە بە شێوازی بیرکردنەوە و تێڕوانینەکانەوە.

ڕەنگە بۆ هیندییەکی مانگاپەرست مانگا جوانترین شت بێت لە جیهاندا، بەڵام بۆ ئایینێکی تر وادەرناکەوێت.

*** ئیستاتیکا و هونەریش بەشێکن لە جوانی، ئەوەی چاوی هونەرمەند و داهێنەرێك لە دووتوێی تابلۆ و کارێکی هونەریدا بە ئێمەی دەگەیەنێ. جوانی و جوانبینییە؟ بە دەربڕینێکی دیکە چاوەکان جیاوازن؟**

– هونەر دەرەنجامی بیرکردنەوەی جوانە، بیرکردنەوەی جوان بەرهەمی جوان دەخوڵقێنێ.

بێگومان جیاوازی هەیە لەنێوان هونەرمەندێك و کەسێکی ئاسایی، چونکە هونەرمەند یان نیگارکێشێك بە هۆی خەیاڵە جوانەکانییەوە، کە دواتر دەیکات بە واقیع و بەرهەمێکی جوان دێنێتەکایەوە، بۆ نموونە کاتێك تابلۆییێکی سرووشت بەرچاودەکەوێت، لەکاتێکدا بەلای ئێمەوە جوان بێت، دەزانین ئەوە تابلۆکێشێك کێشاوێتی لەدەرەنجامی بیرۆکەی جوانەوە، واتە هونەرمەند دەتوانێت بیرۆکەی جوان بکات بە بەرهەمی جوان، بەو پێیە لە بەرهەمەکەوە بەرجەستەی جوانی بیرۆکەی هونەرمەند دەکرێت، ڕەنگە ئەوەش ڕاست بێت بڵێین جوانی دەبێتە ئامانج، بابەتێك یان بۆچوونێك کاتێك دەگاتە ئامانجێکی دیار و ڕوون، دەبێتە بەشێك لە نمایشکردنی جوانی.

*** ڕۆح وەك ناخ و ئەودیوی جەستە و جەستەش وەك رووکەش و سیما چۆن لە بواری جەستە دەگەیێنیتەوە یەك؟**

– خودی ڕۆح جوانییە، بەڵام جۆرێکی هەست پێنەکراو، واتە ڕۆحی مرۆڤ بە جوانییەوە کارلێکراوە و پەیوەستن بەیەکترەوە، ڕەنگە ئەو جۆرەی جوانی لە شوێنەوارەکانی ڕۆحەوە هەستی پێبکەین، ئەوکاتەی بە بیرۆکە و هزر دەبەخشێت و ڕەفتاری جوان دەخوڵقێنێ، دەکرێت هەمان کاریگەریی ڕۆح

بەسەر ڕوخسار و جەستەوە ببینین و سیمای جوانی ببەخشن بە مرۆڤ، واتە جوانییەکی هەستپێکراو و بینراو، بەڵام جوانی ڕاستەقینە لە ڕۆحەوە سەرچاوە دەگرێ و ڕۆحیش پەیوەستە بەو خالیقەی، کە خۆی هەموو جوانییەکانە و جوانیشی پەرشکردووە بە جیهاندا، بە واتایێکی دیکە خودی ژیان و جیهان جوانییە، خودی مرۆڤیش جوانییە و پەیوەستن بەیەکترەوە، یان تێکچڕژاوی یەکترن.

*** ئەو پرسیارەی تا ئێستا مرۆڤ وەڵامی دەستنەکەوتووە جوانی نووسینە؟ لەم بارەوە دەڵێی چی؟**

– هەموو بەرهەمێکی نووسینی جوان، خاڵی هەرە بەهێزی پەیوەستە بە بیرۆکەی جوانەوە، نووسین کە بەرهەمی فیکر و مەعریفە و تێڕوانینە، خۆی لە باشی و چاکیدا دەبینێتەوە لەتەك چەمکی جوانیدا، بۆ پێوەری بیرۆکەی جوان لە نووسیندا باشی و چاکی دێنینەوە، کە دواتر دەبنە بەشێك لە دروستکردنی بەرهەمێکی جوان، ئەوەی تر کە دەمێنێتەوە بەشەکانی تری تەواودەکەن.

واتە زمان و ڕەوانبێژی و هونەری دارشتن بەشەکانی تری جواننووسی تەواودەکەن و دەیکەن بە بەرهەمێکی تەواو و جوان.

*** دواشت خۆت سەبارەت بە جوانی دەڵێی چی؟**

– بەلای ئێمەوە جوانی هەر شتێکە بۆ هەر کەسێکمان کە چێژێك بە هەست و دەروونمان بدات و لە ڕووی تێڕوانینمانەوە بۆی قبوولکراو بێت و ویست و ئارەزوومان بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، هەروەها دەرەنجامێکی چاك یان باش بەرهەم بێنێ و مەیل و حەزمان بۆ خۆی کەمەنکێش بکات.

سەیرنییە ئەگەر بڵێین هەموو شتێك جوانە و هیچ شتێکیش جوان نییە، بەو پێوەرەی تێڕوانین و دنیابینی هەریەك لە ئێمەی مرۆڤ جیاوازە لە یەکتر و لەهەمانکاتیشدا بڕوامان بە گۆڕانە فیکرییەکان و واقیعە بابەتییەکان هەبێت.

جوانی چێژە، چێژێك هەستی پێبکەین و بەشێك لە ئارەزووەکانمان بهێنێتەدی، لەڕێگەی هەستپێکردن و پەیبردن بەجوانییەکەی.

ئەڤین جوانییە، چونکە جۆرێك لە بەهادانان بۆ پەیوەندییەکان و بوونی مرۆڤ دادەنێت و چێژێکی هەستیش بە مرۆڤ دەبەخشێت.

هەروەها دەکرێت شوێنەواری جوانی لە ئامانجەوە ببینین، بابەتێك یان بۆچوونێك کاتێك دەگاتە ئامانجێکی دیار و ڕوون، دەبێتە بەشێك لە نمایشی جوانی.

جوانی بەها و پێوەرە پەیڕەوکراوەکانی کۆمەڵگایە، کە سوود و ئامانجە دوور مەوداکانی تاکەکانی کۆمەڵگا دەپارێزێت، ئەو بەهایانەی کە مرۆڤەکان لەتەکیدا جۆرێك لە کەرامەتی وجودی خۆیان وەدەست دێنن، یان جوانی ڕەفتاری سوودبەخشانەیە، کە ڕەزامەندی مرۆڤەکانی لەسەر بێت.

جوانی ئەو شتەیە کە بینین و هەست، یان دڵ و عەقڵی ئێمە بەجوانی دەیبینێت و قبووڵێتی، لەهەمانکاتدا ڕەنگە بۆ کەسێکی تر ئەو جوانییە لەهەمان شت دەرنەکەوێت.

## ئەسكەندەر جەلال:

**هەموو شتێك جوانی خۆی هەیە بە مردنیشەوە**

*** جـوانی یانی چی؟**

– چرکەساتی تێکەڵ بوونی ڕووبار بەدەریا، یانی خۆشەویستی.

*** دەڵێن جـوانی ڕێژەییە و موتلەق نییە، ئەمە یانی چی؟**

– واتە دەکرێ جـوانی لە قەلەڕەشەیەك بدۆزینەوە، لە بیابانی وشك و برنگ جـوانی بدۆزینەوە، لە دڕك جـوانی بەدی بکەین.

*** بە دەربڕینێکی دیکە کۆمێنت و قسەی تۆ لەسەر ئەم دەربڕینە چییە؟**

– ڕاستە.

*** لەبەرامبەر جـوانی شتێك هەیە ناوی ناشیرینی بێ؟**

– نییە، هەموو شتێك جـوانی خۆی هەیە بە مردنیشەوە.

*** ئەرێ ڕەفتار و هەڵسوکەوت یان سیما و روخسار مـرۆڤ جـوان دەکەن؟**

– هەردووك، بە ڕەفتارجـوان و بە ڕوخسارجـوان هەنە.

*** تێڕوانینی تەمەن بەرامبەر جـوانی لە چاوی پیرێك و منداڵێك وەك یەکە یان جیاوازە؟**

– نا جیاوازی زۆرە.

* چۆن؟

– لە منداڵی ڕقم لە پشیلە و کەر و مەیمون دەبۆوە، شێر و پڵنگ و کۆترم خۆشدەویست، ئێستا نا، کەر و مەیمون لە جـوانترینـەکانن لەلای من. ئەمە وەرگرە بۆ هەموو شت.

*** ساڵانێکە لە ئەورووپایت و خۆشت ڕۆژهەڵاتی، تێڕوانینی ڕۆژهەڵاتییەك و ڕۆژئاواییەك بۆ جـوانی جیاوازە؟**

– بەڵێ، ژینگە و پەروەردە و دەوروبەر شتەکان دەگۆڕێ، ڕەنگە ئەوەش ڕێژەیی بێت، ڕەنگە هەمووان لەسەر کۆمەڵێك شتی جـوان کۆك بن و لە کۆمەڵێکیش جیاواز.

*** ئیستاتیکا و هونەریش بەشێکن لە جوانی، ئەوەی چاوی هونەرمەند و داهێنەرێك لە دووتوێی تابلۆ و کارێکی هونەریدا بە ئێمەی دەگەیەنێ. جوانی و جوانبینینە؟**

– تەنیا چاو چێژ لە جوانی وەرناگرێت، بەڵکوو مێشك و دڵ و دەروون و تەنانەت گوێچکەش لەزەتی جوانی دەکەن، هونەر جاری وا هەیە تراژیدیا و شتگەلێکی قێزەوەن نمایش دەکات. نەوەك هەر چاوی هونەرمەندان هەموو چاوەکان لەیەکتر جوداوازن.

*** مادە و جوانی، دەکرێ بپرسین جوانی لەرۆح (قووڵایی جەستە)وە دێ یان جەستە و روخسار؟**

– هەموو ڕوخسارێك جوانی خۆی هەیە، بۆ ڕۆحیش جوانی و خراپی هەیە. ڕۆحی چاکەکار جوانە و ڕۆحی خراپەویستیش خراپ و قێزەوەن.

*** با لەسەر جوان نووسینیش بوەستین ئەوەشیان چ زمان یان دەربڕین و کەرەستەکانی نووسین و جوانکاری و رەوانبێژی و بەلاغە. ئەمە چۆن لێك دەدەیتەوە؟**

– جوانی نووسین چی لە جوانی ڕوخسار و تابلۆ و سرووشت کەمتر نییە، لە ڕێگای نووسینەوە زۆر جاران گەیشتووم بە ترۆپکی جوانی.

*** سەبارەت بە دنیا و فەلسەفەی جوانی، چیت خوێندۆتەوە؟**

– زۆر شت، بەڵام ئەو وەڵامانەی سەرەوە بیروباوەڕی خۆمن.

*** ئەی خۆت سەبارەت بە جوانی دەڵێی چی؟**

– ..............................

*** کەوایە لەنێو جوانی و واقوڕمانی جوانیدا، جوانی لە چیدا دەدۆزیتەوە؟**

– لە گەشانەوەی ڕۆحی مرۆڤ.

## کەژاڵ ئیبراهیم خدر:

بمانەوێت جوان بین دەبێت جوانتر بژین، جوانتر بدوێین و جوانتر خۆمان بخوێنینەوە

**کەژاڵی خوالێخۆشبوو، کەژاڵی شاعیر و جواننووس، بەر لە مەرگی لەناکاوی، کۆی پرسیارەکانی لە دووتوێی ئەم دوو لاپەڕەیەدا لێك دووریوە:**

رەنگە بەو رەهاییە هیچ کەسێك نەتوانێت پێناسەی جوانی بکات "جوانی لەچیدا، لە بەخشندەیی، لە روخسار، لەیارمەتیدانی مروڤەکان، لە هەڵسوکەوتی رۆژانە، لە خۆشەویستی نێو کۆمەڵگا" لەشێوەی رەنگ و رووی مرۆڤ کە خوای گەورە دروستی کردووە "یان هەر بابەتێکی تر"، بۆیە جوانی وشەیەکی تا بلێت پڕ لە ئاواز و پڕ لە نەغمە و مۆسیقایە بۆ دەربڕین لەناخەوە بەرامبەر بە پیاو، یاخود ژن" جوانی وشەیەکی نەخشێنراوە لەرۆحی هەمووماندا ئەگەر لە دڵەوە پێناسەی بکەین "بۆ مەخلوقێك کە لەسەر ئەم گۆیی زەوییەدا لەدایك بووە"، بۆیە ئەو وشەیە دەربڕینێکی هەمە لایەنەی پێویستە "زۆر جاران جوانی پێوەرێکی گرنگە بۆ هەموو مرۆڤێك نەوەك تەنیا لە روخساریدا بەڵکوو لە بەدەستهێنانی ئاییندەش بۆ رابردوو، داهاتووی مرۆڤایەتی، بۆیە پێوستە ئەو سیفەتە لە ناخی هەموو کەسێکدا هەبێت." هەر ئەوەشە وادەکات کە مرۆڤەکان زیاتر هەست بە نزیك بوونەوە و خۆشەویستی یەکتری بکەین بۆ بەستنەوەی هەموو ئەو پێوەرانەی، کە سبەێنیٚ و داهاتوومان رەنگڕێژێکی گەشتردەکات. "هەموو کەسێك لەناخی خۆیدا هەڵگری پەیامێکە بۆ جوانی، جا چ ژن یاخود پیاو، بۆیە جوا ن بینین و جوانناسی لەم کۆمەڵگایەی ئێمەدا پەیوەستە بە یەکەم هەڵسوکەوت لە "بەها"ی "ئەخلاق"ی کەسەکەوە، جۆری پەروەردەکردنیشی، کە خاڵێکی هەرە گرنگە بۆئەوەی هەم خۆی، هەم ببێتە پێشڕەوێك بۆ کۆمەڵگاکەی، ئەوەی زیاتر جوانی مرۆڤەکان دەبینێت، لە ناخ و ناوەوە سەرچاوە دەگرێت ئەگەر ئێمە ئەو هەموو جوانییەمان بدایە بە سەرجەم کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، ئەوا هەرگیز تووشی ئەم هەموو ماڵوێرانی و دەردەسەرییە نەدەهاتین.

بمانەوێت جوان بین دەبێت جوانتر بژین، جوانتر بدوێین و جوانتر خۆمان بخوێنینەوە، روخسار هەموو کاتێك نابێتە بەخشینەوە و سەرنجڕاکێشی کۆمەڵگا ئەگەر ناوەوەی مرۆڤەکان بە جوانی خۆیان نمایش نەکەن هەر ئەمەشە وادەکات کە زۆر جار مرۆڤەکان حەز بە هەندێك شێواز و هەڵسوکەوتی بەرامبەرەکان بکەن "تۆ تەماشاکە دەچیتە پێشنگایەك، یاخود یاریگایەك، یان کۆڕێکی شیعری ئەگەر لەم شوێنانە کە شوێنی بەرهەمی هونەری و خزمەتکردنی تێدا رەنگی داوەتەوە ئەگەر جوانی لەو شوێنانە نەبینیت وەك ئەوە وایە، کە جوانی کۆتایی هات بێت، بۆیە روخسار و هەوڵسوکەوت و نمایشی جوانی "جوانی ئاوێزانی ناخی مرۆڤایەتی دەکات" تا ئیسنان جوانی ببەخشێ جوانی رووی تێ دەکات و باوەشی بۆ دەکاتەوە.

زۆرجاریش جوانی دەبێتە زەردەخەنە و بزە و پێکەنین هەڵدەتەکێنێ، هەیە شانازی و نمایندە بەخۆیەوە دەکات و لووتبەرزی وا پیشان دەدات، کە هەر ئەوە جوانی دەبەخشێتەوە، لەکاتێکدا وێنای دەکەیت ناخی پڕە لە دووکەڵی پیس، بۆئەوەی جوان بژین دەبێت وەك تابلۆیەکی سرووشتی، وەك کانی و کارێز، وەك ئاونگ و شەونمی بەربەیان، وەك پەلکەزێرینەی بەهار، وەك لاولاوی ماڵان خۆشەویستی ببەخشینەوە و جوانتر نیگاکانمان دیاربکەوێت، کە بزانین ئەم نیشتمانە دەبێت جوانتر بێت بەجوانی ئێمە.

## ئاری سوبحی کۆیی:

دەریا چەندە زاڵم و بێباکە، هێندەش خەمڕەوێنە

*** جـوانی یانی چی؟**

– هەروا ئاسان نییە باس لە جـوانی و جـوانناسی بکەین، فەیلەسووفان و هـونـەرمەندان لە سەرەتای مێژووەوە لەسەر ئەم چەمکە راو بۆچوونی جیاوازییان هەبووە، بە شێوەیەك ئەفلاتوون جـوانی بە هەماهەنگیٚ دەزانێت وەکوو پاژ لە هەمووی. دوو جـوانیش جیادەکاتەوە، ئەویش: سـرووشـت و مەوجوداتی زیندوو و جـوانی ئەندازەیی، بڕواشی وایە، کە جـوانی سـرووشـتی رێژەییە، لە کاتێکدا کە جـوانی ئەندازەیی ئەوەی بە دەستی ئادەمیزاد رۆنراوە رەهاییە. سەرەتای سەرهەڵدانی ئەو چەمکەش هەر مێژووەکەی بۆ شارستانی یۆنانی کۆن دەگەڕێتەوە، کە ستاتیکایە، بەڵام ئـەگـەر بێینە پێشتر و رێك لەلای هیگل بڕوای بە دوو جۆر جـوانی هەیە: هـونـەری و سـرووشـتی، لەکاتێکدا پشتڕاستکـردنەوەیەك لەئارادانییە بۆ هەبوونی دەرەکی جـوانی. هەروەها لە سەدەی هەژدەهەمیش بەولاوەترەوە چەمك و زاراوەی (جـوانی) دیدێکی دەروونناسانەی بەخۆوەگرت، کەوا هۆکارە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییەکی زۆریان دەبێت لە هەست پێکـردن بۆ ناسینەوەی جـوانی، نرخی جـوانیناسی لە فەزایەکدا هەستی پێدەکـرێت، کە شیاوی درك پێکـردن بێت، بۆئەوەی بتوانێت خۆی وەك بوونێکی سەربەخۆ بسەلمێنێت و فیکـر و زیهنی بەرامبەر ناچاربکات بەوەی، کە لە رێگای ئەو هۆکارە سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتییانەوە جـوانی بناسێتەوە.

ئەم قسانەی من هەمووی بۆ ئەوەیە، کە بڵێم: (جـوانی چییە؟) یان بڵێم جـوانی چۆن پێناسە دەکـرێت؟ ئـەگـەر پێناسەش دەکـرێت حەقیقەتەکەی چییە و پشت بە کام پایە و کۆڵەگەی بەهێز دەبەستیٚ؟ ئایا جـوانی لە جیهانی دەرەکیدا بوونی هەیە؟ ئـەگـەر هەیە چۆنی هەست پێدەکەین؟

تاکوو ئێستا ئەوە روونە کە جـوانی وەکوو: چیا، مـرۆڤ و ... تاد لە دەرەوە بوونێکی سەربەخۆیان نییە، بەڵکوو لە رێگای شتەکانی دیکەوە دەناسرێنەوە،

وەك: دەنگ، باڵندە، تابلۆ، کــە ئــەمــەش لێرەدا نــاتوانین بـۆ گـەڕان بە دوای پێناســەیاندا، بــە شوێن زاتیاتدا وێل بین هــەروەك (لۆژیکی زانان) بـۆی دەچـن، لـەبـەرئـەوەی جـوانی خـاوەنی رەگـەز و فـەسل نییە.

*** دەڵێن جـوانی رێژەییە و رەها نییە، ئەمە یانی چی؟**

– هەموو مـرۆڤەکان جـوانی بە سەرمەشقێك دەزانن، کە دەبێتە هۆی هەڵچوون و دڵخۆشی و کەفوکوڵیان، جـوانی نموونەیەکە بۆ مـرۆڤی ژیر و هوشیار، کە جار وایە لە دەنگێکی زوڵاڵ یان ساختمانێکی ئەندازەیی یان دیمەنێکی تراژیدی و کۆمیدی سەرتەختەی شانۆ یان فیلمێك دەیبینێتەوە.

کەواتە دوای ئەو چەند دێڕە لەوە دەگەین، کە شتێك نییە لەژێر ناوی (ناشیرینی) وەکوو چەمك و وەکوو رەهەندە سایکۆلۆژی و فیزیکییەکەی، لەبەرئەوەی من جـوان دەیبینم رەنگە چاوی تۆ لە دیمەنێ یان گوڵێ یان هەر شتێکی دیکەدا نەیبینییەوە، بەڵکوو لە گوڵ و دیمەن و هەر شتێکی دیکەدا بیدۆزیتەوە.

مەرج نییە ئەوەی بەلای تۆوە جـوانە بەلای منیشەوە جـوان بێ، بەڵام لێرەشدا مانای ئەوە ناگەیەنێ، کە من ئەوەم پێ ناشیرینە کە تۆ هەڵت بژاردووە، بەڵکوو تەنیا ئەوەیە کە سەرنجی منی راکێشاوە، جـوانی و هـونـەر جـوانیناسی بەشداری هەموو بوار و کایە جیاوازەکانی ژیانمان دەکات، بۆ نموونە من حەزدەکەم مێزی نانخواردنـەکە لەناوەڕاستی چێشتخانـەکەدا بنێم، کەچی تۆ بەلاتەوە جـوانە لە رەخێکەوە دابنرێت، بۆئەوەی لە گشت گۆشەنیگاییێکەوە دیاربێت و بخوێنرێتەوە، لێرەوە لەوە تێدەگەین، کەوا قسەکـردنمان لەسەر ئەوەی شتەکانی ناو ماڵەکانیشمان جێگۆڕکێ پێ بکەین، هەم وەك ئەوەی باری دەروونمان یاری و گەمەیەکی کاتی بکات، هەمیش جـوانی جارێکی دیکە بێتەوە ناو ژیان و هەناسەیەکی بکات بەبەر شتەکاندا، بۆیە من وای دەبینم جـوانی رێژەییە نـەوەك رەها.

بەڵام بە مانای رەتکردنەوەی حەز و ویستی کەسی بەرامبەر نا، تەنیا کارلێککردنی شتەکانی دەوروبەرمانە بەسەر دەروون و هەست و سۆز و تەقینەوەی ناخمان، هەتا لێرەشدا گەر رای جیاوازیش هەبوو لەسەر یەك فیلم یان گوڵێك یان تابلۆیەکی هونەری دەکرێت جوانییەکەی هەر تێدا بە نەمری بمێنێتەوە، بەڵام لای من و لای تۆ دوو دیوی یەك دراون و یەکدی تەواودەکەن، من تابلۆیەکی هونەریم زۆر پێ جوانە، ئەوەی کە سەرنجی راکێشاوم ئەناتۆمی فیگەرەکانە، بەڵام لای تۆ رەنگ و تەکنیك و رەهەندە لەبەرچاوگیراوەکانی نێو فەزاکەییێتی، کە هونەرمەند وا ماندووبووە لەگەڵی و سەلیقەیەکی هێندە شارەزایانەی تێدا بەکارهێناوە، وای لە تۆ کردووە سەرنجت رابکێشێ و بەلاتەوە جوان بێ، بە پێچەوانەی منەوە.

خوێندنەوەی رۆمانێك یان دەقێکی شیعری لە یەك کاتدا دوو کەس بەیەکەوە دەیخوێننەوە، بەڵام هەر یەکەیان جوانی تێکستەکە لە شتێکدا دەبینێتەوە، رەنگە بیرۆکەی نووسەرەکە زۆر لە بیر و روانگەی تۆوە نزیك بێت، هەربۆیە بەلاتەوە جوانە یان بارودۆخە کۆمەڵایەتی و ژینگەییەکەی نێو دەقەکە یەکجار لە دۆخە ژینگەیی و کۆمەڵایەتییەکەی تۆوە نزیکە و لێکچوونێکی زۆریان لەنێواندا هەیە، بۆیە پێت جوانە و سەرنجت رادەکێشێ، بەڵام من لە زمان و وشەکاری و هونەری گەمەکردن بە زاراوەکاندا ئەو جوانییە دەبینم، کە بەلای تۆوە بایەخیان نەبوو، ئەوەیە رێژەیی و رەهاییەکە.

*** تێڕوانینی تەمەن بەرامبەر جوانی لە چاوی پیرێك و منداڵێك وەك یەکە یان جیاوازە؟ لە هەر حاڵەتێکی وەڵامەکەتدا، بۆ؟ چۆن؟**

– بە بۆچوونی من تەمەن تەنیا دیوی جوانی و رەهەندە لێك دوورەکانی پێکەوە گرێدەداتەوە و زۆر جاریش لێکیان دادەبڕێت، ئەگینا هیچ گۆڕانێك کە ریشەیی و بناغەهەڵتەکێن بێت دروست ناکات، کەوا ببێتە هۆکارێ بۆ لەناوبردنی جوانی.

ئەخۆلی شاعیر، دەڵێ:

تەمەن روو بۆ خەزان دەڕوا کەچی گەردوون ئەوە تازە
لـە وێرانـــەی دڵدا تـــــۆوی گـــــوڵی دڵداری دەڕوێنێ

رەنگە لەوەدا جیاوازی تەمەن ببێتە هۆکار و لەبەرچاوبگیرێت، کە ئایا بەساڵاچوویێك لەگەڵ گەنجێك یان هەرزەکارێکدا لە کام سووچەوە جوانی دەبینن؟! گەر بێت و سەیری شیعرە کلاسیکی و نوێیەکانی کوردی و دنیا بکەین، زۆر ئاسان و راشکاوانە وەڵامی ئەم پرسیارە دەدۆزینەوە. ئـەگـەر (گۆران) لە سەردەمی هەڵکشانی تەمەنیدا نەیتوانیبێ جوانی ببینێت و بناسێتەوە نەیدەتوانی تێکستە لیریکی و ناسکەکانی بنووسێت، مەگەر چۆن لە کاتی دەستبەسەری و بەڕێکـرانی بۆ بەندیخانەی موسڵ لەسەر رێگاوە لە کەلێنی دەرگاوە کچێکی جوانی نەدیتبا نەیدەتوانی (لە درزی پەچە) بنووسێت، بەڵام گەنجێك و تازەپێگەیشتوویێك لە سەرەتا و هەڕەتی تەمەنیدایە هۆنراوەکانی (گۆران) ئەزبەردەکا و دەیخوێنێتەوە، چونکـە ئەویش بۆ جوانی دەگەڕێت و دەیەوێ بیبەخشێتە جوانێکی دیکە، کەواتە بە رای من تەمەن هیچ شتێك ناگۆڕێت، لەوەی کە مـرۆڤ پاشگەزبێتەوە لە دیتنی جوانیدا، تەنانەت سرووشـتی مـرۆڤ وایە تاکوو پیرتر بێ جوانی زێدەتر دەبینێ و تامەزرۆیی بۆ ژیان زیاتر دەبێ، لەبەرچی؟ چـونکـە ژیان بێ جوانی وەك گوڵدانێکی گەچی بێ گوڵ وایە، هەروەها گەر زیاتریش برۆم دەتوانم بڵێم بەساڵاچوون و هەڵکشانی تەمەن وا دەکات بەردەوام وێل بین بە شوێن جوانی و ماناکانی جوانیدا، بۆئەوەی بیشارینەوە کە پیربووین.

جـارێ بـەر لـەوەی بێینە سـەر بـاسی ئـەوەی ژنیش، پیاو جـوان دەبینێ، یـان ژنیـش جـوانـی پیـاو دەبینـێ؟! دەبـێ ئـەوە بـزانین کــە ژن خـۆی یـەکێکــە لــە سـەرچاوەی ئیلهام بـەخشەکانی جـوانی و هـونـەری جـوانینـاسی، لـەسـەر زەوی لاسـایی فریشتە و شـەیتان دەکاتـەوە، لاسـایی بـاڵندە و

ڕۆحلەبەرانی دیکە دەکاتەوە، لەیەککاتدا خودایە و پەیامبەریشە، عاشقە و مەعشوقیشە، لق و درەختە.

ئەگەر لە تەواوی تێکستەکانی دنیا بە گشتی، ژن و جوانی، ژنی لێوەدەرنێین، ئەوا هەر قسەی سادە و ئاسایی بەجێدەمێنێ، بەڵام کاتێ ژن دەبێتە مرواری نێو سەدەفی داپۆشراوی دەریای بێ بنی هۆنراوە و دەقی ئەدەبی، ئەوا لەگەڵ هەر شەپۆلێك دەیان موت و مووڕووی گرانبەهامان لە کەناردا دەستدەکەوێ. فروغی فەروخزاد لە زۆربەی تێکستەکانیدا باس لە پیاو و جوانی پیاو و هێزی فەرامۆشکراو و نەوێرانی تەکاندنەوەی ڕەگەزی نێرینە دەکات و بوێرانە دێتە مەیدان و جوانییەکان دەبینێ. هەرچەندە من لێرەدا زەحمەتە بتوانم گوزارشت لەو دەستەواژەیە بکەم، کە ژن چۆن جوانی پیاو دەبینێ ئەوەیان با بۆ ژنێکی بوێر و ئازا بێ. بە لەبەرچاوگرتنی کۆمەڵگەی دواکەوتووی ڕۆژهەڵاتیش خاڵێکی دیکەیە، بەڵام بۆئەوەی قسەکانمان بەلاڕێدا نەبەین، دەبێ بڵێین گەر ژن نەتوانێت لە ناخەوەش بێ و بە شاراوەیی و بە کپی جوانی و خۆشەویستی بۆ پیاو دەربخا و هەیبێ، ئەوا پێویستە لە ڕۆحەوە بۆ خۆی بگەڕێ لە ڕووی سۆز و ویژدان و ئەو بەشەی، کە تەواوکەرێتی، ئەو تا هەنووکە بۆی نەگەڕاوە و یان بۆی گەڕاوە وەگیری نەهێناوە، ئەو دەمەی ژنێك بە پیاوێك دەڵێ چەند جوانی، ئەوە لەوپەڕی قووڵایی و میهری خۆیەوە توانیوییێتی بێتە دەرێ و ڕووی ڕاستەقینەی خۆی دەربخا و سەرسامی خۆی بەو ڕەگەزەی بەرامبەری بگەیێنێ.

*** لێرە پرسیارێك قوت دەبێتەوە: پێوەری جوانی لای دوو ڕەگەزەکە جیان؟**

– ڕەنگە ئەو هێما و ڕەمزانەی پیاو بەلایەوە جوانن لە ئافرەتدا، زۆر جیاواز بێت لەوەی کە ژن پێی سەرسامە لە پیاودا.

*** خۆت جـوانی، چ وەك پیاو یان وەك هونەرمەند لە چیدا دەبینی؟**

– خۆم جـوانی لە هەموو شتێکدا دەبینمەوە: لە گڤەی با ... لە هاژەی رووبار ... لە بیرکـردنەوە لە خەیاڵە دوورەدەست و بەدینەهاتووەکان، لەو رۆژانەی نەمتوانی بۆ یەك خولەکیش سەرکەوتووبم، لە دیتنی منداڵێك جـوانی دەبینم، کە هەڵماتێن دەکات، لە هاواری بورکانێکی تەقیو، لە گرمۆڵەبوونی کـرمێك لە پەناو پەسیوێکی وەلانراو، لە نیگای کزۆڵ و پڕ تاسەی قەیرەییێك و گریانی هەتیو و بێوەژنێکدا. دەیان جار سەفەری تایبەتیم کـردووە تەنیا بۆئەوەی دەریا ببینم، شەپۆلە هاروهاج و سەرشێتەکانی ببینم، ئەو رۆژانەش ببینم، کە مـرۆڤی تێدا خنکاندووە، دەریا چەندە زاڵم و بێباکە هێندەش خەمرەوێنە. رەنگە رەش پێستەکان بەلای هەندێ لە سپی پێستەکان زۆر ناشیرین بن، کەچی بەلای منەوە ئەوپەڕی جـوانی لە قسە و گوفتاریاندا دەبینمەوە، من جـوانی لە ورد و درشتی شتەکان دەبینم، ورد ورد بۆ جـوانی دەگەڕێم ... هەر وێل و سەرگەردان بەدوای جـوانییەوە ...

**د. مەغدید سەپان:**

# جوانی و تێگەیشتن لە جوانی

**دکتۆر سەپان لە کۆی پرسیارەکان لەسەر وشەی جوان وەستاوە و لەبەرامبەر ناشیرینی راگرتووە، بەدووریشی نازانێت مرۆڤ بە بینینی جوان تەمەنی درێژتر بێت، جەختیشی لەسەر جوانی نووسین و دەقی جوان کردۆتەوە و بە گشتی خۆی لە پرسیارەکان دیکە بواردووە:**

وشەی جوان بە بڕوای من زۆر فراوانە و لەناو ڕستەی جیا جیا بەکار دێت، هەرچەند جوان بۆ هەموو کەس یان زۆرینەی خەڵك جوانە، لەگەڵ ئەوەش هەندێك جار لەوانەیە ڕێژەیی بێت و ئەو شتەی بۆ کەسێك جوانە، بۆ کەسێکی دیکە جوان نەبێ یا بەهەمان شێوە و ئەندازە جوان نەبێ ...

جوان وشەیەکی زۆر لەسەرزارانە لە شوێن و کاتی جیا بە فراوانی بەکاردێت. هەر بۆ نموونە دەگوترێ: سرووشتێکی جوانە، وڵاتێکی جوانە، شاخێکی بەرز و جوانە، مرۆڤێکی جوانە، کیژێکی جوانە، ئاسمانێکی جوانە، بۆیە ئەگەر جوان هەبێ، دیارە ناشیرینیش هەیە، بۆئەوەی لەجوانیش تێبگەین، دەبێ ناشیرینمان بینیبێ تا بتوانین لەگەڵ یەکتر بەراوردیان بکەین و حوکمی تەواوی خۆمانی لەسەر بدەین و جوانی خۆمان بەلاوە جوان بێت.

هیچ شاراوەنییە، بە بینینی جوان مرۆڤ هەستی لەناوەوە دەجولێت، دڵی خۆش دەبێ، گرفتی تایبەتی خۆی لەبیردەکا، ئاسودەدەبێ، کەمتر نەخۆش دەبێت و بەدووریش نازانرێ زیاتریش بژی.

ئەگەر باس لە جواننووسین بکەین، جواننووسین دەکاتە نووسینێك، کەموکورتی نەبێت و زۆر تێربێت، زۆر تێربوون دەکاتە خاڵبەندی تەواو، داڕشتنی بیرۆکەی تەواو، دەستپێکی تەواو، ناوەڕاست و کۆتایی تەواو لەگەڵ دانانی سەردێرێکی جوان و گونجاو... لە نووسینی جوان پەلەناکرێ، هەموو ئەوکاتەی پێدەبەخشرێ، کە نووسینەکە پێویستی پێی هەیە، جگە لەوە لەسەر ئەو بابەتە جوان دەنووسرێ، کە بەلای زۆرینەی خەڵکەوە گرنگە و نووسەریش لەو کارەی

خۆی وەستایەکی بەتوانایە... نووسینی جوان زانیارییبەخشە، لایەنی ئەخلاقی تێیدا پەیڕەوکراوە و کەس تێیدا بریندارناکرێ.

نووسینی جوان تەنیا لەوکاتە جوانە، کە نووسەر لەسەر ئەو بابەتە زۆر شارەزابێت، زانیاری زۆری هەبێت، زۆری لەسەر خوێندبێتەوە و ئینجا وەستایانە بابەتەکەی دابڕێژێ... نووسینی جوان بێزارکەر نییە و خوێنەر پەلە لە خوێندنەوەی ناکات و زۆربەی جاریش بەشێکی زۆر لە خوێنەران زیاد لە یەکجار نووسینی جوان و تێر دەخوێننەوە، تامی تایبەتی لێوەردەگرن و هیچ سوویان لەم کاتەیان نییە، کە بۆ خوێندنەوەی نووسینە جوانەکە تەرخانیانکرد.

نووسینی جوان لەناکاو نانووسرێ و بە هەموو کەسێکیش نانووسرێ، بەڵکوو ئەو کەسەی جوان دەنووسێ دیارە ئەزموونی زۆری لە نووسین هەیە، لەهەمان کات ئەو نووسەرە لەوانەیە جارێك یان ڕۆژێك گوتارێکی جوان بنووسێت، هیچ مەرج نییە، جاری داهاتوو یان ڕۆژی داهاتوو دیسان بتوانێ گوتاری جوان بنووسێ ...

زۆرجار نووسین و بەرهەمی جوان خەڵات دەکرێن، نووسەری جوان و باش خەڵات دەکرێن... باشترین یان جوانترین و بەناوبانگترین خەڵات بۆ نووسەران تا ئێستا خەڵاتی نۆبلە، بۆیە ئەگەر کەسێك ئەو خەڵاتەی وەرگرت، دیارە بەلای کەم، یەك بەرهەمی زۆر جوان بووە و سەرنجی خوێنەرانی ڕاکێشاوە و داهێنانی تێدابووە.

نووسینی جوان پێویستی بە ڕێکلام و خۆدەرخستن نییە، چونکە دوور بەدووری دەبیندرێ و هاواردەکا، من بخوێنەوە، هەر بۆیەش ئەگەر کەسێك نووسینێکی جوان بنووسێ، با لە ڕۆژنامە و گۆڤار یان کتێبیش بڵاوی نەکاتەوە، تەنیا لە واڵی خۆی لە فەیسبووك دایبنێ، یان لە هەر کوێ بێت لەماوەیەکی کەم زۆرترین کەس دەیخوێنێتەوە و زیاتر و زیاتر بڵاوی دەکەنەوە.

**رەوەند محەمەد جەمیل**

زۆر شت هەنە لەلام جوانە و جوانیان تێدا دەدۆزمەوە، لەسەرووی هەمووشیانەوە هزری نوێی سوودبەخشە!

*** جوانی یانی چی؟**

_ جوانی ئەو شتەیە کە لای مرۆڤ بەجوان دەبینرێت یان هەستی پیٚ دەکرێت، بە گشتی مرۆڤ لە ڕێگای هەستەوەرەکانییەوە هەست بەو جوانییە دەکات و پێیەوە دڵشادە! لێرەدا جوان بینینی شتەکان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێت، واتە ئەو شتەی کە من لەلام جوانە ڕەنگە لای کەسێکی دیکە جوان نەبێت، بۆیە ئەوە بەهایە مرۆڤ دەیبەخشێت بە هەرشتێك، کە بە جوانی دەبینێت. بێگومان ئەمەش بەستراوەتەوە بەو سۆز و هەستکردنە، کە مانا دەبەخشێتە ئەو شتانە کە بەجوانی دادەنێت.

*** دوانەی جوانی و ناشیرینی یانی چی؟ شتێك هەیە بەراورد بە جوانی ناوی ناشیرینی بێت؟**

_ بێگومان ناشیرینیش هەیە! ئێمە کە باس لە جوانی دەکەین مەبەستمان تەنیا بینینی جوانییەکان نییە، بەڵکو بیستن و بۆنکردن و دەستلێدان و پێشبینی جوانیشە، کە وێنە یان وێنایەکی جوانمان بۆ دروستدەکەن! لەمبارەوە من پێموایە کات و شوێنیش ڕۆلیان هەیە لە جوان یان ناشیرینی شتەکان، لەبەرئەوەی هەندێك شتی جوان هەنە ڕەنگە بۆ هەندێك شوێن نەگونجێن، یان بۆ هەندێك کات نەگونجێن و شتێکی ناشیرین بن.

*** دەڵێن جوانی ڕێژەییە و ڕەها نییە، ئەمە یانی چی ؟**

_ ئەمە دەگەڕێتە بۆ سەر ئاستی ڕۆشنبیری و کولتووری بینەر، یان ئەو ژینگەیەی کە بینەر تیایدا پەروەردەکراوە و تیایدا ژیاوە، وەکو ژینگەی ماڵ و کۆڵان و گەڕەك و شار و وڵات، بۆیە جوانی ڕێژەییە لەبەرئەوەی من ڕەنگە شتێك یان کەسێکم زۆر پیٚ جوان بێت، بەڵام ڕەنگە لای کەسێکی دیکە جوانی ئەو کەسە یان ئەو شتە لە ئاستێکی مامناوەندا بێت، لەبەرئەوەی هەروەکوو لەپێشتردا بەشێوەیەکی دیکە ئاماژەم پێکرد، باگراوندی کولتووری و ڕۆشنبیری کە تاك هەیەتی یان کۆمەڵگایەك هەیەتی دەستنیشانی بەهای جوانی دەکات و بەهای پێدەبەخشێت. ئێمە خۆمان کە یەك لە کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتی

ناوەڕاستین لەناو خودی کۆمەڵگای ئێمە خەڵکانێك هەنە بۆ نموونە حەز بە فیلمی هیندی دەکەن، لەبەرامبەریشدا خەڵکانێك هەنە حەزی پێ ناکەن و بەکاری جوانی نابینن، یان خەڵکانێك هەنە جلی عەرەبییان پێ جوانە، خەڵکانێکیش هەنە پێیان جوان نییە ئیتر بەم شێوەیەیە، دەگەڕێتەوە سەر ئەو ئاستە ڕۆشنبیرییەی کە کەسەکە هەیەتی، کەسەکە دەستنیشانی جوانی یان ناشیرینی شتەکە دەکات.

*** ئەریێ ڕەفتار و هەڵسوکەوت یان سیما و ڕوخسار، مرۆڤ جوان دەکەن؟**

_ هەموو ئەمانە ڕۆلیان هەیە لە پێشاندانی جوانی، من نموونەیەکت بۆ بێنمەوە خەڵکی دێ و لادێکان، یان چۆلگەڕەکان بەگشتی هەندێك کولتووری جوانیان هەیە وەکو ناندەری و هەرەوەزی و.. کە خەڵکی شارستان بەهۆی کۆمەڵێك فاکتەرەوە ئەو ئاکارانەی لە ئاستێکی نزم دایە، بەڵام لەبەرامبەریشدا خەڵکی شارستانیش هەندێك سیفاتی هەیە وەکوو پارێزگاریکردن لە پاك و خاوێنی و پابەندبوون بە یاسا، کە جوانی شارستان پێشان دەدات، ئێمە زۆرجاران لە گوتە و پەندەکان دا لەسەر کورد گوێمان لەم گوتەیە دەبێت (پیاو بەو لەقسەی خۆت پەشیمان مەبەوە) ئیتر پەشیمان بوونەوە لە بەڵێن و قسە لەنێو کۆمەڵگای ئێمە بە نەنگی دادەنرێت، یان بۆ نموونە لە زۆرێك لە هۆنراوە و پەندە عەرەبییەکان گوێبیستی ئەوە دەبین، کە عەرەب بەخشندەن.. واتە ناندەرن، بەڵام ڕەنگە سیفەتی ڕیگری و چەتەیی (غەزا)شیان هەبێت کە پێیەوە ناسراون و شانازیشی پێوە دەکەن و پێشیان جوانە!

*** ئەی بۆ جوانی ڕۆح چی دەڵێی؟**

_ هەریەکێك لە ئێمە بەدرێژایی پرۆسەی ژیانی، هەندێك کەسی لە نزیکەوە، یان دووربەدوور دەناسێت، ئیتر هەست بە دڵنیایی ڕەها لەگەڵ ئەم کەسە دەکات! بۆیە من پێموایە ئەم کەسانە ڕۆحیان جوانە، بۆیە خەڵك هەست بە دڵنیایی دەکەن لەگەڵ ئەو کەسانە.

*** ئەی جوانی نووسین لەکوێ ئەم باس و خواسانەن؟**

_ جوان نووسین کەسانێك ئەنجامی دەدەن، کە ئەزموون و ڕاستگۆیی و هەستیارییەکی بەرزیان هەیە، ئەم سێ فاکتەرە بەیەکەوە وادەکەن نووسەر یان چیرۆکنووس و ڕۆماننووس و هۆنەر دەسترەنگین و ئەفرێنەربن لە نووسینەوەی بەرهەمە وێژەییەکانیان! بۆیە زۆر زەحمەتە بۆ کەسێکی هەستیار بەبێ ئەزموون بتوانێت جوان بنووسێت و بگاتە ئاستی ئەفراندن، هەروەکو زەحمەتیشە کەسێکی بە ئەزموون بتوانێت بەبێ هەستیاری دەقێك بنووسێتەوە کە ڕاستگۆ بێت لە دەربڕینەکەی، بۆیە من پێموایە بەبێ ئەم سێ فاکتەرە بەیەکەوە دەقێکی جوانمان بەرچاو ناکەوێت.

*** چیت سەبارەت بە جوانی خوێندۆتەوە یان بیستووە؟**

_ بەهۆی بواری خوێندنم لە کۆلێژی هونەر و کاری پیشەییم وەك نووسەر و ڕۆژنامەنووس، سەرەدەرییەکم لەسەر ئێستاتیکا یان جوانناسی هەیە، دەتوانم بڵێم گریکەکان کاریان لەسەر جوانیدا کردووە، وەکو ئەوەی کە لە بەرهەمە هونەری و وێژەییەکانیان ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام بە گشتی گریکەکان پێیان وابوو کە خوداوەند کۆکەرەوەی سەرجەم جوانییەکانی مرۆڤایەتییە. بەڵام ئەوەی بۆ یەکەمین جار بەشێوەیەکی زانستی باسیکردوە ژیربێژی ئەڵمانی (ئەلێکسەندەر باومجارتن) بوو لە ساڵی ١٧٣٥ لە کتێبێکی بەناوی (تێڕامانی فەلسەفی) باس لە شیعر دەکات، جوانناسی لەگەڵ زانستە مرۆڤایەتییەکان جیاکردەوە و دەستەواژەی ئێستاتیکای بۆ جوانی دانا. بۆیە قسەی زۆر کراوە لەسەر جوانی، بۆ نموونە (هێربەرت ڕید) بەهۆی ئەوەی زۆری لەسەر بواری هونەردا نووسیوە، پێی وایە جوانی یەکەی پەیوەندییەکانی شێوەی شتەکانە کە لە ڕێگای هەستەوەرەکانمانەوە هەستی پێدەکەیین، جگە لەمەش ژیربێژی بە ڕەچەڵەك ئەڵمانی (ئێمانوێڵ کانت) کە بەدوایین ژیربێژی چەرخی ڕۆشەنگەری دادەنرێت و لەسەدەی هەژدەدا ژیاوە، پێی وابوو جوان ئەو شتەیە کە توانای سەرنجڕاکێشانی هەستەوەرەکانی هەیە بەبێ هیچ مەرجێك.

*** تێڕوانینی تەمەن بەرامبەر جوانی لە چاوی پیرێك و منداڵێك وەك یەكە یان جیاوازە؟**

_ پێموایە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ كات و شوێن و ژینگە و ئاستی ڕۆشنبیری. مرۆڤ لەسەرەتاكانی ژیانیدا واتە ئەو كاتەی كە منداڵە تێڕوانینی بۆ شتەكان و كەسەكان جیاوازە، بۆیە كەسە پێگەییشتووەكان تێڕوانینی منداڵانیان لەلا سادەیە بۆ شتەكان، بەڵام كاتێك پاش چەندین ساڵ هەر ئەو منداڵەیە چەندین ئەزموونی ژیان تێپەڕدەكات و لەڕووی بایەلۆجی و هزری گەشە دەكات، ئیتر پێداویستییەكان یان ئەزموونی ژیان وای لێدەكات بەشێوەیەكی دیكە لە جوانی بڕوانێت، من خۆم ئەو كاتانەی كە منداڵ بووم واتە لە نیوەی دووەمی حەفتاكان و ساڵانی هەشتاكان حەزم لە مۆزیكی منداڵانە بوو، حەزم بە وێنەی پاڵەوانەكانی فیلمە كارتۆنییەكان بوو، حەزم بە یاری منداڵان بوو، ئیتر زۆر شتی منداڵانە هەبوون لە ژیانمدا لەلام جوان بوون، بەڵام ئێستا حەز بە شتی جیاواز دەكەم جیاواز لەسەردەمی منداڵیم، جیاواز لەسەردەمی هەرزەكاریم..! ئیتر ئەوە ئەزموونی ژیانمە پاش بەسەربردنی قۆناغی منداڵی و هەرزەكاریم ئەم جیاوازییەی بۆ دروستكردووومە، جگە لەمەش ئەمە ژینگە و ئاستی زانینی منە كە لەگەڵ كەسێكی دیكەی هاوتەمەنی خۆم جیاوازبم، لەبەرئەوەی بۆ نموونە من دەرچووی كۆلێژی هونەرە جوانەكانم، نزیكەی هەژدە ساڵیش زیاترە لە دەزگاكانی ڕاگەیاندن وەك كارمەند و هاوكار كاردەكەم، ئیتر خوێندنەوە و بەدواداچوون و بیركردنەوە وایلێكردووومە لە جاران جوانتر لە ئێستاتیكا بڕوانم، لەبەرئەوەی ئەمانە هەمووی فاكتەرن بۆ ئەوەی ئاستی ڕۆشنبیری مرۆڤ زیاتر گەشە بكات! بۆیە بینین زۆر گرنگە بۆ مرۆڤ، بینین بەسەردان و بەسەرەدەریكردن و بە خوێندنەوە.. ئیتر ئەمانە هەمووی فاكتەرە بۆ ئەوەی مرۆڤ ئاستی جوانناسی زیاتربێت.

*** ئەی جوانی لە چیدا دەدۆزیتەوە؟**

_ زۆر شت هەنە لەلام جوانە و جوانیان تێدا دەدۆزمەوە، لەسەرووی هەمووشیانەوە هزری نوێی سوودبەخشە! لەبەرئەوەی ئاستی زانینم زیاددەکات و لەڕووی دەروونییەوەش بە زانیاری نوێ خۆشحاڵ دەبم، جگە لەمەش جوانی لە پاکی و دیمەنی هەندێك کەس یان هەندێك دیمەن دەبینم، جوانی لە بیستنی هەندێك وتە و گوتار و مۆزیك دەبینم! جوانی لە زۆر شتدا دەبینم، کەسێکی پیر ببینم بچێتەوە بەرخوێندن یان وەرزشکردن و یان بیروڕای نوێی هەبێت و ژیر بێت و مێنتاڵێکی هاوچەرخی هەبێت، ئەمە لەلام جوانترین مرۆڤەکانن و هەمیشە ڕێزدارن لەلام! ئەو جوانناسییەشم بەهۆی ئەزموونی ژیانی ڕابردووم تا ئێستا بۆم دروستبووە.

بەکورتی حەزدەکەم بڵێم تەنیا سەیری گۆشەیەك مەکە، سەیری هەموو گۆشەکان بکە و هەموو دەرگاکان بکەوە و بگەڕێ و ئەزموونی زیاتر ئەنجام بدە، جوانەکان دەبینییەوە.



## ژیاننامەی ئامادەکار
## عەبدولڕەحمان مەعرووف ڕەسووڵ

* لە ساڵی: (١٩٦٧)، لە هەولێر لەدایکبووە.

* لە ساڵی: (١٩٨٤)، یەکەم نووسینی لە ڕۆژنامەی: (هاوکاری)، بڵاوکردۆتـــەوە.

* قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەر لە هەولێر تەواوکردووە.

* لە ساڵی: (١٩٩٦_١٩٩٧)، بکالۆریۆسی لەبەشی زمانی کوردی، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین _ هەولێر، وەدەستهێناوە.

* لە ساڵی: (١٩٨٣)، ئەندامی تیپی هونەری (کرمانج) بووە، بەشداری شانۆگەری: (ژانی گوندەکەمان)ی کردووە، نووسین و دەرهێنانی: سەعدی عەلی.

* لەنێوان ساڵانی: (١٩٩٥_١٩٩٦)، لە ڕادیۆی نیشتمان، جێگری بەڕێوەبەر و دەستەی نووسەران بووە و چەند بەرنامەیەکیشی ئامادە و پێشکەشکردووە.

* لە: (٢٧_١٠_١٩٩٧)، بە مامۆستای زمان و ئەدەبی کوردی دامەزراوە، دواتر بۆ چەند ئامادەییەکی دیکە گواستراوەتەوە و ئێستاش بەردەوامە.

* لە ساڵی (١٩٩٨)ەوە تا ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١١ لە گۆڤاری کارواندا، وەك هەڵەگر و نووسەر و بەرپرسی بەشی زمانەوانی کاری کردووە.

* له گۆڤاری: (خۆری ئیسلام)ی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی، (ئابووری سیاسی)ی سەندیکای ئابووریناسان، (نووسەری نوێ)ی لقی هەولێری یەکێتی نووسەرانی کورد، ڕۆژنامەی (ستایل)، رۆژنامەی: (بەڵێندەر) کاری کردووە.

* هەڵەگری هەر (١٠) بەرگی ئینسکلۆپیدیای هەولێری کردووە، کە زیاتر لە سێ ساڵ پێیەوە خەریك بووە و لە کۆتایی ساڵی: (٢٠٠٩) لە لبنان چاپ بووە.

* بەڕێوەبەری نووسینی هەفتەنامەی بەدرخان بووە، بەر لەوەش بەرپرسی: (کەلچەری بەدرخان) بووە.

* لە ١٢_١٢_٢٠١٢ لە ئەکادیمیای کوردی ئەندامی لیژنەی ئامادەکاری بیبلۆگرافیای کتێبی کوردی بووە، چەند ساڵێکی خایاند و پرۆژەکە تا راپەڕین تەواوبووە و ئامادەی چاپە.

* لە ئەکادیمیای کوردی ئەندامی لیژنەی ئامادەکاری بیبلۆگرافیای فەرهەنگی کوردییە، پرۆژەکە تەواوبووە و ئامادەی چاپە.

* ئێستا لە خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە وەك سەرپەرشتیاری زمانەوانی کاردەکات.

* ئەندامی لقی هــەولێری یەکێتی نووســەرانی کــوردە.

* ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە.

* ئەندامی فیدراسیۆنــی ڕۆژنامەنــووســانی نێودەوڵەتییە.

* ئەندامی یـــەکێتــی مـــامـــۆستایانــی کـــــوردستانـــە.

## بەرهەم و چاپكراوەكانی

_ كۆمەڵە نووسەرێك، دوایین گرێكوێرە، كۆمەڵە چیرۆك، وەرگێڕان لە فارسی و عەرەبییەوە، لەبڵاوكراوەكانی سێیەمین فێستیڤالی دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی بەدرخان، چاپی یەكەم، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر، ٢٠٠٦، ٧٠ لاپەڕە.

_ ورال، تیری شكاو، وەرگێڕان لە فارسییەوە، لە بڵاوكراوەكانی وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپی یەكەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٨، ١٦ لاپەڕە.

_ لە كەناری هزر و زمان ز ئەدەبدا، وتار و لێكۆڵینەوە، لە بڵاوكراوەكانی وەزارەتی ڕۆشنبیری_بەڕێوەبەرایەتی بڵاوكردنەوەی هەولێر، چاپی یەكەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩١ لاپەڕە.

_ گومان و بەدگومانی، بابەتگەلێك، لە بڵاوكراوەكانی مەڵبەندی گشتیی یەكێتیی نووسەرانی كورد، چاپی یەكەم، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٣، ١١٢ لاپەڕە.

_ مـەولوودنـامـەی پێغەمبەر (د. خ)، زەینەب خان مەلا ڕەئووف خادم سوجادە (كچە كورد)، ئامادەی چاپە.

_ ئینسكلۆپێدیای نـووسـەرانی هــەولێر، شــەش بــەرگــە (٣٢٠٠) لاپــەڕە، ئـامـادەی چـاپــە.